## سەرجەمی بەرهەمی

# عەبدولعەزیز یامولکی

یەکەم بەرگ

ئامادەکردنی

**سدیقساڵح**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٥

٩٢٩,٢
ی ٢٥٤ یامولکی, عەبدولعەزیز
سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی/
ئامادەکردنی سدیق ساڵح .-سلێمانی: بنکەی ژین, ٢٠٠٥ .
ب. ١, (١٨٣ل), شەجەرە, ١٤,٥ × ٢٠,٥ سم.
١. عیراق, کوردستان- مێژوو أ. یامولکی,
عەبدولعەزیز- بیرەوەری. ب. خەندان- بنەماڵە.
پ. یامولکی- بنەماڵە. ت. بابان- بنەماڵە.
ج. یامولکی, مستەفا پاشا- شیعر.
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی پێڕستو پۆلینی سەرەتاییی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە : ٨**
**ناو: سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی**
**تایپ: جەمال حسێن**
**مۆنتاج: ڕێبوار ئەوڕەحمان**
**ڕووبەرگ: قادر میرخان**
**خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید**
**تیراژ: ١٠٠٠ داتە**
**شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان**
**ژمارەی سپاردن: ٤٤ی ساڵی ٢٠٠٥**

---

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**
هەرێمی کوردستانی عیراق ـ سلێمانی,گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی , کۆڵانی٣٩, خانووی ژمارە ١٠,
(بەرامبەر قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)
تەلەفۆن: ٣١٢٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤
E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

**پێشکەشە بە:**

- فەقێ ساڵحی سۆفی ئەحمەدی خمانەییی باوکم،
یادی بەخێر.
- گوڵچین حەمەسەعیدی دایکم.

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی.. | ٧-١٣ |
| * ئـەوی لەسـایەی حـوکمی حـەوت حوکمـدارو سـێ کۆمـاردا دیومە.. | ١٥-٨٧ |
| * خێزانی خەندان | ٨٨-١١٨ |
| شەجەرەی بنەماڵەی خەندان | ١١٩-١٢٩ |
| * مێژووی خێزانی یامولکی و ژیانی مصطەفا پاشا یامولکی.. | ١٣٠-١٦٠ |
| * خانەدانی بابان.. | ١٦١-١٧٤ |
| * هەندێ لە مەترووکاتی مصطەفا پاشا یامولکی | ١٧٥-١٨٣ |

## پێشەکی

ئـــەم کتێبـــەی بەردەســـت بریتییـــە لـــە یەکـــەم بـــەرگی ســـەرجەمی بەرهـــەمی خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکی، پێك هاتووە لە پێنج بابەت، کە بریتین لەمانە:

**١- "یدی حکمدار و اوچ جمهوریت حکم ی آلتندە کوردیکلرم- ئەوی لەسایەی حوکمی حەوت حوکمدار و سێ کۆماردا دیومە".**

ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ کاکە ڕەفیقدا وێنەیەکی دەستخەتی وەرگێڕانی کوردیی ئەم نووسینەمان لەلای خاڵە غەفووری میرزا کەریم دەست کەوت. نەزانرا کێ کردوویە بە کوردی، ئەوە نەبێ کە زانیمان دەقە تورکیە ئەسڵییەکەی لەلای خوالێخۆشبوو جەمالی حەمەسەعیدی خەیاتە. ئەویش لەو زاتە وەرگیرا، یادی بەخێر. ئیتر کوردیەکەی وەکوو خۆی نووسرایەوە و، ناونیشانی "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"ی خرایە سەر، کاکم ناردی بۆ گۆڤاری "مامۆستای کورد لە (سوید) بە چەند پەراوێزێکی مامۆستا محەمەد ڕەسووڵ هاوارەوە لە هەردوو ژمارەی ٢٧ و ٢٨ی ئەو گۆڤارەدا بڵاوبووەوە.

دوایی دەرکەوت ئەو دەقە تورکییە، پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، لەلایەن مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا شەونمی شاعیرەوە دراوەتە کاك شێرزاد کەریم شالوومی تورکیی عوسمانیزان، سەروبەندی ڕاپەڕین بە چوار مانگێك لە وەرگێڕانی بووەتەوە. ئەو ڕاستییەیش بۆ مێژوو لە ژمارە (٣٠-٣١)ی هەمان گۆڤاردا ڕوون کرایەوە.

کوردیەکەی کاك شێرزاد لەو وەرگێڕانەدا عەرەبیئامێز و داڕشتنەکەی ناپوخت و بێداروبار و لێرە و لەوێ لە ڕێزمانی کوردی بەدەرە. ئەمە هانی دام، بەپێی شارەزایی و سەلیقەی خۆم، لەگەڵ دەقە تورکیەکەدا بەراوردی بکەمەوە. سەرەنجام بۆم دەرکەوت پتر لە دوو لاپەڕە و گەلێك برگە و دێڕ و وشەی نەکراونەتە وردی، چەند ناو و ساڵ و شوێنێکی هەڵەیان تێکەوتووە. جگە لەوە، هەوڵ نەدراوە بیرەوەریەکان بە زنجیرەی مێژوویی، وەك خۆیان لەبنەڕەتدا وا بوون، ڕێك بخرێنەوە. سەرباسی

"یاخیبوونی مەکتەبی حەربییە" پەڕیوە، دوابەدوای باسی "لە ئیمپڕاطورییەتی عوثمانیدا بانگەوازی مەشرووطییەت" هاتووە و تێکەڵی کراوە. باسی "ئەو موجەوهەراتەی کە لە سەرای ییڵدز تالان کراوە"، نیوەی زیاتری لێ قرتاوە، تێکەڵ بە باسەکەی دوای خۆی بووە. ئەوە یەکەم وەرگێڕانی کاك شێرزاد بووە، بۆیە زۆر جێی گلەیی نییە.

جا بۆ پوختەکردنەوەی دەقە کوردیەکە، بە سوودم زانی ئامادەی بکەمەوە. پێشەکی زنجیرەی مێژوویی باسەکانم ڕێکخستەوە، هەڵەکانم ڕاست کردەوە و، کاك شێرزادیش لاپەڕە و بڕگە و دێڕە پەڕێنراوەکانی کردنەوە بە کوردی. پاشان هەموویم داڕشتەوە، چەند پەراوێزێکم بۆ ڕاست و ڕوون کردنەوەی چەند شوێنێکی کرد.

دەقە تورکیەکە ٣٩ پەڕەی فولسکابی یەك دیو تایپ کراوە و، هەر لاپەڕەیەکی تەواوی تێکڕا ٣٠ دێڕ کەمتر نییە. ١٦ پەڕەی سەرەتا بە دەستخەت لەیەکەوە تا ١٦ ژمارەی لێدراوە. لەوەبەدوا پەڕەکانی تر بە تایپ ژمارە کراون، لە (ص١)ـەوە دەست پێئەکەن تا (ص١٨). (٥) پەڕەی دواییش کە بۆ ژیاننامەی مستەفاپاشا یاملکی تەرخان کراوە، بە تایپ لەیەکەوە تا (٥) ژمارەیان لە سەرە. لەبەرئەوەی ئەم ژیاننامەیە لە باسی "بنەماڵەی یاملکی"شدا بە کوردی دووبارە کراوەتەوە، ئەمەیانم لابرد.

ئەم بابەتە ژیاننامە و بیرەوەریی عەبدولعەزیز یاملکی‌یە، بۆیە دروست وابوو ئەو ١٨ پەڕەیەی دوایی لە (ص١-١٨) بهێنمە پێشەوە، بیکەمە سەرەتای بیرەوەریەکان، کە گومانم نییە خۆیشی بەئەسڵ وەها بووە. جگە لە وردە سەرباسەکان، (ص١) ناونیشانێکی دیاری لەسەرە، هیچ شکی تێدا نییە کە سەرەتای بیرەوەریەکانە. ١٦ پەڕەی پێشەوەی دەقە تورکیەکەیشم خستە دواوە، بەپێی بەرودواکەوتنی بەسەرهاتەکان ڕێکم خستنەوە.

عەبدولعەزیز یاملکی لە پێشەکیی یەکەم بەشی بیرەوەریە بە عەرەبی نووسراوەکانیدا (کشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، بغداد، ١٩٥٧، ص٥) کە ساڵی ١٩٢٤ بەرەوژوور ئەگرێتەوە، وتوویە: ((بیرەوەریەکانی خۆمم بە دوو کتێب نووسیوە، یەکەمیان لەسەر ڕووداو و کودەتا و شەڕەکانی سەردەمی عوسمانی و خیانەتی دەوروپشتی دەربارى سوڵتان و چۆنێتیی سەرهەڵدانی "ئیتیحاد و تەرەقی" و "حوڕییەت و ئیئتیلاف"، کورد تا هەڵاتنی خەلیفەی موسڵمانان و دوورکەوتنەوەم لە تورکیا و پەنابردنم بۆ ئەڵمانیایە. ئەمە بە زمانی تورکی بڵاو ئەبێتەوە)).

ئەمــە، مەبەســتی پــیٚ ئــەم بیرەوەریــە بــە تــورکی نووســراوەیە. جێــی باســە، عەبدولعەزیز یامولکی، بەپێی (هەمان سەرچاوە، ل١١،١٠)، یاوەری تایبەتی سوڵتان وەحیـدەدین "محەمــەدی شەشــەم" بــووە، کاتــیٚ ســوڵتان ســاڵی ١٩٢٢ لــە تورکیـا هەڵاتووە، ئەویش پەنای بردووەتە بەر فەڕەنسە و ئەڵمانیا، پێئەچیٚ دواواییەکانی ١٩٢٣ یا سەرەتای ١٩٢٤ هاتبێتەوە بۆ عێراق.

بەڵام بە خوێندنەوەی ئەم ژیاننامەیەدا دەرئەکەویٚ کە تا ساڵی ١٩٠٩ی هێناوە، ئەوە نەبیٚ کە باسێکی بۆ کۆچی دوایی سوڵتان محەمەد ڕەشاد لە ١٩١٨ دا تەرخان کردووە. واتە ماوەی نێوان ١٩٠٩–١٩٢٢، بگرە تا هاتنەوە بۆ عێراقیشی تێدا نییە. بۆیە زۆر ڕێی تیٚئەچیٚ ئەو بەشە لەم دانەیەی لای ئێمە کەوتبیٚ، یان ون بووبیٚ. ئەگەنا بەجیٚ نییە کابرایەکی بەسەلیقەی وەك عەبدولعەزیز ئاوا بە کەموکورتی هێشتبێتیەوە. دیارە ئەبیٚ ئەم ژیاننامەیە دانەی تریشی هەبن و کەوتبنە ئەملاو ئــەولا. ســەرباری ئــەوە، ئــەو بەشــە نادیــارەی ژیاننامەکــە، بــە تایبــەت دوای مەشرووتییەت و ئاگربەستی یەکەمین جەنگی جیهانی، لەڕووی سەرهەڵدانی کێشەی کوردەوە زۆر گرنگە، هیچ دوور نییە لای لیٚ کردبێتەوە، چونکە ئەوی بزانم دواتر ئەندامێکی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" بووە، نووسینی لە هەردوو گۆڤاری "ژین" و "کوردستان"ی ئەستەموولیشدا بڵاو کردووەتەوە.

چەند ساڵێکە لە هەوڵی پەیداکردنی نەك هەر پاشماوەی ئەم ژیاننامەیە، بەڵکە بەرهەمەکانی تری ناوبراویشدام، دڵنیام نووسینی تری تائێستا بڵاونەکروەی هەن و بەردەســت نەکــەوتوون. لــە کتێبــی "کوردســتان و ڕاپەڕینــەکانی کــورد"دا وتوویــە: بیرەوەریــی تایبــەتی لەســەر شــەڕی باڵکــان (١٩١٢) تۆمــار کــردووە، بیرەوەریــی تایبەتیشی بە کتێب لەبارەی یەکەم جەنگی جیهانییەوە هەیە؛ بەڵام هیچیان سۆراخیان نییە.

٢– **"خێزانی خەندان":**

ئەم بابەتە، دوو دەقی کوردیی تایپکراوی لەڕووی دارشتنەوە جیاوازی هەیە. یەکەمیان دەقە ئەسڵییەکەی لەلای کاك کەمالی مەجید بەگە، مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف وێنەیەکیی بۆ بڵاوکردنەوە داومیٚ، سوپاسی ئەکەم. ئەمیان بە (دانە کۆنەکە– د.ك) ناو ئەبەم. بە قسەی کاك کەمال، کاتی خۆی حەمەسەعید بەگی ئامۆزای، ئەم نووسینەی لە عەبدوڵڵابەگی حەمەعەلی بەگی سەردەمێك بریکاری

وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگرتووە، ئەویش لە ماڵی ئەمین یامولکی هێناویە. بەو زمانە عوسمانیئامێزە پڕ لە زاراوە عەرەبی و تورکییەیدا دیارە  کە هەر عەبدولعەزیز یامولکی خۆی نووسیویە. ئەم دانەیە، ١١ پەڕەی فولسکابی یەك دیو تایپکراوە، سەراوردی یەکەم پەڕە مۆری (عەبدولعەزیز یامولکی)ی پێوەیە.

دووەم دانە، ٢٠ بیست پەڕەی فولسکابی یەك دیو تایپکراوی دوایی (١٦-٣٦)ی هەردوو باسی ژمارە (٣ و ٤)ی ئەو ٣٧ پەڕەیە پێك ئەهێنێ کە بەڕێز د. دارا ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٩٧/٨/٣١ خستیە بەردەستم و ڕێی دام وێنەی بگرمەوە، سوپاسی ئەکەم. ئەمیان بە (دانەی نوێ- د. ن) ئاماژەی بۆ کراوە.

ناونیشانی ئەم دوو بەشە بەم شێوەیەیە:

٣- مێژووی بنەچەی خێزانی خەندان

٤- مێژووی ژیانی سەعید پاشا

مێژووی ژیانی عیززەت بەگ

مێژووی ژیانی سلێمان بەگ

مێژووی ژیانی شەریف پاشا

مێژووی ژیانی فوئاد پاشا

د. دارا وتی: ئەم پەڕانە هی عەبدولعەزیز یامولکیی خزممە. هاوینی ١٩٧١ کاتێك لەبەغداوە هاتەوە سلێمانی، دانەیەکی لێ دامێ، منیش بۆ یادگار لەلای خۆم پاراستم. ساڵی ١٩٧٤ دامە بەڕێز دکتۆر کەمال  فوئاد تا سوودی لێ وەربگرێ. هەر لەلای مایەوە، تا ساڵی ١٩٩٤ بۆی هێنامەوە. بە ناوەڕۆکیدا دەرئەکەوێ کە عەبدولعەزیز یامولکی خاوەنیەتی، تەنانەت کە لە مستەفاپاشا یامولکی ئەدوێ، بە "باوکم" ناوی ئەهێنێ. باسی ژمارە (٥)ی ئەو پەڕانە (شیعر و وتاری مصطەفاپاشا یامولکی)، وەك د. دارا و د. کەمال فوئادیش جەختیان لەسەر کردەوە، لەناو ئەو پەڕانەدا نەبوە.

ڕێنووسی (د. ك) لە چاو هی (د. ن)دا، هەڵەی تا ڕادەیەك زیاترە. بەڵام (د. ن) لێرە و لەوێ هێندێ ناو و بڕگە و دێڕی کورت کراونەتەوە یا لابراون یا پەڕیون، زۆر بێگومانم کە یەکێکی کوردیزان ساڵانێکی دوای نووسینی (د. ك)، جارێکی تر دایڕشتووەتەوە. لەبەر ئەوە (د. ك)م بەئەسڵ دانا، بە ڕێنووسی نوێ نووسیمەوە، پیتە عەرەبیەکانی وەك (ص، ط، ض، ظ)یشم وەك خۆیان تێدا هێشتەوە. هەر بڕگە و

دێــڕ و زیادەیــەکی تــری (د. ن)یــش هــەبووبێ، لــە پــەراوێز و شــوێنی خۆیــدا هێناومەتەوە. پیتەکانی (گ، ژ، ێ، ۆ، ڕ، ڵ) لە هەردوو دەقەکەدا جیانەکراونەتەوە و نیشانەیان نییە. جگە لەوە، هیچکام لە دەقەکان مێژووی نووسین و دانانی لێنەدراوە.

دوو شەجەرەی کۆن و نوێی بنەماڵەی خەندانیش کە هەر عەبدولعەزیز یامولکی ئامادەی کردوون و ڕێکی خستوون و لەلای کاک کەمالی مەجید بەگ بوون، بۆ زیاتر دەوڵەمەنــدکردنی ئــەم بابەتــە، بەسوپاســەوە وەرم گــرتن؛ دوای ســاخکردنەوە و یەکخــستن، شــەجەرەیەکی تاڕادەیــەك تــەواوم لــێ پێــك هێنــان و خــستمە دوای ئــەم نووسینە.

٣- "مێژووی خێزانی یامولکی و ژیانی مصطەفاپاشا یامولکی":

ئەمە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ناوەڕۆکی ئەو ٣٧ پەڕەیەی لای د. دارا ئەحمەدە کە پێشتر ئامـاژەم بـۆ کـرد، تایبەتـە بـە مێـژووی بنەماڵـەی یـامولکی و ژیاننامـەی مـستەفاپاشا یـامولکی؛ پـەڕەکانی (١-١٥)ی لـێ گرتووەتـەوە. بـە هـەمان شـێوە خـستوومەتە سـەر ڕێنووسـی نـوێ، کۆمـەڵێك پـەراوێزی پێویـستم لێـداوە، هـەمان ناتەواویی پەڕەکانی تر، لێرەیشدا دووبارە کراونەتەوە.

٤- "خانەدانی بابان":

بابـەتێکی پێـنج ئەڵقـەییی بـە تـورکیی عوسمـانی نووسـراوە، لـە گۆڤـاری "ژیـن"ی ئەستەمووڵدا بڵاوبووەتەوە. کاك شێرزادی کەریم شالووم کردوویە بە کوردی، منیش دامڕشتووەتەوە و ئامادەم کـردووە. ئـەم مێـژووەی بابـان، بـە بـەراورد لەگـەڵ زۆربـەی مێژوەکانی تری بابان، جیاوازیو کـەموکوڕیی زۆرە. بـەڵام وەك یادگـارێکی ئـەو زاتـە، پێم باش بوو دەقاودەق بە کوردی بهێڵرێتەوە.

٥- هەندێ لە مەترووکاتی مصطەفا پاشا یامولکی:

ئەمــە نامیلکەیــەکی ١٧ لاپــەڕەیــییــە، شــیعرەکانی مــستەفا پاشــای تێــدا کۆکراونەتـەوە. عەبدولعـەزیز یـامولکی سـاڵی ١٩٥٦ لـە چـاپخانەی ( دار المعرفـة )ی بەغدا لەچاپیداوە.

شایانی وتنە، عەبدولعەزیز یامولکی ئەم وتارە بە تورکی بڵاوکراوانەیشی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی ئەستەمووڵدا هەن:

١. گرد سیوان، ژ٨ی ٩ی ك٢ی ١٣٣٥ی گۆڤاری "ژین".
٢. کرد نه ایدی نەلر ایستر، ژ٥ی ك١ی ١٣٣٤ی گۆڤاری "ژین".

٣. كورد قادینلری تعالی جمعیتی مسامرەسی مناسبتیله، ژ٢٥ی ت١ی ١٣٣٥ی گۆڤاری "ژین".

٤. تاریخ اکرادن: مدیا حکمداری کیخسرو، ژمارەکانی ١٤ی ٢١٣ی ئەیلوول و ١٥ی ت١و ١٦ی ٢٨ی ت٢ی ١٣٣٥و ١٧و ژ١٨و ١٩ی ٢٩ی مارتی ١٣٣٦ی گۆڤاری "کردستان".

دواجار هیوامە ئەم بەرهەمە کەلێنێك لە کتێبخانەی مێژووی کورد بگرێ، بتوانم پاشماوەی نووسینەکانی تری بە بەرگێکی تر بڵاو بکەمەوە.

**سدیق ساڵح**

٢٠٠٢/٤/٥

# ئەوی لەسایەی حوکمی حەوت حوکمدار و سێ کۆماردا دیومە*

**دایك و باوکم و لەدایکبوونم:**

دایکم، وەکوو لە شەجەرەی "یامولکی و خەندان"دا[1] دیاری کراوە، خاتوو صەفییە "صفیة"ی کچی حسێن پاشای خەندانە کە ژنەکەی ناوی زەفەر "ظفر"خانم بووە. مستەفا پاشا یامولکیی باوکم، پاش تەواوکردنی ڕوشدیەی سلێمانی و ئامادەییی عەسکەریی بەغدا؛ چووە مەکتەبی حەربییەی ئەستەموول، پاشان جیابووەوە بۆ پۆلی ئەرکانی جەنگ. حسێن پاشای باپیرم، بە خانەدانێکی کورد ناسرابوو. "حەبیبەخانم" ی پوورم، مێردەکەی ناوی عەبدولقادر بەگ و قایمقامی عەسکەری و خەڵکی سلێمانی بوو. باوکم هێشتا لە قوتابخانەی ئەرکانی جەنگ بووە، کە صەفییەخانمی دایکمی لە ٢٥ی ئابی ١٣٠٢ی ڕۆمی ( ١٨٨٦ )دا مارەکردووەو، ساڵی١٣٠٤ی ڕۆمیی ڕێکەوتی ٣ی مایسی ١٨٨٨، بە تەواوکردنی خوێندنی ئەرکان، ئاهەنگی ژن گواستنەوەی لە ئەسکەلەی ( صلاجق )ی ئوسکۆدار گێڕاوە.

دایکم، ئەگەرچی خوێندنی سەرەتاییی تەواوکردبوو، بەڵام زۆر ژیرو لە ڕیزی ئەوانەدا بوو کە خوێندنی بەرزیان بەدەست هێنابوو، شارەزاییی لە هەمووشتێکدا هەبوو. ٢ی تەمووزی ١٣٠٣ی ڕۆمی[2] بەبۆنەی کۆچی دواییی حسێن پاشای

---

* ئەم بابەتە پێشتر لە: "پەیڤین"(گۆڤار)، سلێمانی، ژ٢، ئۆکتۆبەری ١٩٩٩دا بڵاوبووەتەوە.

[1] دیارە ئەبێ دوو شەجەرەی بۆ ئەو دوو بنەماڵەیە ڕێکخستبێ. تائێستا هەر شەجەرەی (خەندان)یانم دیوە کە لەگەڵ بابەتێکی نووسراوی عەبدولعەزیز یامولکی خۆیدا لەسەر ئەوبنەماڵەیە، پاش ئامادەو پەراوێزبۆکردن لە گۆڤاری (پەیڤین، ژ ٢، ئۆکتۆبەری ١٩٩٧)دا بڵاوم کردووەتەوە. بابەتێکی ناوبراو خۆیشیم لەسەر بنەماڵەی یامولکی لە گۆڤاری (هەزارمێرد، ژ ٤، حوزەیرانی ١٩٩٨)دا، بە کۆمەڵێك پەراوێزەوە، بڵاو کردووەتەوە. بەڵام هێشتا (شەجەرەی یامولکی)م بەردەست نەکەوتووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بنەچەو کەسانی ئەو دوو بنەماڵەیە، بڕوانە ئەو دوو بابەتە ئاماژەبۆکراوەی سەرەوە.

[2] ئەکاتە ١٥ی تەمووزی ١٨٨٧.

باپیرمــەوە، ســوڵتان عەبدولحەمیــدی دووەم، بــۆ دڵدانــەوەی نــەنکم و زەفــەرخانم و سەرافرازخانم و سێ پوورەکەم و دایکم، هەریەکە پێنجسەد قرۆشی ساغ مووچەی بۆ بڕینەوە. ئەو مووچانە بەپێی ئەو فەرمانە کە دەرچووبوو، تا ڕاگەیاندنی کۆمار (جمهووریيەت) لە تورکیا بەردەوام بوو.

باوکم، لە کۆتاییی خوێندندا، نزیکەی ساڵێك لە دائیرەی ئەرکانی گشتیی جەنگدا دەوامی کردووە. دوایی زەفەرخانمی دایەگەورە (دایکی دایك)م ویستوویە بچێ بۆ حەج، لەبەر خاتری ئەو وەزیفەکەیی گواستووەتەوە بۆ فیرقەی ئەرکانی جەنگی حیجاز. من ئەوکاتە، بانگی بەیانیی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٠٦ی ڕۆمــی و ٨ی (جمــادي الاولی)ی ١٣٠٨ی کۆچــی و ٢١ی کــانوونی یەکەمی١٨٩٠، لە خانوویەکی سەر چیای (ئەبوقوبەیس)ی (مەککە)ی پیرۆز لەدایك بووم. باوکم ڕۆژی دوایی بردوومیەتە نێو کەعبەی شەریف و، کە لەوێ هێنراومەتە دەرێ، پاســەوانەکانی بــاوکم بــۆ تەبــەڕروك کەوتوونەتــە ماچــکردنم. نەنکیــشم، بەوبۆنەیەوە تا دواڕۆژی ژیانی، بۆ تەبەڕروك هەموو گیانمی ماچ ئەکرد.

لەدایکبوونی من[3]، ڕێکەوتی مێژووی هەم کردنەوەی (سدة الهندية)ی بەغدا لەسەر فورات و، هەم کۆچی دواییی محەمەدفەیزی زەهاویی زانای بەناوبانگ لە تەمەنی نەوەد ساڵی و ٣ی (جمادي الاولی)ی ١٣٠٨ی ك[4] دا ئەکات.

ئەو ساڵ‌ونیوە کە لە (مەککە)ی پیرۆز ماینەوە، لە تایف (طائف) دانیشتبووین و هەمووماں حەجمان کرد. ئەوکاتە نەخۆشیی کۆلێرا لەوێ بڵاوبووەوە، دایکیشم تووشی بوو، بەڵام بە هیممەتی دڵسۆزێکی هیندی ڕزگاری بوو. ئەوماوەیە کە لە مەککە بووین، دایکم و باوکم کەنیزەکێکی سودانییان کڕی و ناویان نا "قەدەم"، خزمەتی منی دەکــردو تا تەمەنی ٩ ساڵیم لــەلامان بوو. پــاش ئــەوەی هاتینە بەغدا، شووی بــە قۆمیسەرێکی پۆلیس کــردو لێمان جیابــووەوە.

ئەو سەردەمانە باوکم حیکایەتی حوشتری بۆ ئەکردم و خەوم لێ‌ئەکەوت. تا تەواوبوونی ئەو بینا گەورەیە کە کرابوو بە قشڵەی باوکم، لە حیجاز ماینەوە. دوای

---

[3] مادامێکی وتوویە ڕۆژی کۆچی دواییی محەمەدفەیزی زەهاوی لەدایك بووم، ئەبێ ئەم مێژوە ٨ی (جمادي الأولی)ی ١٣٠٨بێ کە ئەوزاتە کۆچی تێدا کردووە، نەك ٣. واتە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠.

[4] ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠.

تەواوبوونی بیناکە، ئێمەی گەڕاندەوە بۆ ئەستەمووڵ. کاتێك خەریك بووین سواری پاپۆڕێك بین، چووینە بەلەمێکەوەو سەعاتەکەی باوکمم بە گوێمەوە نا؛ پاش تاوێك فڕێم دایە ئاوەکەوە. تائێستا ئەم کردەوەیەم لەبیرە.

لە ماڵی سەعیدپاشای خاڵەگەورەمدا کە بەرامبەر بە مزگەوتی (تەشویقییە)و لە ناوچەی (نیشانتاش-نشانطاش)ی ئەستەمووڵ بوو، نیشتەجێ بووین. لێرەدا عەبدولقادری مامم کە لە تەمەنێکی لاویدا بوو، لە سلێمانیەوە گەیشت و هاتە لامان. وەختێك تەمەنم گەیشتە چوار ساڵی، باوکم ئارەزووی دەکرد بچێتەوە (عیراق)ی زێدی لەدایکبوونی خۆی. ساڵی ١٣١٠ی ڕۆمی[٥] کرا بە قونسلی (خۆی و سەلماس)، ئێمەیش لەگەڵ ئەنکمدا بە دەریای ڕەشدا کە ڕێگایەکی ئەمین بوو، بەسەر سامسوون- ئەرزڕۆمدا پەڕینەوە بۆ ئێران.

لەسەر سنوور، لە ماڵی قونسلێکی عوسمانی میوان بووین. مامم لەگەڵماندا بوو. باوکم، پێش ئێمە ڕۆیشتبوو وەزیفەکەی وەربگرێ. خانەخوێکەمان زۆر دەوڵەمەندو موڵکدار و بەکەش‌وفش بوو، بەڵام یەکجار دەست قووچاو بوو. ئەوخواردنە کە بۆی ئەهێناین، بەشی نەئەکردین، بە برسێتی ئەماینەوە. هەموو هەوڵێکی دایکم و مامم بۆ خواردن کڕین لە دەرەوە، بێهوودە بوو، چونکە خاوەنماڵ لە هەمووشتێك ئاگادار بوو، خەنجەرەکەیی بە بەرسنگیەوە ئەناو ئەیوت: ئەم موڵك‌و ماڵ‌و نازو نیعمەتەم بۆ ئێوە نەبێ، بۆ کێیە؟ لەخۆبوردوویی ئەنواند. بەڵام خواردنەکە هەروەك خۆی بوو، هەموومان بەبرسێتی ئەماینەوە. پاش ماوەیەك باوکم چەند پیاوێکی ناردبوو بمانبەنە ئەوشارەی کە بۆی ئەچین، بەمە لە برسێتی ڕزگارمان بوو. قسەی کابرای دەوڵەمەندی خانەخوێمان کە ئەیوت: ئەم دەوڵەمەندی و دەبدەبەیە بۆ ئێوە نەبێ بۆکێیە؟ لەناو خێزانەکەماندا بووبووە حیکایەتێکی پێکەنیناوی، هەمووکاتێك بۆ پێکەنین باسمان ئەکرد.

**لە ئێران:**

کاتێك لە شاری (خۆی) بووین کە لە باکووری ئێران‌و نزیکی سنووری عوسمانییە، "زەهرا زەڕین تاج"ی خوشکم شەوی بەراتی ڕیکەوتی ١٥ی شەعبانی ١٣١٢ی ك هاتەدنیا[٦].

---

[٥] ١٨٩٤.

[٦] ئەم مێژوە، لە بابەتی (بنەماڵەی یامولکی)دا، ١٥ی شەعبانی١٣١٠ (١٨٩٢) یە.

یەکەم قونسڵخانەی خۆی، باوکم بنیاتی ناوەو دایمەزراندووە. دوای ئەوەی کرایە سەرۆکی قونسڵخانەی سنە (سەنەندەج)، بیناکەی بە هەموو شتەکانیەوە بە دیاری دایە حکوومەتی ئێران. لە ناوچەی (ئامانییە)ی شاری سنە نیشتەجێ بووین. گردێکی بەرزی جوان نزیك بە ئامانییە بوو، ئێمە لەسەر لوتکەکەی بووین. بارەگای حاکمی ویلایەت، لە ناوقەدی گردەکە بوو. حوسامولمولك "حسام الملك"[٧] حاکم، کوڕەکەی کە ناوی ئیحتیشامولدەولە "احتشام الدولە" بوو، قەمەرولسەڵتەنە "قمر السلطنە"ی کچی موزەفەرەددینی شای ئێران هاوسەریو ناسناوی "ئەمیر تومان"ی پێ بەخشرابوو. خەڵکی سنە، سەرجەم کوردی ئەردەڵانو سوننەمەزەبن، ئەوزەمانە زۆربەیان لایەنگریی عوسمانییان ئەکردو گوێیان نەئەدایە حکوومەتی ئێرانو ملکەچی قونسڵخانەی عوسمانی بوون.

چاك لەبیرمە ڕۆژێکیان کوردێك ویستی ئەسپەکەی لە حەوزی نێو باخی حاکم ئاو بدات، خزمەتکارەکانی نەیانهێشت. کابرای کوردە هەڵیکێشایە خەنجەرو یەکێکیانی برینـدار کـرد. بەوهۆیەوە، بوو بە شەڕو هەرا، خەڵك هەموو هەستانو ئابڵووقەی دائیرەی حکوومەتیان دا، کەوتنە کوشتنی عەسکەری ئێرانیو هێندێ گەورەپیاو و کۆشکی حاکمیان تالان کرد. لەبەرئەوەی ڕێگای ڕاستیان گرتبوو، بەتایبەت قەمەرولسەڵتەنە داوای کرد باوکم فریای بکەوێ. ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو و، ڕۆیشت ئاژاوەکەی وەستاندو قەمەرولسەڵتەنەو پیاوەکانیی هێنایە ماڵی خۆمان، دائیرەی حکوومەتی لە ئابڵووقە ڕزگار کرد.

ئەو سەروبەندە، بۆ دیاریکردنی ژنە شازادەکانی قاجار، لێوی سەرەوەی ژنەکانیان وەك سمێڵ بە بۆیە ڕەش ئەکرد. کە لەناو ژنە میوانەکاندا چاوم بەو کەوت، زۆر ڕێزم لێ گرت. ماوەی مانگێك لە ماڵی ئێمە مانەوە. ئەوماوەیە منی زۆر خۆش ویست. وەختێك ماڵی ئێمەی بەجێهێشت، تووتییەکی قسەکەری بۆ دانام. باوکم، بەپێی فەرمانی ئەستەمووڵ، لەگەڵ قەمەرولسەڵتەنەو مێردەکەیدا چووە تاران. بۆیە هەردوو حکوومەتی عوسمانی و ئێرانیش، ڕیزیان لە باوکم ناو چەند نیشانێکیان پێبەخشی، چونکە ئەوانی بە سەلامەتی گەیاندبووە تاران.

---

[٧] زەینەلعابدین خان حوسامولمولك (ذي القعدة)ی ١٣١٢ی ك (١٨٩٤) بوو بە حاکمی کوردستانو، ٢٩ی (ربیع الاول)ی ١٣١٤(١٨٩٦) لابرا، حەسەن عەلیخانی ئەمیر نیزامی گەڕووسی جێی گرتەوە (شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کردو کردستانو توابع، جلد٢، چاپ سوم، ص٢٢٤—٢٢٨).

ڕێکەوتێکی سەیرە، بیست ساڵێك زیاتر پاش ئەم بەسەرهاتەی سەرەوە، ساڵی ١٩١٥ لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، من بوومە یاوەری لیوای سوارەی سەربەخۆ (موستەقیل) لە ئێران. شاری هەمەدانو دەوروبەریمان داگیر کرد. کۆشکی قەمەرولسەڵتەنەمان لە ناوچەی (شیوەرین) کرد بە بارەگای لیوا. شازادەو مێردەکەی بۆ دوور ڕۆیشتبوون. منیش بەهۆی وەکیلەکانیەوە کە خۆم پێ ناساندبوون، هەواڵم بۆ ناردن کە کۆشکەکەیان باش دەپارێزم و دڵیان هیچ نەکات، لەوبارەیەوە خەمیان نەبێو دڵنیا بن. شازادە ڕۆژانی ڕابردووی بیر کەوتبوەوە، بە چاوی فرمێسکاوییەوە زۆر سوپاسی کردبووم، فەرمانی بە وەکیلەکانی دابوو کە هەرچییەکمان پێویست بێ بۆمانی جێبەجێ بکەن.

لەوەبەدوا، ساڵی ١٩٤٧ کە چوومە تاران، شازادەم دۆزییەوەو زۆر سوپاسی کردم. لەکاتێکدا نە ئەوان تاجو تەختو دەبدەبە، نە سوپای عوسمانیو خەلیفەی ئیسلامیش مەزنایەتیەکەیان مابوو!! ئەو موڵکانە ئێستا بە دەست ئەمیر ئەفخەمی کوڕیەوەیەوەن.

ئێمە کە لە سنە بووین، یاپیرۆزخانی نەنکم ( دایکی باوکم ) لەسلێمانیەوە هاتە لامان. تا لەوێ بووین، لەگەڵماندا مایەوە. لەوە دەستەپاچەترم بتوانم تاریفی خۆشەویستیی نێوان منو ئەو و ڕێزگرتنی دایکم لەو بکەم. ئافرەتێکی زۆر دیندار بوو، بەیانیان زۆر زوو لەخەو هەڵئەستا، لەگەڵمدا پێکەوە بە دەشتاییی دەوروپشتی گردەکەدا ئەگەڕاین، گوڵو گیای ڕووای سەر گردەکەمان کۆئەکردەوە. بۆی باس ئەکردم، هەر گوڵ و گیایەك بۆ چ دەردو نەخۆشییەك ئەشێ. پاش ئەوە، لەگەڵ دایکمدا بەردەوام قورئانیان ئەخوێندو نوێژیان ئەکرد.

کاتێك لە سنە بووین، ئەنجوم ئەسما "أنجم أسماء"ی خوشکم لەدایك بوو. دوابەدوای ئەوە، باوکم لە ٥ی (جمادي الاولى)ی ١٣١٣دا[٨] گوازرایەوە بۆ قونسڵخانەی موستەحکەمی ناوچەی قارس لە قەفقاسیای سەر بە ڕووسیا. خۆی لەگەڵ مامدا بەڕێگای ئێراندا چووە قەفقاسیا، ئێمەیشی لەگەڵ هێندێ لە خزماندا کە هاتبوونە لامان، بە سواریی ئەسپ و ئێستر ناردەوە بۆ سلێمانی.

---

[٨] ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٥.

[٩] جەمال عیرفان، شەوی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٢\١٣ی کانوونی یەکەمی١٣٣٨ی ڕۆمی (١٩٢٢)، خافڵکوژ کرا (جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، بەغدا، ١٩٧٣، ل٣٣).

کاتێك لە بەرزاییی شاخی ( ئەزمڕ )ی نزیکی شاری سلێمانی هاتینە خوارەوە، دەوری حەفتا هەشتا کەسێکی خزمی دایکم و باوکم کە قەرەباڵغییان دروست کردبوو، پێشوازییان کردین، ئێمەیان بردە ئەوخانوەی پشت مزگەوتی گەورە لە گەڕەکی کانیسکان کە کاتی خۆی حسێن پاشای باپیرم ساڵی ١٨٥١ بەجێی هێشتبوو. خانوویەکی زۆر گەورە بوو؛ بەشی حەرەمو دیوەخانەکەی گەورە بوو. ئەم خانوە، دوای ئەوەی باپیرم بەجێی هێشتووە، دراوە بە عوسمان پاشای ئامۆزای، دوای ئەویش دراوە بە موتەسەڕیفی خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ. خانوەکانی نزیکی (مزگەوتی گەورە)، لەبنەڕەتدا بەشێکی گرنگیان تائێستایش بەدەست خزمەکانی دایکمەوەن. خانوەکەی باوکیشم، بەرامبەر بە (حەمامی موفتی)و لە گەڕەکی (گوێژە)یە.

**لە سلێمانی:**

خوێندنم، یەکەمجار لە سلێمانی دەستی پێکرد. مامۆستاکەم کە مامۆستای باوکیشم بووە، عیرفان ئەفەندی بوو. ناوبراو، پڕبەپێستی ناوەکەی خۆی، زاتێکی خاوەن عیرفان بوو؛ کوڕێکی هەبوو بەناوی جەمال عیرفانەوە، ساڵی ١٩٠٦ قوتابخانەی جەنگی ئەستەمووڵی تەواوکردبوو و بووبوو بە ئەفسەری سوارە؛ ساڵی ١٩٢١ لە سایەی ئیدارەی شێخ مەحمووددا، لەبەرئەوەی چەند قسەیەکی دژی مەلا نەزانەکان کردبوو، کوژرا[٩]. بکوژەکە، نەناسراو نەگیرا. خوالێخۆشبوو، کوڕێکی چکۆلەی "عادیل" ناوی لەپاش بەجێما، کە "کەمیلە"ی کچی محەمەدئەمینی پوورزامی هێناوەو منداڵێکی زۆریان بووە.

هەرگیز بیرم ناچێتەوە، کە گەیشتینە شاری سلێمانی، خزمان دیارییەکی زۆریان بۆ هێناین، لەوانە چەند کۆترێك و بێچوە گورگێك کە سەعیدبەگی ئامۆزای دایکم بۆی هێنابووم. من بێچوە گورگەکەم لەسەر حەوزەکەی ماڵمان بەستبوەوە. ڕۆژێك کاتی دەرس خوێندن، دەرسەکەمان سوورەتی (ئەلفەجر) بوو. بێچوە گورگەکە یاریی ئەکرد، منیش چاوم تێبڕیبوو. مامۆستاکەم شەقازللەیەکی لێدام، نەنکم ژیری کردمەوەو وتی: ئەولایەی کە مامۆستا شەقازللەی لێ داوە، بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێ.

---

خزمـان، دوای نوێـژی هـەموو جومعەیـەك، پـۆل پـۆل ئەهاتنـە دیـدەنی‌ی نـەنکم، بەوپێیــە کــە ژنەگــەورەی حــسێن پاشــایە. هەمووڵایــەکی ماڵەکــە پــڕ ئــەبوو لــە خزم‌وخــوێش، پۆلێــك ئــەهات‌و پۆلێــك ئەڕۆیــشت. ئــەوڕۆژگارە، خزمایــەتی زۆر تونــدوتۆڵ بــوو. مــەعرووف بــەگ‌و عەبــدوڕەحمان بــەگی جووتــە مــامی دایکــم، پلەوپایەیـەکی بـەرزیان هـەبوو، لەژیانـدا مـابوون، خۆیـان‌و منداڵـەکانیان لـە دووسـەد کەس پتر بوون. مەعرووف بەگ کە تەمەنی نەوەد ساڵ زیاتر بوو، کچێکی سیانزە ساڵانەی دایەنی کوڕەکەیی مارە کردبوو، کوڕێکی وەك شێری "محەمەدبەگ" ناوی لێ بووبوو.

تەمەنم حەوت ساڵان بوو، کە ڕۆژێکی مانگی نیسانی ساڵی ١٣١٣[10] دەست کرا بە مۆسیقای عەسکەری لێدان، بوو بە بەزم و ئاهەنگ. تومەز ئەوڕۆژە یادی ساڵانەی سەرکەوتنی سوپای عوسمانی بوو لە شەڕی (دومکە)دا.

باوکم ساڵی ١٣١٤ی ڕۆمی[11] لە قونسلێتی (قارس)ـەوە گوایزرایەوە بۆ ئەرکانی ئۆردووی شەشەم لە بەغدا. بەڕێگای تەورێزدا هاتە سلێمانی‌و، ئێمەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بەغدا. منداڵانی (گوێژە)و (کانێسکان) لە سلێمانی، زۆرجار ئەبوو بە شەڕیان (شەڕەگەڕەك). ئەمە یادگارێکی لەبیرنەچووەوەی لەلای من بەجێ‌هێشتووە. بە سواریی ئەسپ لە سلێمانییەوە بەڕێگــــای (سەگرمە)دا بەڕێ کــــەوتین، چونکــــە ئەودەمە تەنیا ئــــەوڕێگایە هەبوو بۆ هاتوچۆ.

**لە بەغدا:**

لە بەغدا، سەرەتا خانوویەکمان لە سەری کڵێسەکە بەکرێ گرت. ئێستا ئەوشوێنە بڕاوەو کراوە بە شەقام. باوکم، لەوێ ١٠ی مایسی ١٣١٧ی ڕۆمی[12] بە پلەی قایمقام لـە سـەرۆکایەتیی ئـەرکانی جـەنگی ئـۆردووی شەشـەم دامـەزرابوو. منـیش لـە ٨ی ئەیلوولی ١٨٩٨دا چوومە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ئەعدادیی موڵکی.

حەبیبەخانمی پوورم لەو مێژوەدا لە ئەستەمووڵ بوو و، لەگەڵ عەبدولقادر بەگی مێردیدا کە سەرۆکی کۆمسیۆنی سەبزەی عەسکەری بوو بە پلەی قایمقام، لەیەکتر

[10] ١٨٩٧.

[11] ١٨٩٨.

[12] ئەکاتە ٢٣ی مایسی ١٩٠١.

جیا ووبوونـەوە. کـە ئـەم هەواڵـەمان پێگەیـشت، نـەنکم چـوو بـۆ ئەسـتەمووڵ. پـاش ماوەیەك خانوویـەکی گـەورەمان لـە گـەڕەکی مەیـدان، لەسـەر سووچـی ئێستای (سـوق الهـرج) کـە ئوتێلـە، کـڕیو گوێزامانـەوە بـۆ ئـەوێ. مـاڵی نـامیق پاشـای والیـی بەغـدا لەپشتمانەوە بوو، سەری ئەوکۆڵانـەیش کـە ئەچێ بـۆ سابوونـچیەکان، مـاڵی موشیری ئـۆردوو "ئەحمەدفـەیزی پاشـا" بـوو. مەیـدان، ئەوسـەردەمە گـەڕەکێکی بـەناوبانگی بەغدا بوو. چواردەوری شار، لـەباکوورەوە دەرگاکـانی (بـاب المعظـم)و شـوورا دەوری دابوو، لەباشووریشەوە گەڕەکی (رأس القرية) کۆتاییی بوو.

شوێنی ئێستای وەزارەتی بەرگری، قەڵایەکی کۆنو قشڵەی تۆپخانە بـوو. شـوێنی سـەعاتەکەیش، قـشڵەی پیـادە بـوو. ئـەم شـوێنانە خوالێخۆشـبوو "مەدحـەت پاشـا" ئاوای کردبوونـەوە. ئەوجێگایـەی کـە نـاوی (الثكنـة الـشمالية)یـە، بینـای کەرەنتێنـەی قشڵەی سـوارە بـوو و، دەوروپـشتی بەتـەواوی چـۆڵ بوو. کـە خـۆر ئـاوا ئـەبوو، کـەس نەیئـەتوانی لـە (بـاب المعظـم) بێتـەدەرێ، چـونکە بـێسـێودوو ڕووت ئەکرایـەوە . قشڵەی کەرەنتێنە، لەبنەڕەتدا جێی کەرەنتێنەی ئەوانە بوو کە لەئێرانـەوە بـۆ زیـارەتی شوێنە دینیەکانی کەربەلا ئـەهاتن. دوایـی کەرەنتێنـە برایـە خانـەقینو، بیناکـە کـرا بـە قشڵەی سوارە.

دەوروبـەری (الـصرافية)و (العيواضـية)، سەرتاسـەر کێڵگـەی پاقلـە بـوو. ئـەوناوە، پاش ساڵی ١٩٢٩ دەستی تێدا کرا بـە دروسـتکردنی بینـا لـە باشـووری شـاری بەغـدا. لەدوای (رأس القرية)وە، هیچ جۆرە خانووبەرەیەك نەبوو؛ تەنیا قونسڵخانەی ئینگلیـز لە شوێنی دائیرەی ئێستای گومرگی بەغدادا هـەبوو، بـاخی گـەورەو بێـستانی لـەدەور بوونو، بیناکەیش عەسکەری هیندی ئەیانپاراست.

لە لافاوێکی ساڵی ١٣١٦ی ڕۆمی (١٩٠٠)دا، ئاوی لافاو دەوروپـشتی کەرەنتێنـەی داپۆشی، لەگەڵ (الأعظمية)دا لەیـەکتری پـچڕان. بـەڵام ئـاو، لـە لافـاوی سـاڵی ١٩٢٦دا، گەیشتبوە سەربانی قشڵەی کەرەنتێنە، زیانێکی زۆری لە هەمووشتێك دابوو.

سـاڵی ١٣١٦ی ڕۆمـی بـوو، لـە گۆڕسـتانی (بـاب المعظـم) مردوویـەکیان ئەناشـت. عەسکەرەکەی کە خزمەتکارمان بوو، منی بۆ سەیرکردن بردە ناو خەڵکەکەو تەماشـای ناشتنیم کرد. یەکەمجار بوو ئەو دیمەنە ببینم، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

## مەسەلەی خەزێنەکە:

ئەوکاتە کە لە بەغدا بووین، باوکم بەتەمای کڕینی خانوویەك بوو. لە قەراغی دیجلە نزیك بە خدر ئەلیاس (خضر الیاس). لەبەر کۆنیو لاڕووخاویی خانوەکە، وازی لە کڕینی هێنا. پاش ماوەیەکی کورت، ڕۆژی ١٤ی شەعبان قوفەچییەك ویستوویە قوفەکەی[13] بەوداره بخاتە ئاوەکەوە کە لە قەراغی ڕووبار چەقاندوویە، پاڵی داوە بە دیواری ئەو خانوە لاڕووخاوە کە باوکم نیازی کڕینیی هەبوو. قوفەکە بەر کووپەیەکی گەورە ئەکەوێو ئەشکێ، تومەز پڕئەبێ لە زێڕ، هەمووی ئەڕژێتە قەراغی ئاوەکە. کابرای قوفەچی ئەکەوێتە زێڕ کۆکردنەوە. ئەوکاتە چەند ئافرەتێك دێن بۆ ئاو. کە ئەوە ئەبینن، ئەوانیش هێندێ زێڕ کۆدەکەنەوە. حکوومەت بەمە ئەزانێ، پۆلیس دێن سێهەزار پارچە لیرەی عەباسیی مۆری (المعتصم) لێدراو داگیر ئەکەن. دوایی زانرا خاوەن قوفەکە لە خێڵاتی (المشاهدة)و ناوی "صالح المشهداني" بوو، بەهۆی ئەو زێڕەوە زۆر دەوڵەمەند بوو و، خانوەکەی ناونرا ماڵی موعتەسەم (بیت المعتصم).

## لێدرانی دەفتەرداری ویلایەت:

ئەوڕۆژگارە مووچەی عەسکەریو مولکی بە مانگ دوائەکەوت. مەفرەزەی عەسکەری هەموو مانگێك بۆ مووچە دابینکردن ئەچوو بۆ بەروبوومی کشتوکاڵ کۆکردنەوە. جاروبار، لەبری پارە، مەڕ یا بزنیان ئەدا بە فەرمانبەران.

ڕۆژێك چەند خێزانێکی خانەنشینان هاتنە لای باوکمو، پێیانوت: مووچەی چەند مانگێکیان وەرنەگرتووە. ئەویش هەواڵی بۆ عەبدولوەهاب ئەفەندیی دەفتەرداری ویلایەت نارد، تا هاوکاریی ئەو زۆرلێکراوانە بکاتو تکای لێکرد بەشێکی ئەو مووچانەیان بداتێ. بەڵام لەباتی یارمەتی، هەموویانی دابوە بەر جنێو و قسەی زۆر ناشیرینو بێئەدەبانە، چونکە هەر ئەوەی ئەزانی پارە بۆ سوودی خۆی کۆبکاتەوە. باوکم ئەمەی بیستەوە، زۆری پێ ناخۆشو تەواو بێتاقەت بوو. ڕۆژێك لەڕێگا تووشی دەفتەردار ئەبێ، کە بە سواری کەرە سپیەکەیەوە لە سەرای حکوومەت

---

[13] قوفە، بەلەمێکی خڕی هێندەی قوڵینەیەکی گەورەیە، لە حەسیری دارخورما دروست ئەکرێ و دیوی ناوەوە و دەرەوەی بە قیر سواخ ئەدرێ. کابرای قوفەچی بە سەوڵ ئەیجووڵێنێ. زەلام و کەلوپەلێکی کەمی پێ ئەگوێزرێتەوە.

دێتـەدەرێو بـەرەو مـاڵ ئەبێتـەوەو دوو زەبتیـە لەملاوئەولایـەوە ئـەڕۆن. کاتێك خـۆی ئەکات بە بازاڕی (مەیدان)دا کە سەری کۆڵانی ئێستای (سـوق الهـرج)ـە، بـاوکم شـەڕی پـێ ئەفرۆشـێو پێـی ئـەڵێ: تـۆ بـە کەرەکەتـەوە خـۆت لـێ داوم. لەسـەر کەرەکـە دایئەبەزێنێو تێروپڕی لێ ئەدات. پاشان سواری کەرەکەی ئەکاتەوە.

هەموو خەڵکی بەغدا بەم بەسەرهاتەیان زانی، خێزانە خانەنشینەکان تێکڕا هاتنـە ماڵمانو، زۆر سوپاسی باوکمیان کرد لەسەر ئەوکارە، نەفرەتیان لـە والـیو دەفتـەردار کـرد. موشـیر ئەحمەدفـەیزی پاشـا لـەم مەسـەلەیەدا لایـەنی بـاوکمی گـرتو، نێـوانی هـەردوو لایـەنی عەسـکەریو مـوڵکی تێـك چـوو. هێنـدێ سـەربازی تۆپـچی کەوتنـە تالانکردنی بازاڕ. ئەمجا  دەفتەرداریێتی لەترساندا کەوتە دابەشکردنی ئەو مووچانە کە چەند مانگ بوو ڕاگیرابوون.

ئەوسـەردەمە، وڵات نـە تەلـەفۆنو نـە ڕادیـۆی تێـدا نـەبوو. تاکـە هـۆی پێوەنـدی تەلگراف بوو، بەڵام ئەویش سەربەست بوو، هەمووکەسێك ئەیتوانی بۆ هەرکوێیـەکی ئـەوێ تـەلگراف بنێـرێ. بـەم شـێوەیە، نـە والـیو نـە قومانـدانی سـوپا دەسـتیان تـێ وەرنەئـەدا. تەنانـەت بـچووکترین کـەس بـۆی هـەبوو پاشـا بـە تـەلگراف لـە سـکالاو بەشـخوراویی خـۆی ئاگـادار بکاتـەوە. ئـەم ئازادییـە، لـەپاش دەورانـی سـەڵتەنەت، سـەروبەندی حکوومـەتانی عـیراق نەبینرایـەوە. هـەتا لـە ڕووداوەکـەی نێـوان بـاوکمو دەفتەرداردا، دەستەیەکی لێکۆڵینەوە بەپەلە لەئەستەمووڵەوە هاتنـە بەغـدا. دەسـتەکە لە سێ پاشا پێك هـاتبوو. لەئەنجامـدا دەفتـەردار لابـرا. ڕێگـای ئەسـتەمووڵ گیرابـوو، بـەڵام دەفتـەرداری دز و بـەرتیلخۆری نزیکـی (ئـەبوغرێب) لەلایـەن عەشـایەرەوە ڕووت کرایەوە، چ پارەو ئاڵتوونێکی لە بەغدا کۆکردبوەوە، هەمووی کەوتە دەست عەشایەر.

## نامیق پاشای والی:

ماوەیـەك پـاش ڕووداوە باسـکراوەکەی پێـشوو، ئێوارەیـەك ژووری سـەرەوەی ماڵەکـەمان ئـاگری گـرت. بـەڵام، بـە هیممـەتی دانیـشتوانی خانوەکـەی پـشتمان، کوژێنرایـەوە. بـاوکم بەڕێکـەوت ئـەو ئێوارەیـە چـووبووە لای محەمـەدفازڵ پاشـای داغستانی، ماڵەکەی ئەکەوتە قەراغی شووڕای شارو شێرو پڵنگی تێدا بەخێو ئەکرد. بـاوکم، لـەوێ هـەواڵی سـووتانی ژووری سـەرەوەمان ئەبیـستێ. ئەوانـەی لـە ماڵەکـەدا ئـەبن، لەگـەڵ گـەلێك ئەفسەرو خـودی محەمـەدفازڵ پاشـادا، هـاتنو چـوونە سـەربانی ماڵەکـەمانو دەسـتیان بـە لێکۆڵینـەوە کـرد. دەرکـەوت دیـواری نێـوان مـاڵی ئێمـەو هـی

٢٠

والـی شـوێنەواری نـەوتی پێوەیـە، لـەوێوە نـەوت هێنـراوە بـۆ ژوورەکـەو ئـاگری پێـوە نـراوە. هـەموان کـە ئەمـەیان دی، دەنگـی نـەفرەتیان بـەرزکردەوە. مـن بـە چـاوی خـۆم بینیم مووی سمێڵی ئەو پیاوە پیرە، واتە محەمەدفازڵ پاشـا، لـە تووڕەییـدا ئەلـەرزی . تائێـستا لەبیرمـە، ئـەو ئاگرکەوتنەوەیـە لـە ژووری سـەربانی ماڵەکـەمان زۆر کـاری تێکردبووم، چونکە هێلانەی کۆترەکانی من لەوێ بوو.

ئەم والییە، ناوی نرابوو نامیق پاشای بچووك؛ ساڵی ١٣١٧ی ك[14] لـە تەڕابولـسی خۆراواوە هێنرابووە ویلایـەتی بەغدا، مرۆڤێکـی زۆر دز و بـەرتیلخۆر بـوو. ماوەیـەکی کورتی پاش هاتنە بەغدا، کچێکی گەنجی عەتووکە "عتوکە" ناوی مارە کرد. خێزانـی ئەوکچە بە "ئا ..." ناودێر کرابوو، گۆرانییان لەوبارەیەوە بەسەردا هەڵدابوو.

## یەکەم چوونە ئەستەمووڵم:

بارودۆخی بەغدا، زۆر بێبەسەرەوبەرە بووبوو. منیش تەمەنم گەیشتبوە نـۆ سـاڵ. باوکم خەتەنەسوورانێکی گەورەی بۆ کـردم. پاشـان ئێمـەی ئامـادە کـرد بمـاننێرێ بـۆ ئەسـتەمووڵ. ڕاستیەکەی ئـەوەبوو، سەعیدپاشـای خـاڵم سـەرۆکی شـووڕای دەوڵـەت و وەزیـری دەرەوە بـوو لـە ئەسـتەمووڵ، داوای کردبـوو ئێمـە بـچینە ئـەوێ. بۆیـە مـارتی ١٣١٧[15] لەگەڵ کاروانێکی گەورەی ئامادەکراودا بەڕێ کەوتین.

مـن بڕوانامـەی پـۆلی دووەمـی ئامـادەیی مـوڵکیم وەرگرتبـوو. کەلوپـەلێکی زۆری بازرگانی بە کاروانەکە بوو. دایکی میرلیوا عارف بەگ و سەبیح نەشـئەت بـەگ و گـەڵێك خێزانـی تریـشمان لەگەڵـدا بـوو. سـریەیەکی ئیـسترسواریش، لێپرسـراوی پاراسـتنی کاروانەکە بـوو. بەشـێکی خێزانـەکان لـە (تەختـەڕەوان)و بەشـێکی ترشـیان لەکەژاوەدا بوون، بارگیرە بارکراوەکانیش یـەکی زەنگوڵەیـەکی گـەورەیان لەملـدا بـوو. دەنگـی ئـەم زەنگوڵانە، بووبووە شین و شەپۆڕ. بەم شێوەیە ڕێمان گرتبوە بەر.

یەکـەم قۆنـاغ (ئـەبووغرێب)ی گـەڕەکێکی بەغـدا بـوو. دووەم قۆناغمـان (فەللوجـە) بـوو. هـەر قۆناغێك خێـوەتی تێدا هەڵئـەدراو مـەڕ سـەرئەبڕرا، بـەیانیان بـە مۆسـیقای عەسـکەری خەبـەرمان ئـەبووەوەو ملـی ڕێمـان ئـەنا. ڕێگاکـەمان زۆر ترسـناك بـوو، مەترسیی پـەلاماری چەتەو ڕێگری لەسـەر بـوو. بـەم پێیـە، بـە چل ویەك ڕۆژی ڕەبـەق بەسەر (دیرالزور)دا چووینە شاری (حەڵەب).

---

[14] ١٨٩٩–١٩٠٠.

[15] ١٩٠١.

تەختەڕەوانەکەی ئێمە، منو دایکمو زەهراو ئەنجومی جووتە خوشکمی تێدا بوو. کابرای لێخوڕی تەختەڕەوان، جاشوولکەیەکی چکۆلەی هەبوو. ئەمویست سواری ئەم جاشولکەیە ببم. بۆیە کەوتمە سەغڵەتکردنی زەهرای خوشکم، هەوڵم ئەدا دایکم ڕازی بکەم تا بهێڵێ سواری بم. لەئەنجامدا لە تەختەڕەوانەکە هاتمەدەرێ، کەرێکیان بۆ بەکرێ گرتمو سواری بووم. هەموو ڕێگاکەم بە سواریی ئەوکەرە تەواوکرد. لەم ڕووەوە زۆر شادمان بووم.

دوای شاری حەڵەب، بە سواری عەرەبانەی یایلی، بە سێ ڕۆژ گەیشتینە بەندەری ئەسکەندەروون. زۆر دیمەنی جوانمان لەنێوان شاری حەڵەبو ئەسکەندەروونا بینی. بە ڕێگای پێچاوپێچی شاخی (بیلان)دا سەرکەوتین. باوکم، بۆ خزمەت، مەعرووف چاوەشی لەگەڵدا ناردبووین. ئەم مەعرووف چاوەشە کە دەریاکەو پاپۆڕەکانی ناویی دی، ئەیوت: سواربوونی پاپۆڕ لەناو ئەم دەریایەدا بێعەقڵییە. دایکمی بەم قسانە خستبوە گێژاوەوە. دوو ڕۆژ لە شاری ئەسکەندروونماینەوە. لەوێوە، لەگەڵ عیززەت و ئیکرامی جووتە فەرماندەی ناوچەکەدا، بەسواریی پاپۆڕی نەمساییی (ڤینۆس) ناو کەوتینەڕێو، پاش ٥٣ ڕۆژ گەیشتینە ئەستەمووڵ.

## لە ئەستەمووڵ:

لەوێ، چووینە خانوویەکی بەرامبەر بە مزگەوتی "ڕائیف ئاغا" لە نیشانتاش. خانوەکە لە بەرد دروست کرابوو، نەنکمو حەبیبەخانمی پوورمی تێدا دانیشتبوون. سووتانی ئەستەمووڵم بیستبوو. شەوێك بیستم لە گەڕەکی (قوم قبو) کە لەئێمەوە دووربوو، ئاگر کەوتووەتەوە. کەوتمە هاوارو دەموت ئێمەیش ئەسووتێین. بەمە خێزانیماڵەکەم خستبوە سەغڵەتییەوە.

سەعیدپاشای خاڵم، خانوەکەی لە گەڕەکی (تەشویقییە) بوو. خاڵەکانی تریشم، عیززەت بەگو سلێمان بەگ، لە کۆشکی (مونجیم باشی)ی دێی (ئەرن)، لەگەڵ "سەرافرازخانم"ی دایکیاندا، دائەنیشتن. عیززەت بەگی خاڵم، "ئامینە"ی کچی خدێو محەمەدپاشای بابان ژنی بوو. ئەم خاڵۆژنەم، بەدەگمەن لە وێنەی هەبوو؛ ڕەوشتوخوویەکی جوانی هەبوو. ئێمە زووزوو ئەچووینە لای. ئەوکاتە، عیززەت بەگی خاڵم پلەی ئالاساحیبی (آلا صاحبی)ی هەبوو، یاریدەدەری یەکەمی وەرگێڕی دیوانی هومایۆن بوو. بەڵام سلێمان بەگ ژنی نەهێنابوو، پلەی

میرلیوای یاوەرانی پاشایی (یاوران پادشاهی)ی هەبوو، تاکە مەراقی خوێندنەوەی مێژوو و یاریی شەترەنج بوو.

من لەبری ئەوەی بڵێم (خایر)، ئەموت (خێر)، خاڵۆزاکانم و مناڵەکانی تر پێم پێئەکەنین. ڕۆژێك لەگەڵ ئەواندا چووومە ناو باخەکەیان. دیم نەمامی بامێ ی ناو باخەکەیان زۆر کورتە، بامێیشی گرتووە. سەرسام بووم و پێموتن: نەمامی بامێ لە عیراق هێندەی بالای زەلامێك بەرزە. ئەوانیش وتیان: ئای لەودرۆیەو، کەوتنە گاڵتەپێکردنم. زۆر پەست و تووڕە بووم و، پەلاماری "بەڵقیس"ی خاڵۆزامم دا. لێدانێکی باشی بە دەستم خوارد. کە هەواڵ بە نەنکم و دایکم گەیشتەوە، بە قسەی زۆر ڕەق ئامۆژگارییان کردم. ئەوانیش سزایەکی باش دران. قسەی هەرەخۆش و ناوازەی ئەوڕۆژانە ئەوەبوو، کە وا بڵاوبوو ئەم بەڵقیسە دەزگیرانی منە.

مایسی ١٩٠١، چوومە پۆلی دووەمی ڕوشدیەی عەسکەریی بەشکتاش (بشکطاش). ئەوزەمانە زۆر بایەخ بە خوێندنی قوتابخانە عەسکەریەکان ئەدرا. ئەسپێکی بچووکیان بۆ کڕیبووم، لەگەڵ خزمەتکارێکدا، بەوئەسپە ئەچوومە قوتابخانەو ئەهاتمەوە. بەشەو لە تاوڵەکەی سەعید پاشای خاڵمدا کە نزیکمان بوو، خزمەت ئەکرا. ئەسپەکە، هەمووڕۆژێك فرێی ئەدامە خوارەوەو، خۆیشی بە چوارناڵە ڕای ئەکردە بەردەم دەرگای حەوشەی ماڵی خاڵم. منیش تا ئەوێ بەڕاکردن شوێنی ئەکەوتم. خاڵم ئەهاتە لای دەرگای دەرەوەو، چاوەڕێی ئەکردم. ڕەحمەتی سەعید پاشای خاڵم، بە کەوتنەخوارەوەم لەسەر پشتی ئەسپەکەم، زۆر پێ ئەکەنی. لەلایەکی ترەوە، بە سواریی ئەم ئەسپە بەشێوەیەکی زۆر باش فێری سوارچاکی بووم.

لێرەدا، برادەرانم هیدایەت و عوسمان شەفیق و هەردوو کوڕی "ئەثوابچی‌باشی" حیکمەت بەگ و حەلیم بەگ بوون. ئەوسەردەمە، فوئادپاشای خاڵۆزام لە یاوەرانی حەزرەتی پاشایی بوو؛ خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردووە، لە (کۆنکوردوب[١٦])ێکا کە کراوە، بە یەکەم دەرچووە. ئیمپڕاتۆر "ڤیلهیلم"، بەهۆی ئەوەوە، پیرۆزباییی لە پاشا کردووە، لە پاداشتی ئەو یەکەمیەدا، لە پلەی قایمقامەوە بەرزیان کردووەتەوە بۆ میرلیوا (میرئالای)و بەوشێوەیە گەڕاوەتەوە. هەر کە "فەرید

[١٦] پێشبڕکێ.

پاشا"ی ئەرناوود بووە  بە سەروەزیر (صدر أعظم)،  سوعادخانمی[17] برازای خۆیی لێ مارە کردووە. ئەوشاییەی کە بۆیان کراوە، بە دەبدەبەی ئەوزەمانە ناوبراوە.

## تیرەی کوریج:

کە دەوامی پۆلی سێیەمی ڕوشدیەی بەشکتاشم ئەکرد، کاتی پشوو، شت کڕین لە حانووت لەبەر  قەرەباڵغی زۆر زەحمەت بوو. نازانم بە بیروبۆچوونی کێ حزبێك بەناوی (کوریچ)ـەوە پێك هاتبوو.  ئەندامێکی ئەوحزبە هاتبوو بۆ حانووتەکە بۆ شت کڕین. کە دیبووی زۆر قەرەباڵغە، پەنجەکانیی تێك پەڕاندبوو و هەردوو دەستیی بەرز کردبوەوەو، هاواری کردبوو (کوریچ). بەم پێیە ڕێگایان بۆ چۆڵ کردبوو. هەموو کوریجێك  بەم شێوەیە یاریدەی ئەوی تری  ئەدا بۆ شت کڕین. ئەم ناوی (کوریج)ـە مانای چییەو لەچییەوە هاتووە؟ تائێستا بـــــۆم ساخ نەبوەتەوە. منیش تێکەڵی ئەمانە بووم.

ئەوڕۆژانە من بلیتی ڕەنگاوڕەنگی ترامواییم  کۆئەکردەوەو، دەوری قوتوەکانم بە بۆیەی زەرکەفت ڕەنگ ئەکرد. ڕۆژێك ناوی کەسانی سەر بە سەرۆکی ئەم تیرەیەم  لە دەفتەرێکدا نووسی، داوام کرد چەند  نمرەیەکیان  بدرێتێ، داواکەم پەسند کرا. "عەلی غالب قەندەلی"ی سەرۆکی پۆل و گەورەمان و "یەنگی بوغچەلی تەحسین"ی یاریدەدری، ناوی ئەمینداری دەفتەریان دامێ. ئەم تیرەیە، بە ماوەیەکی  زۆر کورت، وای لێهات خەڵك لە دەست خراپەکارییان  هەڵئەهات، بووبووە تاقمێکی  زۆر گرنگ. قوتابیەکان  کە ئەمانەیان ئەبینی، دەستبەجێ ڕێگای حانووتیان بۆ چۆڵ ئەکردن، ئەوی سەرکێشیی بکردایە، تێهەڵدانێکی باشی ئەخوارد.

ڕۆژێك قوتابییەکی "کەمال یەنگی مەحەللە" ناو بەدەستی ئەوان جەزرەبە درا. بەهۆی بەجەرگیی خۆیەوە، لە خانەی قوتابیان (قسمی داخلی) شکاتی کرد. ڕۆژی دوایی کاتی چوونە پۆل، کەمال یەنگی مەحەللە لەگەڵ  ئەفسەرانی خانەی قوتابیاندا ڕاوەستابوو. کێ سەر بەو تیرەیە بوو، بە یەك ئیشارەتی کەمال ڕاگیر (توقیف) کرا. منیش لەناو ئەوانەدا بووم.

---

[17] ئەم ناوە لە (بنەماڵەی خەندان)دا، سوعادخانمی کچی سورەییابەگی بەڕێوەبەری ڕسوومە. ئەمیان بە ڕاستتر ئەزانرێ.

سیٚ پاشا لە کۆشکی هومایۆنەوە هاتبوون، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتبوون، قسەی دەمی هەموان ئەنووسرایەوە. نۆرە هاتە سەر من، وتیان: تۆ کێیت و بۆچی چوویتە ڕیزی ئەم تیرەیەو مانای ناوەکەی چییە ؟ ئەوکاتەی تۆو هاوڕێکانت پێکهێنانی ئەم تیرەیەتان بە شتێکی ئایەخ زانیوە، گەورەکانی کۆشکی پاشا زۆر بەلایانەوە گرنگ بووە. ئەمجا بۆ دۆزینەوەی ناوی تیرەکەو بنچینەو نیشانەکانی، شەش حەوت فەرهەنگی گەورەیان هێناو خەریك بوون، هیچ مانایەکیان بۆ بنچینەی تیرەکە دەست نەکەوت. دواجار بۆیان دەرکەوت لەناوی هۆزێکی سویدی ئەچێ.

ئەوڕۆژە، لێکۆڵینەوەکە تا ئێوارە بەردەوام بوو. ئێوارە، لەبەرئەوەی من دوای سەرۆك و یاریدەدەرەکەی ئەمینداری دەفتەر بووم، واتە سێهەمین کەس بووم، ئەمە لە لێکۆڵینەوەکەدا نووسراو جێگیر کرا. بۆیە، من و نۆ قوتابیی هاوڕێم، فەرمانی دەرکردنمان لە قوتابخانە بۆ دەرچوو. بەڵام نەمانزانی سەرۆك و یاریدەدەرەکەی چییان لێ بەسەر هات.

لەبەر کەم تەمەنیم و، بەڵکە لەبەر شوێن و پایەی دیاری خاڵم لە حکوومەتدا، بەوە وازیان لێهێنام کە لە قوتابخانە دەریانکردم. من ئەودەمە حیسابی ئەوەم کردبوو، کە چۆن لەسایەی حکوومەتێکی وەها دەسەڵات ڕەهادا ئەوکارەم کردبوو و چووبوومە ناو ئەم تاقمە. بەڵام پاشتر لە هەموو ژیانمدا فێربووم چۆن ئیمزای خۆم بەکار بهێنم. کەمال یەنگی مەحەللەی شکاتکەرو ئەفسەرانی خانەی قوتابییان، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە، مەدالیای مەجیدیی پلە پێنجیان پێبەخشرا.

ئەمەویٚ بەم بۆنەیەوە ئەمەیشی بخەمەسەر: ئەوزەمانە ئەوترا ئیدارەی دەسەڵات ڕەها مایەی سەرسامی و نەهامەتییە. ئەوی بەم ئیدارەیەوە یاد ئەکرێتەوەو، لەوانەی پاش نیوچەرخ بە ناوو شێوەی جیاجیاوە لە مەملەکەتە کۆنەکانی عوسمانیدا دەرکەوتن، حاڵ و باری بینراوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش، ئەگەر لەگەڵ یاساکانی پۆلیس و دەست تێوەردانیاندا بەراوردبکرێن، ویژدانم ناچارم ئەکات بڵێم ئازادی و دادپەروەری لە دەورانی پێشوودا بەرقەرار بوون.

سەرەنجام کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بیرم ئەکردەوە کە سبەینێ چ بیانوویەك بدۆزمەوەو نەچوونەوەی قوتابخانەمی پێ پووش بەسەر بکەم. بەیانی بەئەنقەست دەستی خۆمم بەوئیسپرتۆیە کە شیری لەسەر گەرم ئەکرا، سووتاندو کردم بە

هـەراوزەنا. ئـەو ڕۆژە بەوبۆنەیـەوە لـە چـوونە قوتابخانـە ڕزگـار بـووم. ڕۆژی دوایـی، ڕێکەوتی عارفەی ئەکرد، پاشان جەژنی قوربانی بەدوادا ئەهات. بەم شێوەیە، چەند ڕۆژێك تێپەڕی و دایکم نەیزانی.

بـەڵام دوای جـەژن بـۆ بەهانەیـەکی تـر ئەگـەڕام. حەبیبـەخانمی پـوورم لـێم کەوتـە گومـان و، بـە زۆری دایکـم، دانم بـە مەسـەلەکەدا نـا. دایکم بەپەلـە چـووە لای سـەعید پاشـای کـاکی. پـاش سـەعاتێکیش لـە خزمـان ماجیـد بـەگی یـاوەرێکی پاشـا هاتـە ماڵمان، منی بردە لای ڕەزا پاشای بەڕێوەبەری قوتابخانە عەسکەریەکان. کە چوومە ژوورەکـەی، بـە یاوەرەکـەیی وت: بزمـارو چـەکوش بێنـە بـۆ ئـەوەی گوێـچکەی بـە دیوارەکـەوە دابکـوتین. کاتێـك بزمـارو چەکوشـەکە هـات، بـڕوام بـە هەمووشـتێك کـرد. دەستمم بەگوێمـەوە گـرت و کەوتمـە هـاوارکردن. یـاوەر کـە ئەمـەی دی، بـۆم تێکـەوت، داوای لـە پاشـا کـرد لـێم خـۆش ببـێ. پاشـا لەئەنجامـدا ئامۆژگارییـەکی زۆری کـردم، فەرمانی بۆ دەرکردم کە بچمەوە بۆ قوتابخانە. لەوانـەی کـە لـە قوتابخانـە دەرکرابـوون، تەنیا سێ هاوڕێی ترم هاتنەوە بۆ خوێندن.

### ڕێکەوتێکی سەیر:

سـێ و نۆ سـاڵ پـاش ئـەم بەسـەرهاتە، مـن بـووم بـە بەڕێوەبـەری ئامێرەکـانی گواسـتنەوە (نقلیـات الآلیـة) لـە سـوپای عیراقـدا. داوام لێکـرا سـزای شـوفێرێکی ئوتـومبیلی فریاکـەوتن (اسـعاف) بـدەم. کاتێـك شـوفێرەکەیان هێنـاو هـۆی سەرپێچیکردنەکەیم لێ پرسی، پێموت: بۆچی ماوەیەکی درێژە عەسکەرە، تائێستا پلـەی عەسـکەریی بەرزنەبوەتـەوە؛ لەوەڵامـدا وتـی: مـن نەگبـەتم، لەبـەر بێبەختیمـە کەوتوومەتـە ئێـرە. داوای کـرد ئـەمجارە لێـی ببـوورم و جـارێکی تـر ئاگـای لـە خـۆی ئـەبێ و سەرپێـچی ناکـات. پێـی وتم دانیـشتووی گـەڕەکی (بەشـکتاش) و لـە تـیرەی کوریچە؛ لەبەرئەوەی لە خوێندنی قوتابخانەدا سەرکەوتوو نـەبوە، لـە جـەنگی گشتیدا کـراوە بـە سـەرباز و نێـرراوە بـۆ دەوروبـەری بەغـداو لێـرە ژنـی هێنـاوە. لـە یەکـەم ڕۆژیشەوە کە لێرە دامەزراوم، منی ناسیوەتەوە. منیش ئامۆژگاریم کردو دڵخۆشیم دایەوەو، دوایی پلـەی عەسکەریم بـەرزکردەوەو وەزیفەیـەکی گونجاوم لـە قوتابخانـەی (الالیة) پـێسپارد. بـەڵام ئەم بەدبەختـە، ماوەیـەك لەوەبـەدوا، بە دەردی سنگ کۆچی دوایی کرد.

## ڕووداوەكانی بەغدا،

## كاتێك لە ئەستەموڵ بووین:

باسی مانەوەی باوكمم كرد لە بەغدا. ئەوێ، لەكۆنەوە پردێكی لەسەر (دوبە) تێدا دروست كرابوو، هەردوو بەری بەغدای بەیەكەوە ئەبەستەوە. تەنیا ئەم پردە هەبوو، لەبەر كۆنی خراپ بووبوو، دیسان تازە كرابووەوە. ئاهەنگی كردنەوەكەی، لە ١٩ی ئابی١٩٠٤–٢٦ی (جمادي الاولى)ی١٣٢٠دا، ڕێكەوتی لەسەر تەخت دانیشتنی پاشای كرد. بەڵام خوتبەخوێنی مزگەوتی ( مەیدان ) حەفتەیەك پێش كردنەوەی، دوای خوتبەی جومعەو پاش دوعاكردن بۆ پاشا، بەشێوەیەكی زۆر ڕیاكارانە ناوی نامیق پاشای والیی بردووە. ئەوڕۆژگارە، ئەمە بە تاوانێكی گەورە ئەژمێررا. قول ئاغاسی (ڕائید) حەسوون فەرید بە برووسكە خوتبەكەی بۆ (مابەینی هومایۆن) ناردووە. ئەویش دەمودەست فەرمانی لابردنی والیی دەركردووە، ناردوویە بۆ موشیر ئەحمەدفەیزی پاشا تا جێبەجێی بكات.

ئەنجامی وتووێژی نێوان موشیرو كۆشكی هومایۆن، بە والی ڕانەگەیەنراوە. بڕیار دراوە كە ئامادەی ڕێوڕەسمی كردنەوەی پردەكە بوو، ئاگادار بكرێتەوە. ڕۆژی دیاریكراو، لەكاتێكدا والیو عەتووكەخانمی ژنە تازە بەغدادییەكەیو گەلێك ژنو پیاوی تر ئامادە ئەبن، تا بەمۆسیقاوە بكرێتەوە، برووسكەی لابردنەكەی دراوەتێ. یەكسەر بەناو قاقاو تریقانەوەی خەڵكەكەدا، ئەوناوەی بەجێهێشتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی. ڕێوڕەسمی ئاهەنگەكە، لەلایەن موفتی ئەفەندییەوە كە كرابوو بە وەكیلی والی، بەڕێوەبراوە. دوومانگ لەوەبەدوا، موشیر فەیزی پاشا بە وەكیلی والی دامەزرا. ئەوسەردەمە گەلێك شیعرو چامە، بەبۆنەی لابردنی والییەوە، لەدژی ئەو والییە بەرتیلخۆرە بڵاوكرایەوە.

ئەم پردە ناوی (الجسر العتيق)ە؛ سەرەڕای پارەی حكوومەت، گەلێك دارو ئامراز بۆ دروستكردنی بەزۆر و بە كارتێكردن لە خاوەن موڵكو بێستانەكان سەندراوە. والی بەم شێوەیە بڕێكی زۆر پارەی لەلا زیاد بووە، خستوویەتیە نێو كیسەی خۆی. ئەم والییە لە یەكەم ژنی، كوڕێكی حەسەن ڕەزا پاشا ناوی هەبوە. كە نازم پاشا بووە والیی بەغدا، ئەویش بە وەزیفەی سەرۆكی ئەركانی جەنگی ئۆردوو هاتووەتە بەغدا، ماوەیەك دوای ئەوە لە (ئەشقودەرە) بەدەستی ئەسعەد پاشای ناسراو بە ئەلبانیایی (ئەلبانیەلی) كوژراوە.

کاتێك ئەحمەدفەیزی پاشا وەکیلی والی بوو، دەستی بە ڕووتاندنەوەی گەورەکان کرد. ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە ئەستەمووڵ. ئەویش، ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٤[١٨] لابرا. باوکم ئەیوت ئەم زاتە لەووەختەوە کە لە یەمەن بووە، کەوتووەتە بەرتیلخۆری. ساڵانی ١٩١٠–١٩١١، ئەم زاتە بە لێخراوی لە ئەستەمووڵ بوو، منو باوکیشم لەوێ بووین. ڕۆژێك لەگەڵ باوکمدا، بۆ سەردانی، چووینەماڵیان لە گەڕەکی (یشیل طلومبە). بەڵام چەند مانگێك لەوەبەدوا ئاگر بەربووە ماڵەکەی، سووتا، چ کەلوپەلو پارەیەکی تێدا بوو، بۆی دەرنەچوو. تەنانەت کوڕەکەی کە ناوی ڕەزا بەگ بوو، لەبەر دەستکورتی، لە دەرمانخانەی حەڵەبی ناوچەی (سرکەچی) دامەزرابوو، تا خۆی بژیەنێ.

**گوازرانەوەی باوکم بۆ سیواس:**

باوکم، لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٣١٨[١٩]دا، لەبەغداوە گوازرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی جەنگی فیرقەی سیواس. ڕێگای حەڵەب–ئەسکەندەروونی، لەبەر بینینی ئێمە، هەڵبژاردووە. کە پاپۆڕەکەی لە ئزمیر وەستاوە، چووە سەر لە تۆفیق پاشای قوماندانی ناوچەکە بدات. بەڵام ئەم تۆفیق پاشایە، برووسکەیەکی بۆ ئەستەمووڵ لێ داوە، ئاگاداری کردووەتەوە کە مستەفا بەگ یەکەوڕاست نەچوە بۆ سیواس، ڕێگای ئەستەمووڵی گرتووەتە بەر. کاتێك باوکم ئەگاتە لەنگەرگای غەڵەتە (غلطە)، بە فەرمانی ڕەزا پاشای سەرعەسکەر، ئەبرێتە سەرعەسکەرییە، دوو ڕۆژ لەوێ ڕاگیر ئەکرێ.

ئێمە پێمانزانی، سەرمان لێ دا لەوژوورە کە لەڕێگای مزگەوتی (سلێمانییە)وە بۆی ئەچووی. ئەوسەردەمە بارەگای سەرعەسکەرییە لە بینایەکی گەورەدا بوو، قولەی ئاگرکوژاندنەوە بوو؛ زۆربەی بیناکە پاش حکوومەتی کۆماری، کرا بە زانکۆ.

باوکم کە بەڕێ کەوت بۆ سیواس، ئێمەیش دوابەدوای ئەو، بەڕێگای دەریای ڕەشدا، بەسەر (سامسوون)دا چووینە سیواس. سەعیدپاشای خاڵم، بەهۆی ئەو ڕاگیرکردنەی باوکمەوە، تا ئەهات نێوانی لەگەڵ سەرعەسکەردا تێك ئەچوو. بە عەرەبانەی یایلی لەسامسوونەوە چووینە سیواس. ئەسپەکەی خۆمو ئەومایینەی کە باوکم لەعیراقەوە ناردبووی، لەگەڵ خۆماندا بردبوومانن.

[١٨] ئەحمەدفەیزی پاشا لە ٢٦ی شەعبانی ١٣٢٠ك (١٩٠٢) تا ١١ی شەعبانی ١٣٢٣ (١٩٠٥) بە وەکالەت والیی بەغدا بووە (الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف، ادارة العراق، بغداد، ١٩٩٢، ص٨٦).

[١٩] ئەکاتە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٢.

**له سیواس:**

ئەوخانوه کـه لـه سـیواس تێیـدا بـووین، ڕوشـدیەی عەسـکەری بەرامبـەری بـوو. چـوومە دوا پـۆلی ئـەوێ. زۆرجـار لەگـەڵ باوکمـدا غارغارێنمـان ئـەکرد، هـەموو هەینییەك بە سواری ئەسپ ئەچووینە باخی (سەید بەتاڵ غازی). قوتابخانەکەمان، قاتی سـەرەوەی ڕوشـدیەی کـوڕان، قـاتی خـوارەوەی هـی کـچان بـوو. مـن ئەوکاتـە لـە قوتابخانەکـەی خـوارەوە دەوامـم ئـەکرد. لـەوێ، ئـاگری عەشـقی کـچە چەرکەسـێکی جەربەزەی "نەسیمە"ناو سووتاندمی. کە پێی زانرا، برای کچە هەوڵی کوشتنمی دا بـە قەمـە. بـەڵام لێدانەکـەی دەسـتی دایکـمو، زەردەخەنـەی بـاوکم کـە پـەڕەی نـاو کتێبەکانم ئەگەڕا، ئاگرخۆشکردنی زەهرای خوشکیشم کە بەردەوام دایکمی لـێ تیـژ ئەکردم، هەرگیز لەبیرم ناچنەوە. بەزۆری بەهۆی ئەو ڕووداوەوە بوو کە قوتابخانەکەی ئێمـەیان گوێزایـەوە بـۆ شـوێنێك نـاوی (جفتـە منـارە)و پاشمـاوەی سـەردەمی سەلجووقیەکان بوو.

٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٣١٩ی ڕۆمی[٢٠]، بە وەرگرتنی دیپلۆم، ڕوشدیەی سیواسم تەواوکرد. دیسانەوە، لەگەڵ دایکمو خوشکەکانمدا، بە عەرەبانەیەکی یایلی بەسەر ( ئاماسـیە– تۆقـات – سامـسوون )دا گەڕاینـەوە بـۆ ئەسـتەمووڵ. ئـەم ڕێگایـە پـڕە لـە دیمـەنی زۆر جـوان. لـەڕێگا، کـارێزێکی بچووك لـە دەوروبـەری (جاملی بێڵ) هـەبوو، پێیان ئەوت (ترس ئاقان). نازانم بۆچی ئەنجومی خوشکم ڕقی بەم ناوە هەڵئەستاو نەیئەویست دووپاتی بکەینەوە ! منو زەهرای خوشکیشم ئەمانوت (ترس ئاقان ... ترس ئاقان). ئەویش تووڕە ئەبوو، ئەیقیژاند. دایکم لەسەر ئەوە لێی ئەداو، ئێمـەیش پێی پێئەکەنین. بەم پێیە، خۆشترین کاتمان لەناو عەرەبانەکەدا بەسەر ئەبرد.

سامـسوون، شـارێکی زۆر جـوانو خۆشـی کـەناری دەریـای ڕەشـەو، دانیـشتوانی "لاز"یـان پـێ ئـەڵێنو زۆر ئـازاو بەجـەرگن. لیوایـەکی پیـادەی ئەوشـارە لـە شـەڕی (باڵکان)دا هاتبوە ناوچەی (چەتاڵجە)، بەچاوی خۆم دیم مەردایـەتیو فیداکارییـەکی شـایانی ڕێزلێنانیـان نوانـد؛ مەردایـەتییان بـێوێنە بـوو، قەمـە بەدەمـەوە پـەلاماری دوژمنیان ئەدا. پاشەکشەیان بە بوڵغارەکان کرد. ئەو جموجووڵانەیان لەبیر ناچنەوە.

---

[٢٠] ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٠٣.

**دیسان ئەستەموولٚ:**

باوکم حەزی نەئەکرد ببمە عەسکەر. هەر کە گەیشتینە ئەستەموولٚ، منی خستە قوتابخانەیەکی فەڕەنسی لە (بەگ ئۆغلٚوو). هاوڕێکانم وتیان: ئەوی لەم قوتابخانەیە دەربچێ، ئەبێتە قەشە، یا بازرگان، یا کاتب. کە ئەمەم زانی، هانام بردە بەر نەنکم. جلوبەرگی سورمەو بریقەداری خاڵوانمو خزمانی ترم، عەقڵی لێ سەندبوومەوە. نەنکم بۆم تێکەوت، لەوێ هێنامیانە دەرێ. سەعید پاشای خاڵم لە قەڵەمی (تابیعییەت)ی بابی عالی بە مانگانەی ٨٠٠ قرۆش دایمەزراندم. ئەووەختە ئەو برە پارەیە زۆر بوو. هەموو بەیانییەك لەگەڵ خاڵمدا بە عەرەبانەکەی ئەڕۆیشتم، بەرامبەر بە بەڕێوەبەری قەڵەم دائەنیشتمو فێری ڕاپەڕاندنی ئیش‌وکار ئەبووم.

میرلیوا سلێمان بەگی یاوەر و خاڵی چکۆلەم، ڕۆژێك هاتە ماڵی خۆمان؛ لە قسەکانیدا وتی: عەسکەر لانابرێت. بەڵام تۆ هەوڵ بدە، ئیشەکە بەباشی فێر ببی. ئەگەر لابرێی، چەکمەجەکەت لێ بارئەکەن. کە گوێم لەم قسەیە بوو، ڕۆژی دوایی کاتێك چوومە دائیرەکەم، مێزەکەمم پشکنی، ئەوەندە قورس بوو، نەمئەتوانی بیجووڵێنم. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر لابرام، چۆن ئەتوانم ئەم مێزە لە خۆم باربکەم. بەڕێوەبەرەکەم لە پلەی "خولەفا"دا بوو، کە ئەوەی بیست، هێندە پێکەنی خەریك بوو شەق بەرێ. ئەم بەسەرهاتە ڕادەی منداڵیم دەرئەخات.

لە دایکم ئەترسام، نەمئەتوانی هیچ بڵێم. بەڵام زەفەرخانمی نەنکی ڕەحمەتیم، بە فریای دەردم ئەگەیشت. عیززەت بەگی خاڵم لە دەوامی دائیرەم زیاتر، حەزی ئەکرد بەباشی بخوێنم. نەنکم قەناعەتی بە سەعید پاشا کردبوو، بمخاتە ئامادەییی نۆشداری (طبیة)ی عەسکەری. لەگەڵ میرلیوا لوتفی پاشای یەکێك لە پزیشکانی ئەندامی دەستەی مامۆستایاندا، سەرمان لە قوتابخانەکە دا. دەرکەوت بە تەمەن بچووکم، ئەبێ ساڵێك چاوەڕوان بم. بەوهۆیەوە بڕیار درا بۆ دەمەزەردکردنەوەی زمانی فەڕەنسیم، ماوەیەك لە قوتابخانەی (سوڵتانییە)ی سەرای غەڵەتە (غلطه سرای) دەوام بکەم. بەرگی سووری ئەم قوتابخانەیەو بریق‌وباقی ناوەکەی، ئارەزووی دەوامیان لەلا زیاد کردم. لەولایشەوە، کچەکەی خاڵم زۆر هانی ئەدام.

بەم شێوەیە، دەستم بە دەوام کرد. بەڵام کە لێم ڕوون بووەوە ئەوی لەم قوتابخانەیە دەربچێ، نابێتە عەسکەرو ئەبێتە کاتب یا بازرگان، پەشێمانی سەری تێکردم. کەچی ئەمجارە نەنکم فریام نەکەوت، ئەیوت: خاڵەگەورەکەم کاتی

دامەزراندنی قوتابخانەکە لە یەکەمین قوتابییەکانی بووە. ئەو خاڵەم کە لە هەرەتی لاویدا لەسلێمانییەوە لە گەڵ باوکیدا هاتووەتە ئەستەموول، خراوەتە ئەم قوتابخانەیە، دوایی لە زۆر باڵوێزخانەی گرنگ و وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردووە. ئەمانەی سەرجەم لەبەرئەوە بووە کە ئەو قوتابخانەیەی تەواو کردووە.

## ڕزگارکەرم:

من بێچارە ئەچوومە قوتابخانەو ئەهاتمەوە. ماجید بەگی عوسمان پاشا، لە یاوەران و خزمانی خۆمان، ڕۆژێکی پشوو هاتە لامان دێمە قوتابخانەکەت و چارت ئەکەم. ڕۆژی دوایی هات، منی لە (سوڵتانییە)وە بردە لای بەڕێوەبەری قوتابخانە عەسکەرییەکان و لە دەردم حاڵی بوو، بردمیە پەنایەکەوەو وتی: خۆم، وتی: ئەمە یەکێکە لە کوڕە عەسکەرو کەس وکاری شەهیدانی شەڕی (دومکە)و خزمی خۆمە. ئەو داواکاریە کە ئامادەم کردبوو، دای بە بەڕێوەبەر، ئەویش ناردی. بەم شێوەیە، تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٠[٢١] بە تایبەت لە ئامادەیی عەسکەریی (قولەلی) قبوول کرام. جل وبەرگ و پێداویستەکانی بە یەکدوو ڕۆژ بۆ ئامادە کردم و، گواستمیەوە بۆ ئامادەیی عەسکەریی (قولەلی) لە (چنگل کۆی).

کە سەری حەفتە لە ئامادەییی (قولەلی)یەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوەو دایکم جلەکانی دیم، پەشۆکا. کە لێی پرسیم: ئەمە چییە ؟ لەوەڵامدا وتم: چی بکەم، لەبەرئەوەی کوڕە عەسکەرم لەقوتابخانەوە گوێزامیانەوە بۆ (قولەلی). پوورم و نەنکم واقیان ورمابوو. دایکم سەری داپۆشی، چووە ماڵی سەعید پاشا، مەسەلەکەی بۆ گێڕابووەوە. خاڵم پێی سەیر بووە. ڕۆژی هەینی لە ڕێ ورەسمی سڵاوکردندا بۆ ئاڵا، ڕەزا پاشای بەڕێوەبەری قوتابخانە عەسکەرییەکانی دیوە، مەسەلەی ئەو گوێزانەوەیەی منی لێ پرسیوە. ئەویش وتوویە یاوەرێك مناڵێکی بۆ هێنام و وتی ئەمە مناڵی شەهیدێکە. ئەگەرچی کاتی وەرگرتنی بەسەر چووبوو، سەرباری ئەوە، یارمەتیم داو قبووڵم کرد. خاڵم لەسەر ئەمە زۆر لە ماجید بەگ تووڕە بوو. دایکیشم چینێکی باشی لێدام. بەڵام سلێمان بەگی خاڵی چکۆلەم لەوکاتەدا هات، بە تێکەوتنی نەنکم ئەوکارە جێبەجێ کرا، توانیم لە (قولەلی) دەوام بکەم. کە مەسەلەکەیان بۆ باوکم نووسیبوو، دوعای خێری بۆ کردبووم.

---

[٢١] ١٩٠٤.

ئەوسەردەمە، عیززەت بەگی خاڵم وەرگێڕی یەکەم بوو لە دیوانی هومایۆن. لە خانوویەکی گەورەی سەرجادەی ترامڤای لە بەشکتاش ئەژیا. من کە هەموو سەری حەفتەیەك دائەبەزیم، ئەچوومە ئەوێ بۆ سەردانی "سەرافرازخانم"ی نەنکم و ئامینەخانمی خاڵۆژنم کە زۆرم خۆش ئەویست.

ئەورۆژانە، سەرافرازخانمی نەنکمان داوای لە بەلْقیس کردبوو کە سەری حەفتان چوومە ئەوێ، خۆیم لێ بشارێتەوە، ئەمجا من بچمە ژوورەوە. بەڵام ئەم نەریتە نەبوە کۆسپی بەردەم یەکتربینینمان لە درزی دەرگاوە. من بە چاوساغیی ئەو ئەچوومە بەردەرگای ژوورەکەی سەرافرازخانمی نەنکم و، ئەویش لەجێی خۆی هەڵئەستاو هەر لەوێوە فەرمانی دەرئەکرد. دوای ئەوە ئەچوومە لای خاڵۆژنم.

ئێمە لە ئەستەموڵ و ماوەیەکیش لە سیواس بووین. کانوونی یەکەمی ١٩٠٥، ئیرادەی سوڵتان بۆ پێکهێنانی دەستەی لێکۆڵینەوەی سنووری ئێران بە سەرۆکایەتیی واحید پاشا دەرچوو. باوکم لەسیواسەوە بەڕێگای مووسڵدا کەوتە رێ، ئەم ئیشەی بە درێژاییی سنوور بەردەوام بوو، تا ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت درێژەی کێشا.

هەموو ئێوارەیەك، لە سێ شوێنی گەورەی مەشق و فێرکردنی ناو قوتابخانەدا، یاریی جمناستیك بێوچان ئەکرا. هەمووساڵێکیش یاریی جەنگ، لە ئاستێکی بەرزدا، لە (خدر ئەلیاس) بەڕێوە ئەچوو، دوایی خواردن ئەخورا.

میرلیوا ساڵح پاشا مامۆستای مێژوومان بوو؛ زۆر پیرو جەنگاوەرێکی کۆن بوو و، بە فەرمانی پاشا خانەنشین نەکرابوو. یاریدەدەرەکانی ئەچوونە ژێر باڵی و ئەهات بۆ دەرسوتنەوە. ئەم زاتە زۆرجار باسی ئەوەی بۆ ئەکردین کە چۆن محەمەدپاشا پێوەندیی بە "کاترین"ی ژنە ئیمپراتۆرەوە هەبوە. دەرسەکەی کاتێکی زۆری ئەخایاندو، قوتابییەکان بە ڕێزو ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێیان لێ ئەگرت. مامۆستای باوەڕە دینیەکان (العقائد الدينية)مان، هەرچەندە زۆر زانا بوو، بەڵام ناویان نابوو "خواجە گێلاس". ئەم مامۆستایە سافیلکە بوو. قوتابییان بۆ زانینی وردەکاریی مردنی باوکی، یا دایکی فلان کەس، تکایان لێ ئەکرد کە ڕۆژنامەی سبەینێیان پێویستە. ئەویش هەڵئەخەڵەتا. بەم شێوەیە ئەیانتوانی زۆربەی ڕۆژنامەکانی حەفتە بخوێننەوە. بەڵام کاتێك هەواڵی ئەم مەسەلەیە بە بەڕێوەبەر گەیشتەوە، کابرا سزای دوورخستنەوەی درا.

مامۆستای هونەری میکانیکمان، "محەمەدعەلی بەگ" ناوی قایمقامی ئەرکانی جەنگ بوو. ئەم پیاوە حەزی لە قوتابیی جوان ئەکرد. بەرامبەر بە هێندێ لەوقوتابیانە ڕائەوەستاو لێیان دوور نەدەکەوتەوە، بۆ هەل ئەگەڕا قسەیان لەگەڵدا بکات. لەبەرئەوەی تووشی ئەم بەدڕەوشتییە بووبوو، ئەویشیان لەسەر ئەوە دوورخستەوە.

لاساری، لە دواپۆلەکانی قوتابخانەی ئامادەییدا، بە قارەمانێتی ئەژمێررا. ئەمانە لە پشووی دوای دەرسەکاندا یەخەیان ئەکردەوەو قەدیفەی سووریان لە مەچەکیان ئەئالآند. ئێمە خۆمان لێ ئەپاراستن. ئەمانە زۆرجار کە ئەتنیان ئەکرد، سزای لێدانیان بەسەردا ئەدرا. قوتابیان، تێکڕا لە کۆتاییی حەفتەدا، بۆ لێدان لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا کۆئەکرانەوە. ئەفسەری خانەی قوتابیان سزای گوناهبارەکەی ئەخوێندەوە، فەرمانی پێئەدرا لەسەر بەڕەی ڕاخراوی سەر ئەرزەکە ڕابکشێت. ئەویش لەپڕێکا قۆپچەکانی چاکەتەکەیی ئەکردەوەو لە پەوڕوو پاڵ ئەکەوت. بەدار ئەکەوتنە لێدانی، بە هیچ جۆرێك نقەی لێوەنەئەهات. پاشان ئەگەر بەپەلە هەستایە، زۆر ڕێزی لێئەنرا. ئەگەر لەهەستاندا خاوەخاوی بکردایە، هەموان پێی پێئەکەنین و گاڵتەیان پێئەکرد. قوتابخانە هەرچەندە ڕێکوپێکی و دیسپلینی تێدا هەبوایە، لێدانیش هەرچەندە توندوتیژ بوایە، سەرەڕای ئەوە جۆرەها ڕووداوی تێدا دەرئەکەوت.

### ڕووداوی بۆمباکە:

وەختی نیوەڕۆی ٢١ی تەمووزی ١٩٠٥ کە ڕێکەوتی ڕۆژی هەینیی ئەکرد، هەموومان لە هۆڵەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبووین. ناکاو لەبەردەم مزگەوتی (یڵدز)دا ناڵەیەکی توندی تەقینەوە بوو، دووکەڵ و تەپ وتۆزێکی زۆر بەرز بووەوەو، بوو بە هاوار و قیژوهووڕ. ئێمە لەپەنجەرەکانەوە سەیرمان ئەکرد. خەڵك سەرجەم ترسیان لێنیشتبوو. ئێوارە کاتێك چوومە بەشکتاش و سواری پاپۆڕی (چنگل کۆی) بووم، بێدەنگی خەڵکی داگرتبوو. ئەو بێدەنگی و پەستییە لە قوتابخانەکەیشدا دیار بوو. دوایی وەکوو زانرا و لەخوارەوە باسی ئەکەم، ئەمە ڕووی دابوو:

تومەز چەند کەسێکی سەر بە حزبی ئەرمەنی (تاشناقیسۆن)، ئەوڕۆژی جومعەیە بۆمبایەکی (دینامیت)ی تەقیتکراوی بەهۆی سەعاتەوە تەقیویان لەناو عەرەبانەیەکی

پێچکە لاستیکی لای سەرادا داناوە (ئەستەموولْ تا ئەوکاتە ئوتومبیلی پێچکە لاستیکی تێدا نەبوو). بۆمباکە وا تەوقیت کرابوو، کاتێك بتەقێتەوە کە سوڵتان لە نوێژی جومعە دێتەدەرێ. ئیتر ئەوانە چوونەتە ناو قەرەباڵغیەکە بۆ تەماشاکردنی ڕێورەسمەکە. هەرچەندە دووریو کاتی نێوان سەراو مزگەوتەکە بە ئوتومبیل زۆر باش بە کرۆنۆمیتەر حسێب کرابوو، کاتی ئاسابیی هاتنەدەرەوەی هەموو حەفتەیەکی سوڵتان ڕێك خرابوو، بەڵام سوڵتان عەبدولحەمیدخان ئەو ڕۆژە کاتێك لە نوێژ هاتووەتە دەرێ، "شێخولئیسلام"ی دیوە کە چەند حەفتەیەك بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە بچێتە نوێژی جومعە. ئیتر لەگەڵیدا ڕاوەستاوەو چاكوچۆنیی لەگەڵدا کردووەو هەواڵی نەخۆشیەکەیی لێپرسیوە. بەم هۆیەوە پاشا لە هاتنە دەرەوە بۆ بەردەرگای مزگەوتەکە دواکەوتووە، ئەوە بووەتە مایەی ڕزگاربوونی لە مردنێکی مسۆگەر. هێشتا لەناو مزگەوتەکەدا بووە کە بۆمباکە تەقیوەتەوە. چارەنووسی خوایی تەگبیری ئەم کۆمەڵەی بەتاڵ کردووەتەوە.

بێگومان خەڵکێکی زۆر لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا ڕاگیر کراون؛ بەشێکیان دوورخراونەتەوەو بەشێکی تریشیان خراونەتە نێو دەریا. گەلێك ئامادەی ڕێورەسمەکە، لە سەربازو کەسو خەڵكو ئاژاڵ لەوناوە لەناو چوون، پارچەکانیان تا مەودایەکی دوور بەئاسماندا پەڕینو بە هەموولایەکدا بڵاوبوونەوە.

سەروبەندی ئەم بەسەرهاتە، ڕووداوێکی سەیر قەماوە. وا لەخوارەوە بۆتانی باس ئەکەم:

قوتابییەکی "شەوقی قیرشەهر" ناو کە لە (قیرشەهر)ەوە هاتبوو، لە پۆلەکەماندا بوو. ئەمە زۆر بێعەقڵ بوو، لەبەرئەوەی خۆهەڵکێش بوو و قسەی زلی ئەکرد، هەمووکاتێك گاڵتەمان پێئەکرد. ئەو ڕۆژی جومعەیە، بەیانی زوو هاتووە دەستێك جلی یاوەرانی پاشای پۆشیوەو قۆردوونو شمشێرێکی چەماوەی بەخۆدا کردووەو، کاتی نوێژی جومعە چووەتە ڕیزی نوێژکەران، ئەوشوێنە کە بە سەدان یاوەری ئەسڵزادەی لێ وەستاوە. ئەم کوڕە، چونکە لە خۆی بە گومان بووە، بە حەپەساوی تەماشای ئەملاوئەولای خۆیی کردووە. فەرمانبەرانی خەفیەی ئەوناوە لێی دڕدۆنگ بوون، دەستوبرد گرتوویانەو ڕاگیریان کردووە.

بەڵام لە لێکۆڵینەوەی پاش ڕووداوی بۆمباکەدا، کەوتبوونە لێپێچانەوەی "شەوقی قیرشەهر". ئەویش لەوەڵامدا وتبووی: من لە بەشکتاش بووم کە هەواڵی

ڕووداوەکەم بیست، گومانم لە عەرەبانەیەك کرد، ئەم جلانەم بۆ تاقیبکردنی لە بازاڕ کڕیو لەبەرم کرد. بەڵام لەبەرئەوەی زوو گیرام، نەمتوانی حکوومەت لە مەبەستم ئاگادار بکەمەوە. بەم ساختەکارییە، خۆیی پەڕاندبوەوە. ئەو تاقمە خەفیەیە کە گرتبوویان، هەموو سزادران. خۆیشی ئیرادەی سوڵتانیی بۆ دەرچوو، یەکسەر لە قوتابێتییەوە پلەی قایمقامی پێ دراو، خرایە ڕیزی یاوەرانی پاشا.

شەوقیی هاوڕێی پۆلمان، بەم شێوەیە بەپلەی قایمقامی دەوامی قوتابخانەی ئەکرد. زۆر زەحمەتە بتوانم پەسنی مەزنی و لووتبەرزیی ئەم کوڕە بدەم؛ بێزی نەئەهات قسە لەگەڵ کەسدا بکات. کە مامۆستاکان ئەهاتنە پۆلەوە، تا مۆڵەتیان لەو وەرنەگرتایە نەیانئەتوانی دەست بە دەرسوتنەوە بکەن. ئەم قولەلییە، کاتی تاقیکردنەوەی پۆلی دووەم بە بەختو مەزنایەتیی خۆی گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی حەربییە. تا ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٠٨دا (بە مێژووی کۆنی عوسمانی١٠ی تەمووزی ١٣٣٠) بەردەوام بوو، دوایی بیستم لە گێژولوولی ئەودەورانەدا تیکە تیکە کراوە. کاتێك لە دواپۆلی قولەلیدا بووم، ڕۆژێك کە هاتمە ماڵەوە، دیم مەلیحەخانمی خوشکم لەدایك بووە.

## گوێزرانەوەم بۆ مەکتەبی حەربییە:

ڕۆژی ١ی تشرینی دووەمی ١٣٢٢[22]–١٩٠٦ گوێزرراینەوە بۆ قوتابخانەی جەنگ (مەکتەبی حەربییە)ی شاهانەی بانغالی. ئیتر مافی هەڵگرتنی شمشێر (قلیج)مان پێدرا. من زۆر بە شادمانییەوە یادی ئەوڕۆژە ئەکەمەوە. ئێمە ژمارەمان ٨٦٠ قوتابی بوو، پێویستیمان بە پەنجا قوتابی بوو بۆ پۆلی سوارە. بۆیە کردیان بە قورعە.

ئەوزەمانە دەوڵەتی عوسمانی تێکڕا زیاتر لە چل فەوجی سوارەی نیزامیی لە تەراکیاو ڕۆم ئێلیو ئەرزڕۆمو عێراقو تەڕابولسی ڕۆژاوا هەبوو. چەند فیرقەیەکی تەشکیلاتی فەوجی سوارەی کوردی حەمیدیشی لە کوردستان هەبوو، سوڵتان عەبدولحەمیدخانی دووەم پێکی هێنابوونو بەرامبەر بە قازاقەکانی ڕووس داینابوون. جگە لەمانە، پاشا چەند فەوجێکی عەرەبو ئارناوودی لەبەردەستدا بوو، بەرگی میللیی خۆیانیان ئەپۆشی. ڕۆژی جیاکردنەوەمان بۆ بەشی سوارە، زۆر

---

[22] ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٠٦.

ئەترساین و خەفەتمان ئەخوارد. لە قورعەکەدا دەرچووم. هێندە دڵخۆش بووم، هەرگیز ئەو بیرەوەریەم لەبیر ناچێتەوە.

## بەزمی گاڵتەپێکردن لە قوتابخانە:

کە لەئامادەییەوە گوایزراینەوە بۆ مەکتەبی حەربییە، ئەوقوتابیانە کە لە پۆلی یەك و دوودا دەرنەچووبوون، دەستیان ئەکرد بە گاڵتەپێکردن و ئازاردانی قوتابییە تازەکان. ئەم بەزمە بەردەوام بوو. بۆیە ئەو حاڵوبارە ئێمەیشی گرتەوە.

یەکەم ڕۆژ لە پۆل دانیشتین، پێش هاتنی ئەفسەری، یەکێك لەوانە کە پێیان ئەوترا (دۆنك)، چووە لای تەختەکەو نووسیی (السلام علیکم)و وەستا. ئێمە هەموومان بێدەنگ بووین. بەڵام ئەو لەپڕێکدا هاواری کرد: ئێمە سڵاوتان لێئەکەین، بۆچی وەڵاممان نادەنەوە؟ بەجۆرێك کەوتە جنێوپێدانمان، ناتوانم باسی بکەم. کەسمان وەڵاممان نەدایەوە، چونکە تەنیا پۆلەکەی ئێمە شەست کەس زیاتری لەمانە تێدابوو. هەمان کات، پۆلی دووەمیش زۆری لەمانە لەناودا بوو. ئەگەر ئێمە بەگژ ئەوانەی پۆلی خۆماندا بچووینایە، ئەوانەی پۆلەکەی تریش بەدەنگیانەوە ئەهاتن و سەروگوێلاکی هەموومانیان ئەشکاند. وەك قوتابخانەی ئامادەیی، ئەوانەیش کە لێرە بە لاسار ناسرابوون، هەر پشوویەکی هەموورۆژێك ئەگیران و بۆ تەمێکردن لێیان ئەدرا.

ئەگەر برادەرێکی پۆلە بەرزەکانمان لەگەڵدا نەبوایە، لەترسی ئەمانە نەمانئەتوانی بچینە ئاودەستخانەی قوتابخانە، چونکە ڕێیان پێئەگرتین و لێیان ئەداین. بەگەسکەوە ئەوەستان، ئەوی بە بەردەمیاندا بڕۆیشتایەو سڵاوی بکردایە، ئەیانوت: ئای کە بێشەرمە سڵاو ئەکات ! ئەگەر سڵاوی نەکردایە، ئەیانوت: بۆچی سڵاو ناکەی؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا، بە گەسکە پیسەکەی دەستیان بێ‌سێ‌ودوو بە سەروچاویاندا ئەکێشا.

مەحاڵ بوو بتوانی بەتەنیا لە ساڵۆنەکە هاتوچۆ بکەی، چونکە تووشی جۆرەها گاڵتەو لێدان ئەبووی. ئەم بەزمە، بەم پێیە، لە ساڵی ١٢٥٠ی ڕۆمییەوە[٢٣] لە مەکتەبی حەربییە بەردەوام بووە. ڕێزگرتنی وەها لە کۆنەکان بووبووە نەریتێك.

---

[٢٣] ١٨٣٤.

## ڕێوڕەسمی جیابوونەوەمان بۆ سوارە:

ڕێوڕەسمێکی عەسکەریی تایبەت لە ڕۆژانی جیاکردنەوەی بەشی سوارەدا ئەکرا. ئەوقوتابیانەی پیادە کە دەرچووبوون بۆ پۆلی دووەم، هەریەکێکیان لە قورعەکە دەرنەچوایەو لە هۆڵەکە بهاتایە دەرەوە، پیادە کەوتووە بەکۆمەڵ ڕاوەستاوەکان دەوریان ئەداو پێیان ئەوت: ئەوچاتر، بە پیادە ڕازی نەبووی، ویستت ببی بە سوارە. بە لێدان ئەیانگەیاندەوە پۆلەکەی. بەڵام ئەوانەی کە دەرئەچوون و ئەکران بە سوارە، کاتێك ئەهاتنە دەرێ، سوارە کۆنەکان دەوریان ئەدان و بەڕێزەوە قۆڵیان بە قۆڵی هەریەکەیاندا ئەکردو ئەیانخستە سەر دارێك و قیرپاچێکیان[24] ئەدایە دەست، قاڵپاغێکی[25] ئاوێنەداریان ئەکردە سەر، چەند هێلکەیەکی پیسیان ئەنایە ناو قاڵپاغەکەی هێلکەکان لەناویدا ئەشکان و بە دەموچاویدا ئەهاتنە خوارێ. ئەمجا بە مارشی (تەنتاراتات تەنتاراتات)، لەگەڵ گەلێك قوتابیی سوارەدا، بەدەوری حەوزێکی گەورەی باخچەی قوتابخانەکەدا پیاسەیان پێئەکرد. دوایی ئەیانبردە حەمام، بەمە ئەچوە بەر دەستی سوارەکان و ئەیانپاراست.

**مەشقەکان:**

سوارەو پیادە، هەموو پێکەوە دەرسمان ئەخوێند. تەنیا لە دەرسەکانی پۆل، بەیتاڵی (بیطرة)و (سەفەرییە ؟)، هێندێ مەشق و دەرسی تردا جیا ئەبووینەوە. سادق بەگی مامۆستامان، لە یەکەم ڕۆژانی مەشقی سوارچاکیدا، کاتێك منی دی چۆن سوارێکم، ئەویش بەهۆی ئەسپەکەی خۆمەوە بوو کە بۆ هاتوچۆی قوتابخانە سواری ئەبووم، سواریەکەمی زۆر بەدڵ بوو، ڕێزی لێ نام. پاشان بازدانی سەر لەمپەر (موانع) دەستی پێکرد. لەویشدا زۆر باش بووم، پاداشتی ئەوە ئەسپێکی عەرەبیی بۆ تەرخان کردم.

ئەم مامۆستا بەڕێزەم، لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا، قوماندانی فیرقەی سێهەمی سوارە بوو، لە شەڕەکانی بەرەی ڕۆژهەڵاتدا شەهید کرا. خوا ڕەحمەتی خۆیی بەسەردا ببارێنێ. ڕێکەوتێکی سەیرە، ساڵی ١٩٤٣ کە قونسڵی عێراق بووم لە (کەراچی)، کچی ئەو مامۆستا ڕەحمەتیەو یووزباشیی بەیتاڵی (نقیب البیطرة)

---

[24] قیرپاچ: قامچی (هەژار، هەنبانە بۆرینە، ب٢، تهران، ١٣٦٩، ل٥٩٢).

[25] قڵپاغ: قەڵپاغ، کڵاوی لە پێستەمەڕ (هەمان سەرچاوە، ل٥٨٤).

نـووری بـەگی مێـردیم دی، کاتێـك بەسـەر کەراچـیدا ئەچـوونە ئەفغانـستان. زۆر شادمان بووم.

### لە پۆلەکانی مەکتەبی حەربییەدا:

ژمارەمـان لـە پـۆلی یەکەمدا، بـە پیادەو سوارەوە، پتر لـە ٨٦٠ قوتـابی بـوو. ئـەم ژمارەیـە کرابـوو بـە شـەش بەشـەوە. ژمـارەی قوتابیـانی مەکتـەبی حەربییـە، بـەپێی سیاسەتی سەرا بۆ ڕێگرتن لە هێندێ ڕووداوی چاوەڕوانکراوی مایەی تالووکە، کەم کرایەوە. ناوەندەکانی سوپای ئەدرنەو مناستر و ئەرزڕۆمو شامو بـــــەغدا لـە ساڵی ١٣٢١[٢٦] بـەدواوە مەکتـەبی حەربییـەیان تێـدا کـــــرایەوە. بـەڵام بـە ڕاگەیانـدنی مەشرووتییــەت داخـرانو، گـشت قوتابیـەکانیان گەڕانـەوە بـۆ ئەستەمـــوڵ. بـەم پێیە، تەنیا ئەوپۆلــەی کە پـۆلی ١٣٢٤[٢٧]ی پـێ ئـەوترا، ساڵی ١٩٠٩ لـــــە مەکتەبە جیاجیاکانی حەربییەدا بە ئەفسەری دەرچوون.

ئەوکاتەی ئێمە دەرچووین بۆ دواپـۆل، هـەموو مەکتەبـەکانی حەربییـە یـەك خـرانو هاتنــەوە بـۆ ئەسـتەمووڵ. بـە بانـدی مۆسـیقاوە پێـشوازیی قوتابیـەکانی هـەموو وڵاتەکانمان کرد، میوانداریمان کردن. مەکتەبی حەربییە، جگـە لـە دەرسـی فەڕەنسی، ئەڵمانیو ڕووسیشیان ئەخوێند. ئینگلیزی، تەنیا لە قوتابخانـەی دەریـاوانی (بحرية) ئـەخوێنرا. هـەموو پۆلێـك جگـە لـە دەرسـەکانی مەشـقی عەسـکەریو جۆرەکـانی (تەعبییـەی ثلثـە ؟)و خزمـەتی سـەفەریو مێـژووی جـەنگو جوگرافیـای عەسـکەریو هونـەری پالیـستیكو هونـەری چەكوچـۆڵو قایمکـاری (اسـتحکامات)و تۆپۆگرافیـاو (استکشافات)و کارتۆگرافو تەرامەو تەشـکیلاتی ئۆردووەکـانی عوسمـانیو بیـانیو زانـستی فیقهـ و لۆجیـكو هونـەری تەلارسـازی (معمـاری )و بیناکـاری (انـشاءات)ی عەسـکەریو مەکینـەو کۆزمۆگرافیـاو جۆرەکـانی ئەنـدازەو یاسـا عەسـکەریەکانو پاراســتنی لــەش ســاغیو بــەیتاڵیو (مــج و اســکریم ؟)و جمناســتیكو وۆڵتــەز ئەخوێنران، دەرسو مەشقەکان زۆر بەڕێکوپێکی جێبەجێ ئەکران.

ئەو مامۆستایانەی کە ئـەم دەرسانەیان پـێئەوتینەوە، سـاڵ بەسـاڵ شـارەزاییان پەیدا کردبوو. چەند کەسێکیان بەپلەی جەنەڕاڵو زەعیم لـەناودا بـوو. لەبەرئـەوە هـەر

---

[٢٦] ڕۆمییە و ئەکاتە ١٩٠٥.

[٢٧] ڕۆمییە و، ئەکاتە ١٩٠٨.

ئەفسەرێك لە مەكتەبی حەربییەی ئەستەموولْ دەربچوایە، پێویست بوایە ئەیتوانی ئیشی ئەندازیاریو تەلارسازی بكات. تا دەورانی مەشرووتییەت، پۆلی ئەركانی جەنگ لەیەكەمەوە تا پانزەهەمی تێدا وەرئەگیرا. بەلاّم لە پۆلی ئێمەوە، واتە لە ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتەوە، ئەوی سالاّنی خزمەتی لەناو هێزەكانی سوپادا زۆر بوایە وەرئەگیرا.

موشیر ئەحمەدموختار پاشا كە قوماندانێتیو سەرداریی ئۆردووی گەورەی كردبوو، دەرسی مێژووی جەنگی پێ ئەوتین. میرلیوای ئەركانی جەنگ سوبحی بەگ، بەوپەڕی نەرمونیانییەوە، دەرسی تەشكیلاتی ئۆردووی پێ ئەوتین. ئەم زاتە پاشتر، كاتێك والیی بەسرە بوو، ڕاپۆرتی داوە كە ئینگلیزەكان خۆیان سازداوە پەلاماری عیراق بدەن، داوای كردووە هێزە عەسكەرییەكانی عیراق بەهێز بكرێنو بەملاوئەولادا بلاّونەكرێنەوە. سەرەنجام لە یەكەمین جەنگی جیهانیدا بەخەفەتەوە لە بەسرە كۆچی دواییی كردووە.

من كاتێك ڕاپۆرتە گرنگەكانیم خوێندووەتەوە، كە لە لقی شانزەهەمی مێژووی دائیرەی ئەركانی گشتیی جەنگدا ئیشم ئەكرد. ئەم دوو زاتە لە زۆربەی دەرسەكاندا باسی پێشكەوتنی سوپاكانی بیانییان بۆ ئەكردین، لەگەڵ هی عوسمانیدا بەراوردیان ئەكردن. دەرگای پۆلەكەیان پێوە ئەدا، مشتومڕێكی كراوەیان ئەكرد، بیر و زەینی قوتابییان ئەكردەوەو هۆشیاریان ئەكردنەوە، كاتیان بە ستایشی پیاوەكانی ئەوڕۆژگارە بەفیڕۆ نەئەدا.

مسیۆ دۆبوا دەرسی فەڕەنسیو گۆسپۆدین گاسبرنسكی هی ڕووسیی پێئەوتین. هەریەكەیان یاریدەدەرێكی وەك ئەحمەد ڕەفیقی مێژوونووسی بەناوبانگو میرلیوا سوداد بەگی هەبوو. نوێژكردن لە قوتابخانە عەسكەرییەكاندا بەزۆر بوو. ئەوی نوێژی نەكردایە، بەتوندی سزا ئەدرا. قوتابیان ئەو ڕۆژنامانەیان بۆ خوێندنەوە پەیدا ئەكرد كە نامیق كەمالو شەریف پاشا وتاریان تێدا ئەنووسین، لەناو خۆیاندا دەستاودەستیان پێئەكرد. ئەمە مەترسییەكی زۆر گەورەی دروست ئەكرد.

ڕۆژێكیان كە دەرچووین بۆ پراكتیزەكردن (تطبیقات)، لەڕێگا هەموومانیان گەڕاندەوە ؛ كە گەیشتینە قوتابخانە، خراینە هۆڵی پشوودان. ئەودەمە چاپكراوی زیانبەخش لەلای هەركەسێك بدۆزرایەتەوە، یا دوور ئەخرایەوە، یان ئەپەسترایە ناو زیندان. ئەفسەرەكان ئەوماوەیە هەموو كتێبو دۆلاّبەكانی جلوبەرگمانیان پشكنیبوو.

سەرافرازخانمی نەنکم، ئەوکاتە لە ماڵی خاڵم لە (فەنار یۆلی)، ٢٤ی مارتی ١٩٠٩–١٣٢٥، ڕێکەوتی ڕۆژی سێشەممە، کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی (ئەییووب سوڵتان) نێژرا. مووچەمان لە پۆلی سێهەمی مەکتەبی حەربییە، یەکی پێنج مەجیدی بوو. کاتی مووچەوەرگرتن یا کتێب دابەشکردن، قژمان ئەپشکنرا. ئەگەر درێژ بوایە، بۆیان ئەتاشین. سێ تاقیکردنەوەی تایبەت لەساڵێکدا هەبوو. ئەوی دەرنەچوایە، مۆڵەتی حەفتانەی نەئەدرایەو نەئەچوە ماڵەوە. جاری وا هەبوو، چەند حەفتەیەك چوونە ماڵەوەی لێ قەدەغە ئەکرا.

هەموورۆژێك قوتابییەك ئەبوە پاسەوانی چێشتخانەو، مێزی خواردنی ئەڕازاندەوە. نموونەی خواردنەکە ڕۆژانە بە سینییەك، لەگەڵ قوتابیە پاسەوانەکاندا، ئەبرایە سەرا. نۆزدەهەمین ڕۆژی گشت ڕەمەزانێك، قوتابیانی مەکتەبی حەربییە ئەبرانە سەرای (یڵدز). پاش ڕۆژووشکاندن کۆمەڵە زێڕیان لەسەر سینییەکی گەورە ئەهێنا، هەر قوتابییەك یەك پارچەی پێ ئەدرا. قوتابیەکان هەموو ئێوارەیەك، دوای نانخواردن، لەسەر حەوزەکە کۆئەبوونەوە. پاش خوێندنەوەی فەرمانی ڕۆژانە، سێ جار دوعا بۆ پاشا ئەکرا.

## ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا:

من لە مەکتەبی حەربییە سەرقاڵی تاقیکردنەوەی پۆلی دووەم بووم، تا دەربچم بۆ پۆلی سێیەم، ڕۆژی ١٠ی تەمووزی ١٣٣٠ی ڕۆمی– ٢٣ی تەمووزی ١٩٠٨، کاتێك سەفوەت پاشا (عوا) تاقیکردنەوەی دەرسی تەلارسازی (معماری)ی پێ ئەکردین، مەشرووتییەت ڕاگەیەنرا. ئەوانەی کە لە ساڵی ١٨٧٦ بەدواوە لە فەڕەنسەو سویسرەو ئینگلتەرە ژیاون و پێشکەوتنی ئەورووپایان دیوە، دواکەوتنی وڵاتەکەیان بەلاوە زۆر ناخۆش بووەو بە حاڵ وبار و بەڕێوەبردنی دڵگران بوون. بۆیە کۆبوونەوەیەکیان بەناوی لاوانی تورکەوە کردووەو، بە کۆشش و کاریگەریی ئەوان، ئیدارەی دەسەڵات ڕەهای وڵات ناچار بووە مەشرووتییەت قبووڵ بکات.

ئەوبەشەیان کە لە فەڕەنسە بوو، بڵاوکراوەو چالاکییان بەهۆی یارمەتیی ماددیی شەریف پاشاوە بەشێوەیەکی بەرچاو و بەهێز دەرکەوتووە. ئەگەرچی سوڵتان عەبدولحەمیدخان ئەمەی ئەزانی، بەڵام لەبەر خاتری هەم سەعید پاشای باوکی و، هەم شازادە ئەمینەخانمی هاوسەری شەریف پاشاو کچی خدێوی عەباس حەلیم

پاشا[٢٨]؛ لەبەرئەوەیش کە شەریف پاشا بە سامانی شەخسیی خۆی زۆر بەباشی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی عوسمانیی ئەکرد لە ئەوروپا، لای نەئەبرد.

حاڵوباری ماکدۆنیاو، بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەرمەن، کارێکی زۆریان کردبوە سەر لاوانی تورك. ڕاگەیاندنی ئیدارەی مەشرووتییەت لەم دۆخەی ئیمپراپۆریدا، زۆر پێویست بینرابوو، چونکە نەتەوەکانی سربو بولغارو یۆنان لەناو ماکدۆنیادا جموجوڵێکی فراوانیان هەبوو، هەموولایەکیان نوقمی خوێن کردبوو. ساڵانی ١٨٧٨–١٨٨٣، هەستی ژیانەوەی نەتەوەیی لەناو ئەرمەنەکانی ئەنادۆڵدا پەرەی سەندبوو. پاش ڕیککەوتننامەی بەرلین، بە سەرکردەییی "ئاوادیس نازاریك" ناوێك لە جنێڤو پاریسو تفلیسو شوێنانی تر دەست بەکار بوون. فەوجەکانی سوارەی حەمیدی ساڵی ١٨٨٣ چالاکیەکانی ئەوانیان لە کوردستانی بەشی تورکیادا بەشێوەیەکی زۆر خوێناوی دامرکاندووەتەوە[٢٩].

بەڵام لەبەرئەوەی ئەرمەنەکان بە هەستی نەتەوەییو سەربەخۆیی گۆش کرابوون، دیسان بەناوی (ئاری)یەوە کەوتنە چالاکیو جموجووڵ. ساڵی ١٨٩٥، لە ئەستەموولّ دەستدرێژییان کردە سەر بابی عالیو بانقی شاهانەی عوسمانی. لەئەنجامدا، بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدخان، لە هەموولایەکەوە دووچاری قەتڵوعام بوون. ئەم حاڵەتە لە ئەوروپا کاردانەوەیەکی توندی دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی لێکەوتەوە؛ گەلەکەشتییەکی ئینگلیز نزیکی دەردەنیل بووەوە، ماوەیەك لەوەبەدوایش بە دابەزینی هێزێکی ڕووسی لە بۆسفۆر کەوتنە هەڕەشەلێکردنی.

کاتێ دۆخەکە بەم شێوەیە بوو، یۆنانیەکان ساڵی ١٨٩٧ ڕێکخراوێکیان بەناوی (ئەتنیکا هەتەریا)وە لە ماکدۆنیا پێکهێناو، کەوتە چالاکییەکی فراوان. ١٧ی نیسانی ١٨٩٧، یۆنان کە بەشێکی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، شەڕێکی گەورەی لەگەڵدا دەست پێکردو نزیکەی ساڵێکی خایاند. پاش ئەوەی عوسمانیەکان

---

[٢٨] ئەبێ یەکێك بێ لەو چەند هەڵەی چاپە کە لە نووسینەکەدا هەن، چونکە ڕاستیەکەی عەباس حیلمی پاشایە.

[٢٩] سوارەی حەمیدی ساڵی ١٨٨١ بە پێشنیاری موشیر زەکی پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە دامەزرا. بۆیە ساڵی ١٨٨٣ هەڵەیەو، ئەبێ ١٨٩٣ بێ کە سەرەتای دەستکردنی حەمیدیەکانە بە پەلاماردانی ئەرمەن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٤–٣٤).

سەركەوتنیان لەم شەڕەدا بەدەست هێنا، دەوڵەتانی ئەوروپا هێزەكانی ئۆردووی عوسمانییان وەستاند، ناچاریان كردن بگەڕێنەوە بۆ سنووری كۆنی (ئەستاتۆقۆس).

حكوومەتی عوسمانی ساڵانی ١٩٠٠–١٩٠٨ ڕێگای ئاسنی حیجازی دروست كردبوو و، ئەمە خزمەتێكی گەورەی حاجیەكان بوو. دانوستانێكی نێوان حكوومەت و دەوڵەتانی گەورەی بیانی، بە هەڕەشەو گوڕەشە گەرم كرا. هێزێكی دەریاوانی بێگانە نزیكی دەردەنیل لە دوورگەی لیمۆس دابەزێنرا. جەندرمەكانی ماكدۆنیاو بۆسنەو هەرسك بەرەوڕووی ئیدارەی نەمسا كرانەوە. ئینگلتەرەیش لەونێوانەدا داوای كرد فەلەستین و میسرو عەقەبە بخرێنە بەر چاودێریی خۆی. لاوانی تورك كانوونی یەكەمی ١٩٠٧ كۆبوونەوەیەكیان كردبوو. ساڵێك لەوەوبەریش لە (سلانیك) لەگەڵ كۆمەڵەكانی ماسۆنیدا یەكیان گرتبوو.

ئێدواردی قراڵی ئینگلیزو چار نیكۆلا، حوزەیرانی ١٩٠٨، لە ناوچەی ( ڕەواڵ ) كۆبوونەوە بۆ پێكهاتن لەسەر بەشكردنی حكوومەتی عوسمانی كە ناویان نابوو پیاوە نەخۆشەكە. لەكاتێكدا گفتوگۆی نێوانیان لەوبارەیەوە بەردەوام بوو، لاوانی تورك بەناوی (ئیتیحادو تەرەقی)یەوە هاتنە مەیدان. لەمانە نیازی بەگ، بە ١٦٠ كەسەوە، لەمەكدۆنیاوە ڕووی كردە چیاكان و ئاڵای یاخیبوونی هەڵكرد. سوڵتان، لەسەر ئەوە، فەرمانی دا چەندەها ئەفسەر لە سلانیك بخەنە زیندانەوە. سەرەڕای ئەوە، زۆر لەوئەفسەرانە بەشداریی یاخیبوونەكەیان كرد. "ئەنوەر بەگ"یش ٨ی تەمووزی هەمان ساڵ چووەپاڵ نیازی بەگو، لە ناوچەی ئارناوود كەوتە یاریدەدانی ئەو یاخییانە. بەم پێیە، ئەو جووڵانەوەیە تاوی سەند، پاشا بۆ بەجێهێنانی ئارەزوەكانی سوپای سێهەم كە لە ماكدۆنیا بوو، فەرمانی دا دیسان ئەو یاسا بنچینەییە ڕابگەیەنرێتەوە كە لە ساڵنامەی ١٨٧٦دا هەبوو. بەم شێوەیە، ئارەزووی لاوانی توركی بەدی هێنا، خامۆشی باڵی بەسەر هەموولایەكدا كێشا.

بوڵغارستان كە تا ئەودەمە بەناو میرنشینێكی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و قراڵەكەیان ناوی "فردیناند" بوو، ئەفسەرێكی فەوجی یەكەمی ڕمهاوێژ (مزراقلی)، بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە، ٦ی تشرینی یەكەم سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندو، بڵاویشی كردەوە كە ویلایەتی بۆسنەو هەرسك خراوەتە ژێر سایەی پارێزگاریی نەمسا.

کامیل پاشا که به ئازادیخواز بەناوبانگ بوو، لەگەڵ بانگەوازی مەشرووتییەتدا، بوو بە سەرۆوەزیر (صدر أعظم)و کابینەی حکوومەتی پێك هێناو دەست کرا بە هەڵبـژاردن. یەکەم پەرلەمان لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨دا نزیك بە مزگەوتی (ئایاسۆفیا)، لەوبینایەدا کە وەزارەتی دادی تێدا بوو، کۆبووەوە. ئێمەی قوتابیانی مەکتەبی حەربییەو هەموو هێزەکانی سوپا بەشداری ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەمان بووین. من سوڵتانم دی لەناو عەرەبانەیەکی داپۆشراودا بەبەردەممدا ڕۆیشت. تا ئەوڕۆژە، نە خۆیو نە وێنەیم نەدیبوو. ئەوڕۆژە هەموو خەڵکی ئەستەموول هاتبوونە سەر جادەو نێو کۆڵانەکان. تێکڕا بە ڕوویەکی گەشو دڵێکی خۆشەوە بەشداریی ئەم ئاهەنگەیان کرد. لەسەر منارەی مزگەوتەکان هاواری (الله اکبر) ئەکرا، لەلایەکی تریشەوە مۆسیقا لێ ئەدرا.

حزبی (حووڕییەتو ئیئتیلاف)، لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا، بەرامبەر بە حزبی (ئیتیحادو تەرەقی) قوت بوەوە. شازادە سەباحەددین بەگ، لەگەڵ ئەم حزبەدا، داوایان کرد کۆبوونەوەکە بڵاوەی پێ بکرێت. لەبەرئەوەی کامیل پاشای سەرۆوەزیر لایەنی (حوڕییەتو ئیئتیلاف)ی گرتبوو، ١٣ی شوباتی ١٩٠٩ پەرلەمان، بە کاریگەریی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، متمانەی خۆیی پێ نەبەخشی. بۆیە ناچار دەستیی کێشایەوە. حیلمی پاشا لەجێی ئەو بوو بە سەرۆوەزیرو کابینەی پێك هێنا. بەم پێیە، لەلایەکەوە کۆنەپارێزان، لەلایەکەوە لایەنگرانی (لامەرکەزی)، لەلایەکی تریشەوە پێڕەوانی ئیتیحادو تەرەقی کە لەگەڵ جوولەکەکانی (سلانیك)دا یەکیان گرتبوو، بەتوندی دەستیان کردبوو بە چالاکینواندنو ئەیانویست هەمووشتێك بگرنە دەستی خۆیان.

## یاخیبوونی مەکتەبی حەربییە:

بانگەوازی مەشرووتییەت هەموو خەڵکی دڵخۆش کردبوو. ئەو مافی مرۆڤەی کە لە ساڵنامەکاندا تۆمار کرابوو و دوایی لابرابوو، سەرلەنوێ کەوتەوە دەست عوسمانییەکان. ئەو قوتابیانەی مەکتەبی حەربییە کە ناوبەناو لە بەندیخانەکانی تۆپخانەی عەسکەری ڕاگیر کرابوونو تووڕنەدرابوونە ناو دەریا، هێنرانەوە بۆ قوتابخانە. ئیتر مەسیحیەکان ترسیان نەمابوو، ئەرمەنەکان هەر سەربازێکیان بدیایە باوەشیان پێدا ئەکرد. تەنانەت قوتابییەکی خەڵکی بەغدا لە شەقامی (بەگ ئۆغلوو)

تووشی کچێکی مەسیحیی –ئەو ڕۆژگارە– بە جوان ناوبانگ ڕۆیشتووی ئەستەموولّ بووبوو، لە ئامێزی گرتبوو و ماچی کردبوو. بەلاّم مەسیحیەکان ئەم ڕووداوەیان بە هەستی برایەتی لێك دایەوەو مەسەلەکەیان داپۆشی.

حزبەکانی (ئیتیحادو تەرەقی)و (حوڕییەتو ئیئتیلاف)و سەباحەدین لە ولاّتدا هەبوون، هەریەکەیان بۆ سوودی خۆی چالاکیی ئەکرد. زانیاریی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسیەکان بۆ باسێکی تر ئەهێڵمەوە، لێرەدا تەنیا لە ڕووداوەکانی تر ئەدوێم.

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، یەکەمین کاری ئەوەبوو کە چەند فەوجێکی ڕاوکەر (ئاوچی)ی لەماکدۆنیاوە هێنا، بە خۆپیشاندانێکی گەورە پێشوازییان لیّ کرا، لە دەوروبەری شاری ئەستەموولّ جێگیر کران. کاتێك خوێندن دەستی پێکرد، ئیسماعیل فازلّ پاشا بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئەو دوعایانەی کە پێوەندییان بەپاشاوە هەبوو لەکتێبەکاندا لابران. نەریت وابوو پاش سەرژمێریی ئێواران، قوتابیەکان ئەیانوت: ((پادشاهم چۆق یاشا))، پاشام زۆر بژی. ئەمەیش لابرا. سوڵتان زۆر ڕقی لەم حالّوبارە هەستا. ڕۆژێك هەموو قوتابیەکانی بۆ چاخواردنەوە داوەت کرد بۆ سەرای (یلّدز)، بەلاّم کەسیان نەچوون. تەنانەت ئەو کێكو شەکرلەمەیە کە لەسەراوە نێررابوون، ڕەت کرانەوە.

ئەو ئەفسەرە نەزانانەی کە لەسەربازییەوە پیّگەیشتبوونو لە بەڕێوەبەرایەتیی هێزەکانی فیرقەی دووەمدا ئیشیان ئەکرد، زۆر بە خراپی ئەیانڕوانییە ئەو کردەوەیەو بەرهەڵستییان ئەکرد. لەبەرئەوەی قوتابیانی مەکتەبی حەربییە کاتی خۆی نەخشێکی بەرچاویان لە لەسەر تەخت لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیزخاندا هەبوو، ئەودەمەیش ژمارەیان لە سیّهەزار زیاتر بوو، لایەنگرانی سەرا و حزبە سیاسیەکان هەریەکە بەشێوەیەکی جیاواز تێیان ئەڕوانین.

ڕۆژێك هەموو قوتابیەکان لەسەر حەوز کۆبوونەوەو، یاخیبوونیان بەرامبەر بە دەستەی بەڕێوەبردن ڕاگەیاند. سەرانی ئەم یاخیبوونە، ئەو قوتابیانە بوون کە لە بەندیخانەکانی تۆپخانەوە هاتبوون. یاخیبوونەکە تا ئەهات گەورە ئەبوو. ئیتر کەس نەما گویّ بداتە ئەفسەرانی خانەی قوتابیان. چوونە پۆلو هاتنە دەرەوە، بە ئارەزووی قوتابیان بوو. ئێواران قوتابی، هەرکاتێك بیویستایە، ئەچوە دەریّو ڕووی ئەکردە شوێنێكو، نیوەشەو ئەهاتەوە ئەنوست. هیچ ئەفسەرێکی خانەی قوتابیان

قسەی نەئەکرد. بەیانیان نەریت وابوو، پاش چاخواردنەوە، شیرو قەیماغ ئەخوران. داوایان کرد پاش نیوەڕۆژەکردن پاقلاوەیان بدرێتێ، داواکەیان بەجێهێنرا.

ڕێوڕەسمێکی گەورە بۆ کوژراوانی شەڕی ئەرمەن لە گۆڕستانی (شیشلی) سازکرا. هەموو قوتابیان بانگ کران. ئەم خۆپێشاندانە گەورەیە، هەموو حەفتەیەك ئەکرا. قوتابخانەیەکی گەورەی کچانی ئەرمەن لەسەر ڕێگای چوونە گۆڕستانی (شیشلی) بوو. ڕۆژێك قوتابیانی مەکتەبی حەربییە کۆلانەکەیان گرتو، ئەوانیان بردە لای خۆیانو، بەناوی خۆشەویستیو ڕێزگرتنەوە زۆر خزمەتیان کردن. گەلێك لە قوتابییە کچەکان بەدزییەوە لە قوتابخانەدا هێڵرانەوە. تەنانەت بەشێکیان دوای سێ ڕۆژ ئەوێیان بەجێهێشت.

هەمووڕۆژێك لەسەر حەوز کربوونەوە ئەکراو، وتار ئەخوێنرایەوەو هاوار ئەکرا: بژی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری. ئەم حاڵەتە، سێ حەفتە بەردەوام بوو.

## هاتنەوەی باوکم لە سنووری ئێران:

باوکم، لە گەرمەی ڕووداوە باسکراوەکانی سەرەوەدا، گەڕایەوە بۆ ئەستەموول. ٢٢ی شوباتی١٣٢٤[٣٠]، پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ میرلیوا، کرایە قوماندانی لیوای نیزامیی بیستویەکەم لە ئۆردووی شەشەم. خەریکی خۆئامادەکردن بوو تا خێزانەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

## ڕێکخستنەوەی قوتابخانە:

ڕۆژێکی هەینیی ناوەڕاستی شوبات، ئێوارە لەماڵەوە گەڕاینەوە بۆ قوتابخانە. هەر کە لە لایەکی دەرگاکەوە پێمان نایە ئەودیو، سەربازانی ڕاوکەر ڕووی قەمەیان تێکردینو دەسگیر کراین. یەکسەر براینە ژێرزەمین، بەبێ ئەوەی بهێڵن ئاوڕ بەملاوئەولای خۆماندا بدەینەوە. چەند سەربازێکی قەمەبەدەستو مێزێك لە کۆتاییی پێپیلکەکانەوە دانرابوون. ئیمامێكو دوو ئەفسەر لەبەردەم مێزەکەدا دانیشتبوون، قورئانێكو دەمانچەیەك خرابوونە سەر مێزەکەو، ئالایەکیش لەپشتیانەوە بوو.

ئیمام دەستبەجێ هاتە قسەو، وتی: ئەبێ هەموویەکێکتان سوێند بخۆن بە قورئان کە کوێرانە ملکەچیی پێڕەوی قوتابخانە بکەن. بەپێچەوانەوە خوێنتان حەڵاڵە.

---

[٣٠] ٧ی مارتی ١٩٠٨.

ئێمەیش بەناچاری سوێندمان خوارد. ژمارەمان چەند هەزارێك ئەبوو. تا نیوەشەو، بەبێ ئەوەی دەنگێکمان لێوە بێ، لە ژێرزەمینەکەدا ماینەوە. دوای نیوەشەو مۆڵەتیان داینێ بچینە شوێنی نوستن.

ڕۆژی دوایی مۆسیقای کۆبوونەوە لێ درا. زۆر بەئەدەبەوە لەسەر حەوزەکە کۆبووینەوە. دوای ئەوەی فەوجێك سەربازی ڕاوکەری قەمەبەدەست هاتنەژوورێ، ڕێك بەرامبەرمان ڕیز بوونو تفەنگەکانیان پڕکردەوە. پاشان سالح پاشای بەڕێوەبەری مەکتەبی حەربییەو دەستەی مامۆستایان هاتنە ناوەڕاستی شوێنەکە. پاشا وتارێکی پڕهەڕەشەی خوێندەوە، ئەمە پوختەکەیەتی:

ڕێکوپێکی بنچینەی سوپایە. ئەبێ مەکتەبی حەربییە نموونەی ئەمە بێ. وڵات پێویستیی بە قوتابیانی ناڕێکوپێك نییە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر پێڕەویی ئەم قسانەی من نەکەن، بە فەرمانێك بەم فەوجە هەمووتان لەناوئەبەم.

پاش تەواوکردنی ئەم وتارە پڕهەڕەشەیە، کە هەریەکەمان بەترسو ڕێزەوە گوێمان بۆ شل کرد، بڵاوەمان لێ کرد. لەوەبەدوا بەیانیان کە مۆسیقای هەستان لێ ئەدرا، هەڵئەستاین. نانێکی وشکمان بەچاوە ئەخوارد، دوایی بەڕێکوپێکی بەرەو دەرسو مەشق ئەچووین. کە مەشقمان ئەکرد، تفەنگەکانمان فیشەکیان تێدا نەبوو. ئەفسەرانی خانەی قوتابیان، ماوەیەك بەڕەقی لەگەڵماندا ئەجووڵانەوە. هەر تاوێك دوابکەوتینایە، یا قسەمان بکردایە، تووشی گەورەترین سزا ئەبووین. ئێمە کاتێك لەم بارودۆخەدا بووین، سەربازەکان یاخیبوونیان تێکەوت.

## ڕووداوەکەی ٣١ ی مارت:

٣١ی مارتی١٣٢٥ [٣١]–١٩٠٩، وەك لە بەشەکانی سەرەوەدا باسم کرد، لەکاتێکدا بێدەنگی لە مەکتەبی حەربییەداو ئاسایشی گشتی لە پایتەختدا بەرقەرار بوون، قوتابیان کاتی نیوەڕۆی سێشەممەی ڕێکەوتی ٣١ی مارت لەناو خۆیاندا کەوتنە جموجووڵو کۆبوونەوە.

هەواڵەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەریانخست ئەو فەوجە ڕاوکەرانەی کە لە (ڕۆم ئێلی)یەوە هێنرابوونو هێندێ سەرباز و خەڵکیشیان چووبووە پاڵ، بە سەرۆکایەتیی یەکێکی "حەمدی چاوەش" ناو لە مەیدانی (ئایاسۆفیا)

---

[٣١] ١٣ی نیسانی ١٩٠٩.

کۆبوونەتەوەو، هاواریان کردووە: ((شەریعەتمان ئەوێ)). داوایشیان کردووە هەموو ئەفسەرە خوێندەوارەکانی دەرچووی مەکتەبی حەربییە بکوژرێن؛ بەکردەوەیش، هەریەکێکیان لەوانە بەردەست کەوتبێ، کوشتوویانە.

ئێمەی قوتابیانی پۆلی سێهەم، بەرامبەر بەم ڕووداوەو بۆ زانینی هۆی ئەم یاخیبوونە، هاوڕێیەکی "ڕەمزی ئوسکۆدار" ناومان هەڵبژارد. ئەم برادەرەمان بە چەند پشتێنێکی پێکەوەبەستراوی سوارەوە شەتەك دا، لەوپەنجەرانەوە کە ئەیانڕوانییە سەر تەنگەبەرایییەکە، بەرماندایە خوارەوە تا هەواڵێکی ئەو ڕووداوەمان بۆ بهێنێ. وامان بڕیاردابوو، ئەگەر زانیمان یاخیبوونەکە بە قازانجی ئێمەی داخ لەدڵە، بۆ سوودوەرگرتن لەوهەلەو خۆڕزگارکردن لەو تەنگوچەڵەمەیە کە لە قوتابخانەدا سەری هەڵدابوو، پێوەندیی پێوە بکەین‌و بچینە پاڵیان.

قوتابیان ئەوشەوە تا ڕەمزی ئوسکۆدار هاتەوە، لەناو جێگاکەیاندا بەخەبەر بوون‌و نەنوستن. دەمەوبەیانی کە گەڕایەوە، ئاگاداری کردینەوە کە عەسکەرە یاخیەکان کەوتوونەتە کوشتنی ئەفسەرانی دەرچووی قوتابخانەو بەردەوامن. ئەو هەڵچوونە، بە هاندانی بەشێك لە مەلاکانیش، تا ئەهات زیاتر ئەبوو. ئەم وەزعە بوو بە مایەی نائومێدیمان. بەیانیی ڕۆژی دوایی، زۆر لە ئەفسەرانی دەرەوە، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان، پەنایان بۆ قوتابخانە ئەهێنا.

یاخیبوونەکە لەبەرەوە گەورە ئەبوو. سەرانی ڕۆژنامەی "وولقان"و ئەندامانی کۆمەڵەی ئەحمەدی، چۆن بەنزین بەئاگردا ئەکرێت، ئاوا هێزیان بە یاخیەکان ئەبەخشی. لەم ڕووەوە گەلێك لەو ئەفسەرە بچووکانە، کە پێش ئێمە ساڵی ١٩٠٨ قوتابخانەیان تەواو کردبوو و لە هێزە تایبەتەکاندا دامەزرابوون، کوژران. جگە لەوانە، ئەمیر محەمەد ئەرسلانی نوێنەری (لاذقية)و نازم پاشای وەزیری داد کوژران، گەلێکیش بریندار کران.

ئەم ڕووداوە، جگە لەو کۆمەڵە عەسکەرە کە داوای شەریعەتیان کردبوو، نەزانیی هەزاران هاووڵاتیی بەباشی خستە بەرچاومان:

بینباشی (موقەددەم)ی پزیشك ڕەزا بەگ، بەیانیی ڕۆژی یاخیبوونەکە، لەڕێگا تووشی یاخیەکان ئەبێ، کوتوپڕ ئەیگرن‌و قەمە ئەخەنە سەر سنگی‌و لێی ئەپرسن: ((تۆ دەرچووی قوتابخانەی، یا لەسەربازییەوە بووی بە ئەفسەر؟)). ئەم دکتۆرە، بۆ

خۆڕزگارکردن لە کوشتن، دەستبەجێ وەڵامیان ئەداتەوەو ئەڵێت: ((لەسەربازییەوە بوومەتە ئەفسەرو، قوتابخانەم تەواونەکردووە)). بەمە خۆی دەرباز کردووە.

سوپای عوسمانی، کاتی خۆی، تەشکیلاتی (یەنگی چەری)ی هەبوو. ئەمانە سەرەتای دامەزرانیان، دەوڵەتیان لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر ئەبرد. دوایی، بەهۆی ناڕێکوپێکیو یاخیبوونەوە، دەوڵەتیان دووچاری بەدبەختی کرد؛ بۆ نموونە، لە مەنجەڵ هەڵگرتن یاخی بوونو گەلێك سەرکێشییان لێ وەشایەوە. هەرچەندە ئەو یەنگیچەریانە کاتی خۆی سەرتاسەری ئەوروپایان خستبوە لەرزین، سوڵتان مەحموودی دووەم لەبەر ئەوکردەوە دزێوانە کە لە ئاخروئۆخریدا دەستیان دابووە، بڕیاری دا لەناوببرێن. ئەوەبوو هێزەکانی تۆپخانە لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٨٢٦دا، بە فەرماندەیی قەرەجەهەننەم، قشڵەی یەنگی چەریەکانیان بۆردومان کرد، بەپێی ئەوفەرمانە کە دەرچوو، ٦٠٠٠—١٠٠٠٠ یەنگیچەری کوژرانو لەناوبران. سوپا، بەناوی ڕژێمی تازەوە، بە جۆرە داوودەزگایەکی نوێوە هێنرابووە مەیدان.

بەڵام ئەو فەوجە ڕاوکەرانە کە بەهۆی یاخیبوونەکەی ئەمجارەی پایتەختەوە لە (ڕۆم ئێلی)یەوە هێنرابوون، لە هەموو سوپا باڵادەستتر بوونو هیچ هێزێك نەبوو بەرامبەریان ڕابوەستێو، سەرا ڕاستەوخۆ ئەیجووڵاندن. یاخیەکان داوای لابردنی ڕەزا پاشای وەزیری جەنگو حیلمی پاشای سەروەزیر و گۆڕینی سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەییان ئەکرد. لەمەوپێش کە لە یەنگی چەریەکانیان ئەپرسی: چیتان ئەوێ ؟ لەوەڵامدا داوای کردنەوەی مەیخانە داخراوەکانیان ئەکرد. پاشا داواکەیانی بەجێهێناو مەیخانەکانی کردەوە، یاخیەکانیش سەرجەم بڵاوەیان لێکرد.

لەکاتێکدا پایتەخت لە بارودۆخێکی ترسناكو پاشاگەردانیدا بوو، نیوەشەوی ڕۆژی دوایی ئیرادەی شاهانە دەرچوو بە دانانی تۆفیق پاشا بە سەروەزیر و غازی ئەدهەم پاشا بە وەزیری جەنگ. ئەوانە کەوتنە هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی یاخیبوونەکە. هەمووکەسێك لە پایتەختدا دڵی ناخۆشو لەئەندێشەدا بوو، چووەوە ماڵو دەرگای لەسەر خۆی داخست. ئێمەیش لەگەڵ گەلێك ئەفسەردا پەنامان بردە بەر مەکتەبی حەربییەو، سەرینەکانمان پڕکرد لە گڵو نامان بەپەنجەرەکانەوە. تێڵای ئەستووریشمان لەپشتەوە خستە بەر دەرگاکان، خۆمان ئامادە کرد بۆ بەرگری لەخۆکردن. بەڵام فیشەکێکی زۆر کەممان هەبوو. کە فیشەکیشمان بەسەر قوتابیانی پۆلی سێهەمدا دابەش کرد، یەکی پێنج دانەیان بەرکەوت.

دووەم ڕۆژی یاخیبوونەکە، وا بڵاو کرایەوە کە سوپایەکی جموجووڵ (ئۆردووی حەرەکەت) لە (ڕۆم ئێلی )یەوە دێتە ئەستەمووڵ. ئەنجومەنی نوێنەران (مەبعووسان) بەشێوەیەکی ناڕێکوپێك کۆبووەوەو لە زۆر لاوە تووشی هێرش بوو. هێندێ ئەفسەر لە لۆجەکانی ئەنجومەندا بەدەمانچەوە دانیشتبوون. جوولەکەکان لە ڕۆژنامەکانی تەنین "طنین"ی حسێن جاهید و "سەباح"و "شوورای ئوممەت"دا لایەنی ئیتیحادو تەرەقیyان ئەگرت و، ڕۆژنامەکانی "سەربەستی"و "وۆلقان" و "میزان" و "ئیقدام" و "یەنگی غەزەتە" دژی ئیتیحادو تەرەقی ئەیاننووسی و، هەندێ نووسەری ئەو ڕۆژنامانەیش ناوبەناو ئەکوژران.

## ئۆردووی حەرەکەت:

پاشا لە کۆشکی (یڵدز)دا بە فیرقەی دووەم، کە ئەفسەرەکانی لەسەربازییەوە پێگەیشتبوون و نەخوێندەوار بوون (ئالآیلی)، خۆیی ئەپاراست. هەمووولایەکی پایتەخت ترس و خەفەت دایگرتبوو، سەربازانی یاخی لە مەیدانی (ئایاسۆفیا) دامەزرابوون، بەش بەش کەوتبوونە سووڕانەوەو خواردن کۆکردنەوە. پایتەخت لەکاتێکدا لەم بارودۆخەدا بوو، سەربازانی هێزەکانی پێشەنگی ئۆردووی حەرەکەت ١٠ی نیسان کە ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی بوو، کاتی نوێژی جومعە لە گوندی (مقری) لە واگۆنەکان (فارغۆن) دابەزین و قشڵەی داودپاشاو دەوروپشتەکەیان داگیر کرد.

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١١ی نیسانی ١٩٠٩، ژمارەیەکی زۆر ئارناوودو چەتەی ماکدۆنیایی و بوڵغارو سەرباز، ئەستەمووڵ و دەوروبەری (بەگ ئۆغڵوو)و مەیدانی مەشقی مەکتەبی حەربییەیان گرت و، لەوێوە بەرەو (قشڵەی تاش و قشڵەی ماجقە) ڕۆیشتن و دەستیان کرد بە تۆپبارانی هێزەکانی فیرقەی دووەمی تایبەت.

ئێمە کە قوتابیی پۆلی سێهەمی مەکتەبی حەربییە بووین، ژمارەمان ٣٠٠٠ قوتابی بوو، بەش بەش نێرراین بۆ پاراستنی باڵوێزخانەکان. دوو سریەی سوارەمان، لە کۆڵانی (میسك)، پاراستنی باڵوێزخانەکانی بوڵغارو سربی پێ سپێررابوو. لەکاتێکدا سریەی پێنجەمی پیادەمان بە بەردەم قشڵەی (تەقیسم)دا تێئەپەڕێ، هێزەکانی ئەوێ ئەیانگرن و ئەیانبەنە ژوورەوەو بە خۆیان و ئەفسەرە "مولازم عیرفان" ناوەکەیانەوە گوێچکەو لووتی پانزە کەسیان لێ ئەبڕن و زۆریان لێ ئەدەن، ئەوانی تریش زیندان ئەکەن.

هەردوو باڵوێزخانەی ئینگلیزو بەلچیکا، چاو چۆکڵێتیان دابوو بە قوتابییەکانو زۆر ڕێزیان گرتبوون. کە قوتابیانی تر ئەمەیان بیست، لە شوێنەکانی ترەوە هەڵئەهاتنە ئەوێ. هەردوو باڵوێزخانەکەی سربو بولغار کە ئێمە ئەمانپاراستن، دەرگایان داخست، هەتا پەرداخێك ئاویشیان نەداینێ. لەبەرئەوە قوتابییەکان، کە بەندەیشیان لەگەڵدا بوو، بەتەواوی بەجێیان هێشت.

هەموو شەقامو کۆڵانەکانی (بەگ ئۆغڵوو)، لە قوتابیی چەك بەدەست بەدەر، کەسی تریان تێدا نەئەبینرا. دەوروبەری قشڵەکان، بە درێژاییی شەوو ڕۆژ، دەنگی تۆپو تفەنگیان بەتوندی لێوە ئەهات. ئەوناوە سەربازێکی زۆری کوژراوو بریندار یان لێ کەوتبوو، پەیتاپەیتا ئەگوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانەی (شیشلی). ئێمەیش بەبێ ئیش لەوێ ئەسوڕاینەوە. ئەوی ڕاستی بێ، ئەوجێگایە کە پێمان سپێررابوو، بەجێمان هێشتبوو. منو چەند هاوڕێیەکم ئەمانزانی هێندێ ماڵی (پانفالتی) کچی جوانی تێدایە، زۆر بەڕێزەوە لەودەرگایانەمان داو پێمان وتن: نەترسن، ئێمە بۆ پاراستنی ئەوان نێرراوین. ئەوانو دایكو باوکیان، زۆر ڕێزیان لێنایەنو بانگیان کردینە ژوورەوە بۆ قاوەخواردنەوە. بەڵام بەشێکی کچەکان زۆرزان بوون، ئەیانزانی ئێمە بە چ نیازێکەوە چووینەتە ماڵەکانیان، بە تیلەی چاو تەماشایان ئەکردینو سەریان ڕائەوەشاند.

## چۆن باوکمم ڕزگار کرد:

بەیانیی ڕۆژی ١٣ی نیسان بوو، سەربازەکان لەگەڵ هێزەکانی ئۆردووی حەرەکەتدا لەناو قشڵەکاندا بوونو، تۆپ تەقاندنیش بەردەوام بوو. بەیانی زوو کە هاتمە بەر دەرگای قوتابخانە، "حەمدی بەگ"ی یەکێك لە مامۆستاکانمان، بانگی کردم. هەشت نۆ سەربازی ئارناوودی نیشان دامو، وتی: ئەمانەم خستووەتە بەر فەرمانی تۆ، لەگەڵ خۆتدا بیانبە بۆ فرنەکانی گەڕەکی خۆتان، نان کۆبکەرەوەو بیهێنە. ئەم سەربازانە یەکی کڵاوێکی لبادیان لەسەر و چاکەتێکی لبادیان لەبەر و جووتێك کەوشیان لەپێدا بوو، وەك شێر بەڕێگادا ئەڕۆیشتن. گۆرانیی نەتەوەیی خۆیان ((مورە مورە یوو ... ییوو ...))یان ئەوتو ملیان ئەنا. نانمان لە یەکدوو فرن وەرگرت، بەڵام لەترساندا پارەیان وەرنەگرت. لەکاتێکدا بە بەردەم پۆلیسخانەیەکی

**بەرامبەر بە مزگەوتی ( تەشویقییە )دا ئەڕۆیشتین، باوکمم بینی لەسەر کورسییەکی ئەودیو پەنجەرەی ژووری پۆلیسخانەکە دانیشتبوو، چەند پۆلیسێکی ئارناوود دەوریان دابوو و، ڕووی تفەنگەکانیان تێکردبوو.**

**باوکم کە منی بەدی کرد، بە ئیشارەت بانگی کردم. منیش، بە سەربازەکانی خۆمەوە، چوومە ناو پۆلیسخانەکە. ئەوانەی کە دەوری باوکمیان دابوو، کاتێك منیان دی وتیان: گەورەم پاشایەکی سەردەمی ستەمکاری (استبداد)مان گرتووە، لە تەگبیری ئەوەداین بیکوژین. لێیان پرسیم: ئێوە ئەفسەرتان لەگەڵدا نییە؟ منیش لەوەلامدا وتم: برادەران ئێوە بەهەڵەدا چوون، ئەمە پاشای ئیستیبداد نییە. داوای لێبوردنم لە باوکم کرد، دەمودەست لەسەر کورسیەکەی هەڵمساندو خستمە بەر پارێزگاریی خۆمو، بە گۆرانیی ئارناوودەوە بردمەوە بۆ ماڵ. تۆپێك لە دەمی کۆلانی ماڵەکاندا دانرابوو، قشڵەی ماجقەی تۆپباران ئەکرد. بۆیە باوکمم بردە لای دایکمو خوشكو براکانم کە خۆیان لە ژێرزەمینی ماڵەکەدا شاردبوەوە، پێم وتن: با نەیێتەدەرێ. لەوەلامدا وتی: ((کوڕە ئەگەر حکوومەت بەم حاڵەوە بەدەست ئەمانەوە بمێنێتەوە، تف لە تۆو تف لە حکوومەت)). دەستم کرد بە پێکەنینو بەجێم هێشت.**

**تومەز باوکم سەرەتای یاخیبوونەکە لە ماڵی خاڵم بووە لە ( قازی کۆی ). کە شەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، دایکمو نەنکم لە مەڕاقی مندا بوون کە ئاخۆ چیم بەسەر هاتووە وا بەهۆی یاخیبوونەکەوە لەقوتابخانەوە نەچوومەتەوە بۆ ماڵی خۆمان. باوکم کە ئەمەی بیستووە، دەستوبرد جلی عەسکەریی پۆشیوەو چووەتەدەرێ بەشوێنمدا بگەڕێ. لەڕێگا لووتی بووە بە لووتی چەند پاسەوانێکی ئارناوودەوە. یەکسەر وتوویانە: ها ها زۆر باشە، تۆ پاشایەکی ئیستیبدادی. لەگەڵماندا وەرە. بردوویانەتە پۆلیسخانەو، لەوێ ڕاگیریان کردووە. ئەوەبوو منیش ئەوکاتە لەوێوە تێپەڕیم.**

**کە باوکمم لەماڵەوە بەجێهێشت، دوای نان کۆکردنەوە، دیسان گەڕامەوە بۆ قوتابخانە. ئێمەی قوتابی خۆرمان لێهەڵاتبوو؛ تفەنگ بەدەستمانەوەو فیشەك بێژمارە لەملماندا، بە چواردەوری خۆماندا تەقەمان ئەکرد. بەشێکی تری قوتابیانیش لێرەولەوێ[٦٦] گەورەپیاوانی کۆنیان ئەگرت، بە سووکایەتیپێکردنەوە ئەیانخستنە ناو ژێرزەمینی قوتابخانە.**

## ڕۆژێکی مەزنی مێژوو:

چۆن بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، بەشداریی لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدخانم کرد؟ بەیانیی ڕۆژی ١٤ی نیسان، دیسانەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری قوتابیاندا، لە بەردەرگای قوتابخانەدا ڕاوەستابووین، تەماشامان ئەکرد. لەپڕ ئوتومبیلێکی زرێلی سەربەتاڵ هات و وەستا. ئێمە تا ئەوکاتە ئوتومبیلی وەهامان نەدیبوو. پاشایەکی چاویلکە لەچاو لێی دابەزیو، لەگەڵ ئەفسەرانی قوتابخانەدا کەوتە قسەکردن. ئەفسەرێکیان کە ناوی "حەمدی بەگ"و مامۆستامان بوو، منی بانگ کرد؛ داوای لێکردم دوو قوتابیی چالاک و وردەکار لەگەڵ خۆمدا ببەم و، لەگەڵ پاشادا بڕۆم.

دوایی بۆمان دەرکەوت، ئەوزاتە ناوی شەوکەت توورغود پاشاو یەکێك لە سەرکردەکانی ئۆردووی حەرەکەت بووە. ئەو دوو قوتابیە کە لەگەڵ خۆمدا بردمن، یەکیان نەجمەدین ئاقسەرای و ئەوی تریان نووری بەشکتاشی بوو. سواری ئوتومبیلەکە بووین. پاشایش لەتەنیشت شوفێرەکەوە دانیشتبوو. ئوتوموبیلەکە کە زۆر بەخێرایی ئەڕۆیشت، لەدواوەی دانیشتین. کاتێك گەیشتینە سەرای (یلّدز)، دەرگاکانیان بۆ کردینەوە. چەتەکانی ئارناوودو ماکدۆنیاو سەربازانی (ڕۆم ئێلی) هەموولایەکیان داگیر کردبوو، خامۆشییەکی بێوێنە باڵی بەسەردا کێشابوون. چووینە ناوەوە. لەوشوێنانە بوو کە تا ئەوکاتە خواردنی نموونەو هەی بەربانگکردنەوەی ڕەمەزانانی سوڵتانیان تێدا پێشکەش ئەکرا.

دواجار ئوتومبیلەکە لە شوێنێك وەستاو، چووینە ژوورێ. پاشا ئێمەی بەجێهێشت و، بەناو ئاغاکانی حەرەمدا چووە ژوورەوە. ئێمەیش هەرسێکمان تفەنگ بەدەست ڕاوەستاین، بەبێ ئەوەی بزانین چییە، چاوەڕێی پاشامان ئەکرد. پاش تاوێك کە پاشا هاتە دەرەوە، ئەو ئاغای حەرەمانە کە لە دەرەوە ڕاوەستابوون، دەستیان کرد بە گریان.

لەگەڵ پاشادا سواری ئوتوموبیلەکە بووین، چووینە ( بویووك ساری سەرای ) کە ئەکەوتە کەناری دەریا لە ناوچەی (بەشکتاش). کە چووینەوە ژوورەوە، دیسان پاشا ئێمەی لەسەر پێپلکەکان بەجێهێشت و خۆی سەرکەوتەوە سەرەوە. تا ئەوڕۆژە هەر قوتابییەکی مەکتەبی حەربییە بە بەر ئەوسەرایەدا بڕۆیشتایە، ئەبوو سەری وەربگێڕێ، واتە سلاّو بۆ سەراکە بکات. ئەگەنا بە ڕاپۆرتی خەفیەیەکی دەوروبەری سەراکە، تووشی لەناوچوونێکی مسۆگەر ئەبوو.

پاشــا، دوای چــارەکە ســەعاتێك، دەرکەوتــەوە. بــەڵام ئــەمجارە پاشــەوپاش ئەڕۆیشتو، پیاوێکی ڕیش سپی بەرامبەری ڕاوەستابوو، خواحافیزیی لێ ئەکرد. پاشا کە هاتە خوارەوە، وتی: ئێوە بە ئوتومبیلەکە بڕۆن بۆ (سرکەچی)، من بە پاپۆڕ دێم. ئێمەیش بە ئوتومبیلەکە سەربەست کەوتینە ڕێ. لەڕێگا کاتێکمان زانی شەقامەکان پڕبوون لە خەڵك، قەرەباڵغییەکی گەورە پەیدابوو. ئێمەیش بۆ خۆنواندن دەستمان کرد بە تەقەکردن بەسەریاندا !! دیم بە گوللە دەمان دا لە هێندێ فنجانی هێڵی تەلگراف.

کە چووینە سرکەچی، لە ئوتومبیلەکە دابەزین. کە گەیشتینە سەری شەقامی بابی عالی، ڕوانیمان قوتابیانی مەکتەبی حەربییە مۆسیقا لەپێشیانەوە لێئەدرێتو ورد ورد ئەڕۆن. کاتێك چەند برادەرێکمان بە بەردەممانـدا تێپەڕین، پرسیمان چی هەیەو چی نییە؟ لەوەڵامدا وتیان: ((پاشا گۆڕا... لە دەرگای سەرعەسکەرەوە ئەچین بۆ بەیعەت)). ئێمە ئەوسا لە مەسەلەکە حاڵی بووین. تاوێك لەوەبەدوا عەرەبانەیەك لەناو کۆمەڵێك سەربازدا دەرکەوت. شەوکەت توورغود پاشای تێدا بوو. ئەوپیاوە ڕیش سپییە کە لە سەراکە دیبوومان، بەرامبەری دانیشتبوو، مەدالیایەکی گەورەی بەسنگەوە بوو. ئاواو بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، بەشداریی ڕووداوێکی مێژوویی مەزنم کرد.

## چەند ڕاستییەك سەبارەت بە لێخرانی سوڵتان عەبدولحەمید:

ئیتیحــادو تــەرەقی، بەســایەی هاتنــە ئەســتەمووڵی ئــۆردووی حەرەکەتــەوە، بــە فەرماندەیی مەحموود شەوکەت پاشای بەغدایی کە ژیانی کردەوە بە بەر وڵاتدا، یەکەم ئیشی لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدخان بوو. ئەنجومەنی نەتەوەیی کە بۆ ئەم مەبەستە لە (ئایاستەفانۆس) کۆبووەوە، وا لە ئەندامەکانی گەیەنرابوو کە ڕووداوەکانی ٣١ی مارت بە فیتی پاشا خۆی ڕێك خرابوون. جۆرەها پڕۆپاگەندەو واتەوات بۆ جەختکردنەوەی ئەم بۆچوونە بڵاوکرانەوە. دوایی "بساریا ئەفەندی" ناوی یەکێك لە ئەندامانی پێشووی ئەنجومەنی ئەعیان، ئەم درۆیەی خستە ناوەوە، لە قسەکانیدا وتی: ((سوڵتان عەبدولحەمید، بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی، داوای لە حکوومەتی نەمسا کردووە، هەرکاتێك ئۆردووی حەرەکەت بزووتەوە، بەرامبەر بە هێندێ قەرەبووکردنەوە بە دابەزین لە (ڕۆم ئێلی)، هاوکاریی بکاتو لەدواوە لێی بدات)).

ئەم داواکارییەی پاشا لە حکوومەتێکی بێگانە بۆ لێدانی سوپایەکی عوسمانی، کارێکی زۆر ناخۆشی کردە سەر ئەندامانی ئەنجومەن. بێدەنگیی حکوومەتی ئەوسای سەر کاریش بە سەرۆکایەتیی تۆفیق پاشا بەرامبەر بەم کردەوەیەی پاشا، هەمووکەسێکی شێتانە هێنایە جۆش‌وخرۆش.

ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی، بە داگیرکرانی ئەستەمووڵ لەلایەن ئۆردووی حەرەکەتەوە، ئەوانەیان کە لە (ئایاستیفانۆس) بوون، بە برووسکەیەکی ئەحمەدڕەزا بەگ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان نزیك بە (ئایاسۆفیا)، لەوێ کۆبوونەوە. تۆمەتەکانی دژی پاشا، بە برووسکەی ساختەو دروستکراو لەلایەن مەحموود شەوکەت پاشاوە، لە ویلایەتەکانەوە هێنرابوون، بۆ مسۆگەرکردنی لابردنی سوڵتان. وا لەخوارەوە پوختەی ئەو تۆمەتانە ئەنووسم کە دژی پاشا ڕێك خرابوون:

پاشا سوێندی خواردبوو و پەیمانی دابوو، یاسای بنچینەیی قبووڵ بکات‌و لەگەڵ مەشرووتییەتدا ڕاستگۆ بێ. بەڵام دوایی دەستی‌کرد بە ڕاپۆرت وەرگرتن لە خەفیەکانی کە بەناو وڵاتدا بڵاوی کردبوونەوە. هەموو کۆبوونەوەکانی ئیتیحادو تەرەقی، چ لە سلانیك‌و چ لە ئەستەمووڵ، زۆر خەفیەی ئەوی تێدا بوو. مستەفا تووتنچیی (مابەین)و (مصاحب)ی یەکەم جەوهەر ئاغاو تاهیر پاشا لە تفەنگچیەکان‌و، میرلیوا خەلیل بەگ لە (مصاحب)ەکان، لە خەفیە ناودارەکانیش "نادری فەوزی"ی فرۆکەوان‌و وەزیری مەعاریف‌و ئەندامی پێشووی شوورای دەوڵەت‌و تۆفیق بەگی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشووی ئاماری ڕسوومات، خراپەکارییان خستە ناو وڵات. هەروەها چەندین جار پارەی داوە بە ڕۆژنامەی "وۆلقان"، حەسەن فەهمی بەگی یەکێك لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی بەکوشت داوە. ئەو ئەفسەرو فەرماندانەی فەوجی سوارەی جێگیری ئارتوغرول کە ٣١ی مارت کوژران‌و، بەکوشتدانی ئەفسەرە لاوەکانی فەوجی سوارەی دەوری سەرای یڵدز. بینباشی عەلی قبوولی بەگی کاپتنی پاپۆڕی جەنگیی (آثار توفیق)، یاخیەکانی هێزی دەریاوان ڕۆژانی سەخت‌و هەرە ناخۆشی یاخیبوونەکە، هێنایانە بەردەم سەرای یڵدزو کوژرا.

هەموو ئەمانە، خرانەپاڵ پاشاو، ئەویان پێ تاوانبار کرا. بەم پێیە، پاشا تاوانبار کرا کە ویستوویە کۆنەپەرستی بگێڕێتەوە بۆ وڵات. لەبەر ئەم هۆیانە، داوای کرد بڕیاری لەسەر تەخت لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدخان بدرێ.

هەرچەندە ئەمینداری فتوا سەرەتا ڕازی نەبوو فتوا بۆ لابردنی سوڵتان بدات، بەڵام دواجار ناچارکرا فتوا بدات، لەئەنجامدا شێخول ئیسلام محەمەد زیائوددین فتوای دەرکرد. سوڵتان وەك لەسەرەوە باسم کرد، کە سی‌وشەشەمین پاشاو بیست‌وشەشەمین خەلیفەی ئیسلام بوو، لە ١٢٩٢–١٣٢٥ [32]ی ڕۆمی لەسەر تەختی سەڵتەنەت بوو، ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٣٢٥ [33]–٧ی (ربیع الثاني)ی ١٣٢٧ لێخرا.

چەند هێزێکی چەکدار پشتێنەیەکیان بەدەوری ئەنجومەندا دروست کردو، ئەندامانی ئەنجومەن لەم هەلومەرجەدا کۆبوونەوە. مستەفا ئەفەندیی نوێنەری حەڵەب، وەك مەئمووری دەستە بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە بە سوڵتان، هەڵبژێررا. کاتێك ناوبراو بە بنەبڕی ئەوەی ڕەت کردەوە، ئەسعەدپاشای نوێنەری (دراج) لەجێی ئەو دەستنیشان کرا.

ڕووداوەکەی ٣١ی مارت، هەرە گرنگترین هۆی ڕووخانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و مەشرووتییەت بوو، وڵاتی خستە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەیەك، چونکە بەم شێوەیە بووە مایەی هەم گۆڕینی سەڵتەنەت، هەم هەمان کات گەلێك دەستەو تاقمی نەتەوەیی لە مەملەکەتانی عوسمانیدا قوت کردەوە، ئیدارەی عورفی ڕاگەیەنرا کە کوێرەوەرییەکی زۆری لێکەوتەوە. متمانەی نێوان میللەت و پاشا، بە لێخستنی سوڵتان عەبدولحەمید، نەما. باوکانی ئەو نەتەوە جیاجیایانەی کە بەناوی میللەتی عوسمانییەوە یەکیانگرتبوو، گەورەیی و ڕێزو بەهای جارانی سەڵتەنەت و خەلافەتی ئیسلامییان لەبەر چاو هەڵگیرا.

سەروبەندی دەسەڵاتداریی سوڵتان عەبدولحەمیدخان، وڵات بەرەو تێشکان ئەچوو، ئەوی لە سیاسەتی ناوخۆدا ڕەخنەی لە خودی سوڵتان نەگرتایەو لەدژی نەجووڵایەتەوە، یا هەرکەسێك خۆسەپاندن و حوکمی ئارەزووکاریی وەزیران و هێندێ چڵکاوخۆری لەسەر نەبوایە، ئازاد ئەژیا.

ڕۆژنامەکان بە سەربەستی دژ بە کردەوەی وەزیرەکان ئەیاننووسی. سانسۆر بەبێ هەڵاواردن ڕێی بە هاتنە ناوەوەی هەموو چاپەمەنییەکی بیانی ئەداو، نامەگۆڕکێیش لە هیچ کاتێکدا نەئەخرایە بەر چاودێری.

---

[32] ئەم دوو ساڵە ڕۆمین و، ئەکەنە ١٨٧٦–١٩٠٩.

[33] ٢٧ی نیسانی ١٩٠٩.

## ژیان و چوونە سەر تەختی سوڵتان محەمەدڕەشاد:

سـوڵتان محەمەدڕەشـادی پێنجـەم ١٤ی نیـسانی ١٩٠٩ – ٧ی ( ربيـع الثـاني )ی ١٣٢٧ی ك چووە سەر تەخت. ئەم پاشایە، ٢٠ی شەووالی ١٢٦١ ی ك [٣٤] لەدایك بووە. سـی و دوو سـاڵ جێنـشین (وەلـی عەهـد) بـووە. ئەوماوەیـە، لـە سـەرای بەشـكتاش نەهاتووەتـە دەرەوەو چـاوی بەكـەس نەكـەوتووە، هـەر سـەرقاڵی عـەرەق خواردنـەوە بووە. لەبەرئەوەی عەرەقخۆرێكی بێوێنە بووە، تاڕادەیەك وڕ و كاس بووبوو و، ئاگای لە دنیا نەبوو.

"محي‌الدين العربي"ی بەناوبانگ‌و لە شام نێژراو، كاتی چوونەسەر تـەختی ئـەم سـوڵتانە، لەكتێبێكـدا كـە لـەناو خەڵكـدا بـڵاوە، نووسـیویە: ((جلـس الرشـاد، هلـك العبـاد)). بۆیـە خـەڵك چـوونە سـەر تـەختی ئـەوی بـەجۆرەها شـێوە لێـك داوەتـەوە. مەودای نێوان لەسـەر تـەخت دانیشتنی، تـا مردنـی لـە ڕۆژی چوارشـەممەی ڕێكـەوتی سێی تـەمووزی ١٩١٨–٢٤ی ڕەمـەزانی ١٣٣٦دا كـە ئەكاتـە نـۆ سـاڵ زیـاتر، ڕووداوی گەورەی تێدا قەوماون.

سـوڵتانی لێخـراو، لـە دووەم ڕۆژی دەسـەڵاتداریی ئـەودا، بـە پـارێزراوی برایـە سلانیك‌و لە كۆشكی (ئالاتینی) جێگیر كرا. كاتێك بردیانە ئەوێ، جانتا تایبەتەكەی كـە هـەموو وەختێـك بـە خـۆی بـوو، لەلایـەن پاسـەوانەكانیەوە دزرا. ئیتیحادیـەكان‌و سـەرانی ئـۆردووی حەرەكـەت چـی لـەناو جانتاكەیـدا بـوو، لـە ئەسـتەمووڵ لـەناو خۆیاندا بەشیان كرد، وردەكاریی ئەم مەسەلەیە نووسراوە.

سـوڵتان عەبدولحەمیـدخان، لـە ڕاگەیانـدنی جـەنگی (باڵكـان)دا، لـە سـلانیك گوێزرایـەوەو لـە سـەرای (بەگلـەر بـەگی) نیشتەجێ كـرا. ١٠ی شـوباتی ١٩١٨ كۆچـی دواییـی كـرد. خـەڵكی ئەسـتەمووڵ تەرمەكـەیان بـە قـەرەباڵغی‌و ڕێـزەوە بـەڕێگای سركەچی– دیواندا بۆ گۆڕستانی سوڵتان مەحموود بەڕێ كرد، لەناو گومەزەكەی ئەودا نێژرا. خەڵك بە درێژاییی ڕێگاكە ئەگریان‌و هاواریان ئەكرد: ئاخ تۆمان لەكیس چوو.

دانانی سوڵتان محەمەد ڕەشاد، لە سەروبەندێكدا بوو كە دەوڵەتی عوسمانی لە ئیدارەیەكی دەسەڵات ڕەهاوە ئەگۆڕا بۆ مەشرووتییەت. بۆیە بیروڕای نـاوخۆ زۆر لـە خرۆشـاندا بـوو. ناوچـەی بۆسـنەو هەرسـك بـە نەمـساو مەجەڕسـتانەوە لكێنرابـوو،

---

[٣٤] ١٨٤٥.

ویلایـەتی تـا ئەوزەمانـە سـەربەخۆی بوڵغارسـتان سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد، یۆنـان دوورگەی کریتی داگیر کردو، هێزەکانی ئارناوود لە یەمەن پشێوییان نایـەوە. چوونە سەر تەختەکە لەکاتێکی پڕ کێشەی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا بوو، کە بە هاوئاهـەنگیی مەئموورانی گشتی لە ئەنجامی ڕووداوەکەی ٣١ی مارتی ١٣٢٥دا دروست بووبوو.

پاشـا سـاڵی ١٣٢٦[35]، بـۆ تەماشـاکردن، ئامـادەی مـانۆڕێکی گـەورەی سـوپاو خۆپیشاندانێکی گەورەیش بوو لە (تەراکیا). پاشان سـەری لـە ویلایەتـەکانی ئەدرنـەو سلانیك‌و قوسوەو مناستر دا. دوایی ئیتاڵیەکان لە ئاکامی شەڕێکدا کە عوسمانیـەکان ڕایانگەیانـدبوو، تەڕابولـسی ڕۆژاواو بـەنغازییان داگیرکـرد. لەوەبـەدوایش جـەزائیرو ڕۆدس‌و دوورگەکانی تریان لـە دەریـای ناوەڕاستدا گرت. دواتر کە پـەیمانی ئاشـتی مـۆرکرا، دەوڵـەتانی باڵکـان کـەم خـۆراکی‌و نـاڕێکوپێکیی سـوپای عوسمانییـان لـە مـانۆڕە گەورەکەیـدا دیبـوو، بۆیـە لـەناو خۆیانـدا یـەك کـەوتن پـەلاماری عوسمانیـەکان بدەن. ساڵی ١٣٢٨ی ڕۆمی[36]، شەڕ لـەنێوان عوسمانیـەکان‌و (بوڵغـارو سـرب‌و یۆنـان‌و کێوەڕەش)دا ڕووی دا. لەئەنجامدا ویلایەتەکانی مناسترو یانیەو قوسـوەو ئەشقودەرە بەتەواوی‌و بەشێکی ویلایەتی ئەدرنەیش لەدەست چوون، سوپای بوڵغار تاکوو هێڵـی (چـەتاڵجە) هـات. گـەلێك بیرەوەریـی درێـژم لـەبارەی شـەڕی باڵکانـەوە هەیـەو، بـەجیا نووسراوە .

## خشڵە تاڵانکراوەکانی سەرای یڵدز:

دەورانـی لێخـستنی سـوڵتان عەبدولحەمیـدخانی دووەم، لـە١٤ی نیـسانی ١٣٢٥ی ڕۆمیدا، کەسانێك هاوبەشی تاڵانکردنی پـارەو خشڵەکانی بـوون. ئـەو دیـوانی جەنگـە عورفییەی کە ساڵی ١٣٢٦ پێك هـات، بڕ و جۆریـانی دەستنیشان کـردووە. دەرکـەوت خاقـانی خوالێخۆشـبوو، کاتێـك لـە سـەرای یڵـدزەوە نێـرراوە بـۆ کۆشـکی ئـالاتینی (ألاطینـی) لـە سـلانیك، جانتـا تایبەتەکـەی خـۆیی لـێ سـەندراوەو براوەتـە ماڵێکی دەوروبـەری بایەزیـد، لـەوێ کراوەتـەوەو چیی تێدا بـووە بەسـەر سـەرانی ئـۆردووی حەرەکەتـدا دابـەش کـراوە. لیـستی دابەشـکردنی یەکەیەکـەی شـتەکان، لەوزەمانـەدا لـەناو ئەوراقـەکانی تۆفیـق بـەگی ئەمینـداری پێـشووی شـاری ئەسـتەموول‌و حەسـەن

---

[35] ڕۆمییەو ئەکاتە ١٩١٠.

[36] ١٩١٢.

عیززەت بەگی بەڕێوەبەری ڕێژیی ئەستەمووڵدا بەردەست کەوتووە. ئەو ٩٠٠ هەزار زێڕی نەختینەیە کە لە جانتاکەدا بووە، بەپێی ئەم ڕێنوێنییە، بەسەر کەسانێکی ئامادەدا دابەشکراوە. خشڵەکان بەم شێوەیە بڵاوکراونەوە:

مەحموودشەوکەت پاشای قوماندانی ئۆردووی حەرەکەت: جۆرەها پاندانتیف، تاج، ئەموستیلە، پارچە زێڕی بەنرخ.

حوسنی پاشای قوماندانێکی ئۆردووی حەرەکەت. چینیی نقێمداری تووتن، چەند گەردانەو ئەموستیلەیەك.

میرلیوا عەلی پاشای فەرماندەی ئەرکانی جەنگی ئۆردووی حەرەکەت: چەندین گوارەو ئەموستیلە.

حەسەن عیززەت پاشای بەڕێوەبەری ڕێژیو قوماندانێکی ئۆردووی حەرەکەت: دوو تاج، ئەموستیلەو دەرزیی گەوهەردار (برلانطه).

ئەنوەرو جەمال پاشایانو داماد ئیسماعیل حەقی پاشا: چەند گەوهەرێکی گرانبەها، چەند پارچە زومڕودێك.

ئەحمەدڕەزا بەگ: چەند سەعاتێکی نقێمدار و چەند گوارەیەکی گەوهەردار.

ئیسماعیل حەقی بەگی والیی برووسە کە لەوێ کۆچی دوایی کرد: ئەموستیلەیەکی گەورەی زۆر گرانبەها.

غالب پاشای والیی پێشووی حیجازو بەڕێوەبەری ئاسایش: جۆرەها کەرەستەی نقێمداری خۆڕازاندنەوەی ژنان.

جەعفەر تەییار"طیار" بەگو حەمدی بەگ: چەند گوارەیەکی مرواری، چەند ئەموستیلەیەکی گەوهەردار، چەند دەمانچەیەك.

مستەفاکەمال پاشا "ئاتاتورك": چەند گەردانەیەکی ئەڵماسو مرواری، چەند بازنێکی گەوهەردار، چەند سەعاتێکی نقێمدار.

میرلیوا عەزیز سامیح بەگ: تاجێکی نرخ سێ هەزار لیرە.

یەعقووب جەمیل بەگ: بوخچەیەکی پڕ لە برە تەحویلاتێکی گرنگ.

حسێن قەدری بەگی مەبعووسی پێشووی قارس: چەند خەنجەرێکی دەسك زومڕود.

کەمال بەگی چەرکەس: چەند خشڵێکی گرانبەها.

**حەسەن جاهید بەگ**: تاقمی حوققەی نقێمدار، چەند سەعاتێکی نقێمدار.

**جاوید بەگو قەرەسوو ئەفەندی**: بڕێك پارچەی گەوهەر و ئەڵماس لە توورەکەیەکدا.

**حەبیب بەگی مەبعووسی بولی**: توورەکەیەك تەحویلات (دراو)، چەند ئەموستیلەیەکی نقێمدار.

**وەهیب پاشا**: کۆمەڵێك قەواڵەی (جصه؟)، چەند دەرزیو ئەموستیلەیەکی نقێمدار.

**ئەبووبەکر حازم بەگ*** : توورەکەیەك پارچە زێڕی کۆن، چەند ئەموستیلەیەك.

شانزە کەسی ئەو فیداکارانە کە لەگەڵ سوپای حەرەکەتدا بوون، جۆرەها سەعاتو ئەموستیلەی گەوهەرداریان درایێ. جگە لەمانە، حەسەن عیززەت بەگو ئەنوەر و جەمالو ئەوانی تر، چی قاڵیو فەرشی زۆر بەنرخی سەراکە هەبوو، تالانیان کرد.

لەکاتێکدا سوپای عوسمانی وەها بێداروبار و بێهێز بوو، ساڵی ١٣٣٠ی ڕۆمی–١٩١٤، بە هاندانی ئیتیحادیەکان، لایەنی دەوڵەتانی هاوپەیمانی گرتو بەشداریی یەکەمین جەنگی جیهانیی کرد. درێژەی ئەم باسە لە کتێبە تایبەتەکەمدا نووسراوە. ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، لە ئەنجامی ئازار و کوێرەوەریەکانی ئەم جەنگە گەورەیەدا، لەو سوڵحە گشتییەدا کە کرا، هیچی بەدەستەوە نەما.

ئەو ئاگرە گەورەیە کە لە دوادواییەکانی حوکمداریی سوڵتاندا لە ئەستەمووڵ کەوتەوە، هەموو گەڕەکەکانی لە کەناری مەڕمەڕەوە تا کەنداو لەناو نەهامەتییەکی پڕ ئێشو ئازاردا سووتاند. ناوبراو بە درێژاییی تەمەنی بە داخو خەفەتی چەندین بێبەشیی لەژمارەنەهاتوو و ئاشووبو شەڕوشۆڕ و لەداستدانی چەندەها وڵاتەوە ژیا. مارتی ساڵی ١٣٢٨، خەزنەداری سەرای بانگ کردووەتە لای خۆی، پەنجا لیرەی زێڕی داوەتێ؛ پێی وتووە: ((ئەم پارەیە بکرێتە خەرجیی کفنو دفنم ... ئەوەندەی بکرێتە دووڕۆژانەو ئەوەندەی بە ( ؟ ). ئەم پارەیە لە توورەکەیەکی جیاوازدا دابنێ، تێکەڵ بە پارەی خەزێنەی دەوڵەتی مەکە. بە ئیرادەوە وەسێتم کرد)).

---

* حازم بەگ ساڵی ١٨٦٤ لە بەغدا لەدایك بووە. ٣ی موحەڕڕەمی ١٣٢٥ی ك، بووە بە والی" بەئەسڵ لە نەوەی موڕاد پاشای نیکدەلییە. هێڵی تراموایی نێوان کووفەو نەجەف، لە زەمانی ئەمدا دراوەتە عەبدوڕڕەحمان پاچەچیو محەمەدساڵح شابەندەر. کە نازم پاشا گەیشتە بەغدا، داوای کرد لەوێ بیگوێزنەوە.

ئەنوەر بەگ"پاشا"ی قارەمانێکی مەشرووتییەت، ناجیە سوڵتانی ئامۆزای پاشای مارەکردو، بەوبۆنەیەوە وەزیفەیەکی گرنگی دا بە ئەحمەد ئاغای باوکی لە سەرای پاشا. هەرشتێکیان لە پاشا داوا بکردایە، ئەیوت: ((ئەنوەر جێبەجێی ئەکات ...)). ساویلکەیی و دەبەنگیی خۆیی بەمە دەرئەخست.

داماد سالْح پاشا، کابرایەکی ژیرو خاوەن بیرێکی ئازاد بووە، سەری بۆ ئیتیحادیەکان دانەئەواندو لایەنی حیزبی (حوڕییەت و ئیئتیلاف)ی ئەگرت. دوژمنەکانی، پیلانێکیان بۆ ڕێك خست؛ درا بە دادگاو حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو. یووسف عیزەددین ئەفەندیو سوڵتان خانمی هاوسەری، چوونە لای پاشا تا بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە. ئەڵێن پاشا، لەلایەکەوە کەوتووەتە گریان، لەلایەکی ترەوە ئەو بڕیاری ئیعدامکردنە کە ئیتیحادوتەرەقی لێی ویستووە، مۆری کردووە.

دەستەیەکی ئەفسەرانی بوڵغار، پاش جەنگی باڵکان، هاتە ئەستەمووڵو سەری لە مەکتەبی حەربییە دا. ئەمان تێکڕا یەکجۆر جلیان لەبەردابوو و، لە بەشی جیاجیای سوپا پێك هێنرابوون. کەسی ورگزلو ڕان دەرپەڕیویان لەناودا نەبوو. ماوەیەك لەوەبەدوا، دەستەیەکی عەسکەریی ژاپۆن سەری لە مەکتەبی حەربییە دا. ئەفسەرەکانیان، سەرجەم جلی خاکییان پۆشیبوو. جلی خاکیمان بۆ یەکەمین جار لەبەری ئەواندا دی. پاشان جلی خاکی لەبەرکردن لەناو سوپادا بوو بە باو.

مامۆستایەکی "مونشیر"ە شێت ناو، بە پلەی قول ئاغاسی (ڕائید) لە قوتابخانەکەماندا هەبوو. ئەم زاتە، هەر مامۆستایەکی دەرسەکانی فەرەنسیو ئەڵمانیو ڕووسیو بیرکاری نوقسان بوایە، لەبریی ئەو دەرسەکەیی ئەوتەوە. بەلاّم قوتابیان دەوریان ئەدا، بە جۆرەها پرسیار جەنجاڵیان ئەکرد. ئاشنایەتیی لەگەڵ موسیقایشدا هەبوو، بۆیە قوتابیەکان لەوبارەیەوە پرسیاریان لێ ئەکرد. ئەبوە هاوار هاوار و قەرەباڵغی. بەرێوەبەری قوتابخانەیش، ئەهات بزانێ ئەم دەنگەدەنگە چییە. کاتێك ژاپۆنیەکان هاتن، لەگەڵیاندا دەستی بە قسە کرد. هەموویان سەریان سوڕ ما.

٨ی حوزەیرانی ١٣٢٥ [٣٧] کۆمەڵێك ئەفسەرو فەرماندەو ئەرکانی سەر بە ئیتیحادو تەرەقی پەیدا بوون، هانی ڕاپەڕینی عەسکەرییان ئەدا. ئەمانە، مەزبەتەیەکیان بەوبۆنەیەوە ڕێك خستو، خاقانی لێخراویان بە سەبەبکاری هەموو نەهامەتیو

[٣٧] ٢١ی حوزەیرانی ١٩٠٩.

ئیعدامکردنێك دانا، داوایان کرد بدرێته دادگا. ئەمانەی خوارەوە ئەم مەزبەتەیەیان ئیمزا کردبوو:

فەریق خورشیدی بەڕێوەبەری قوتابخانەو سەرۆکی دیوانی جەنگی عورفیی یەکەم.

میرلیوا حەسەن ڕەزای پشکنیاری تۆپچیو سەرۆکی دیوانی جەنگی عورفیی دووەم.

میرلیوا زیا "ضیا"ی ئەندامی دیوانی جەنگی عورفیی یەکەم.

میرلیوا نەزیف "نظیف"ی بەڕێوەبەری لقی سێهەمی ئەرکانی جەنگ.

میرلیوا فەریدی دووەم سەرۆکی تۆپچی.

ئەندامانی دیوانی جەنگ: میرلیوا حسێن حوسنی، قایمقامی تۆپچی محەمەدئەمین، میرلیوای پیادە خەلیل، بینباشی (موقەدەم) حەقی، بینباشی ئەحمەد موختار، جووتە بینباشیی سوارە عاکفو یووسف زیا، دەریاوان ئیسماعیل، قول ئاغاسیی سوارە جەلالو سادق، قول ئاغاسیی پیادە حسێن حوسنی، قول ئاغاسیی تۆپچی ڕەجەب عیرفان، قول ئاغاسیی پیادە جەمال، یووزباشی (نەقیب)ی مومتاز محەمەد خلووسیو سەیفی لە ئەندامانی دیوانی جەنگ، یووزباشیی تۆپچی ئیحسان، یووزباشیی پیادە عەلی، جگە لە شەش یووزباشیو مولازمی یەکەم.

ئەگەر بڕوانینە ناوو وەزیفەکانیان، بۆمان دەرئەکەوێ هەموویان سەر بە خورشید پاشا بوون. بۆ ڕیایی ئەم مەزبەتەیەیان مۆرکردووە، بەڵام لەئەنجامدا هیچ بڕی نەکردووە.

### شازادە یووسف عیزەددین ئەفەندی:

کە سوڵتان ڕەشاد لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، لەبەرئەوەی کوڕە گەورەی خوالێخۆشبوو سوڵتان عەبدولعەزیزخان بوو، بەپێی یاسای بنەماڵەی عوسمان، بوو بە جێنشین. ناوبراو، لە کۆشکێکی گەورەی پڕ دارودرەختی (زنجیر قۆیوو) دائەنیشت. ساڵی ١٩١٤ کە لە سریەی چوارەمی فەوجی دووەمی سوارە بوومو بارەگاکەمان بەرامبەر بەوکۆشکە بوو، پێوەندیمان لەگەڵ خۆیدا هەبوو.

وا هەست ئەکرا ئەم شازادەیە بیرو بۆچوونی پێچەوانەی هی ئیتیحادیەکان بێ. کە داماد ساڵح پاشا حوکمی ئیعدامی درابوو، خۆی چووە لای پاشا تا ڕزگاری

بکات. زۆر پێی گران بوو کە هیچی بۆ نەکرا. کاتێك یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێکرد، ڕووبەڕووی پڕۆپاگەندەی ئیتیحادیەکان بووەوە، وتی: ((من نە ماکدۆنیا، نە میسرم ناوێ ... ئەبێ بەبێ فراوانکردنی سنوورمان، چارەسەری بارودۆخی ناوخۆمان بکەین)). تەنانەت ڕۆژنامەی "مۆنیتۆر ئۆریانتال" کە ئەوڕۆژگارە لە ئەستەمووڵ بڵاوئەبوەوە، چەند جارێك ئەم ڕاگەیاندنەی ئەوی بڵاوکردەوەو، بوو بەهۆی ڕق هەستانی ئیتیحادیەکان.

یووسف عیزەددین ئەفەندی، پاش لەسەر تەخت هێنانەخوارەوەی سوڵتان عەبدولعەزیزخانی باوکی، بە بڕینی دەمارەکانی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا. پێش ئەوە، چەند جارێك هەڕەشەی لە سەرانی ئیتیحادیەکان کردبوو، وتبووی: ((من کوڕی سوڵتان عەزیزم.. ئەوەی بیڵێم ئەیکەم )). سەرەتای جەنگی جیهانی بۆ سەردان ناردوویانەتە بەرەی ( چەناق قەلعە ). پاش گەڕانەوەی، بەهۆی تێکچوونی باری تەندرووستییەوە، داوای کردووە بچێتە سویسرا تا بای باڵی خۆی بدات. بەڵام ڕێیان پێ نەداوەو ڕازی بوون بینێرنە نەمسا. ئەوە زۆر دڵشکاوی کردووەو، هەستی بریندار بووە.

ڕۆژێك پێش چوونە نەمسا، زیارەتی گۆڕی دایکیشی کردووە لە (ئاقسەرای). پاشان هاتووەتەوە ناو کۆشکەکەیو، بۆ حەوانەوە چووەتە ژوورەکەی خۆیو، فەرمانی بە پاسەوانەکەی داوە کەس نەیێتە لایو سەغڵەتی نەکەن. ڕۆژی دوایی کە پاسەوانەکەی چووەتە ژوورێ، ئەبینێ خوالێخۆشبوو لەناو خوێندا ئەگەوزێ. بە هاوار هاوار دێتە دەرەوە تا فریای بکەون. پێش ئەوەی پزیشك لە نەخۆشخانەی منالانی (شیشلی)یەوە بگاتە کۆشکەکە، ئەوانەی ناو کۆشکەکە هەوڵیان داوە برینەکەی بۆ بپێچن. ئەویش ئەوکاتە هاواری کردووەو، وتوویە: ((وازم لێبێنن، بۆچی ئەتانەوێ لەژیاندا بمێنم ؟ بۆ ئەوەی ببمە شایەتی ئەو بەسەرهاتانە کە لەداهاتوودا بەسەرتان دێت)). ئەو پەڕۆوپاتاڵەی دڕاندووە کە برینەکەییان پێ پێچاوە، بەر لەوەی پزیشك بگاتە جێ، گیانی سپاردووە. دەرکەوت ناوبراو هەموو دەمارەکانی دەستی خۆیی بە گوێزانێك بڕیبوو. پاش ئەوەی بەوشێوە باسکراوە کۆچی دوایی کرد، وەحیدەدین ئەفەندی بوو بە جێنشین.

## کۆچی دوایی سوڵتان محەمەدڕەشاد خان:

تــەرمی پاشــا، ســەعات هەشــتی ســەرلەبەیانیی ڕۆژی ٦ی تــەمووزی ١٩١٨، لــە لەنگــەرگای ســەرای (چــراغان)ی گونــدی (ئۆرتــە)وە خرایــە ســەر کەشــتییەکی هــەڵمین، دوای ئــەوەی شــازادەکانو گــەورەکانی ســەرا ســواری کەشــتییەکی تــر بــوونو ئــاڵا هێنرایــە خــوار تــا نیــوە. بــەم شــێوەیە هێنرایــە (ســەرای برونــی). لــەوێ، فەرمانبــەرانی خەزێنــەی هومــایۆنیو دائیــرەی خەرقــەی ســەعادەتی پێغەمبــەر شــتوویانەو کفنیــان کردووە. تابووتەکە، بە ڕێوڕەسمێکی گەورەو ویردو سڵاوی دینییەوە، بە پۆشاکی سەوزی کەعبە داپۆشراوە، چاوەڕوانی هاتنی پاشای نوێیان کردووە.

سوڵتان محەمەد وەحیدەددین خانی شەشەم، سەعات ١٠ بە پاپۆڕی شاهانە لە گوندی (ئۆرتــە)وە گەیــشتە (ســەرای بروونــی). لــەوێ، لەلایــەن فەرمانــدەی فەیلــەقو بەڕێوەبــەری گشتیی پۆلیسو ئەمینداری شارو سەرانو فەرمانبەرانی خەزێنەی هومایۆنەوە، پێشوازیی لێ کرا، چووە کۆشکی بەغداد. عەبدولمەجید ئەفەندیش کە بەهۆی خۆکوشتنی یووسف عیزەددین ئەفەندییەوە بووبوو بە جێنشینی، پێشوازیی لێ کرد.

پاشــای نــوێ پلــەی موشــیریی هــەڵگرتبوو و، بــە ڕۆیــشتنێکی پــڕ لەمەزنایەتییــەوە چــوو لەســەر ئەوتەختــە (قانــصرغوری)یــە دانیــشت کــە ســوڵتان ســەلیمی یەکــەم لــە ســەفەرەکەی (میــسر)دا لەگــەڵ خۆیــدا هێنــابووی. ئەوتەختــە بــە زێــڕو زومــڕود ڕازێنرابــوەوەو، لــە خەلیفــەکانی پێــشووی ئیــسلام بــەجێ مــابوو. نــەقیبی ئەشــراف دوعــای خوێنــدەوە، مۆســیقای عەســکەری لــێ درا. دوایــی پاشــا بــەپێوە ڕاوەســتا؛ عەبدولمەجیــد ئەفەنــدیو ســەلیم ئەفەنــدیو شــازادەکانی تــر و ئــەعیانو مەبعووســان لەلای ڕاستیەوە، سەروەزیر و شێخولئیسلامو وەزیرانو پیاوانی موڵکیو عەسکەری لــەلای چــەپیەوە، ڕیــز بــوون. گــەورەپیاوانی دینــیش لــەلای چــەپی ئــەعیانو مەبعووسانەوە ڕاوەستان.

ئەمجا پاشا لە تەخت نزیك بووەوەو، کالۆشی پێڵاوەکانیی داکەندو وەستاو، دوایــی ئاغاکــانی هومــایۆن، بــەپێی نــەریتی کــۆنی ســەرا، لــەناو لێــشاوی چــەپڵەدا هاواریـان کـرد: پاشـام ماشـەڵڵا لـە شانوشـکۆت، زۆر بـژیت. پاشـایش دەسـتی بـەرز کـردەوەو لـە یـەزدان پاڕایـەوە. کـە کەسـانی ئامـادە کەوتنـە ماچـکردنی کـەنارەکانی تەختەکە، ڕێوڕەسمی بەیعەت دەستی پێکرد.

به كۆتايی هاتنی بەيعەت، پاشا بەرەو دارتەرمەكە هاتو، بەشداريی خوێندنی دوعاكانی كرد. پاشان لەگەڵ تەرمەكەدا چووە دەرسەعادەت (دار السعادة). تەرمەكە لەوێ لەسەر بەردەنوێژ دانراو، بە پێشنوێژيی شێخولئيسلام مووسا كازم ئەفەندی نوێژی مردوو كرا. دوايی تەرمەكە بە ويردخوێندنەوەو ڕێوڕەسمێكی ئەوپەڕی شايان بەڕێ كرا.

پاشای نوێ، پاش ئەوەی لەگەڵ تەرمی براكەيدا تا (ئۆرتە قاپوو)، واتە دەرگای ناوەڕاست، ڕۆيشت، گەڕايەوە بۆ كۆشكی بەغداد. تەرمەكە بەڕێگای ئاياسۆفيا– سالْغم سكۆددا برايە (سركەچی)، لەوێيشەوە بە كەشتييەكی هەڵمين گوێزرايەوە بۆ (ئەيیووب سوڵتان). دوای پشوويەك، لەگەڵ وەزيری

جەنگدا بە ئوتومبيل لەڕێگای ئاياسۆفيا –شەهزادەباشی– ئوون قاپانیيەوە چووە (ئەيیووب سوڵتان). لەوێ، دوای ئەوەی پاشا لەوگۆڕە تايبەتەدا كە پێشتر بۆی دروست كرابوو، نێژرا، بە ئامادەبوونی هەموو ئەعيانو شازادەكانو وەزيران، لەبەردەم گۆڕی حەزرەتی خاليددا دوعاو فاتيحە خوێندران. بەڵام ئەودەمە كەس نەيئەزانی كە ئەمە دواين ڕێوڕەسمی دەوڵەتی عوسمانييە ... مخابن ؟؟

## ایوم و تولدم :

یاطلی وحنداریمانالەلری عجوەلرندە اولدیغی کبی والدەم صفیه خانم خندان زاده حسین پاشانه قزی اولوب طفرخانەدن تولد ایتمشدر .

پدرم مصطفی پاشا یاطلی ... زندیه سلدن حکره بغداد مکتب اعدادی عسکریەسنی بیتیروب استانبول مکتب حربیه سنه ... حکرەدە ... منته تفریق ایدیلدیکدە جدم حسین پاشانك برکوده آری دیه صالبلمش ارسلدن زیاد ... برنفش وتیزەم حبیبه خانمك زوجی عسکری تاهفلی سلیمانیەلی عبدالقادر بك دلالتیله دواو زیادەلشمش و نهایت هنوز ارکان حربیه مکتبندە ایکن ۲۶/آغستوس/ ۱۳۰۲ رومی — ۱۸۸۶ میلادی تاریخندە عقدلری اجرا قلنمش و مکتبی ختامندە ۱۳۰۴ سنه رومیسنه مصادف ۳ مایس ۱۸۸۸ تاریخندە استانبولدە صاندیق امنکەسی پانتدەکی خانەدە زفافلری اجرا قلنمشدر .

والدەم ابتدائی تحصیلنی بیترمش ایسەدە یك چوق عالی و یوکسك تحصیل کورنلرکی صرفلو معلوماته مجهزە دار بولنیوردی .

۹/تموز/ ۱۳۱۲ رومیدە حسین پاشانك وفاتی مناسبتیله تاثرلریق تسلیه مقصدیله بیوك والدەلم طفرخانه سرافراز خانم واوچ تیزەم و والدەمه سلطان عبدالحمید خان ثانی طرفندن بهرینه ۵۰۰ غروش معاش قید حیات معاش تخصیص بیورلمش و بو ایرادلر بوتون بیجه معاشلر ترکیا آلتلن ۰۰ جمهوریتنه قدر حیاتده قالانلرینه استلام ایدیلمکدە بولنمشدی .

پدرم مکتبك ختامندە برسنه قدر ارکان حربیه عمومیه دائرەسندە دوام ایتمش و حکره بیوك والدەم طفرخانەنك صوك آرزوسنه تبعا حجاز فرقەسی ارکان حربیەسنه نقل ایدیلمشدر . اینته بن او وقت مکه مکرمەدە ۸/کانون الاول/ ۱۳۰۶ رومی و ۸/جماذی الاولی/ ۱۳۰۸ هجریه تقابل ایدن ۲۱/کانون الاول/ ۱۸۹۰ تاریخندە برجمعه ایرتسی صباحی اذانی وقتندە جبل ابوقبیس اوزرندەکی خانەدە تولد ایتمشم . ایرتسی کونی پدرم بنی کعبه شریفه کوتورەرك ایچری ادخال ایدیلمشم . کعبه شریفه ایچندن چیقاریلدیغمدە صاحلرینی تبرك ایدرك اوپمك باشلامشلر و بیوك والدەم برمناسبتله سویلدیکنه کوره قدر مرتبی ایپرو تبرك ایدر بولنیوردی .

تصادفاتدن برك تولد تاریخم بغداددە فرات اوزرندە یاپیلان بیوك سدەنك هندیه تلك تاریخ افتتاحنه ومشاهیر عالم اولان محمد فیضی الزهاوینك ۳/جماذی الاولی/ ۱۳۰۸ هجریه تاریخندە حلفان پاشاندە وفاتنه تصادف ایدر .

مکه مکرمەدە بولندیغمز بربوچوق سنه ظرفندە جبله بر حج ایدیلمش وطائفدە اقامت ایدیلمش و ... ایدن قرارده والدەمدە طوغورلمش ایسەدە بر ... صتیله توفیلمشدر .

مکه مکرمەدە بولندیغمزدە ابویم برسودانلی جاریه الدی ... تسمیه ایدرك ... دلابارو بکا دادی تعیین ایتمشلردی . بو دادیم طاقباشه قدر بزیله برابر بولنمش و حکره بغداددە بولندیغمزدە بر پولیس قومیسریله ازدواج ایدرك بزدن آیریلمشدر .

ص ۱۸

نزاعسزایدی بوسیرده بورا ورینه‌ده خوصیرده‌بی‌قاصرنمنی کی مقدمه‌سین‌ویرلردی . بونلره بوسیله
ماده‌ومقن لمن رفیق زمرآلای سداد بنه کی معاونلری واردی .

عسکری مقتبلرده بیزرشه‌نماز مجبوری ایدی . تصویر ایدیلر شدتلی جزا ویرولردی .
منبه مشجری تاملی تعالت جزی ولن‌مشتره یی اتولیفی ویا شرخیاتلات یارسده تقر ایدیکی
قرنه‌ئری الده ایدرك اوقوق ایدن زیاده‌سیله توالیه کیشورلر و یوقی تشریاته الدن اله کوزتیره
طولاشیردی .

بر کون‌تعلیماته چیقدیمزده مریستده یوقدن‌کری چوریلدك وقتیه وارنیه مریستله تقشیشاته
اوره طولدیریلدق . بزمدنده بتون‌کتاب ، البیسه طولابلری دیناچلی‌طولرنده کی آرامشی واوزبان‌ملر
دیلملازی اشیاره نکشیلرنده دارتیر ایدیلر مجبوری [illegible] ده ایدیلمشدی . ایشته بونلر آرامسنده قسمت
دارنده ایله بتوبریسته کی ایکی بك قیمتدارلری ویردی .

دیکربیوده وادم سرائرارتماتم اوزبان‌ده ایمک برلندیجی قناریوزلده کی خالدسنده آجلیانه
۲۲ مارت ۱۳۳۲ [illegible] ۱۱۱۰۶/ ۲۱۲ سالی کون وفات‌ایتمش‌واتوجه‌سندان دفن‌ایدیلمدی .

حربیه ایدیونی سنفنده بشرمجبدیه معاش‌آلیرد ق بوزمانده وا تفاپلر توزیجنده تباجلویز
معاینه آزلنور رکشیلیردی . سنده ده اوج خمده‌ی احسان‌واردی . موق اوزلره‌اتلر هفته الا طرندن هیچ
ایه ایر ویر مطوبستند برنا دنته لرجه سیرولردی .

هرکون‌هر صنفدن‌یر دانه مفتدده نوبتجی بولنور واو ماده متق بناء سرمانی حاضرلاردی ، زهرا
کون‌عطلری بر نمونه سی یرتابله ایله و نوبتجی مفتیه ذات سراپه کوتورولرایدی .

هر رمضان ۲۹ نجی کونی بتون حربیه طلبه‌سی بیلده سراپده ترتیبلی والقاره‌عسکره بیونه
صیقیلر اوزرنده کونه اوله برلندیکلان الکیولرین یوردانه کدیشیکمزاسی ایسله مرحلبه‌یه ویرلیردی .
هرآقشام بجکدعسکره بتون‌طلبه حضورینلنده عطولامیر واوامریرمه آلازید دعسکره آیرده دنمه باینه‌جاملرد
دعا ایدیلیردی .

ایدرك بتون امپاج واقد املرك صببی خائنان مخلوع اولدیغندن محاکمه سنی طلب ایتمشلردی •

هیئت‌نك اعضا ایقلر شونلردی :

برنجی دیوان حربعرفی رئیسی طوبخانه نائلری فریق خورشید
ایکنجی دیوان حربعرفی رئیسی خوجی هلتی میرلوا حسن رضا
برنجی دیوان حرب عرفی اعضاسندن میرلوا ضیا
ارکان حربیه ۲ شعبه مدیری لطفی میرلوا شریف
طوبجی رئیس ثانیسی میرآلای فرید
دیوان حرب اعضالرندن : میرآلای حسین حسنی ، طوبجی قائمقامی محمد امین ، پیاده میرآلای خلیل ،
بیکباشی حقی ، بیکباشی احمد مختار ، سواری بیکباشیلرندن رفاقت ، یوزباشی ضیا ، بحریه لی اسماعیل ،
سواری قول اغاسی جلال ، صادق ، پیاده قول اغاسی حسین حسنی ، طوبجی قول اغاسی رجب عرفان ،
پیاده قول اغاسی جلال ، دیوان حرب اعضالرندن مختار یوزباشی محمد نوری ، سیلی ، طوبجی
یوزباشی احسان ، پیاده یوزباشی علی ، بونلرکی ده آلتی یوزباشی و ملازم واردیکه اسطریه و
روملیه ترجمه باقیلرمه هر بریسنك خورشید باشایه منسوب ویا دیوان حربلردن اولدیغی کورولیور
بونلرك تصل بر الجاآتله ونصل بر تعلق سببی ایله بو هیئت‌نك اعضا لکنه تعیین اولندیغی معلوم اولیور •
ولکن نتیجه ده بونك بر تأثیری اولماش ایدی •

## شهزاده يوسف عزالدين افندى :

سلطان رشادك جلوسيله آل عثمان قانونى موجبنجه سلطان عبدالعزيزخان مرحومك اكبر اولادى بولنسندن وليعهد اولمشدى .

مشاراليه زنجيرلى قيوده بيوك آتلقلى بركوشكده اقامت ايدردى . ١٩١٢ تاريخنده منسوب اولديغم سوارى آلايى الايك [illegible] بلوكيله برنجى كوشكك تام قارشوسنده اقامت ايديكمزده بر سرايله روابط انتظاميه [illegible] ارتباطمز زياده اولمشدى .

بوشهزاده [illegible] جيلرنه مغاير افكارده اولديغنى حس ايلديردى . بالخاصه صالح پاشا [illegible] قوماندانلغنده اعدام ايديلمك ايستنيلكده بالذات كنديسى بالمشاهده مراجعت ايتمشدر لكن قورتولاماينجه جزئى متأثر قالمشدر .

حربعمومى باشلاديغنده اتحادجيلرك بروغراملرينه قارشى ( بونه مالكز ويا ايستيوز ونه ده مصرى .. حدودمزى ترسيم ايتمكسزين داخلى وضعيتى اصلاح ايتمليز .. ) ديه سوزلر ومتى اوروپالى استانبولده منتشر ( عزيمتى اولماتال ) فرقه سنه رقيبلرى بيانتنده بوكى تكرار ايتمسى اتحادجيلرى غضبه حالنه كتيرمشدى .

بونك يوسف عزالدين افندى پدرى سلطان عبدالعزيز خانك [illegible] خلعيله تمكره طلعتلر [illegible] خائنه [illegible] اسبابى اكثريله سوزلر و بعض اسباب [illegible] ( بن سلطان عزيز اوغلويم .. سوزلريكى بابام .. ) ديه تهديداته بولنمشدر .

حربعمومى باشلانجنده چناق قلعه جبهه سنى زيارت ايتدكن [illegible] بوزيارتدن عودتنده صحتنه اخلال اولديغنى [illegible] تبديل هوايه [illegible] ايله ذات شيخ [illegible] ايله اوسترياية [illegible] بك متأثر اولمشدر .

نهايت اوستريايه كيتمسى مجبوريتنده قالديغنده [illegible] اول آقشامده [illegible] زيارت ايدرك [illegible] استراحت ايچون اوطه سنه چكيلمش و [illegible] اوطه سنه [illegible] قالقه [illegible] استعداد [illegible] باشلامش [illegible] اطفال [illegible] كوزلرندن ( [illegible] ) ديه [illegible] قاليه [illegible] بر اوستره ايله قولنك طمارلرينى كسمشدر .

[illegible] مشاراليهك برصورتله وفاتى اوزرينه ولى العهدلك وحيد الدين افندى يه انتقال ايتمشدر .

[illegible]

# خێزانی[29] خەندان[*]

**لەدوای سەدەی شانزدەهەما کۆنترین بنەماڵە "جەعفەرئاغا"[30] ناو، لەکاتی حوکمڕانیی بابانا، یەکێك بووە لە ئاغاکانی سەرحەد[31] و کوڕی ئەم ئاغایە "عەلی ئاغا" کچێکی لە پاشازادەکانی بابان هێناوە، ناوی "خەندان خان" بووە. "خەندان خان" لەکاتێکا باوکی وەیا مێردەکەی لە ماڵ نەبوونایە، خۆی ئەبوو بە سەرکردە وە کاروباری وڵاتەکەی بەڕێوە ئەبرد. لە هەندێ شەڕ کە لەگەڵ ئێرانییەکانا کراوە، ئازایەتی و لێهاتوویی خۆی پیشان داوە. بەمجۆرە ئەم شاژنە لە جیهانا ناوی دەرکردووە و ئەم خێزانە بە ناوی خێزانی خەندان ناسراوە.**

**پیاوانی پیر و ماقووڵی ئەو سەردەمە ئەگێڕنەوە: لە بنەماڵی خێزانی بابان، لە خەڵقی (دارەشمانە) "فەقێ ئەحمەد" ناو لەگەڵ تورکەکانا لە شەڕی صەلیبییەکانا لە زۆرانبازی و پاڵەوانیەتیدا کە گرەوی بردۆتەوە[32]، کچێکی پرنسی ئینگلیزیی بەدیل گرتووە ناوی "کەیغام" بووە، وە کردوویەتی بە هاوبەشی ژیانی خۆی.**

---

[*] لە گۆڤاری "پەیڤین"، سلێمانی، ژ٢، ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا بڵاوبووەتەوە.

[29] لە (د. ن)دا بە "تائیفە" ناوی خەندان براوە.

[30] ئەگەر سەروبەندی ژیانی جەعفەر ئاغا ڕاست کۆتاییی سەدەی شانزەهەم بووبێ، پێئەچێ کەم و زۆر هاوزەمانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بووبێ، چونکە باباسلێمانی کوڕی فەقێ ئەحمەد، بە قسەی ڕیچ، ساڵی ١٠٨٨ك (١٦٧٧ز) حوکمی میرنشینی بابانی کردووە. هەرچی فەقێ ئەحمەدیشە، بەپێی ئەم مێژووە و ڕای لۆنگریك، سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم لە وڵاتی پشدەر دەرکەوتووە. جگە لەوە، لە یەکەم نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیان و لە ساڵی ١٨٨٦دا مردنی حسێن پاشای چوارەم وەچەی جەعفەر ئاغا، ڕۆژگاری ژیانی جەعفەر ئاغا ئەباتەوە بۆ دەوروبەری سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم (کلودیوس جیمس ریچ، رحلة ریچ في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاءالدین نوري، بغداد، ١٩٥١، ص٣١٥؛ ستیظن همسلي لونگریك، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث، ترجمة جعفر الخیاط، ط ٥، بغداد، بلا، ص١٠٥).

[31] سەرحەد، فیرقەیەکی تیرەی ڕۆغزادیی هۆزی جافە. سەردەمی ژیانی کەریم بەگی جاف، سەد ماڵێك و، تێکڕا دانیشتوو بوون. حەفتا ماڵیان لە (دزکەرە)ی لای خەلیفە یوونس و سی ماڵیان لە قولیجانی سەرحەد بوون. خەلیفە یوونس و ئەحمەد ڕۆستەمی ئامۆزای گەورەیان بوون. سەد زەلام و سواری تفەنگداریان هەبوە (کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دوکتۆر حەسەن جاف، چ ١، بەغداد، ١٩٩٥، ل١٣١).

[32] ئەمە هەڵەیە، چونکە شەڕی خاچپەرستان زووتر بووە و ساڵانی ١٩٠٦-١٩٢١ی خایاندووە و، ئەوکاتەیش دەوڵەتی عوسمانی لەئارادا نەبوە.

له "عەلی ئاغا" و "خەندان خان"ەوە زۆر منالْ بووە و زۆریان لە شەڕ کوژراون، تەنیا "حەسەن ئاغا" ماوە کە لە گەورەترین سەرەکی عەشیرەتی (جوانڕۆ) کچی "محەممەد خان" "خانزادخان"ی خواستووە[٣٣] کە لەم ژن و مێردە "ئەحمەدئاغای داروغا" بووە[٣٤]. "جەعفەرئاغا" وە "خەندان خان" وە "محەممەدئاغای داروغا" لە قەڵاچوالان لەسەر لوتکەی گردێك نزدیك بە وێرانەی قەڵاچوالان نێژراون؛ لەسەر هەندێ کێلی قەبرەکان ناویان نووسراوە، وە بەتەواوی پیشانی ئەدات کە ئەم گۆستانە هی ئەم خێزانە بووە.

من لە ساڵی ١٩١٦دا لە مانگی نیسان لەگەڵ خزمی دایکم خوالێخۆشبوو "عەبدوڵلا ناجی ئەفەندی"دا کە چووم بۆ زیارەتی ئەم شوێنە پیرۆزە، چاوم پێکەوت کە لەسەر کێلی قەبری جەعفەرئاغا و محەممەدئاغا نووسینی ماوە و زۆر چاك ئەخوێنرێتەوە. بەڵام نەتوانرا نووسینی کێلی قەبرەکانی تر بخوێنرێتەوە. وە لەم گۆڕستانەدا قەبری پاشاکانی بابان وە قەبری "محەممەدئاغای داروغا" وە گەلێك قەبری تر موحافەظە کراون. بەڵام لە هەموویان زیاترین قەبری "محەممەدئاغای داروغا" موحافەظە کراوە.

قەڵاچوالان مانای قەڵای چوالە بادامە، وە لەپێش شاری سلێمانییەدا یەکەمین جێگەی حوکمڕانیی بابانەکان بووە. جوانیی ئەم شوێنە، وە لەڕووی حەرەکاتی عەسکەرییەوە بەنیسبەت ئەو دەورەوە لە باشترین شوێن هەڵبژێرراوە کە بەرگریی دوژمنی تیادا بکرێت. لەم شوێنەدا کە شوێنی جەنگئاوەرانی مێژووییمانە، بۆ زانینی مێژووی ئەم خاکە پیرۆزە دوو شەو و دوو ڕۆژ مامەوە[٣٥]. یەکە یەکە زیارەتی قەبرەکانم کرد و فاتیحەم بۆ گیانی ئەم پاڵەوانانە خوێند کە لەپێناوی پاراستنی

---

[٣٣] کاك کەمالی مەجید بەگی پارێزەر ئەڵێت: ((لە باوکمم بیستووە کە ئاغاکانی سەرحەد لەبنەڕەتدا ئەچنەوە سەر خێڵی جوانڕۆ)). ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ، چونکە ژن و ژنخوازی لەنێوان هەردوولادا هەبوە. ئەم نووسینە و شەجەرە ئامادەکراوەکەی عەبدولعەزیز یامولکی دەریانخستووە: حەسەن ئاغا "خانزاد خان"ی کچی محەممەد خانی جوانڕۆ و ئەحمەد ئاغایش "حەلیمە خان"ی کچی تەقی بەگی جوانڕۆی هێناوە.

[٣٤] لە (د. ن)دا بە "محەممەدئاغای داروغا" هاتووە کە ڕاستە، بەڵام ناتەواوە؛ چونکە حەسەن ئاغا، بەپێی شەجەرەی بنەماڵەی خەندان، ئەحمەد ئاغا و محەممەد ئاغای داروغایشی هەبوون.

[٣٥] لە (د. ن)دا وتراوە: دوو ڕۆژ و شەوێك مامەوە.

**خاکی پیرۆزی نیشتمان، خاکی پیرۆزی کوردستانا، گیانی پیرۆز و سەروماڵیان فیدا کردووە. شەو و ڕۆژ بەوناوەدا گەڕام، بەرو بەر سەرنجم دا و گەڕام. وەك فیلمی سینەما ڕابوردووی ئەم پاڵەوانانە و مێژووی ئەم خاکە پیرۆزەم هێنایە بەرچاو. بەڵام سەد ئاه و حەسرەت بۆ ئەو سەردەمە ! جگە لە بیرەوەرییەکی کۆنی مێژوویی و ڕشتنی فرمێسکی بەخوڕ، هیچ دەسەڵاتێکم نەمابوو؛ جگە لەمەی ئەم شوێن هەوارگە پیرۆزە و کێلی ئەم قەبرانە نەبێت کە بیانکەم بە شاهیدی مێژووییمان و سەرگوزشتەی گەلی نەبەزی ئەم نیشتمانە.**

**قەڵاچوالان کەوتۆتە باکووری شاری سلێمانی، نزیکی ٢٠ کیلۆمەتر دوورە[٣٦]. لە ساڵی ١٧٧٩ی زاینی و ١١٩٦ی هیجری (کۆچی)دا، پاشای بابانی ئیبراهیم پاشا بینای شاری سلێمانیی داناوە، وە لە گەڕەکی مەڵکەندی سەرای پادشایی بینا کردووە[٣٧]. ئەو سەردەمە هەموو دەوری شاری سلێمانی دارستان بووە. وە لە ساڵی ١٧٨٤ی زاینیدا شوێنی حوکمڕانیی بابانی گوێزراوەتەوە سلێمانی. وە لەم تاریخەدا خێزانی خەندان گواستوویانەتەوە، هاتوونە سلێمانی لە کانێسکان، یەعنی لە کانی ئاسکان، دانیشتوون[٣٨].**

---

[٣٦] ژمارە (٥)یش لەسەر دووی "٢٠"ەکە لێدراوە. واتەی بە "٥٠" و "٢٠"یش ئەخوێنرێتەوە. بەڵام قەڵاچوالان ڕاست هەر ٣٠٠ کم"ێك لە سلێمانیی‌یەوە دوورە (عبد علي حسن الخفاف، التركيب الوظيفي لمدينة السليمانية الكبرى، "زانكو" (مجلة)، السليمانية، ملحق ١، مجلد ٣، العدد ٢، ١٩٧٧، ص٥).

[٣٧] ئەوە مەحموود پاشای سلێمان پاشای بابانی مامی ئیبراهیم پاشای بابان بووە کە ساڵی ١١٩٦ك (١٧٨٠-١٧٨١ز) ئەو سەرایەی لە سنووری دێی مەڵکەندی بینا کردووە (محمدأمين زكي، تاريخ السليمانية وأنحائها، ترجمة محمدجميل بندي الروزبياني، ط٢، السليمانية، ٢٠٠٢، ص١٠٥-١٠٦).

[٣٨] عەبدولعەزیز یامولکی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویە: خانوەکانی نزیکی (مزگەوتی گەورە) بەشێکی زۆریان تائێستا بەدەست خزمەکانی دایکمەوەیە. خانوەکەی حسێن پاشا لە گەڕەکی کانێسکان و پشت مزگەوتی گەورەیە؛ کە ساڵی ١٨٥١ سلێمانیی بەجێ‌هێشت، درایە عوسمان پاشای ئامۆزای و دوای ئەویش درایە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٣ لەم بارەیەوە وتی: باوکم تا لە سلێمانی بوو، هەر لەو خانوە گەورەیەی پشت مزگەوتی گەورە دائەنیشت کە بووبووە موڵکی ئێمە و تا کۆتاییی ١٩٧٩یش مابوو. بەڵام سێ ساڵ بوو کێشەی نێوان ئێمە و کرێچییەکانمان خرابووە بەردەم دادگا، دواجار بە

له دەوری حوکمڕانیی بابانەکان، "ئەحمەد ئاغا" یەکەمین پیاو بووە کە لەگەڵ ئەحمەدپاشای بابانا لەشکرئاراییی کردووە و کاربەدەستیی ناوچەی گوڵعەنبەر، چنگیان، شارباژێڕ و شێخەڵماڕێن و ڕەنگێنەی کردووە؛ وە لەو ناوچەیەدا لەشکری کۆکردۆتەوە، وە بۆ هەموو لێقەومانێك بە فریادا گەیشتووە.

"ئەحمەدئاغا" وەها بە ناوبانگ بووە کە زۆر بەقووەت بووە و زۆر ژنی هێناوە. یەکێك لە ژنەکانی لە بەگزادەی جوانڕۆ لە دێی جامڕێز، کچی هەرە بەهێزترین سەرۆکی عەشیرەتی جوانڕۆیی "تەقی بەگ" کە ناوی "حەلیمەخان" بووە، هێناویێتی، کە لە "حەلیمەخان"، "حسێن پاشا" و "سلێمان بەگ"[٣٩] بووە؛ لە ژنەکانی تری "مەحموودپاشا"، "مەعرووف بەگ" وە "عەبدوڕەحمان بەگی بانق"[٤٠] وە "عاصمەخان" کە لەگەڵ بریندار ئاغا[٤١] یانزدە کوڕ و کچێکی بووە، کە ناوی ئەمانە لە درەختی ژیانا نووسراوە. من خۆم چاوم بە "مەعرووف بەگ" و "عەبدوڕەحمان بەگ" و "عاصمە خان" کەوتووە و گفتوگۆم لەگەڵا کردوون. وتیان:

---

قازانجی ئێمە شکایەوە. سەرەتای ١٩٨٠ ڕووخاندمان، کرایە گەڕاجی پاسەکانی گەڕەکەکانی کارێزەوشك و مامۆستایان و مەجید بەگ و، پاشتر بە ڕیزە دووکان.

[٣٩] بەڕێزان کەمالی مەجید بەگ و دکتۆر دار تۆفیق و، عەبدوڵڵای مەجید بەگیش لە وتاری "بنەماڵەی خەندان"ی نێو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ، ژ ٨٥٢، ١٩٩٥/١٢/٢)دا، ئەڵێن: ئەمە سلێمان بەگی قەوواسە، ناسناوی "قەوواس"ەکەی لەوەوە هاتووە کە نیشان شکێن و دەستڕاست بووە.

[٤٠] عەبدوڕڕەحمان بەگ، بەپێی دووەم تۆمار "سجل" دادگای شەرعیی سلێمانی لە یەکەم حوکمدارییی شێخ مەحموودی نەمردا کە ڕۆژی ١٩١٩/٧/٧ کراوەتەوە و لەلای مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسفە، بەڕێوەبەری بانقی سلێمانی بووە؛ پاشتر لێخراوە و کراوەتە مەئمووری بانق. بە قسەی کاك کەمالی مەجید بەگ، ئەم ناسناوی "بانق"ـەی لەوەوە بەسەردا براوە. گەورەپیاوانی بنەماڵەی خەندانی وەك سەعیدپاشا و شەریف پاشای کوڕی، کاتی خۆی گەلێك نامە و نووسراویان بۆ ناردووە کە لە سنووقێکی هەشتەرخاندا پارێزرابوون. بەڵام ساڵی ١٩٦٣ لە هاتنە سەرتەختی بەعسیەکاندا سووتێنراون.

[٤١] بەڕێز سورەییاخانی عەلیی بریندارئاغای هاوسەری خولێخۆشبوو ڕەئووف حیشمەت، ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٨ وتی: بریندار ئاغا ناوی محەمەد و ئەفسەرێکی پلە "موقەددەم"ی سوپای عوسمانی بووە و لە شەڕدا بریندار کراوە، بۆیە ناوی محەمەد بریندارئاغای لێ نراوە. هەر کچ و کوڕێکی خورشیدخان و عەلی بەگ ناوانی هەبوە. من ئێستا مووچەی خانەنشینیەکەی ئەو وەرئەگرم. بریندارئاغا مێردی عاسمەخان بووە. لە عەتێی ڕەسووڵ مەستیی دایکمم بیستووە کە عاسمەخان خوشکی نەبوە.

خێزانی "مصطەفا بەگ" کە کوڕی "تەقی بەگ"ـە، لە بەعقووبە- قەرەتەپە نزیک بە عائیلەیەکە (عوریانی) مەشهوورە. بەوە هەندێکیان لەم خێزانە بووە. "شەهناز خان" کە ژنی "سلێمان پاشا" بووە، ١٢٠ساڵ ژیاوە وە لە ساڵی ١٣٣٢ی ڕۆمی[٤٢] وەفاتی کردووە.

لە ساڵی ١٨٢١ی زاینیدا بە سەرکردەییی پرنس محەمەدعەلی میرزا لەشکری ئێران هاتوونەتە سەر بابانەکان، وە تەجاوزی سنووری وڵاتی بابانیان کردووە؛ ناوچەی گوڵعەنبەر و دەوری (خورماڵ)یان وێران کردووە. لەم ڕووەوە دێهاتی "ئەحمەد ئاغا"ش وێران کراوە. قەبری "ئەحمەد ئاغا" و "سلێمان بەگ"ی کوڕی لە سلێمانی، لە گردی سەیوان نزیک بە قەبری بابان "سلێمان پاشا" نێژراون.

بەهۆی ئەمەوە هەندێك لە پاشاکانی بابانەکان لایەنگری عوشمانلی وە هەندێکیان لایەنی ئێرانیەکانیان گرتووە، وە بەهۆی دووبەرەکیەتیی ناوخۆیانەوە، حکوومەتەکەیان لەناوبردووە. وە لە ساڵی ١٨٤٧ی زاینیدا حکوومەتی ئێران و عوشمانلی لەبەینی خۆیانا ڕێك کەوتوون وە پەیمانیان بەستووە کە ناوچەی شارەزوور و دەوروبەری لەژێر ئیدارەی حکوومەتی عوشمانلیدا بێت[٤٣]. ئەمەیش لەڕووی دووبەرەکیەتیی ئەمیرانی بابانەوە بووە. تەنیا بەمەیش دوایی نەهاتووە، لەبەینی "عەبدوڵلا پاشا"و "ئەحمەد پاشا"دا دائیمەن شەڕ و هەرا بووە، وە بەتەواوی بوونەتە هۆی وێرانکردنی وڵاتی کوردان. لەم بابەتەوە "میستەر ڕیچ" کە پیاوێکی سیاسیی ئینگلیزە، لە ساڵی ١٨٢٠ی زاینیدا کە چۆتە سلێمانی وە گەشتی ناوچەی کوردستانی کردووە، لەم بارەیەوە کتێبێکی بە ئینگلیزی نووسیوە، دوورودرێژ ئەم باسەی کردووە[٤٤].

لە ساڵی ١٨٥١ی زاینیدا حکوومەتی عوشمانی، لەڕووی ناکۆکیی بەینی پاشاکانی بابانەوە، لەگەڵ حکوومەتی ئێرانا ڕێك کەوتن وە ئەم ناکۆکییەی بەینی پاشاکانی

---

[٤٢] واتە ١٩١٦.

[٤٣] مەبەستی دووەم پەیمانی ئەرزڕۆمە کە ساڵی ١٨٤٧ لەنێوان هەردوو حکوومەتی ئێران و عوسمانیدا بەسترا. بۆ دەقی پەیمانەکە بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چ٢، سلێمانی، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٢٥٨-٢٦٠.

[٤٤] واتە کلودیوس جیمس ریچ، رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠.

بابانیان بە هەل زانی، بڕیاریان دا کە دوایی بە حکوومەتەکەیان بهێنن[٤٥]. لەپێشەوە "ئیسماعیل پاشا" ناوێك نێرراوە بۆ سلێمانی، کردوویانە بە قائیمقام. لەپاشا کردوویانە بە موتەصەڕیف[٤٦]. وە بەم بۆنەیەوە "عەبدوڵلاپاشا" و "ئەحمەدپاشا" لەگەڵ ئەمانا کوڕە گەورەی "ئەحمەدئاغا" لەگەڵ پیاوماقووڵیان "حسێن پاشا" کە کوێخای "ئەحمەدپاشای بابان" بووە، نێرراون بۆ ئەستانبووڵ[٤٧]. وە ڕەوانەکردنیان بە فەرمانی "عەبدولحەمیدخانی دووەم" بووە[٤٨] و زۆر بە ئیحتیرامکارانە ڕەوانەیان کردوون. لەدوای ڕەوانەکردنیان، "عەزیزبەگی بابان" لە تورکەکان ڕاست بۆتەوە، تا ماوەی حەوتساڵ شەڕی لەگەڵ عوثمانیەکان کردووە، نەیهێشتووە پشوو بدەن.

باپیرم "حسێن پاشا" کە بەم هۆیەوە ڕەوانەی ئەستانبووڵ کرابوو، "سەعیدپاشا"ی خاڵم لە ماڵ نەبوە. هەروەکوو سەعیدپاشای خاڵم ئەم باسەی بۆ کردم، وا منیش بەڕاستی ئەم باسەتان بۆ ئەنووسم:

وتی: ئەسپێکم هەبوو، زۆرم خۆش ئەویست. هەموو بەیانییەك ئەمبرد ئاوم ئەدا و بە سواری ئەسپەکەم ئەچووم بۆ گەڕانی دەوری شار. ئەوکاتە لە تەمەنی دوانزدە

---

[٤٥] ئەو ساڵە ١٨٥٠یە کە حوکمی بابانەکانی بەتەواوی تێدا پێچراوەتەوە (الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف، ادارة العراق، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٦١؛ میراتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، ل٢٠١).

[٤٦] بە ئیسماعیل پاشای ڕۆمی ناسراو بووە، وەك "سالم"ی شاعیریش لە چامەیەکی ئەو ڕۆژگارەیدا وا ناویی هێناوە (میرایەتی بابان..، ل١٨٦).

[٤٧] هیچ سەرچاوەیەك باسی ئەوەی نەکردووە کە ئەوانە پێکەوە و هاوکات نێردرابنە ئەستانە. جێی باسە، ١٨٤٦ بەپێی بەڵگەنامەیەکی تورکیی "ناوەندی بەڵگەنامەی عوسمانی" لە ئەستەمووڵ کە نووسراوی ڕۆژی ٢٦ی شەعبانی ١٢٦٢ ك (١٩٤٦/٩/٢٧)ی وەزارەتی دارایی‌یە و وێنەی لەلای مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفە، سوپاسی ئەکەم کە ڕێی دام سوودی لیٚ وەربگرم، دوا ساڵی حوکمی ئەحمەد پاشایە. لەوەبەدوایش ئاوارەی دیوی کوردستانی ئێران بوو و پاشان ڕووی کردە شەمزینان و لە مووسڵ خۆی بە دەستەوە دا و برایە ئەستەمووڵ. بەڵگەنامەی عوسمانیی ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٢٦٦ی ڕۆمی (١٨٥٠/١٢/٤)، وای پیشان داوە کە ئەحمەدپاشا کۆتاییی ١٨٥٠ ڕەوانەی ئەستەمووڵ کراوە. عەبدوڵلا پاشایش کە سەرەتا کرابووە قایمقامی سلێمانی، گوێزراوەتەوە بۆ قایمقامییەتی دیوانییە بە پلەی میری میران، هەر ئەوساڵە ئیسماعیل پاشای لە جیٚ بە قایمقامی سلێمانی دانراوە. عەبدوڵلاپاشا دواتر براوەتە بەغدا و گل دراوەتەوە، تا لەوێوە نێردراوە بۆ ئەستەمووڵ ( میرایەتی بابان، ل ١٦٧–١٦٨، ٢٠٠، ٢١٠–٢١١).

[٤٨] ئەوکاتە سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩–١٨٦١) لەسەر تەخت بووە، نەك عەبدولحەمیدی دووەم کە ساڵانی (١٨٧٦–١٩٠٩) سوڵتانی عوسمانی بووە (المنجد فی الاعلام، ط ٩، ص٤٤٨).

ساڵیدا بووم[49]. وە وەقتێ کە گەڕامەوە ماڵەوە، باوکم دیار نەبوو. کە هەواڵی باوکم پرسی؟ وتیان باوکمیان بردووە. دەسبەجێ منیش سواری ئەسپەکەم بووم و، ڕێگای کەرکووکم گرتەبەر. لە (کانی شەیتان)[50] گەیشتمە لایان. ئەوانەی لەگەڵ باوکما بوون، وتبوویان: ئەبێ ئەم سوارە کێ بێت وا هات؟ کە نزدیك بوومەوە، عەبدوڵلاپاشا ویستی بمگەڕێنێتەوە. بەڵام باوکم نەیهێشت و وتی: مادام هاتووە، خێری پێوەیە. لەگەڵ خۆما ئەیبەم. بەمجۆرە منیش لەگەڵیان هاتم بۆ ئەستانبووڵ.

کاتێك گەورەکانی بابان گەیشتنە ئەستانبووڵ، عەبدولحەمیدخان پاشاکانی بابانی زۆر بەحورمەتەوە قوبووڵ کرد وە خەڵاتی کردن. "حسێن بەگ"یش لەگەڵ ئەوانا بوو[51]، ڕوتبەی (میری میران)ی دایە. لەپاشانا ڕوتبەی پاشایەتیی پێداوە. "سەعید بەگ"ی کوڕی بانگ کردە لای خۆی، دەستی بە سەرا هێناوە وە دڵنەواییی کردووە.

لەبەرئەمەی ماڵ و منداڵی "حسێن پاشا" لە سلێمانی مابووەوە، لەسەر فەرماندەییی سوڵــطان عەبدولحەمید[52]، کچی سەرعەسکەر "مصطەفاپاشای مەرزیفوونی"یان لێ مارە کرد. لەبارەی چۆنیەتیی ئەم ژنهێنانەوە، دایکم وە خاڵم "سەعیدپاشا" چۆنیان بۆ گێڕاوەمەتەوە، وا منیش بێکەموزیاد بۆتان باس ئەکەم:

لە ڕۆژی ژنهێنانی "حسێن پاشا"ی باپیرمان، دەستە و دائیرەی سەرای هۆمایۆن لە مەیدانی بایەزید کۆبۆتەوە. کە چوونەتە ماڵی مصطەفا پاشای مەرزیفوونی، بەپێی ڕەوشتی ئەو سەردەمە بە تەرتیبی (الافرانکە)[53]، بووکێ خۆی ئارایش داوە و

---

[49] ئەگەر ڕاست ساڵی ١٨٥٠ برابنە ئەستەمووڵ، دەبێ تەمەنی ١٦ ساڵ بووبێ؛ چونکە ١٨٣٤ لەدایك بووە (خارجیە ناظری دولتلو محمدسعید دولت علیە عثمانیە خارجیە نظارت جلیلەسنك سالنامەسیدر، مطبعە عثمانیە، ١٣٠٦، ص٤٩١).

[50] نزیك بە دەربەندی بازیان و ڕێگای سلێمانی– کەرکووك بووە.

[51] "محەمەدئەمین زەکی"ش ئاماژەی بۆ چوونی حسێن پاشا لەگەڵ ئەحمەدپاشای باباندا کردووە بۆ ئەستەمووڵ. بەڵام حسێن حزنی موکریانی بەهەڵەدا چووە کە وتوویە سلێمان بەگی قەوواس لەگەڵ پاشادا چووە و بە باوکی سەعید پاشایشی داناوە (محمدأمین زكي، مشاهير الكرد و كردستان، ترجمة كريمته، ج ١، بغداد، ١٩٤٥، ص٢٣٦؛ حسين حزنى مكريانى، تاريخى حكمدارانى بابان، ل١٦٩، ١٧٠).

[52] ئەوە سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمە.

[53] واتە ڕێوڕەسمی فەڕەنگیانە.

تا سەر شاە نووشینی[54] سەر پێپلیکە چووە بەپیر زاوا "حسێن پاشا"وە. هەریەکەیان لەسەر قەنەبەیەك[55] دانیشتوون، چاكوچۆنییان لەگەڵ یەکا کردووە. لەدوای کەمێك خوانی نانخواردن ڕێك خراوە و بە (قاڵدیرقۆ)[56]ی تورکی خواردنیان بۆ هێناون، وە خانمیش لەگەڵ زاوادا دەسی کردووە بە نانخواردن. بەڵام باپیرم "حسێن پاشا" لە سلێمانی ژیاوە و، فێری ئەم ڕەوشتە نەبوە کە ژن لەگەڵ پیاوا دانیشێت نان بخوات. باپیرم کە ئەم حاڵەی دیوە، هەر پیشی خواردۆتەوە، لەکاتی نانخواردنا خۆی گرتووە، هیچ قسەی نەکردووە. بەڵام لەدوای نانخواردن، کە چووە بۆ دەسشتن، بووکێ کە خاولیی دەس سڕینی بۆ ڕاگرتووە، ئیتر خۆی پێ نەگیراوە، وتوویە:((ژنەکە تۆ قەحبەی، حەیات تکاوە)). لەسەر ئەم قسەیە ژنەکە شڵەژاوە و دەسی کردووە بە گریان، وە باپیریشم دەسبەجێ ماڵەکەی بەجێ هێشتووە.

بۆ ڕۆژی دوایی سەرعەسکەر چۆتە لای سولطان، کردەوەی ئەم لاوە کوردەی بۆ گێڕاوەتەوە و داوای لە سولطان کردووە کە لە هۆی ئەم کارەساتە بپرسێتەوە. سولطان عەبدولحەمیدخان[57] "حسێن پاشا"ی بانگ کردووە و چۆنیەتیی ئەم بەسەرهاتەی لێ پرسیوە. ئەمیش بە ڕاستی هەرچی بووە بە دڵصافی هەمووی عەرضی پادشا کردووە و وتوویە: پادشاهم ئەم بێشەرمە چۆن لەگەڵ منا وەها موعامەلە ئەکات؟! پادشا لەبەر پێکەنین وەخت بووە لە هۆش خۆی بچێ، وە شێخول ئیسلامی بانگ کردووە فەسخی نیکاحەکەی کردوون.

لەدوای ئەمە حسێن پاشا بووە بە والیی "یمن- یەمەن"، وە سەعیدبەگی کوڕی بە فەرمانی سولــطانی لە ئەسنابوول لە سەرای غەڵەتە"غلطه سرای- غەڵەطە سەرای"

---

[54] ڕاستیەکەی شاهنشین یا شانشینە کە سەکۆیەکی سەرداپۆشراوی نزیك پەنجەرەی ناو هۆدەیە، خانووی کۆنی کوردەواری لەشاردا بۆی کراوە.

[55] قەنەبە: قەنەفە، کورسیی درێژی سێ چوار کەسی.

[56] قاڵدیرقۆ: (کاك شێرزاد کەریم شالووم بەسوپاسەوە وا لێکی دایەوە) خواردنی هەمەجۆریان لەسەر سینیی گەورە بۆ گێڕاون و، هەریەکێك چۆنی حەزکردبێ بەشی خۆیی لێ وەگرتووە.

[57] ئەبێ سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم بووبێ، چونکە ناشێ حسێن پاشا کە لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابانەوە چووەتە ئەستەموول و ساڵی ١٨٨٦ کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٨٧٦ بەدواوە کە یەکەم ساڵی هاتنە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمە، ژنی هێنابێ، لەکاتێکدا پاشتر دوو ژنی تریشی هێناوە.

که تازه کراوەتەوە، داخڵ بە مەکتەبی سولطانی کراوە، وە لەوێ خوێندنی تەواو کردووە. باپیرم "حسێن پاشا" کە لە یەمەن ماوەتەوە، ئاووهەوای یەمەنی پێ نەکەوتووە. لەپاشانا گەڕاوەتەوە ئەستانبووڵ، وە لەوێ ماوەتەوە.

باپیرم کە لە یەمەن بووە، لەگەڵ دایەگەورەم ظەفەر خانم کچی عەبدوڵلا کە گەڕاوەتەوە ئەستانبووڵ، لە جنسی چەرکەس ژنی دووەم "سەرافراز خانم"ی مارە کردووە، وە پێکەوە ژیاون؛ لە "ظەفەر خانم" پوورم "حەبیبە خانم" و دایکم "صەفییە خانم" بووە، وە لە "سەرافراز خانم" خاڵم "ئەحمەدعیززەت بەگ" و "سلێمان بەگ"ی بووە.

"حسێن پاشا" لە ساڵی ١٣٠٢ی ڕۆمیدا[٥٨] وەفاتی کردووە، وە بە ئیرادەی سوڵـطانی لە گۆڕستانی سولطان مەحموودخان (توربە) نێژراوە. ئەم شوێنە لە جادەی ترامواى کە بەسەر دەرگای گەورەی توربە ئەڕوانێت، کە ئەچیتە ژوورەوە بەلای چەپا قەبری "حسێن پاشا" ئەبینرێت. یەك فۆتۆگرافی خاڵزادەم لەلای شەریف پاشا دەس کەوت وە بۆ یادگار لای خۆم هێشتمەوە؛ کە لە کتێبێکا کە "شەریف پاشا" لەژێر ناوی "قرواسان" لەبارەی ئەهلی صەلیبەوە بڵاوی کردۆتەوە، وێنەی ئەم فۆتۆگرافە هەیە[٥٩].

"سەرافرازخانم" لە ٣٤ی مارتی ١٣٢٥ی ڕۆمی/ ١٩٠٩ی میلادی ڕۆژی سێشەممە وەفاتی کردووە، وە لە "سولطان ئەییووب" نێژراوە. بەڵام دایەگەورەم "ظەفەر خانم" بە دیزانتری لە ٢٢ی ئۆغستۆسی ١٣٢٧ی ڕۆمی و ١٩١١ی زاینیدا ڕۆژی سێشەنبە لە تەمەنی هەشتاویەك ساڵیدا وەفاتی کردووە، چونکە لە دکتۆرەکانی ئەوکاتە "دکتۆر ئیحسان" بە غەڵەط تەشخیصی نەخۆشیەکەی کردبوو، بە (کۆلێرا)ی زانیوە، نزیك بە (گۆڕستانی قاسم پاشا) بەتەنیشت (قولاقسز تەکیە) نێژراوە[٦٠]. وە لەنزیك ئەم

---

[٥٨] واتە ١٨٨٦.

[٥٩] ناوی ئەو کتێبە لە (د. ن)دا "کوردامان"ە و بە فەڕەنسی نووسیویە.

[٦٠] لە (د. ن)دا نووسراوە: ((.. لەسەر بڕیاری دائیرەی صیحییە لە صندووقێکی چینکۆدا لە "قاسم پاشا" نزیك بە مەقبەرەی (طویمز دەرە) نزیك بە تەکیەی قولاقسز نێژراوە)). قولاقسز، شارۆچکەیەکی ناحیەی بەخشیخانی ڕۆژهەڵاتی شاری ئەنقەرەیە.

گۆڕستانەوە، قوماندانی نموونە طۆپچی ئالآیی "حوسنی پاشا"[٦١] وە لە تەنیشتیەوە خوشکەزام "کوجولە درین" نێژراوە.

باپیرم "حسێن پاشا" ئەو موددەتەی کە لە ئەستانبوولٚ ماوەتەوە، ژنی گەورەی "یاعەنبەرخانم" وە کچەکانی "فاطمە" وە "حەلیمە"خانم لە سلێمانی ماونەتەوە. "فاطمەخانم" لە خزمەکان بە "عەلی ئاغا"[٦٢] وە "حەلیمەخانم" بە "عەلیپاشای کەتانە" شوویان کردووە. ئەمانە کە باوکیان لە ئەستانبوولٚ وە دایکیان "یاعەنبەرخانم" لە سلێمانی بووە وەفاتی کردووە، هەردوو مێردەکانیشیان وەفاتیان کردووە. "سەعیدپاشا"، فاطمەخانم" و "حەلیمەخانم"ی بانگ کردوون بۆ ئەستانبوولٚ، وە هەمووی بەخێوکردوون وە لەوێ ژیانی تەئمین کردوون.

ماڵی باپیرم "حسێن پاشا" لە ئەستانبوولٚ بە (ماڵی کورد) ناسراوە. لە سلێمانیەوە هەرچی کەسێك چووبێت، لەوێ میوان بوون. باپیرم کە خۆی مابوو، پوورم "حەبیبەخانم"ی داوە بە یەکێك لە ئەهالیی سلێمانی قائیممەقامی عەسکەری "عەبدولقادربەگ". بەڵام دایکم "صەفییەخانم" لە ٢٥ی ئۆغستۆسی ١٣٠٢ی ڕۆمیدا[٦٣]، داویەتی بە باوکم "مصطەفا پاشا یامولکی"؛ لەکاتێکا کە لە ئەرکانی حەربییەدا خوێندویێتی، لێی مارە کردووە. وە لە ٣ی مایسی ١٨٨٨ی زاینی و ١٣٠٤ی ڕۆمیدا لە ڕۆژی ٣٧ی مانگی شەعبان ساڵی ٣٠٥ی هیجریدا[٦٤]، لەدوای مردنی باپیرم، دایکم "صەفییەخانم"ی گوێزراوەتەوە.

کە باپیرم وەفاتی کردووە، سولطان عەبدولحەمید خان هەریەکی ٤٥٠ قرۆش مانگانە (ئەو وەقتە ئەم پارەیە زۆر بوو)ی بۆ هەردوو ژنەکان وە چوار کچەکەی بڕیوەتەوە، وە ئەم مانگانەیە تا ئیعلانی مەشرووطییەت[٦٥] دەوامی کردووە.

---

[٦١] زۆر پێئەچێ ئەمە حوسنی پاشای پوورزای شەریف پاشا بێ کە کوڕی حەلیمەخانی کچی حسێن پاشا و ژنی عەلی پاشای کەتانەیە.

[٦٢] مادام نووسیویە عەلی ئاغا خزمە، ئەبێ عەلی ئاغای پارەپیسی کوڕی محەمەدئاغای دارۆغای برای ئەحمەدئاغا بێ، وەك لە شەجەرەکەدا ناوی هێنراوە.

[٦٣] واتە ١٨٨٦.

[٦٤] واتە ١٨٨٨.

[٦٥] واتە دووەم مەشرووتییەت کە ٢٤ی تەمووزی ١٩٠٨ بە گوشاری ئیتیحادیەکان ڕاگەیەنرا.

**محەمەدسەعید پاشا:**

له سلێمانی له "یاعەنبەرخانم" لەدایك بووه[٦٦] و لەگەڵ باوکی "حسێن پاشا"دا بیست ساڵ تەمەنی فەرقی بووه[٦٧] و له ئەستانبووڵ له "غەڵەطه سەرای" له "مەکتەبی سولطانی" خوێندنی تەواو کردووه[٦٨]؛ وه له نەظارەتی خارجییه[٦٩]دا له تەرجەمەی زمانا دانراوه[٧٠]، وه که هێشتا لاو بووه، لەپاشا هاتووه بۆ نەظارەتی داخلییه[٧١]. زۆر وەظیفەی گەورە گەورەی بینیوه[٧٢]، وەکوو له قافقاسیا، قارس[٧٣] وه له

---

[٦٦] ١٦ شعبان ١٢٥٠ ك (١٨٣٤ز) لەدایك بووه (هەمان ساڵنامەی ساڵی ١٣٠٦ی ڕۆمیی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ل٤٩١/ كاك شێرزادی کەریم شالووم دەقی تورکیی ژیاننامەی سەعیدپاشای لەم سەرچاوەیەدا بۆ کردمە کوردی، سوپاسی ئەکەم).

[٦٧] ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەبێ حسێن پاشا ١٨١٤ لەدایك بووبێ.

[٦٨] سەعیدپاشا ساڵی ١٢٦٦ ك (١٨٥٠ز) خراوەتە قەڵەمی تەرجەمەی بابی عالی و پلەی دووەمی "صنفی متمیزە"ی بەدەست هێناوە و به "خولەفا" دانراوە (هەمان سەرچاوە، ل ٤٩١).

[٦٩] واته وەزارەتی دەرەوە.

[٧٠] کۆتاییی ١٢٧٤ك (١٨٥٧-١٨٥٨ز) به موتەرجیمی یەکەمی بابی عالی دامەزراوە (هەمان سەرچاوە، ل٤٩١).

[٧١] واته وەزارەتی ناوخۆ.

[٧٢] سەعید پاشا دوای چوونی بۆ "بولی" بۆ لێکۆڵینەوە له کێشەی نێوان خەڵکەکەی و مەئمووڕانی بیانی، که گەڕاوەتەوە ١٣ ربیع الاول ١٢٧٦ (١٨٥٩) پلەی پێنجەمی مەجیدیی دراوەتێ. ئەوکاتە لەگەڵ ئەدهەم پاشای سەروەزیری پێشوودا چووەتە "هۆجەبەگە" بۆ پێشوازیی ئەلکساندەری دووەمی ئیمپڕاتۆری ڕووسیا. بۆیە دەوڵەتی ڕووسیا پلەی دووەمی نیشانی "سانت ئان"ی پێ بەخشیوە. ١٦ صفر ١٢٧٩ (١٨٦٢) کراوە بە سەرۆکی دووەمی ئەنجومەنی ڕیاسەت له ئەستانە، ٣ ذي الحجة ١٢٨٠ (١٨٦٤) بە سەرۆکی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە، ٣ صفر ١٢٨٢ (١٨٦٥) بە پلەی یەکەم و پێڕی دووەم بووە بە بەڕێوەبەری کاروباری بیانیی ویلایەتی سووریە و، دوادواییەکانی ڕەجەبی ١٢٨٣ (١٨٦٧) وازی لێ هێناوە. ٢٢ صفر ١٢٨٤ (١٨٦٧) پلەی میری میرانی وەرگرتووە و کراوە بە موتەسەڕیفی (یانیە)، بەڵام نەچوە و ١٤ جمادی الاخر ١٢٨٤ (١٨٦٧) بووە بە موتەسەڕیفی (مدللو). ٨ ربیع الاول ١٢٨٥ (١٨٦٨) بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی "بەگلەربەگی"، بووە بە موتەسەڕیفی (قوبرس). ئەو ماوەیە، ١٧ محرم ١٢٨٦ (١٨٦٩) نیشانی پلە چوارەم و ٦ شعبان ١٢٨٦ (١٨٦٩) هی پلە دووەمی مەجیدیی دراوەتێ. دەوڵەتی ئیتاڵیایش نیشانی پلە دووی "قورون دیتالی"ی پێ بەخشیوە (هەمان سەرچاوە، ل٤٩١-٤٩٢).

بوڵغاریا لە وارنە کە لەو سەردەمەدا ویلایەتێکی عوسمانلی بووە. لەوکاتەدا سەعیدپاشا موتەصەڕیفی ورانە بووە[74]، لەگەڵ "موعەللیم ناجی"دا ناوسیاویی لە وارنە پەیدا کردووە. "موعەللیم ناجی" چی بووە؟ بۆ خوێندەوارانی ئەنووسم:

"موعەللیم ناجی" لە ساڵی ١٢٦٦ی هیجری[75] لە ئەستانبووڵ هاتۆتە دنیا. لەپاشا لەگەڵ دایکی بۆ وارنە ڕۆیشتووە. ئەو وەقتە لە ١٩ ساڵیدا بووە، لە ڕوشدیەی وارنە کراوە بە مامۆستای دووەم. لەپاشا "سەعیدپاشا" کە کراوە بە موتەصەڕیفی وارنە، بە گەرمی چووە سەری قوتابخانەکانی وارنەی داوە. کە بینیی لەم قوتابخانەیەدا کە "موعەللیم ناجی"ی تیادا بووە، زۆر پێشکەوتووتر بووە، "سەعیدپاشا" "موعەللیم ناجی"ی پەسەند کردووە. ئەوسا "سەعیدپاشا" لەگەڵ "موعەللیم ناجی" قسەی کردووە و داوای لێکردووە کە زوو زوو هاتوچۆی بکات.

لەکاتێکا کە "سەعیدپاشا" ئەگۆڕرێت بۆ سنجاغی (طولجە)[76] ، "موعەللیم ناجی" لە مامۆستایەتی دەرئەچێت، ئەبێ بە کاتبی خاصی "سەعیدپاشا"، لە نیسانی ١٨٧٧ی میلادیدا کە لەبەینی عوپمانلیی و ڕووسدا شەڕ دەس پێئەکرێت، "موعەللیم ناجی" لە مەیدانی جەنگا لەگەڵ پاشا ئەبێت. لە پاش چۆڵکردنی (طولجە)، پاشا ئەکرێت بە موتەصەڕیفی (طرنوە)[77]. دیسان "موعەللیم ناجی" لەگەڵیا ئەچێت، وە تا ماوەیەك لەگەڵ پاشادا لە چادردا ئەژین. لەپاشا ئەگەڕێنەوە بۆ ئەستانبووڵ.

---

[73] سەعیدپاشا ٢ صفر ١٢٨٩ (١٨٧٢) کراوە بە موتەسەریفی "قارس"، لەبەرئەوەی ئاووهەواکەیی پێ نەکەوتووە، ٩ جمادی الاول ١٢٩٠ (١٨٧٣) دەستی لێ هەڵگرتووە (هەمان سەرچاوە، ل٤٩٢).

[74] ذي القعدة ١٢٩٠ (١٨٧٤) بووە بە موتەسەڕیفی وارنە، واتە شاری "ڤارنا"ی سەر کەناری دەریای ڕەش (هەمان سەرچاوە، ل٤٩٢).

[75] واتە ١٨٤٩-١٨٥٠.

[76] ١١ رجب ١٢٩٣ (١٨٧٦) نیشانی باڵای عوسمانیی بە پلەی سێیەم وەرگرتووە. ١٧ ربیع الاول ١٢٩٤ (١٨٧٧) بووە ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆمسیۆنی "طونە آوروپا" و موتەسەڕیفی سنجاقی "طوڵچی" (هەمان سەرچاوە، ل٤٩٢).

[77] ٢٨ جمادی الاول ١٢٩٤ (١٨٧٧) بووە موتەسەڕیفی سنجاغی "طرنوی". کە لە شەڕدا داگیرکرا، گەڕایەوە بۆ "عثمان پازار" و ئەمجا ئەستەمووڵ. ٧ جمادی الاول ١٢٩٥ (١٨٧٨) بە نیشانی باڵای عوسمانیی پلە دووەوە کراوە بە موتەسەڕیفی سنجاغی (ترحالە) (هەمان سەرچاوە، ل٤٩٢-٤٩٣).
جێی وتنە، (طرنوی)، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری (قرقلر ایلی)ی ڕۆژاوای تورکیایە.

لەدوای ماوەیەك كە "سەعیدپاشا" ئەكرێت بە موتەصەڕیفی (یەنی شەهر)[78]، "موعەللیم، ناجی" ئەبێ بە كاتبی مەحكەمەی جینایەت، وە لە غیابی موستەنطیقەكان "موعەللیم ناجی" موحاكەمەی جانی و پیاوخراپەكان ئەكات. لەوكاتەدا دەربارەی خۆی ئەم شیعرە ئەنووسێت:

تخلیصنە یوقمی بر دعاجی

جانیلر ایچندە قالدی ناجی

ماناكەی:((نییە دوعاخوازێك تێك بدا ناجی، لەناو پیاوكوژانا ئەژی ناجی))[79].

لەپاشا كە "سەعیدپاشا" گەڕاوەتەوە ئەستانبوولْ، "موعەللیم ناجی" جبە و مێزەرەكەی فڕێ داوە و لە وەظیفە لەگەڵیاندا ئەچێ، شوێن "سەعیدپاشا" ئەكەوێ. لەپاشا كە بە فەرمانی پادشایی بووە موفەتیشی ناوچەی فورات و دیاربەكر و ئەرزڕۆم، مەعموورەت ئەلعەزیز و سیواس و طەرەبزوون، ناجی تا ماوەی نۆ مانگ لای "سەعید پاشا" ئەمێنێتەوە. لەدوای ئەمە، "سەعیدپاشا" كە كراوە بە والیی (جزائر بحر سفید)[80]، "موعەللیم ناجی"ی كردووە بە باشكاتب و، موعەللیم ناجی لەوێ خووی داوەتە شیعر و ئەدەبیات و نووسینی ناردووە بۆ ڕۆژنامەكانی عوثمانی وە ناوبانگی پەیا كردووە.

لە ساڵی ١٣٠٢ی ڕۆمی "سەعیدپاشا" كراوە بە ناظری خارجییە[81]و "موعەللیم ناجی"ی بردۆتە لای و وەقتێ كە پاشا كراوە بە سەفیری فوقەلعادە لە بەرلین٨٢،

---

[78] لە ژیاننامەی ناو ساڵنامەی ئامارژەبۆكراودا كە سەرچاوەیەكی دەوڵەتیی بڕواپێكراوی پشت بەستووە بە دۆسیەی ڕەسمیی وەزیفەكانی، نەوتراوە بووە بە موتەسەڕیفی (یەنی شەهر). بۆیە ئەوە بە ڕاست نازانرێ.

[79] لە (د. ن)دا وا مانای لێك دراوەتەوە: دوعاگۆیەك نەبوو بۆ ناجی، ڕزگاری كات لە جانی. جانی، واتە تاوانكار.

[80] ٢٢ ذي الحجة ١٢٩٦ (١٨٧٩) كراوە بە موفەتیشی ئەنادۆڵ. كە گەڕاوەتەوە، نیشانی باڵای مەجیدیی پلە دووی وەرگرتووە. ١٨ ذي القعدة ١٢٩٧ (١٨٨٠) بووە بە ئەندامی كۆمسیۆنی باڵای كاروباری "نافیعە".٦ شعبان ١٢٩٨ (١٨٨١) نیشانی عوسمانیی بە پلەی یەكەم دراوەتێ و، بووە بە والیی (جزائر بحر سفید) (هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٣).

[81] ئەوە هەڵەیە كە ساڵی ١٣٠٢ی ڕۆمی (١٨٨٦) بووبێتە وەزیری دەرەوە "ناظری خارجیە"، چونكە ڕاست ٢٤ ربیع الاخر ١٢٩٩ (١٨٨٢) پلەی وەزارەتی بەدەست هێناوە، ٢٠ جمادی الاخری ئەوساڵە كراوە بە وەزیری دەرەوە، ١٤ محرم ١٣٠٠ (١٨٨٢) لێی دەرچووە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).

"موعەللیم ناجی" ماوەتەوە لە ئەستانبوولْ و لەگەلْ ڕۆژنامەی "ترجمان حقیقت" کە خاوەنەکەی "مەدحەت ئەفەندی" بووە، لەم وەقتەدا لەناو ئەدیبەکانی ئەستانبوولْدا ناوی دەرکردووە. لەپاشا موعەللیم لە مەکتەبی سولطانی و حوقووق بووە و، نووسینەکانی بەتەواوی سەرنجی پادشای ڕاکێشاوە. لە سالْی ١٣٠٧ی ڕۆمیدا[٨٣] کراوە بە مێژوونووسی ئالعوثمان و موستەوای ژین و ژیانی کە بەرزبۆتەوە، ئەوسا کچی ئەدیبی بەناوبانگ "مەدحەت ئەفەندی"ی هێناوە و پێکەوە ژیاون. "موعەللیم ناجی" لە مانگی ڕەمەضانی سالْی ١٣٠٩ی هیجریدا[٨٤] وەفاتی کرد و، بە فەرمانی پادشاه لە گۆڕستانی سولطان مەحموود نێژراوە.

"سەعیدپاشا" سێ سالْ لە بەرلین ماوە و لەپاشا بۆ پارس بە سەفیر کراوە٨٥ و، لەپاش دووەمین جار بۆتەوە بە وەزیری خارجییە و وەکیل وەزیری تەندروستی[٨٦]. لەپاشا بووە بە سەرۆکی شووڕای دەولْەت[٨٧] و تا مردنی لەم مەنصەبە گەورەیەدا ماوەتەوە.

لەوسەردەمەدا من منالْ بووم. کە ئەچوومە لای خالْم، هەوالْی شاری سلێمانیی لە من ئەپرسی و باسی گەڕەك و ناوچەکانی سلێمانیم بۆ ئەکرد. زۆری پێ خۆش بوو، چونکە خۆی هەموو بە فکری بووە. بە هیممەتی "سەعید پاشا" ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی کراوەتەوە و بەو هیممەتە بۆ پێگەیاندنی نەوەکانی و پێشکەوتنی نیشتمانەکەی ئەم مەکتەبەی لە سلێمانی کردۆتەوە[٨٨]؛ وە تا ژیاوە

---

[٨٢] ٧ جمادی الاول ١٣٠٠ بە سیفەتی بالْوێزی گەورە لە بالْوێزخانەی عوسمانی لە بەرلین دانراوە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).

[٨٣] واتە ١٨٩١.

[٨٤] واتە ١٨٩٢.

[٨٥] سەعید پاشا، بەپێی ئەو سەرچاوەیە، لە پاریس بالْوێز نەبوە.

[٨٦] ئەوە لە ١٥ ذي الحجة ١٣٠٢ و ١٢ی ئەیلوولی ١٣٠١ی ڕۆمی (١٨٨٥)دا بووە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).

[٨٧] لە سالْی ١٨٩٣دا (میر بصري، اعلام الکرد، ط ١، لندن، دیسمبر ١٩٩٠، ص٥٩).

[٨٨] ئەم قوتابخانەیە سالْی ١٣٠٩ی ڕۆمی (١٨٩٣ ز) کراوەتەوە. سەرەتا هەردوو پۆلی یەکەم و دووەمی هەبوە. سالْی ١٣١١ی ڕۆمی (١٨٩٥ پۆلی یەکەمی نێردراوە بۆ ئامادەیی عەسکەری لە بەغدا، دوای سێ سالْ لە ١٣١٥ی ڕۆمی (١٨٩٩)دا چووەتە قوتابخانەی جەنگ لە ئەستەموولْ (محمدأمین زکي، تاریخ السلیمانیة وأنحائها، ط٢، ص٢٢٩).

لەگەڵ خزم و کەس‌وکارەکانی لە سلێمانیدا موخابەرەی کردووە و هەموو خزمەکانیی بەسەر کردۆتەوە.

لەپێش مردنیا بە دوو ساڵ لە مەراسیمی خەرقەی شەریفدا کە هەموو وەزیرەکان بە سواری عەرەبانە لەپشت پادشاوە ڕۆیشتوون، ئەمما "سەعید پاشا" بە سواری ئەسپێکی سپی لەدوای عەرەبانەی سوڵـطان عەبدولحەمید خان ڕۆیشتووە.

لە وەقتێکا سوڵـطان (سەرای یڵدز)ی بینا کردووە، وە لە (نیشانطاش) مزگەوتی (تەشویقییە)ی دروست کردووە، بەرامبەر بەو مزگەوتە پارچە زەمینێکی گەورەی داوە بە پاشا وە لەوێدا خانوویەکی گەورەی کردووە. ئەو گەڕەکە بووە بە (گەڕەکی وەزیران). "سەعید پاشا" لە خانوەکەیا باغ و دار و گوڵی زۆر جوانی لێ ڕوواندووە. پاشا لەکاتی لاویدا زۆر دۆستایەتیی لەگەڵ سوڵـطانا بووە، وە سولطانیش زۆر باوەڕی بە سەعیدپاشا کردووە و خۆشی ویستووە.

سەعید پاشا لە سلێمانی تووشی تراخۆما و لەپاشا نەخۆشیی دڵتەنگی بووە[٨٩]، بە هاوینان چۆتە (جامليجە) لە باغی ( یالکز سلوی)دا ڕایبواردووە. دوکتۆری تایبەتی ئیمپراتۆری ئەڵمانی[٩٠] لەسەر فەرمانی سولطان بۆ چارەکردنی نەخۆشیەکەی هێنراوە و تا کاتی مردنی لە وەظیفەدا ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٠٧ی زاینیدا پێش ئیعلانی مەشرووطییەت، لە خانووی نیشانطاش لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا وەفاتی کردووە[٩١]، وە تەرمەکەی بە گەورەترین مەراسیم و دەبدەبەوە لەسەر فەرمانی پادشاهی هەڵگیراوە، وە لە گۆڕستانی سوڵـطان مەحموود بەتەنیشت باوکیەوە نێژراوە، وە لەسەر فەرمانی پادشاه حەوت شاهزادە وە پێنج دامادی پادشاهی[٩٢] لەگەڵ جەنازەکەیدا بوون.

---

[٨٩] ئەم بڕگەیە لێرە بەدوا لە (د. ن)دا هەیە و لەم دەقەدا نییە: ئێواران کە گەڕاوەتەوە، ماوەیەك لەناو باخەکەدا ئەگەڕا. لەپاشا ئەچوە ژوورەکەی خۆی، کاتبی خوصووصیی خۆی شاعیر طەڵعەت بەگ ئەچوە لای؛ بۆ ڕووناکی مۆمیان داگیرساندووە، لەبەر ڕووناکیی مۆم بە خوێندنەوە و جێبەجێکردنی گەڵێ ئەوراقی موهیم خەریك ئەبوون. لەدواییدا ئەچوە ژووری حەرەم، چاك و چۆنیی لەگەڵ میوانەکان ئەکرد. ئەنجا ئەچوە ژووری تایبەتی خۆی بۆ حەسانەوە و گوێگرتن لە مۆسیقا. ئەنجا نانی بۆ حازر ئەکرا، لەگەڵ هاوڕێی ژیانیا نانی ئەخوارد.

[٩٠] لە (د. ن)دا ناوی "ویلهلك"ـە.

[٩١] سەعید پاشا ٧٣ ساڵ تەمەنی بووە.

[٩٢] واتە پێنج زاوای سوڵتان.

سەعیدپاشا لە دەوڵەتی عوثمانیدا، لەناو پیاوانی سیاسیدا، بە یەکەم پیاو ناسراوە وە گەورەترین نیشانانی بووە[٩٣]، وە گەیشتۆتە دوا پلەی گەورەیی و جێ باوەڕ و یەکەمین خۆشەویستی سولطان بووە، وە لە زۆر زمانی بێگانەدا شارەزا وە زانا و زیرەکترین پیاو بووە، وە بە پاشایەکی کورد ناسراوە.

سەعیدپاشا لەپێشەوە کچی یەکێك لە وکەلای دەوڵەت[٩٤] سەعادەت خانم"ی هێناوە، لەم ژنە "شەریف پاشا" بووە. بەڵام لەگەڵ "سەعادەت خانم"ا ڕێك نەکەوتووە، بە ناچاری لێی جیابۆتەوە. لەدوای ئەم ژنە، لە (قارص) کە والی بووە، لەگەڵ "کەتانەزادە عەلی پاشا"ی زاوایا کچێکی جوانی چەرکەس ئەبینن کە ناوی "گوڵعوذارخانم" ئەبێت. حەزی لەوە کچە کردووە و مارەی کردووە. لەگەڵ خۆیان هێناویێتی بۆ ئەستانبوول، لە ماڵی باوکی "حسێن پاشا" دایناوە.

لەکاتێکا گۆڕراوە بۆ ( وارنە )، "گوڵعوذارخانم" لە ئەستانبوول ماوەتەوە. بەڵام لە (وارنە) بۆ ئیدارەکردنی ماڵەکەی، سەعیدپاشا داوای کردووە لە دایکی کە پیرەژنێکی بۆ بنێرێت. بەم بۆنەیەوە دایکی ژنێکی ناسیاویی ناردۆتە لای. ئەم ژنە بێوەژن "شەفیقەخانم" بووە. ئەویان لێ مارە کردووە، بەڵام سەعید پاشا نەچۆتە لای. وەقتێ کە پاشا لە (وارنە) گەڕاوەتەوە بۆ ئەستانبوول، مانگانەیەکی موناسیبی بۆ "شەفیقەخانم" بڕیوەتەوە و، تا دوایی ژیانی لەگەڵ "گوڵعوذارخانم" بە خۆشی ژیاون، وە لە "گوڵعوذارخانم" "فوئادپاشا" بووە.

هەروەکو باسمان کرد، "حسێن پاشا" لە ( جاملیجە ) باغێکی هەبوە، پێی ئەوترا (یالکز سلوی). بەتەنیشت ئەو باغەوە، سەعیدپاشا باغێکی کڕیبوو. سەعیدپاشا هەموو ساڵێك لە یەکەم ڕۆژی مانگی موحەڕڕەمدا، هەموو کەسەکانی چوونەتە لای

---

[٩٣] سەعیدپاشا، جگە لە چەندین نیشانی دەوڵەتی عوسمانی، نیشانی ئەم دەوڵەتانەیشی پێ بەخشراوە: شێر و خورشیدی پلە یەکی نقێمدار (ئێران)، پلە یەکی نقێمداری شارل تروا (ئیسپانیا)، پلە یەکی سانت ئۆلاف (سوید و نەرویج)، لیۆپۆڵد (ئاورستریا)، سان مۆریس ئالازار (ئیتاڵیا)، لیۆ پۆڵد (بەلچیکا)، دابنرووغ (دانیمارك)، ئاغلا بلان (ڕووسیا)، ئەتوال دوورمانی (ڕۆمانیا)، سولەی لوان (ژاپۆن)، تاقوو (سرب)، لژیۆن دونور (فەرەنسە)، لیۆن نرلاندە (فیلیمنگ)، دانیلو (قەرەتاغ)، سان سوور (یۆنان) (ساڵنامەی ١٣٠٦ی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ل٤٩٤).

[٩٤] واتە: وەزیری دەوڵەت.

یەکەیەکە هەمووی بانگ کردوون، هەریەکێ نیو لیرە وە یان چواریەکی لیرەیەکی داوە پێیان. ئەوسەردەمە عادەت وابوو بە ڕەمەضان هەموو ڕۆژێك بە ئێواران ٣ سفرە ڕازێنراوەتەوە بۆ گەورە و منالْ وە بۆ میوان، وە خۆی لەکاتی نانخواردنا چاودێریی میوانەکانی کردووە. پیاوانی گەورە یا لای خۆی و یا لای خزمەکانی وەك ماجیدبەگی عوثمان پاشا و یا ژنبرای[٩٥] قوبوولْ کردووە. وە جگە لەمانە لە قاتی خوارەوە سفرە بۆ سێصەد کەس میوان قوبوولْ ئەکردن و، تا مانگی هەموو ڕەمەضان ئێواران ئەم عادەتە دەوام ئەیکرد[٩٦]. وە لەدوای نانخواردن نوێژی تەراویحیان ئەکرد.

زۆر چاك لە بیرمە، مانگانەی پاشا لە شەشصەد لیرەی ئاڵتوون زیاتر بوو[٩٧]. لەدوای مردنی، ئەو نیشان و موجەوهەراتانەی کە هەیبوو، زەڕەنگەر بۆ دەرهێنانی موجەوهەراتەکان چەند ڕۆژێك خەریك بووە. وە لە نیشانطاش خانوو و کۆشکێ وە لەگەڵ دوو خانی گەورە لەطەرەفی ئەستانبوولْ هەیبوو. واریداتی خانەکان هەریەکی ٢٥ هەزار لیرە بووە. وە لە (جاملیجە) ئەو باغ و باغچە گەورەیە و لە بانقدا هەشتا هەزار لیرەی ئاڵتوونی[٩٨] لەپاش بەجێ مابوو. ئەمما ئەم هەموو میراثە، بە واسیطەی هەردوو کوڕەکەی، هەموویان لە ماوەیەکی کەما لەناوبردووە.

**شەریف پاشا:**

شەریف پاشا کوڕەگەورەی سەعیدپاشا، لەکاتێکا کە سەعیدپاشا لە (پارس) بووە، شەریف پاشا لە مەکتەبی (سن سیر)[٩٩] بووە؛ وە وەقتێ کە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستانبوولْ، کراوە بە یاوەری پادشا و کچی خدێویی میصر عەباس پاشا[١٠٠]ی

---

[٩٥] لە (د. ن)دا، ئەمەیشی لێ زیادکراوە: پاشا و حەسەن پاشا و مەئموورانی ناسراوی..

[٩٦] لە (د. ن)دا، دوابەدوای ئەوە نووسراوە: لەسەر عادەتی عوثمانیی ئەو زەمانە "دیش کراس"، یەعنی بە ناوی کرێدان بۆ خواردن، لە دوای بەربانگ میقدارێك پارەیان داوە.

[٩٧] لە (د. ن)دا، ئەمەیش هەیە: بە جۆرێکی موناسیب بۆ زۆر خێزان مانگانەی بڕیوەتەوە.

[٩٨] لە (د. ن)دا، هەشت هەزار لیرەی ئاڵتوونە.

[٩٩] ئەوە قوتابخانەی عەسکەریی "Saint-cyr"ە (د. فەرهاد پیربالْ، ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەڕەنسی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٢).

[١٠٠] ئەگەر ئەمینەخانی کچی عەباس حیلمی پاشا، وەك ڕۆهات ئالاکۆم نووسیویە، لە ١٨٦٨دا لەدایك بووبێ، دەبێ ئەوە عەباس حیلمی پاشای یەکەمی کوڕی تۆسۆنی کوڕی محەمەدعەلی پاشا بێ، چونکە عەباس حیلمی پاشای دووەم لە ١٨٧٤دا لەدایك بووە (ڕۆهات ئالاکۆم، دە سالْ لە ژیانی

هێناوە کە ناوی پرنسس "ئەمنیەخانم"[101]ە و ٣ کچی بووە: زەینەب، شەریفە، سزا. ئەمما "زەینەب"یان بە منالّی مردووە. شەریف پاشا ماوەیەکی زۆر لە فەڕانسەدا، لە ئستۆقهۆلّم سەفیری عوثمانی بووە[102]، وە پێش ئیعلانی مەشرووطییەت یەکەمین ڕوتبەی فەریقی یاوەری پادشاهی بووە.

شەریف پاشا یەکەمین دۆستی قرالّی ئسویچ١٠٣ بووە و ڕەفیقی ڕاو و شکاری بووە و لەناو سەفیرەکانی عوثمانیدا زۆرترین نیشانی وەرگرتووە. شەریف پاشا زۆر جوان بووە، لە "پارس" ناویان ناوە "بوو شەریف- جوان شەریف"[104].

شەریف پاشا لە ژیانیدا ئازادیپەروەر بووە و یارمەتیی ئەندامەکانی دامەزرێنەری کۆمەلّی "ئیتیحاد و تەرەقی"ی داوە، وەکوو ئەحمەدڕەضا بەگ و دکتۆر بەهائەددین وە فەریق ناظم پاشا (کە لەدوایی کرا بە والیی بەغداد)[105]، وە یارمەتیی هاوڕێکانی تری و ڕۆژنامەنووسە ئازادیپەروەران و نووسەرانی داوە.

سولـّطان عەبدولحەمیدخان لەبەر خاطری خۆی وە خێزانەکەی "پرنسس" وە لەبەرئەمەی زۆر باش نوێنەریی حکوومەتەکەی کردووە، لەپاشا لەبەر دۆستایەتیی باوکی "سەعید پاشا" کە زۆر دۆستی بووە، وە خێزانەکەی "ئەمینەخانم" کە لە خانەدانی میصر بووە. لەبەرئەمە سولطان چاوی لیّ پۆشیوە. تەنیا فەرمانی داوە کە

---

جەنەڕالّ شەریف پاشا لە ستۆکهۆلّم، "مامۆستای کورد"(گۆڤار)، ستۆکهۆلّم، ژ ٢٧، پایزی ١٩٩٥؛ المنجد في الاعلام، ص ٤٤٦، ٦٤٠).

[101] ئەمینەخانم ساڵی ١٨٩٠ شووی بە شەریف پاشا کردووە. ئافرەتێکی سەنگین و تێگەیشتوو و خێرخواز بوو و فەڕەنسی و ئینگلیزی و سویدیشی زانیوە. ساڵی ١٩١٩ سەرۆکایەتیی "جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد- کورد قادینلری تعالی جمعیتی"ی سەر بە "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان- کوردستان تعالی جمعیتی"ی قوبوولّ کردووە (گوتاری ناوبراوی ڕۆهات ئالاکۆم).

[102] شەریف پاشا لە ١٨٩٨/٣/٤ بەدواوە تا ١٩٠٨ باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە سوید (هەمان گوتار).

[103] واتا پاشای سوید کە ئۆسکاری دووەم بووە (بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: هەمان گوتار).

[104] لە (د. ن)دا بە "بون شەریف" هاتووە.

[105] لە ٢٥ ربیع الاخر ١٣٢٧ (١٩٠٩)- ١٦ ربیع الاول ١٣٢٩ (١٩١١) والیی بەغدا بووە (ادارة العراق، ص٨٧).

شەریف پاشا نەگەڕێتەوە ئەستانبوولْ. بەڵام لە نەخۆشیی باوکی، موساعەدەی بگەڕێتەوەی صادر فەرمووە، بەڵام سەعید پاشا لە پاراستنی کوڕەکەی دڵنیا نەبوە.

شەریف پاشا و ژنەکەی "پرنسس" زۆر دەوڵەمەند بوون، هەموو وەقت لە (پارس) ژیاون. خانوەکانی لە (بولوار هوسمان)و (بالزو) بوو. وە ساڵی جارێك بۆ (مۆنتەکارلۆ) حاضر ئەبوون[١٠٦]. کچەگەورەی شەریف پاشا "شەریفەخانم" لەپێش حەربی باڵقان[١٠٧]، لەگەڵ کوڕی "حوسنی پاشا"ی پوورزامان "صالح بەگ" ئیزدیواجی کردووە. صالح بەگ ضابط سواری بووە[١٠٨].

لەدوای شەڕی باڵقان، شەریف پاشا لەگەڵ ئیتیحادچییەکانا بەینی تێك چووە، لەگەڵ فیرقەی "حوڕڕییەت و ئیئتیلاف"دا بووە بەیەك، چونکە ئیتیحادچییەکان تەنیا تورکچیەتییان کردووە و ئەهەمییەتیان نەداوە بە نەتەوەکانی تر کە نیازیان جیابوونەوە بووە. لەبەرئەمە شەریف پاشا زۆر وتاری بە شیددەتی دەربارەی کۆمەڵی "ئیتیحاد و تەرەقی" نووسیوە. لەبەرئەمەی بەتەواوی بەینیان تێك چووە، کۆمەڵی "ئیتیحاد و تەرەقی" بەتایبەتی یەکێك لە ئەفسەرانی سواریی "کەمال" ناو ئەنێرن بۆ (پاریس) کە شەریف پاشا بکوژێت. بەڵام ئەم ئەفسەرە بە سەرخۆشی کە ئەچێتە ماڵی پاشا، وە بۆیان دەرئەکەوێت کە بۆ کوشتنی پاشا نێرراوە، صالح بەگ لەو بەدەستوبردتر ئەبێت، دەستبەجێ ئەو ئەفسەرە ئەکوژێت[١٠٩].

---

[١٠٦] ئەم بڕگەیە لە (د. ن)دا بەم شێوەیەیە: ئەگەرچی شەریف پاشا و پرنس ئەمینەخانم هەردوکیان لە میصردا گەلێ موڵك و سامان و زەوی و زاریان هەیە، بەڵام ویستوویانە بە دائیمی لە پارسدا بژین.

[١٠٧] واتە پێش ١٩١٢ کە ئەم جەنگەی تێدا قەوماوە (المنجد في الاعلام، ص٧٩٠).

[١٠٨] ئەم بەشە لە (د.ن)دا ئاوایە: کچە گەورەی شەریف پاشا "شەریفەخانم" لە حەربی باڵقانا هاتۆتە ئەستامووڵ، لەگەڵ صالح بەگی پوورزام کوڕی حسێن پاشادا (کوڕی حوسنی پاشای پوورزام ڕاستترە/ س) ناسیاویی پەیداکردووە. لەپاشا کە بووە بە مولازمی دووەمی سواری لە حەربی باڵقانا، کە هاتۆتە ئەستامووڵ فیراری کردووە، چۆتە پارس. لەوێ شەریفەخانمی مارە کردووە. ناوبراو "صالح بەگ" ئەگەرچی دوو ساڵ لە من گەورەترە، بەڵام لەدوای ساڵێك کە من لە مەکتەبی حەربییە دەرچووم، ئەنجا بە مولازمی پانیی سوارە دەرچووە.

[١٠٩] دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٣ گێڕایەوە: ساڵح بەگی زاوای شەریف پاشا، سەرەتای ١٩٥٨، لەگەڵ محەمەدئەمین و محەمەدئیبراهیمی جووتە کوڕیدا لە میسرەوە هاتنە بەغدا و، خانوویەکیان تێدا بەکرێ گرت. باوکم ئاگاداری کردینەوە کە هاتوون، چووینە لایان. ساڵح بەگ

شەریف پاشا بە دڵ و بە گیان کوردپەروەر بووە[110]. لەدوای یەکەمین جەنگی عوموومیدا لە (پاریس) لە کۆبوونەوەی ئاشتی و ڕێککەوتنا بەناوی "کۆمەڵی تەعالیی کورد"وە "فیرقەی دیموکراتی کوردی" لە ئەستانبووڵ وە بەناوی شێخ مەحموود و سەرۆکەکانی کوردەوە، بەناوی مورەخەصییەتی کورد و کوردستانەوە لە کۆبوونەوەی "صوڵح"دا دەربارەی کورد بەیاناتی پێشکەش کردووە، وە داوای مافی ئازادیی کورد و کوردستانی کردووە.

شەریف پاشا بە زمانی فەڕانسزی لەبارەی کورد و کوردستانەوە نامە و خەریطەی بە جیهانا بڵاو کردۆتەوە، وە سەرنجی عالەمی ڕاکێشاوە" وە لەگەڵ سەرۆکی مورەخەصی ئەرمەنی "بۆغۆس نۆبارپاشا"دا ئیتیفاقی کردووە و، پێکەوە بۆ سەندنی مافی کورد و ئەرمەنی تێکۆشاون. پاشا یەکەم کەس بووە کە پاساپۆرطی کوردیی بەکارهێناوە. لە پەیمانی "سەوەر"دا نووسینی زۆری بڵاوکردۆتەوە، بەوهۆیەوە لە موعاهەدەی "سەوەر"دا دان بە مافی کوردا نراوە.

کچی دووەمی پاشا کە ناوی "سزاخانم" بووە، شووی کردووە بە کوڕی چەرکەس میرلیوا ناظم پاشا "عەبدوڕڕەحمان بوخ" کە بۆتە هۆی فیراریێکردنی قاتڵەکانی مەحموود شەوکەت پاشا[111]. بەم بۆنەیەوە "سزاخانم" شووی کردووە بە "عەبدوڕەحمان بوخ" و لەم پیاوە دوو منداڵیان بووە. ئەمما لە "شەریفە" دوو کوڕ بووە، وە هەردوکیان بوون بە موهەندیس، وە یەکێکیان کچی طوسۆن پاشای مەشهووری هێناوە.

---

پیاوێکی کەتەی چوارشانە بوو، وتی: کاتی خۆی لە پاریس یاوەری شەریف پاشا بووم کە ئەو کەمال ناوە بە سەرخۆشی هات خافڵکوژی بکات. بەڵام من زووتر لێی هاتمە دەست و کوشتم.

[110] لە (د. ن)دا ئەمەش هەیە: ئەگەرچی بە عوثمانلییەك ئەناسرا.

[111] مەحموود شەوکەت پاشای هاوکاری ئیتیحادیەکان، دوای ڕاگەیاندنی دووەم مەشرووتییەت، بووە قوماندانی سوپای سێیەم. سەرکردەی ئەو سوپایە بوو کە لە سلانیکەوە هاتە ئەستەمووڵ بۆ لێخستنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم. کە حوکمی سوڵتان پێچرایەوە، بوو بە قوماندانی هەرسێ سوپای یەکەم و دووەم و سێیەم و، ئەمجا بە وەزیری جەنگ کە ١٩١٢ دەستی لێ کێشایەوە. ١٩١٣ بە هۆی ئیتیحادیەکانەوە کرا بە سەروەزیر "صدر اعظم" و وەزیری جەنگیش. ١٩١٣/٦/١١ خافڵکوژ کرا (اورخان محمد علي، السلطان عبدالحميد الثاني حياته واحداث عهده، الرمادي، ١٩٨٧، ص١٩٥).

لەدوای مردنی پرنسس "ئەمینەخانم"، شەریف پاشا سکرتێرەکەی "مەلەك خانم"ی مارە کردووە. لەم ژنە "کەریمە" ناو کچێکی بووە. ئەم کچە شووی کردووە بە "کۆنت بیقاردۆ ماسۆنی"ی ئیطالیایی لە شاری (قاطانزارۆ)١١٢دا لە خوارووی ئیطالیادا ئیقامەت ئەکەن.

شەریف پاشا دوایی تەمەنیی لەگەڵ ئەم خێزانەدا بەسەر بردووە، وە لە تەمەنی ٩٢ نەوەد و دوو ساڵیدا لە (ناپۆلی) وەفاتی کردووە[١١٣]. پاشا لەبەرئەمەی نەیتوانی کوردستانێکی ئازاد ببینێت، خۆی بەبێ نیشتمان داناوە. لەبەرئەمە ئامۆژگاریی کردووە کە مرد لاشەکەی بسووتێنن و بیخەنە زەریاوە. بەڵام لە میصر کچەکانی و زاواکەی "صالح بەگ"، وە بە واسیطەی ئامۆزای پرنسس "ئەمینەخانم" کە مەلیك فاروق بووە، وەصییەتنامەکەیان نەهێناوەتە جێ، لەدوای بەینێك جەنازەکەیان هێناوەتە میصر، لەوێ ناشتوویانە.

## فوئاد پاشا:

دووەمین کوڕی سەعیدپاشا[١١٤] لەدوای تەواوکردنی حەربییەی شاهانە و لە مەکتەبی حەربییەی بەرلین، بووە مولازمی سواری وە لە برنجی مزراقلی ئالاًیی[١١٥] وە لە سلکی یاوەرانی پادشاهی تەعیین کراوە[١١٦]. فوئادپاشا لە نمایشاتی سواری وە بە موسابەقەی مەوانیع کە لەپێش دەمی ئیمپڕاطور کراوە، لەناو هەزار ئەفسەردا بە یەکەم دەرچووە. بەم بۆنەیەوە ئیمپڕاگور تەلگرافی پیرۆزبایی ئەنێرێت بۆ سولطان. لە پاداشتی ئەم موەفەقییەتەدا، سولطان ڕوتبەی میرئالاًیی ئەداتێ و، فوئادپاشا کە ئەگەڕێتەوە ئەستانبووڵ بە ڕوتبەی میرلیوا تەرفیعی کرد و، کچی "ثورەییابەگ" مودیری گشتیی ڕوسووم کە برای صەدری ئەعظەم ئارناوود "فەریدپاشا" ئەبێت

---

[١١٢] لە (د. ن)دا ئەم شارە لە ((بەشی خواری ئەدەکانی زەریا (دوورگەکانی زەریا)یە)).

[١١٣] شەریف پاشا ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە (هەمان گوتاری ڕۆهات ئالاکۆم؛ میر بصری، اعلام الکرد، ص٣٣).

[١١٤] لە (د. ن)دا وتراویشە: لە ئەستامووڵ لە "گوڵعوذارخانم" لەدایك بووە.

[١١٥] واتە لیوای یەکەمی ڕمهاوێژ.

[١١٦] لە (د. ن)دا دوابەدوا نووسراوە: لەپاشا داخڵی قەطەعاتی سوارەی ئۆهلانی ئەڵمان بووە، وە بە سوارچاکێکی ئازا و نەبەز ناسراوە.

"سوعادخانم" نام ئەخوازێت. لە "سوعادخانم"، "خەندان خانم" ئەبێت. لە دوای ماوەیەکی کەم لەگەڵ یەك ڕێك ناکەون، لەیەك جیائەبنەوە.

لەدوای ئەمە، کچی میرلیوا قوماندانی بەیرووت "عیصمەت پاشا" ئەهێنێت کە ناوی "مەلیحەخانم" ئەبێت. لەم ژنە، ئەنیسە و ڕەشید کچ و کوڕێکیان ئەبێت. بەڵام ئەنیسە بە منالّی وەفات ئەکات.

فوئادپاشا لە ساڵی ١٩٠٧دا گەیشتۆتە ڕوتبەی فەریق و یاوەری پادشاهی بووە. ئەمما ڕۆژی وەفاتی پدەرەش[١١٧]، سولطان بە فوئادپاشا ڕوتبەی فەریقی یەکەمی داوە. بەڵام ئەمە زۆر سەیرە، لەلایەك لە ماڵەکەیانا خەریکی ڕێکخستنی مەراسیمی جەنازەی باوکی بوون، لەم لاشەوە فوئادپاشا لەڕۆژێکدا خەریکی هەڵواسینی نیشانەی فەریقی بووە بۆ ئەوەی لە مەراسیمی جەنازەدا حازر بێت، چونکە لەوسەردەمەدا ئەو کەسەی نەگەیشتبێتە ڕوتبەی فەریقی مافی نەبوە لە مەراسیمی جەنازەی پاشاکانا حازر ببێ.

لەدوای ئەمە کە ئیعلانی مەشرووطییەت کراوە، فوئادپاشا گەیشۆتە ڕوتبەی فەریقی یەکەم، وە هاوڕێکانی کە لەگەڵ فوئادپاشاوە دەرچوون هێشتا لە ڕوتبەی "یووزباشی"دا بوون. لەبەرئەوە فوئاد پاشا بیری لەمە کردۆتەوە، وە پێشنیاری کردووە بۆ ڕاستکردنەوەی مافی مرۆڤایەتی بە جۆرێکی قانوونی، بە پێویستی بینیوە سەرلەنوێ لە دەرەجە و ڕوتبەی ئەفسەران بکۆڵرێتەوە تاوەکوو کەس هەست بە مەغدوورییەت نەکات. لەم ڕووەوە نووسەران و چینی ئەفسەران ئەم پێشنیارەیان زۆر پەسەن کردووە، تەقدیری فوئادپاشایان کردووە. بەم بۆنەیەوە دەسبەجێ قانوونی ڕێکخستنی پایە و پلەی ڕوتبەکانیان داناوە. لەدوای دانانی ئەم قانوونە، فوئادپاشا کراوەتەوە بە یووزباشی، وە چۆتەوە سەر ئالآی مزراقلی کە لەم دواییەدا منیش لەم ئالآیەدا تەعیین بووم. وە ئەمما ئەم ئالآیە لە موحارەبەی (قریم)[١١٨] تەشکیل بووە و ناوی ئالآی خاصەی قازاق بوو. لەپاش ئەوە ناونرا بە نموونە برنجی مزراقلی ئالآیی.

---

[١١٧] واتە: کۆچی دواییی باوکی.

[١١٨] شەڕی (کریم– قرم) لە ١٨٥٤–١٨٥٦ درێژەی کێشا لەنێوان ڕووسیا لەلایەك و تورکیا و فەڕەنسە و ئینگلتەرە و پیدمۆنت لەلایەکی ترەوە، بە پەیمانی ساڵی ١٨٥٦ی پاریسیش دواییی پێهات (الدکتور فاضل حسین، محاضرات عن مؤتمر لوزان، ط٢، بغداد، ١٩٦٧، ص٩).

شەڕی باڵقان، فوئادپاشا لەم ئالآیە بوو. لەپاشا ئیستعفای کرد وە دەسی کرد بە صەرفکردنی ماڵ و سامانی بۆ ژنانی جوان. لە موددەتێ هەموو سامانیی لەناوبرد و، لە تاریخی ساڵی...[119] لە (قاضی کۆی) وەفاتی کرد[120].

## ئەحمەد عیززەت بەگ:

دووەمین کوڕی خەندانزادە حسێن پاشا لە ساڵی ١٢٨٧ی هیجری و ١٨٧١ی زاینیدا لە ئەستانبووڵ لە "سەرافرازخانم" لەدایك بووە، لە مەکتەبی فەڕانسزەکان خوێندنی تەواو کردووە و، لە وەزارەتی دەرەوە "خارجییە"دا تەعیین کراوە. لە ساڵی ١٨٩٨ی زاینی لە دیوانی هومایۆنا کراوە بە موعاوینی موتەرجیمی یەکەم و، ڕوتبەی باڵای ئیحراز کرد.

لە ساڵی ١٩٠٨ لەدوای ئیعلانی مەشرووطییەت، لە نەظارەتی داخلییەدا کراوە بە مودیری شوعبەی تابعییەت، وە لە ساڵی ١٩١١دا کراوە بە والیی ویلایەتی وان. لەپاشدا حیزبی "ئیتیحاد" لە وەظیفە دەریان هێناوە، وە لە ساڵی ١٩١٨دا لەدوای موتارەکەکردن لە وەزارەتی تۆفیق پاشا کراوە بە ناظری ئەوقاف و ناظری ئیعاشە و لەپاش ئەوە وەقتێ کە وەزیری داخلییە بووە، هەموو سەرۆکی حیزبی "ئیتیحاد و تەرەقی"یەکانی دەربەدەر کردووە وە تاوانکارانی گرتووە وە حەواڵەی دیوانی عورفیی کردوون.

لە مانگی مارتی ١٩١٩دا، لەکاتی قابینەی فەریدپاشادا بووە بە والیی ئزمیر[121]. ئەمما لەدوای دوو مانگ، لە ١٥ی مانگی مایسدا کە یۆنانیەکان ئزمیریان گرتووە، لە زۆرداری و کاری ناڕەوای یۆنانیەکان زۆر پەست بووە. وە لە ساڵی ١٩٢٠، لە چوارەمین ڕۆژی مانگی کانوونی دووەما، لە ئزمیر لە سەرای حکوومەتیدا بە نەخۆشیی دڵ وەفاتی کردووە[122].

---

[119] ساڵەکە نەنووسراوە و، لە (د. ن)یشدا نییە.

[120] جێی باسە، فوئادپاشا دووەم جێگری سەرۆکی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" بووە کە هەر دوای ئاگربەستی یەکەم جەنگی جیهانی لە ئەستەمووڵ دامەزرا (عەبدولعەزیز یامولکی، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چ ١، ب١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٥).

[121] ئەمین زەکی بەگ نووسیویە: بووە بە والیی ویلایەتی (ئایدین) (تأريخ السليمانية وأنحائها، ص٢٧٤).

[122] (١٩٢٠/١/٥)ـە لە (تاريخ السليمانية، ص٢٧٤)دا.

ئەحمەدعیززەت هێشتا لاو بووە لە ئەستانبووڵ کچی "بابان خدێو محەمەدپاشا"[123] "ئامینەخانم"ی هێناوە، وە لە ئامینەخانم "بەڵقیس خانم" و "سەیفوڵڵابەگ" وە "خاڵیصەخانم" بووە. ئامینەخانم زۆر زۆر ئافرەتێکی بەڕەحم و خێرەوەند بووە، وە خزمەتی هەموو خێزانەکەی کردووە و حورمەتی گرتوون، وە ئافرەتێکی جوان و بێوێنە بووە. ئەم ئافرەتە بە نەخۆشیی "وەرەم" وەفاتی کردووە، لە ( ئۆرتەکۆی ) لە قەبرستانی ( یەحیا ئەفەندی )دا بەتەنیشت باوکی "محەمەد پاشای بابان"ـەوە نێژراوە.

ئەحمەدعیززەت بەگ لەدوای چەند ساڵێك کچی خاڵی "پیرایەخانم"ی هێناوە، وە ئەویش لە ساڵی ١٩٦٠دا وەفاتی کردووە. "سەرافرازخانم" دایکی عیززەت بەگ و سلێمان بەگ لە ٢٤ی مارتی ١٩٠٩ی زاینی لە ئەستانبووڵ وەفاتی کردووە، وە لە گۆڕستانی (سولطان ئەییووب)دا نێژراوە.

## سلێمان بەگ:

بچووکترین کوڕی حسێن پاشای خەندان لە ساڵی ١٨٧٩دا لە ئەستانبووڵ بووە. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی وەفاتی کردووە. سلێمان بەگ خوێندنی لە "مەکتەبی حەربییە"دا تەواو کردووە. ئینتیسابی بە یەکەمین ئالای مزراقلی و یاوەرانی شەهریاری بوو، وە لەپاشانا گەیشتۆتە ڕوتبەی میرالای. لەدوای ئیعلانی مەشرووطییەت کە تەصفییەی قانوونی ڕوتبە کراوە، بە تەنزیلی ڕوتبە کراوە بە یووزباشی.

بەم بۆنەیەوە، لە مەسلەکی عەسکەری دەرچووە وە چۆتە سلکی موڵکی. سلێمان بەگ زۆر لە تاریخدا شارەزاییی بووە، لەبەر ئەمە لە "ئەنجومەنی تاریخی عوثمانی"دا کراوە بە ئەندام. لە ساڵی ١٩١٢دا کراوە بە قۆمیسەری سنووری (بانە). لەپاشانا بووە بە قائیممەقامی دهۆك. لەدوای ماوەیەك گەڕاوەتەوە ئەستانبووڵ، لە کۆمەڵی "حورییەت و ئیئتیلاف"دا ئەندام بووە. لەبەرئەوەی ضددی حیزبی "ئیتیحاد و تەرەقی" بووە، ماوەیەك گیراوە، لەپاشانا کراوە بە موعاوینی مودیری ئەمن. بە بیانووی نەخۆشی لە وەظیفە دەرچووە.

---

[123] بابان خدێو محەمەدپاشا کوڕی سلێمان پاشای ئەوڕەحمان پاشای بابان و برای ئەحمەدپاشای دوا میری بابانەکان و باوکی حەمدی بەگی بابانە (ادارة العراق، ص٢٥٥).

وەقتێ کە براکەی "ئەحمەدعیززەت بەگ" والیی ئزمیر ئەبێت، سلێمان بەگ چووە بۆ لای. لەپاشانا کە ئەحمەدعیززەت بەگ بە سەکتەی دڵ وەفاتی کردووە، ئەویش لەدوای ئەو بە هەفتەیەك لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئزمیر وەفاتی کرد. ئەویش لەلای براکەیەوە لە ئزمیر ئەنێژرێت.

سلێمان بەگ لە ساڵی ١٩٠٣ لە خەڵقی (طەرابزوون) کچی تەحسین بەگ عەلی زادە "شاکیرەخانم"ی هێناوە. ئەم کچە نووسەرێکی بەناو بووە، وە لاکین لەگەڵ یەکا نەگونجاون، لەیەك جیابوونەوە. سلێمان بەگ پیاوێکی نازك و طەبیعەت جوان و شەرمن بووە،وە کاتی خۆی بە خوێندنەوەی مێژوویی بردۆتە سەر، وە زۆر حەزی لە یاریی شەطرەنج کردووە.

## شەجەرەی بنەماڵەی خەندان

عەبدولعەزیز یامولکی دوو دانەی "شەجەرەی بنەماڵەی خەندان"ی بۆ بەجێ هێشتووین کە هەردوکیان لەلای کاک کەمالی مەجید بەگ پارێزراون؛ سوپاسی دەکەم کە بۆ بڵاوکردنەوە خستنیە بەردەستم. منیش پێکەوە لەیەکم دان، ئەوم شەجەرەیەیان لێ دروست بوو. بۆ ساخکردنەوە و ڕاستکردنەوەی چەند لایەکیشی، زانیاریی کەسانێکی شارەزای بنەماڵەکە کە بە سوپاسەوە هاوکارییان کردم، لە پەراوێزەکانی شەجەرەکەدا ناوم هێناون، سوودیان پێگەیاندم. جێی وتنە، هەردوو شەجەرەکە ئەم چەند سەرنجە هەڵدەگرن:

١- شەجەرە کۆنەکە (ش. ك) بە قەڵەمی ڕەش (ڕەساس) کراوە، پێئەچێ ڕەشنووس بێ. ناوی ڕێکخەرەکەیی لەسەر نییە، بەڵام بە دەستخەتەکەیدا دیارە کە هی عەبدولعەزیز یامولکی‌یە. شەجەرە نوێیەکە (ش. ن) وێنەگیراوی دانەیەکی لەسەر پەڕەی (ترێس) کراوە، بە عەرەبی لێێ نووسراوە: "تنظيم الشجرة: السيد عبدالعزيز يامولكی، اعادة الطبع وهدية انور عارف حكمت". واتە ساڵی ١٩٦٠ ڕێك خراوە. ڕوون نییە ئاخۆ لەسەر کۆنەکە کراوە یان نا؟ لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر دەبێ لەسەر دانەیەکی کۆنتر کرابێ.

٢- هەردوو شەجەرەکە، جیاواز لە هەر شەجەرەیەکی تر کە تەنیا بۆ ناوی نێرینە (کوڕ)ی بنەماڵە تەرخانە، ناوی مێینە (کچ)یشیان تێدا تۆمار کراوە. جگە لەوە، بە زۆری ناوی ژن یا مێردی کەسانی بنەماڵەکەیش هەر نووسراون، بۆیە من بۆ جیاکردنەوەیان لە خوار ناوی کەسانی بنەماڵەکەوە خستوومنە نێو دووکەوانە.

٣- عەبدولعەزیز یامولکی لە ژیاننامەکەی خۆیدا نووسیویە: حسێن پاشا ئامۆزایەکی عوسمان پاشا ناوی هەبوە. بەڵام لە هیچ شەجەرەیەکیاندا ناوی نییە.

شەجەرە نوێیەکە، بە ناوی "خەندان زادە- هەندێ وردەکاری"یەوە، چەند ڕوونکردنەوەیەکی بە عەرەبی لەسەر نووسراوە؛ لەبەر بایەخی مێژوویی و ئەمانەتی زانستی، پێویستم بینی بیکەمە کوردی کە ئەمەیە:

١- گۆڕەکانی سەرۆك جەعفەر ئاغا و عەلی ئاغا و محەمەد ئاغا لەسەر ئەو تاکە گردەن کە کەم و زۆر نزیکی کەلاوەکانی قەڵاچوالانە. ئەم کەلاوانە، کە لە سلێمانی‌یەوە ئەچێتە قەڵاچوالان، ئەبینرێن. هەرچی گۆڕی محەمەد ئاغایە، بە

تەواوی لەسەر تەوقەسەری گردەکەیە. ئەم هەموو گۆڕانەی ئێرە و هێندێ نووسینی سەر بەرد، بەڵگەی ئەوەن کە ئەم گردە تەرخان بووە بۆ گۆڕستانی ئاغاکان و نەوەکانیان. ئەگەرچی نووسینی سەر کێلی گۆڕی محەمەد ئاغا بە ڕوونی و تەواوی ئەخوێنرێتەوە، بەڵام مێژووی پێوە نەماوە. ئەم گۆڕەیان تاکە گۆڕێکی ئەم ناوەیە کە بە سەلامەتی مابێتەوە، لە هی پاشاکان زیاتر پارێزراوە. قەڵاچوالان بەرلەوەی سلێمانی ببێتە پێتەختی بابان، کرابووە بارەگایەکی گشتی.

٢- خەندان خان: ناساندنی ئەم بنەماڵەیە بەم ناوە، نیشانەی ئەوەیە کە مەزنترین ئافرەتی ڕۆژگاری خۆی بووە. خەندان خانی شازادەی بابان لەو سەرگەورانە بووە کە دەستە و تاقمی پیاوانی بەڕێوە بردووە، چووەتە ڕاووشکار، لە شەڕ و شۆڕدا ئازایەتی و بەجەرگییەکی جێی سەرسوڕمانی نواندووە. هەردوو گۆڕی "حەسەن ئاغا و خانزاد خان"یش لە قەڵاچوالانن، گۆڕی هەندێکی تریشیان لە سلێمانی‌یە.

٣- خانزاد خان: کچی سەرۆکی جوانڕۆیە کە یەکێك بووە لە خێڵە هەرە بەهێزەکانی زەمانی خۆی. ئەم تیرەیە لە سەردەمی حەسەن ئاغادا هاتە سلێمانی. ئەحمەد ئاغا لە گەورەترین پیاوەکانی حوکمی بابان بووە. دێهاتی گوڵعەنبەر و چنگیان و شارباژێڕ و شێخەڵمارێن و ڕەنگێنە، لەچاو دێیەکانی تردا، یەکجار گرنگ و پێشکەوتوو بوون، بە تایبەت لە ژمارەی ئەو سوارچاکانەدا کە ساز و تەیاریان ئەکردن بۆ شەڕ. ئەحمەد ئاغا یانزە کوڕ و تاقە کچێکی هەبوە. ئەم خشتەیە تەنیا ناوی ئەو کوڕانەی تێدا نووسراوە کە یا وەچیان خستووەتەوە، یان دوای گەورەبوون مردوون. ئەوانەیش کە بە منداڵی مردوون، ناویان تۆمار نەکراوە. چەندین جار چاوم بە مەعرووف بەگ و عەبدوڕڕەحمان بەگ و عاسمەخان کەوتووە. گۆڕی ئەحمەد ئاغا نزیك بە گۆڕی سلێمان پاشای بابانە لە گردی سەیوان.

٤- حەلیمە خان: کچی تەقی بەگی سەرۆکە کە لە دێی "جامڕێز" دانیشتوون و، سەر بە خێڵێکی گەورەی سەردەمی خۆیەتی، خوشکێکی شووی بە گەورەپیاوێکی بابان کردووە و خێزانێکی تری لێ پەیدا بووە. بەڵام کوڕەکەی تەقی بەگ ناوی "مستەفا بەگ"ـە، لە بەندیخانەی کەرکووك مرد، کاتێك بە هۆی شەڕێکی خێڵەکییەوە لەوێ توند کرابوو. بنەماڵەی مستەفا بەگ لە "قەرەتەپە" دانیشتوون، لە دێی (عوریان زادەلەر)ن. ئافرەتێکی زۆر بەڕێز لەم بنەماڵەیە هەڵکەوتووە، ناوی "وەردەخانم" بووە.

٥- فاتمەخان: یەکەمجار شووی بە ئەمین ئاغا کرد. دوای مردنی مێردەکەی، شووی کردەوە بە ئەحمەد ئاغا. ئەمە کچی یەکێك لە سەرۆکە گەورەکانی خێڵەکانی هەمەوەندە.

٦- پاشەهناز خان: دەوری ١٢٠ ساڵ ژیا، ساڵی ١٣٣٢ی ڕۆمی کۆچی دوایی کرد.

## پەراوێزەکان:

١- لە (ش. ك)دا، هەر قادر بەگ و عەبدوڵلا بەگ، جووتە کوڕ، نەك برای عەلی ئاغای پارەپیسن کە دیارە هەڵەیە، ناوی ئەوانی تریش تۆمار نەکراوە. بۆم دەرکەوت، عەلی ئاغای مێردی فاتمە خانی حسێن پاشای خەندان، هەمان عەلی ئاغای پارەپیسی کوڕی محەمەد ئاغای دارۆغایە، عەبدولعەزیز یامولکیش لە ژیاننامەی خۆیدا وتوویە خزممانە. بەڵام لەوەدا جیاوازن کە ناوی عەبدوڵلا ناجی ئەفەندی و نەجیب ئەفەندیی کوڕانی، هەر لە زنجیرەی نەوەکانی حسێن پاشادا هاتووە.

١- ئەمە لە ناوی وەچەکانی حسێن پاشادا بە "بەهییە خانم" هاتووە.

٣- ناوی لە (ش. ك)دا بە "فاطمە خان" نووسراوە کە هەڵەیە. عەبدولعەزیز یامولکی خۆی لە (خێزانی خەندان)دا و، سورەییاخانی عەلی بەگی بریندار ئاغایش بە جەختکردنەوە، بە "عاسمە خان"ی ئەزانن.

٤- عەلی بەگ، بە قسەی سورەییا خانی کچی، هەر ئەو و مستەفا بەگ و حەمە بەگ و حەلیمە خانی هەبوون.

٥- لای سورەییا خان، ئەو ناوە "فەهمی"یە.

٦- بەهییەی مارف بەگ، لای سورەییا خان، عەطییە، مارف بەگ کچێکی "فاطمە" ناویشی هەبوە. ئیبراهیم بەگی مارف بەگیش، لە عاسمەخان ئەوانەی هەبوە.

٧- بەڕێز دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق ئەو ناوانەی ئەم بەشەی شەجەرەکەی بۆ ساخکردمەوە، سوپاسی ئەکەم.

ساڵح پاشا، ئەو سێهەم ژنەیی کاتێك هێناوە کە قایمقامی قەزای ئاکرێ و وەهبی ئەمینیش قایمقامی عەسکەری بووە لەوێ. (فاطمة رحمة الله الطائي) دایکی حەوایە.

٨- ئەم ناوە لە (خێزانی خەندان)دا نییە.

٩- له (ش. ن)دا ڕوون نییه، به پێی (خێزانی خەندان)، "حەبیبە"ی (ش. ك) ڕاستە.

١٠- له (خێزانی خەندان)دا، "ئەنیسە"یە.

١١- ئەم ناوه له (ش. ك)دا نییه و، سزاخانم لەوێدا هاوسەری حسێن عەلوان پاشایە.

١٢- له (ش. ك)دا، "ڕەحمە خان"ـە.

١٣- له (ش. ك)دا نووسراوە: ١٩٤١ کۆچی دوایی کردووە.

١٤- له (ش. ك)دا، "نەذیرە"یە.

١٥- بۆم ساخ نەبوەوە.

١٦- بەڕێز درەخشان خانی شێخ جەلالی حەفید ئەم ناوه و ناوی منداڵەکانی تری زەهرا خانی بۆ ڕوون کردمەوە.

١٧- له (خێزانی خەندان)دا، شاکر خانمی تەحسین بەگ عەلی زادەیە.

١٨- له (ش. ك)دا، "گوڵچین خانم"ـە.

١٩- له (ش. ك)دا، هەر کەریم و مەجید و ئەحمەدی کوڕانی ناویان هەیە. ئەوانی ترم له (ش. ك) وەرگرت. بەڕێزان سزاخانی کەریم بەگ و عوسمان بەگی هاوسەری کوڕ و کچی هەر ژنێکی محەمەدسەعید بەگیان بۆ جیاکردمەوە، وتیان مەجید بەگ ناوی نەبوە، سوپاسیان ئەکەم.

٢٠- ڕەحمە خانم، بە قسەی د. دارا ئەحمەد، کچی مەحموود پاشای ئەحمەد ئاغایە.

٢١- عومەر ئاغا، وەك سورەییا خان وتوویە، کوڕی حاجی حەمە ئاغای حاجی حسێن ئاغا و لە بنەماڵەی ئاغا تەهایە.

٢٢- سزاخانی کەریم بەگ وتی: له بنەماڵەی (الفلکی)یە.

٢٣- هەر سزاخان وتی: شێخ تەها، کوڕێکی شێخ لەتیفی حاکمیشی هەیە.

٢٤- ناوی وەچەکانی له (ش. ن)دا نین، له (ش. ك)ـەوە وەرمگرتن.

٢٥- ئەم فەهیمە خانە، وەك د. دارا ئەحمەد ڕوونی کردەوە، شوویەکی تری بە ساڵح پاشای مەحموود پاشای ئەحمەد ئاغا کردووە.

٢٦- له (ش. ك)دا، بە فەتاح بەگ هاتووە. د. دارا وتی: فەتحوڵڵا بەگ ڕاستە. ناوی وەچەکانیشی هەر له (ش. ك)دا هەن.

٢٧- د. دارا وتی: عارف بەگ کوڕێکی "حسێن بەگ" ناویشی هەبوە. سورەییا خانیش دووپاتی کردەوە کە کوڕی "حەسەن بەگ" ناوی نەبوە، شەفیقە خان هاوسەری حامید فەرەج و ڕەفیقە خانیش هی جەلالی حاجی سەعید ئاغایە.

٢٨- له (ش. ن)دا، تەنیا ناوی تۆفیق بەگی کوڕی و ئەحمەد بەگی کوڕەزای ساڵح بەگ هەن. بەڵام لە (ش. ك)دا ناوەکان بە تەواوی هەن. د. دارا ناوەکانی بنەماڵەی ساڵح بەگی بۆ ساخ کردمەوە، سوپاسی ئەکەم.

هەر د. دارا تێکەڵیی بنەماڵەی خەندانی لەگەڵ پشدەرییەکاندا وا لێکدایەوە:

برایمی ڕەشید ئاغای وەسمان ئاغای برای سلێمان ئاغا گێڕایەوە: ئەفسەرێکی تورکی جەوهەر ناو لە سلێمانی سووکایەتیی بە سلێمان پاشای باوکی ساڵح پاشا کردووە. پاش ماوەیەك فەرمانی گوێزرانەوەی ئەو ئەفسەرە دەرچووە. کاتێ شاری ڕوو بە کەرکووك بەجێ هێشتووە، ساڵح پاشا دوای کەوتووە، لای (شیوە سوور) کوشتوویە. پیاوێکی کابرا، کە پێی زانیوە، شوێن پێی ساڵح پاشای هەڵگرتووە. ئەویش پێی وتووە: واز بێنە، هەقی خۆمم سەندووە. ئیتر لە ڕۆژێکی بەفر و باراندا ملی ناوە بۆ پشدەر، لە دەرگای وەسمان ئاغای داوە. داڵدەی داوە، دواییش پایەمانی خوشکیی لێ مارە کردووە. ساڵح پاشا، وەك کەریم بەگی محەمەد فوئاد بەگ گێڕایەوە، پاشتر لە ناوچەی (تاووق) بە گوللەی وێڵی شەڕی دوو خێڵ کوژراوە.

٢٩- تۆفیق بەگ، بە قسەی د. دارا ئەحمەد، یەکەم جەنگی جیهانی لە شەڕی ڕووسدا، لە شوێنێکی (ناچیت) ناوی ناوچەی (بۆکان)ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ساڵحی بابەکری سەلیم ئاغا و حاجی سەید گوڵی باوکی شێخ حسێنی بۆسکێندا، شەهید کرا، هەر لەوێش نێژراون.

٣١- بەڕێز د. دارا ئەحمەد ئەم ناوانەیشی بۆ ڕێك خستمەوە، سوپاسی ئەکەم.

٣٢- کچی مەلا ڕەشید بەگی بابانە.

## خـــيزانى خـــندان

له‌

له دوايى سه‌ده‌ى شانزده‌هه‌ما كۆنترين‌بنه‌ماله‌ (جـــعفر) آغا ناوله كاتى‌حكمرانى بابانايه كتێك‌بووه له ئاغاكانى سه‌رحه‌د ودورى ئه‌م آغايه على آغا كجيكى له پاشازاده‌كانى بابان‌هيناوه ناوى (خـــندان) خان‌بووه •

خندان‌خان‌له كاتيكا باوكى وه‌يان ميرده‌كه‌ى له مال نه‌بونايه خوى ئه‌بووبه سه‌ر نرده‌ وه كاروبارى وولاته‌كه‌ى به‌رێوه ئه‌برد • له هه‌ندى شه‌ركه له‌گه‌ل ايرانيه كاناكراوه ئازايه‌تى ولى عاتوبى وهنر خوى پيشان‌داوه • بهم جوره ئه‌ى شازنه جهانا ناوى ده‌ركردووه ئه‌م خيزانه به ناوى خيزانى خـــندان‌ناسراوه •

بياوان‌بيروماقولى ئه‌وسه‌رده‌مه ئه‌گيرنه‌وه • له بنه مالى خيزانى بابان له خه‌لقى (داشمانه) فـــتيه احـــمد ناوله‌گه‌ل تيركه كانا له شه‌رى صـــليبه كانا له زوران‌بازى وباله وانيه‌تى واله كره‌وى برده‌وته‌وه كچيكى برنسس‌انكليزى به ديل كرتووه وه ناوى (كيخام) بووه وه‌ركرده يه‌به‌تى به هاوبه‌ش‌زيانى خوى •

له على آغا وخندان‌خانه‌وه زور‌منال بووه وه زوريان‌له شه‌ركوژراون ته‌نيا حسن‌آغا ماوه كه لمكهلى له ئه‌وه ترين‌سه‌ره‌كى عشيره‌تى جـــوانرو كچى محمد خان(خـــنزاد) خانى خواستووه كه له‌م ژنوكيرده احـــمد آغاى دارخا بووه جعفرآغا وه خندان خان وه محمد آغاى دارخاى له قه‌له جوالان‌له سه‌رلوتكه‌ى كرديك نزديك به ويرانه‌ى قه‌لاجوالان نيژراون‌وه له سه‌رهه‌ندى كيلى قبره كان ناويان‌نوسراوه وه‌به ته‌واوى پيشانى ئه‌دات‌كه ئه‌م كوستانه هى ئه‌م خيزانه بووه •

من‌له سالى ١٩١٦ دا له مانكى نيسان له‌گه‌ل خزمى دايكم‌خوالى خشبو‌عبدالله ناسى افندى دا كه جنم بوزياره‌تى ئه‌م شوينه بيروزه جام بيكه‌وت كه له سه‌ركيلى قبرى جـــعفرآغا و محمد آغا نوسوفى ماوه وزور جاك ئه‌خوينريته‌وه به لام نه توانرا نووسينى كيلى قبره كانى ترلخوينه‌وه • وه له‌م كوستانه دا قبرى پاشاكانى بابان‌وه قبرى محمد آغاى دارخاوه كه ليك قبرى ترمحافظه كراون‌به لام له هه‌موبان‌زياترين‌قبرى محمد آغاى دارخا محافظه دراوه •

قه‌لاجوالان ماناى قه‌لا جواله باداممه وه له نه‌ش شارى سليمانيه دا يه‌كه‌مين جيكه‌ى حكمرانى بابانه كان‌بووه جوانى ئه‌م شوينه وه له رووى حركاتى عسكريه وه به نسبه‌ت ئه‌وده‌وره وه له باشترين‌شوين‌هه‌ل شبيرراوه كه به‌ركرى دوژمنى تيادا بكريت

له‌م شوينه دا كه شوينى جنك آوه‌رانى ميژويى مانه بوزانينى ميژويى ئه‌م خاكه بيروزه دوشه‌مو ودروزنامه‌وه به‌كه‌يه‌كه نيلويه‌تى زياره‌تى قبره كانم كرد وفاتحه‌م بوكيانى ئه‌م بالاوانانه خوينده له بيناوى باراستنى خاكى بيروزى نيشتيمان خاكى بيروزى كوردستانا كيانى بيروزوسه‌روماليان‌فدا كردووه شه‌وورووژبه‌وناوادا كه رام به رووبه‌به‌رسه‌رنجم داوه رام وه‌ك فليمى سينما رابوردن ئه‌م باله‌وانانه وميژوى ئه‌م خاكه بيروزه‌م هينايه جاوبه‌لام سه‌رآه وحسرت بۆخه‌وه سه‌رده‌وه جكه له بيره‌وه‌رى يه‌كى كونى ميژويى وركشتى فرميسكى به خورهيچ ده‌سه‌لاتيكه نه‌مابو وه‌جگه له مه‌ى ئه‌م شوين‌هه‌واركه بيروزه وكيلى ئه‌م قبرانه نه‌بيت‌كه بيان‌كه‌م به شاهدى

ناوینە خانم تەی ژی ئافرەتێکی [illegible] بە ڕەسم و خەتی و
هونەر بووە ، و حەزیەتی هەموحیزانەکەی کردووە وحورمەتی گرتووە و ئافرەتێکی جوانی ڕووی
ڕێزنە بووە ئەم ئافرەتە بە ناخۆشی دەرەم وفاتی کردووە لە ئەوانە کوڕی لە قەبرستانی یحیی افندی‌دا
بە تەنیا مەعبارێ (محمد پاشای بابانە وە) نێژراوە ٠

ئەحمەد عزت‌بەگ لە دوای جەند ساڵێکی خالی (عبدالله خانی) هێناوە و لە پاشان لە ساڵی
١٩٦٠ دا وەفاتی کردووە ، مەزار خانم دایکی عزت‌بەگ و سلیمان‌بەگ لە ٢٤ شوبات ١٩٠١
زاینی لە استانبول وفاتی کردو و لە گۆڕستانی سلطان ایوب‌دا نێژراوە ٠

سلیمان‌بەگ

بچوکترین کوڕی حسین پاشا خنداندانە ساڵی ١٨٧٦ دا لە استانبول بووە ، ئەو لە مەدرەسەی
ئەوساڵەیدا پاشای ژیات کردووە ، سلیمان‌بەگ خوێندنی لە مکتبی حربیەدا تەواو کردووە ٠
انتسابی بە یەکێتی آلای سواری و پاوان شەوداری بووە و لە پاشا تا گەیشتووە رتبەی
میرالای ، لە دوای انقلاب مشروطیتەکە تعنیەی [illegible] قانونی رتبە کراوە بە تنزیل رتبە
کراوە بە یوزباشی ٠

بەم جۆرە و لە مسلکی عسکری دەرچووە و سوەی ملکی ملکی ، سلیمان‌بەگ
لەو لە تاریخدا عمارە زانی بووە لە پەرلەمان لە انجمن کاربەیی عثمانیدا کراوە بە ئەندام لە
ساڵی ١٩١٢ دا کراوە بە تسمیەی متصرف تا پاڵە ، لە پاشاندا بووە بە قائمقامی دەسوکە
لە دوای ئاوا بە ئەم ڕاوە ئەو لە استانبول لە کۆمەڵی حریت و ائتلاف‌دا ئەندام بووە ٠
لە بەرەمەی حزبی اتحاد و ترقی بووە ، ماوەیەک گیراوە لە پاشادا گیراوە سماقی خزینەیەکی
بە سیالیوری ئەوی لە جێگەلە دەرچووە ٠

وفاتی بەرانکەی ئەحمەد عزت‌بەگ والی ئەزمیر لە پێش سلیمان‌بەگ بووە ، دوای لە پاشان
لە باشانانە احمد عزت‌پاشا بە سەکتەی دل وەفاتی کردووە لە پێش لە دوای ئەوە مانەوە لە
لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەزمیر وفاتی کرد ، لە پاشان لە لای برانکەوە و لە ئەزمیر لە نێژراوە ٠

سلیمان‌بەگ کەکەلە لە ساڵی ١١٠٣ لە خلقی طرابزونی کچی حسین‌بەگ لە ملی زادە
(شاکر شانی) هێناوە ئەم کچە لەوێ بەیکی بە ناوبووە ولاتی لە ناو کۆمەڵ کوڕساوە بە لە جیا
جیاجیاوە ، سلیمان‌بەگ بە پیاوێکی نازک و طبیعەت جوان وشەنگ بووە ، و کاتی خۆی بە
خۆیندنەوەی جۆری بردوە ، و زۆر حەزی لە یاری شەترەنج کردووە ٠

[illegible]

(( تاقمەی خەندان ))

بنەرەتی تاقمەی خەندان لە ئاغاکانی سەرحەد جعفرئاغایە لە کاتی حکمرانی بابانەکانا لە دوایی سەدەی شازدەیەمین زیاتر کوڕی جعفرئاغا علی ئاغا ناو لە پاشا زادەکانی بابان کچێکی هێناوە ناوی خەندان بووە .

ئەم ژنە کە بێوەژنەکەی بابکی لە ساڵ لە پیرۆزبایە ئیدارەی مجلسی بابانی کە کورد وە لە ئاوی شکارا لە هەندەی شەڕدا کە لە کاتی خۆیا لەگەڵ ئیرانیەکانا لە هاوە ئازایەتی و بلیمەتی خۆی پیشان داوە و ناوی دەرکردووە ، بە تایبەتی دەربەز بە ناوی شمشێرێکی خۆی بە خەتایە دەبەسایەوە و لە دوای خۆی ئەم خێزانە بە ناوی تاقمەی خەندان ناوبژیوی کراون لە زمانی پیاو ماقولانی پێشەوەی بیرانی ئەو سەردەمە وا لە گێڕانەوە .

دایە لە پێشەوەی خێزانی بابان دەرگەیانە پێی علی احمد لە کاتی خۆیا کاتێ لە شەری علیەکانا زۆر ئازایەتی نوانیوە و لەگەڵ برنێکی بەکانا ناوی (( نیعلم )) خانم بووە مبارزەی کردووە و لە دوای دەردەستی کردنی کردیەتی بە ژنی خۆی کە نیرانەوە ئەم ژنە لە میدانی شەڕدا زۆر ئازایەتی خۆی نواندووە .

لە علی ئاغا و خەندان‌خان زۆر کەتەوە کە وەچەیان لە عبدالرحمن جاف ئاوری دا کوژراون لە تیپیا کوڕێکی حسن ئاغا ماوەتەوە کە بوو بە سەرۆکی خێزانیان لە بە ئێستاش سەرۆکی عشیرەتی جوانرۆ کچی سەرۆک محمد خانی دەیناوە پێی ئاغای دەرزیاوە لە جعفر ئاغا و خەندان خان و محمد ئاغای دەرزیا تێکەڵ بە لاجوالان لە سەرکردنەوە لە ژیان لەم تورستانەدا کەلی قەرتی جەمعە بە بوونی نووسەری کولی ئێرەکان .

ئەم کوڕانە بەرە ئەم خێزانە ئەرخەوان کراوە لە ساڵی ١٩١٦ دا لە ماڵێکی نیشتمان لە گەڵ فەرمێکی دایکی سەرکانی بەوالی خوشەوی و عبدالله ناجی جعفر بۆ لاجوالان زیارەتی ئەم کوردستانەی کردووە ، بە ناوی نووسینی سەرکێشی تیری جعفرئاغا و محمد ئاغای هێنایەوە

سلیمان نظیف

سلیمان نظیف کوری گه‌وره‌ی بچوکی حسین پاشا خزنه‌دار . له‌ سالی ١٨٧٩ دا له‌ استانبول له‌ دایکی سه‌ر افرازی لم بووه .
له‌ ته‌مه‌نی ١٩ سالیدا باوکی حسین پاشا وه‌فاتی کردووه .
خوێندنی که‌ له‌ به‌ که‌سی حریه‌ ته‌واو کردووه‌ داخل به‌ مولکیی آلای به‌ که‌م بووه‌ تاکه‌ پشتیوانیه‌ رتبه‌ی میرالای که‌ ئالانی مشروطیت کراوه‌ له‌ دوای تصفیه کردنی قانونی روحیه کردیانه به‌ یوزباشی له‌ به‌ر ئه‌وه‌ له‌ عه‌سکه‌ری ده‌رچووه‌ و به‌ رێکی سه‌هلی له‌ به‌ رکه‌وته‌وه‌ و به‌ پێچه‌وانه‌ ته‌واو . تامه‌سراو له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی تاریخ شناسێکی زانا بووه‌ له‌ انجمن مه‌جزوی‌عثمانی دا کسراوه‌ به‌ ئه‌ندام .

له‌ سالی ١٩١٢ دا کراوه‌ به‌ قه‌یسه‌ری سلوری (یانسه‌ه) له‌ پاشا کراوه‌ به‌ قائمقامی دهۆک . له‌ دوای ماوه‌یه‌ک بو استانبول گه‌راوه‌ته‌وه‌ له‌ گه‌ل اعلانیه‌ کانا کوشتنی کردووه‌ له‌ م رووه‌وه‌ ماوه‌یه‌ک حبس کراوه‌ . له‌ دوایی دا کراوه‌ به‌ یاریده‌ده‌ری مدیرعمومی الملیت .
له‌ دوای ماوه‌یه‌ک به‌ بیانووی ئه‌ خوشیه‌وه‌ له‌م وایفه‌یه‌ ده‌رچووه‌ .

له‌ پاشا که‌ احمد عزت کراوه‌ به‌ والی أرزه‌روم یه‌ش له‌ گه‌لیا چووه‌ که‌ براکه‌ی احمد عزت پاشا که‌ ی دل له‌ سه‌رای حکومه‌ت تا وه‌فات ته‌ کات ئه‌ چه‌ش له‌ دوای هه‌فته‌یه‌ک له‌ أرزه‌روم وه‌فاتی کردووه‌ و له‌ لای براکه‌ی به‌ وه‌ ئه‌ ته‌پزن .
سلیمان نظیف له‌ سالی ١٩٠٢ دا شاره‌ ئاواسی هه‌نساوه‌ له‌م کتیبه‌ تویسه‌رکی باقیبه‌یه‌ وکچی علی زاده‌ تحسین بک خلقی نار ئه‌بزین بووه‌ له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی بیکه‌وه‌ حه‌ له‌یان له‌ گه‌ردووه‌ له‌ دوای ماوه‌ یه‌ک له‌ یه‌ک جیا بوونه‌ته‌وه‌ .

سلیمان بک بیاویکی شه‌ریف و قاوه‌ لی ئه‌ بیاویکی تالمباز بووه‌ زور حه‌ زی له‌ خوێندنه‌وه‌ی کتیبی ئه‌ کرد کاتی خوی به‌ خوێندنه‌وه‌ و یاری کردنی شه‌ترنج له‌ به‌سه‌ر ئه‌ برد .

# مێژووی خێزانی یامولکی‌و

## ژیانی مصطفا پاشا یامولکی

له عه‌شیره‌تی بڵباس[١٢٤] له تیره‌ی "کابائیزی"[١٢٥] حه‌یدرئاغا له‌سه‌ر مه‌سئه‌له‌ی کچێك له عه‌شیره‌ته‌که‌ی جیابۆته‌وه، له ساڵی (١١١١)ی هیجری (١٦٩٨)ی زاینیدا

---

[١٢٤] له گۆڤاری "هه‌زارمێرد"، ژ ٤، ساڵ ١، حوزه‌یران ١٩٩٨دا بڵاوبووه‌ته‌وه. کۆنترین سه‌رچاوه‌یه‌کی کوردی باسی بڵباسی کردبێ "شه‌ره‌فنامه"یه که بردوویه‌تیه‌وه سه‌ر هۆزی ڕۆژه‌کی و ده‌ره‌نجامی یه‌کگرتنی ١٠ تیره‌ی ئه‌و هۆزه: واته که‌له‌چیری و خه‌ربیلی و باڵه‌کی و خه‌یارتی و کۆڕی و بریشی و سه‌کری و گارسی و بێدووری و به‌ڵاگه‌ردی. بڵباس کۆنفیدراسیۆنێکی خێڵه‌کیی خێڵاتی مه‌نگوڕ و مامه‌ش و پیران و ڕه‌مه‌که. ئه‌و سێ خێڵه‌ی یه‌که‌م، به قسه‌ی ڕاوڵنسن و ئه‌دمۆندز و محه‌مه‌د میهری، به‌شی سه‌ره‌کیی بڵباس پێك ئه‌هێنن. له‌کاتێکدا سن و ڕه‌مه‌ك که‌م ژماره و بێده‌سه‌ڵات و په‌ڕاگه‌نده بوون. بڵباس نیشته‌جێی ناوچه‌ی نێوان شنۆ و سابڵاخ و ڕانیه‌ن. محه‌مه‌د میهری له وتارێکیدا نووسیویه: بڵباس نه‌وه‌ی پشتاوپشتی "ابو العباس"ی یه‌کێك له شازاده‌کانی ده‌وڵه‌تی کوردیی "حه‌سه‌نوه‌یهی"ن که کاتی خۆی هاتووه‌ته کوێستان و نه‌گه‌ڕاوه‌ته‌وه و ناوه‌که‌ی بووه به (بڵباس)، وه‌چه‌کانی ناوچه‌ی (سه‌رده‌شت)یان کردووه به وڵاتی خۆیان. "هه‌واشه‌مه‌زن"ی ژوور سه‌رده‌شت هه‌واری شای بڵباس بووه. بڵباس پیاوی گه‌وره‌ی له ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا هه‌بوه. شێخ ئه‌میرخانی گه‌وره‌یان، له‌به‌ر هاوکاریی عوسمانیه‌کان، زه‌وی‌وزارێکی زۆری له سنووری ئه‌رزڕۆم و خه‌رپووت و مه‌عمووره‌ت ئه‌لعه‌زیز و مووش و بدلیس دراوه‌تێ. قاسم ئاغای کوڕی بووه به سه‌رله‌شکری تازه (یه‌نی‌چه‌ری ئاغاسی) و وه‌زیری جه‌نگ. عه‌لائه‌دین پاشای نه‌وه‌ی، پاشایه‌کی گه‌وره بووه و هه‌ژده پاشای لێ که‌وتوونه‌وه . دوا پاشایان به‌حری پاشای والیی ئه‌ده‌نه بووه که یاریده‌ی هه‌مه‌وه‌نده دوورخراوه‌کانی ئه‌وێی داوه (شرفخانی بدلیسی، شرفنامه، هه‌ژار کردوویه به کوردی، نه‌جه‌ف، ١٩٧٣، ل ٦٧٩؛ محمدأمین زکي، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان، ترجمة محمد علي عوني، ط٢، بغداد، ١٩٦١، ص ٣٧٠" سی. جی. ادموندز، کرد وترك وعرب، ترجمة جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص ١٣٢، ٢٠١" محمد مهری، زمانی ئیمه یه‌کجوره شیوه‌کانی زوره، "هه‌تاو" گۆڤار، هه‌ولێر، ژ ٥٧، ١٩٥٦/٣/٢٠ و، ژ ٥٨، ١٩٥٦/٣/٣١).

[١٢٥] پێ‌ئه‌چێ ناوی "کابایزی" له "ئاغای بایزاغا"ی سه‌رده‌مێك سه‌رۆکی هه‌ره به‌ته‌مه‌نی بڵباس و تیره‌ی "ئۆجاق"ی ناوچه‌ی پشده‌ره‌وه هاتبێ. ئۆجاق "ئۆجاغ" به بڵباس دائه‌نرێ و نیشته‌جێی لای
١٣٠ (وه‌زنه)ی به‌ری ئێران و سه‌رووی (مه‌نگوڕ زوودی)ی به‌ری عێراقن (العشائر الکردیة، ترجمه وعلق علیه فؤاد حمه خورشید، بغداد، ١٩٧٩، ص٢٩؛ ئه‌دمۆندز، هه‌مان سه‌رچاوه، ل٢٠٢).

**هاتۆتە شاری سیوەیل[126] کە ئەکەوێتە ژووری شاری سلێمانی. لە سەردەمی حکوومەتی بابانەکانا کە سەرۆکی حکوومەتی بابان "تەیموورخان"[127] بووە، لە عەشیرەتی جوانڕۆ کچێکی خواستووە کە ناوی "گوڵچین خان" بووە وە لەوسەردەمەدا کە لە دێی سیوەیل ژیاوە، پیاوانی ئازا و سیلاحشۆڕی لەدەور کۆبۆتەوە و لە هەرلایەك هەرا و شەڕوشۆڕ رووی دابێت ئازایەتی و سوارچاکیی خۆی نواندووە و سەرکەوتووە.**

**حەیدەرئاغا (پێغەمبەر-ص)ی لە خەوا بینیوە. بەو بۆنەیەوە یەکەم نەتەوەی کە هاتوونە دنیا، ناوی ناوە مصطفەفا، وە ئەم کوڕەی ناردۆتە حوجرە، لە ئەنجاما بووە بە مەلا. لەپاشانا مەلا مصطفەفا هاتۆتە خورماڵ، لەگەڵ جافەکانا دۆستایەتیی کردووە و لە تیرەی سەدانی[128] کچی "حەسەن خان"ی مارە کردووە و هەمیشە خەریکی نوێژ و عیبادەت کردن بووە وە بەوجۆرە ژیانی خۆی بردۆتە سەر. مەلامصطفەفا تەنیا کوڕێکی بووە، ناوی ناوە "حەیدەر"، پێی خوێندووە و بووە بە مەلا.**

---

**[126] سیوەیل ناوچەیەکی بەری باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای (شارباژێڕ)ی پارێزگای سلێمانی‌یە و دوو بەشە: سیوەیلی سەروو یا شیوەکەڵ کە دێهاتی بناری باشووری ڕۆژاوای چیای (سەرشیو) ئەگرێتەوە ، سیوەیلی خواروو یا کەناروێ کە بریتییە لە دێیەکانی بناری ڕۆژهەڵاتی چیای "گمۆ-دارۆ" (ئەدمۆندز، هەمان سەرچاوە، ل٩٨).**

**[127] تەیموورخان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و برای "بابا سلێمان"ی دامەزرێنی میرنشینی بابان و باوکی خانەبەگ و فەرهادبەگ و خالیدبەگە، پاش ئەوەی براکەی لە ساڵی ١١١١ ك (١٦٩٨ز)دا بەدیل گیراو برایە ئەستانە، تا چوار ساڵ حوکمداریی کرد. ساڵی ١١١٥ ك (١٧٠٣ ز) کۆچی دوایی‌ی کرد، دوای ئەو بەکربەگ "بەکرەسوور" لە حوکمدا جێی گرتەوە (محمدأمين زکي، مشاهير الكرد و كردستان، ترجمة كريمته، ج١، بغداد، ١٩٤٥، ص١١٥؛ محمدأمين زكي، تاريخ السليمانية وأنحائها، ترجمة الملا جميل الملا احمد الروزبياني، بغداد، ١٩٥١، ص١٦٤).**

**[128] سەدانی تیرەیەکی هۆزی جافە، لە سێ تاقمی سەید مورادی و ناودێری و سەدانی پێکهاتووە. بنەڕەتی ناوەکەیان لە "سەهان"ەوەیە کە شوێنێکی نزیکی جوانڕۆیە. زۆربەیان لە دیوی کوردستانی باشوور، لە ناوچەی قۆرەتوو و شیرەمەڕ و گێلەك و شێخ مووسا و لۆسینان و چەقڵاوای ناحیەی خورماڵ دائەنیشن (کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٥، ل ١٣٤٥؛ عباس العزاوي، عشائر العراق الكردية، بغداد، ١٩٤٧، ص٥٦).**

مەلاحەیدەر لەدوای مردنی باوکی لەسەر خواستی دایکی چۆتە بیارە، لە بیارە خەریکی مەلایەتی بووە...[129] ناوی ناوە "عەزیز". لەدوای مردنی باوکی، بووە بە جێنشینی وە جێگەی باوکی گرتۆتەوە. مەلاعەزیز لە عەشیرەتی سەدانیی جاف کە خزمی دایکی بووە، کچێکی خواستووە. لەو کچە تەنیا کوڕێکی بووە، ناوی ناوە " مصطەفا ". دیسان مەلاعەزیز دەرسی مەلایەتیی بە مصطەفا خوێندووە و کردوویەتی بە مەلامصطەفای دووەم، لە بیارە خەریکی مەلایەکی بووە وە ناوبانگی زیرەکی و بلیمەتیی لەو ناوەدا بڵاوبۆتەوە؛ لە سەرۆکی هەورامی کچی سەردار محەمەدی هێناوە کە خاڵۆزای خۆی بووە. ئەم کچە ناوی "یامولکی" بووە.

ئەم کچە سوارچاك و نیشانچییەکی بێهاوتا بووە. لەبەرئەمە بە شەرطیك شووی کردووە کە لە سوارچاکێتی و تفەنگچێتیدا سەربەست بێت و، لەم ژنە کوڕێکی بووە ناوی ناوە "عەزیز". یامولکی خانم زۆرجار لە مەجلیسی پیاوانا، لە ڕاووشکارا، لە تفەنگچێتی و ئازایەتیدا بەشدار بووە و ناوبانگی ڕۆیشتووە.

لەساڵی ١٨٢١ی زاینیدا سوپای ئێران لەژێر سەرۆکایەتیی پرنس محەمەدعەلی میرزادا کە هاتوونەتە سەر حکوومەتی بابان، ناوچەی گوڵعەنبەر[130] و خورماڵیان پەرێشان کردووە و تاڵانیان کردوون[131]. خوشکی مەلامصطەفا "مەنیجەخان" کە بە جوانی ناوبانگی ڕۆیشتووە، لەو تاڵان و برۆیەدا سوار بووە و فیراری کردووە، لەلایەن سوارەکانی محەمەدعەلی میرزاوە دەوریان داوە و گرتوویانە بە دیل.

لەپاشانا یەکێك لە سوارەکانی سالارولدەولە سەردار مەهدیخان[132] هێناویەتی، وە لەم ژن و مێردە "میرزا هادیخان" بووە، وە لە کرمانشاه بەناوی عائیلەی

---

[129] لێرەدا سەرەتای ڕستەکە ناتەواوە و، ئەبێ (کوڕێکی بووە) پەڕیبێ کە ماناکەی پێ تەواو ئەبێ.

[130] گوڵعەنبەر واتە (خورماڵ)و، لە تەشکیلاتی بەڕێوەبردنی دەورانی حوکمی عوسمانیدا قەزایەکی لیوای (سلێمانی)ی سەر بە ویلایەتی مووسڵ بووە.

[131] بۆ درێژەی ئەو هێرشەی سوپای ئێران بڕوانە: س. هـ. لونگریك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط، ط ٥، بغداد، ص٢٩٢–٢٩٥.

[132] سالارولدەولە مەهدیخان، پاش لێخرانی شازادە جەلالودەولە ڕۆژی ٢٦ ربيع الاول ١٣٢٤ ك (١٨١٨ز) حکوومەتی کوردستان (سنە)ی پێ سپێردرا. سەرەتای ئەوساڵە خەڵك ڕاپەڕین و شازادە عەینولدەولە لابرا و میرزا نەسروڵڵاخانی موشیرولدەولە کرایە سەروەزیر. شا و سەروەزیر مەشرووتییەتیان قبووڵ کرد و ڕایانگەیاند ئەنجومەنی شوورای میللی ئەکرێتەوە و ئێران ئەبێتە

خانەخەراب نەوەی ئەم خێزانە ماون. باوکم " مصطەفا پاشا یامولکی" لەکاتی خۆیا موخابەرەی لەگەڵ ئەم خێزانە کردووە، وە خۆشم لە کرمانشاه لەگەڵ هەندێ نەتەوەی ئەم خێزانەدا ناسیاویم پەیا کردووە.

بەڵام مەلا مصطەفا و کوڕەکەی کە ناوی عەزیز وە خێزانەکەی کە یامولکیخان بووە، هاتوونەتە دەوری کەرکووك، لە (ڕانیە) جێنشین بوون. لەوسەردەمەدا طاعوون داکەوتووە، مەلامصطەفا وەفاتی کردووە و لە ڕانیە ناشتوویانە[133]. لەم بەسەرهاتەدا یامولکی خان و کوڕەکەی کە ناوی عەزیز بووە، هاتوونەتە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە دانیشتوون. وە شوێنی ئەم شارە پاشاکانی بابان پەسەندیان کردووە وە زانیویانە ئەو ناوچەیە کانیاو و مێرگ و مێرگوزاری زۆرە؛ لە ساڵی ١٧٧٩ی زاینیدا دەستیان کردووە بە بیناکردنی شاری سلێمانی[134]. باپیرم بەوهۆیەوە بەناوی دایکیەوە کە یامولکیخان بووە، بەناو ناسراوە. لەبەرئەمە ئەم خێزانە بەناوی خێزانی یامولکی ناوئەبرێت.

لەبەرئەمەی عەزیز تاقانە بووە، زۆر بەناز بەخێوکراوە وە زۆر تووڕە بووە. کە گەورە بووە، لەپێشەوە کچێکی هەورامیی هێناوە. لەبەرئەمەی لەگەڵ دایکیا ناکۆك بووە، لێی جیابۆتەوە. لەپاشا لە سلێمانی شەهنازخان کچی میراو عەلی خانی هێناوە.

لەوسەردەمەدا لە شاری سلێمانی ڕەشبەڵەك ئەکرا، یەعنی کچ و کوڕ پێکەوە دەس ئەگرن وە هەڵئەپەڕن. عەزیز یامولکی لەڕۆژێکا کە ویستوویەتی بچێ بۆ

---

وڵاتێکی خاوەن دەستوور. شا وەلیعەهدی لە تەورێزەوە بانگ کردە تاران، چونکە نەخۆش بوو. وەلیعەهد و موشیرولدەولە نیزامنامەی بنچینەییان مۆرکرد. شا لە ١٨ ذي القعدة دا مرد، محەمەدعەلی میرزا ١٤ ذي الحجة ١٣٢٤ چووە سەر تەخت، مەهدیخان لە ٢٢ ذي القعدة ی ئەو ساڵەدا لابرا، ثیقەتولمولك کرایە حاکمی سنە (آيت الله محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان، جلد ٢، چاپ سوم، ص٢٣٦-٢٣٨).

[133] فرایزەر کە ١ی کانوونی یەکەمی ١٨٣٤ ڕووی کردووەتە سلێمانی، وتوویە سێ ساڵ پێشتر تاعوون لەو شارەدا بڵاوبووبووەوە، واتە ساڵی ١٨٣١. بەوەدا کە مەلامستەفا پاش ١٨٢١، ساڵی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر وڵاتی بابان، هاتووەتە ڕانیە، پێئەچێ مردنی لەو ساڵە ناوبراوەی داکەوتنی پەتای تاعووندا بووبێ (تاريخ السليمانية، ص١٦٥).

[134] مەحموودپاشای بابان یەکەمجار ساڵی ١١٩٦ ك (١٧٨٠-١٧٨١ز) شاری سلێمانیی لەسەر ئاوا کردەوە و لەبریی قەلاچوالان کردیە پێتەختی میرنشینی (تاريخ السليمانية، ص٩٤-٩٥).

دێیەکەی، خێزانەکەشی کە ناوی شاهنازخان بووە، پێی وتووە کە بۆ شایی ڕەشبەڵەك بانگ کراوە، ئەچێ بۆ شایی. ئەوڕۆژە عەزیز ناچێت بۆ دێ، لەپەنایەکەوە سەیری شایی ئەکات. ئەبینێ شاهنازخان لەگەڵ گەلێ شاییکەرانا هەڵئەپەڕێت. لەسەر ئەم کردەوەیە، عەزیز یامولکی کە ئەچێتەوە ماڵەوە، مەنجەڵێك ئاوی بۆ گەرم ئەکات و ئەیخاتە ناو مەنجەڵە ئاوە گەرمەکەوە. ئینجا تەڵاقی ئەدات.

باوکم مصطفا پاشا کە ژنەکەی بینیوە، وە بەهۆی ئەو سووتاندنەوە وەفاتی کردووە. لەدوای ئەم ڕووداوانە، باپیرم عەزیز یامولکی لە نەتەوەی شێخ عوپمانی گهوێڵە لە دێی (سەرگەت)[135] "ئەمان کێڵ" خان ناوی هێناوە. لەم ئافرەتە مامم "سلێمان ئاغا" بووە. لەپاشانا کچێکی بووە، ناوی "عاصیمە" بووە.

بەڵام وەقتێك کە ئەم کچە تەمەنی دوانزدە ساڵان بووە، لە ژوورا نوستووە و دایکی چووە بۆ ماڵە دراوسێ. کە کچەکە لە خەو خەبەری ئەبێتەوە، بەسەر ئاگری مەقاڵەدا ئەکەوێت. ماڵەکە ئاگر ئەگرێت، بۆسۆ بە گەڕەکا بڵاوئەبێتەوە. کە دەرودراوسێ پێ ئەزانن، ئەچن. کە دەرگای ژوورەکە ئەکەنەوە، ئەزانن کچەکە مردووە. بەم بۆنەیەوە باپیرم ئەم ژنەش تەڵاق ئەدات.

لەپاشانا باپیرم ئەچێ بۆ ناو جاف[136]. لە هۆزی (سەدانی) کچی کوێخا حەمەی ڕەسووڵ بێوەژن ئەبێت، مارەی ئەکات و دێنە شاری سلێمانی. نەنکەگەورەمان کە "یاپیرۆزخان"ـە دایکی لە عەشیرەتی کردوس[137] فاطمەخان کچی فەقێ ڕۆستەمە. خوالێخۆشبوو مامم "سلێمان ئاغا" ئەوسا لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا هاتووەتە لای دایکم.

---

[135] سەرگەت دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی "خورماڵ".

[136] جاف یەکگرتنێکی خێڵەکیە لە ٢٧ تیرەی دیوی عیراق و ٢٢ تیرەی دیوی ئێران پێکهاتووە. لەمدیو هەڵەبجە و کەلار مەڵبەندی سەرەکییانە، لە پێنجوێن و سەنگاو و هەڵەبجە و کەلار نیشتەجێن. لەودیویش لە ناوچەی مایدەشتەوە تا دەوری قەسری شیرین، بەتایبەت لە ناوچەی زەهاوەوە تا سەر چەمی سیروان و لە قەڵای جوانڕۆ و ناوچەی درۆلە و مەڕەخێڵ و شمشێرەوە تا هەورامان نیشتەجێن. جاف سەرەتا لە دیوی ئێران بووە، لە سەردەمی نادرشای ئەفشاردا، بە قسەی مەستوورەی کوردستانی و شێخ محەمەدی مەردۆخی، ئەمجا ساڵی ١١٥٥ ك (١٧٤٢-١٧٤٣ز) بەشێکیان لێ هاتووەتە دیوی عێراقی ئێستا (تەئریخی جاف، ل٢٣-٢٤، ٢٦، ١٢٥-١٤٥، ٢٠٦).

[137] ئەم خێڵەم بۆ ساخ نەبوەوە.

باپیرم "عەزیز یامولکی" لە ساڵی ١٢٨١ی ڕۆمی و ١٨٦٦ی زاینی لە جادەی صابوونکەران بەرامبەر بە حەمامی موفتی باوکم " مصطفا پاشا"ی هاتۆتە دنیاوە. بردوویە بۆ خزمەت حەضرەتی کاکەئەحمەدی شێخ[١٣٨]، دوعای بەسەرا خوێندووە. لەدوای باوکم، پوورەکانم مەنیجە، زوبێدە و مامم "عەبدولقادر" بوون. وە ناوی زوبێدەی بەناوی زوبێدەخانم ژنی هاروون ئەلڕەشید[١٣٩] و ناوی مامی عەبدولقادر بەناوی عەبدولقادر گەیلانی[١٤٠]یەوە ناوە. کاکەئەحمەدی شێخ لە تاریخی (١٢٠٥)ی هـ لەدایك بووە، وە تاریخی (١٣٠٥)ی هـ وەفاتی کردووە.

---

[١٣٨] کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە و، سەرگەورەی ڕێبازی قادری بووە لە کوردستانی باشوور. ساڵی ١٢٠٧ ك (١٧٩٣ز) لە سلێمانی لەدایك بووە، لەلای باوکی خوێندوویەو بووەتە زانایەکی گەورە لە دانان و زانست و دەرسوتنەوەدا جێی باوکیی گرتووەتەوە. گەلێك نامەی فارسیی هەن بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی خەڵك. لێکدانەوەی بەسەر هەڵبەستی (سلم الوصول في علم الاصول)ی باوکیەوە و پەراوێزی بەسەر کتێبی (کمال)ی سەبارەت بە لێکدانەوە (الشافیە)وە لە زانستی ئوسووڵدا هەن. ساڵی ١٣٠٥ ك (١٨٨٧ز) کۆچی دوایی کردووە و لە (مزگەوتی گەورە)ی سلێمانی نێژراوە. یەك کوڕی "سەید محەمەد" ناوی لێ بەجێماوە کە حەوت کوڕی لێ کەوتوونەتەوە "شێخ سەعید و شێخ مەعرووفی نەقیب و شێخ مستەفای نەقیب و سەید حەسەن و سەید عومەر و سەید ئەحمەد و سەید عیسا (محمدأمین زکي، مشاهیر الکرد وکردستان ترجمة ، کریمتة،مراجعة وتنقیح واضافة محمد علي عوني، ج٢، القاهرة، ١٩٤٧، ص١١٩؛ محمد الخال، الشیخ معروف النودهي، بغداد ١٩٦١، ص١٩٩).

[١٣٩] زوبیدە کچی جەعفەرە و ساڵی ٢١٦ ك (١٨٣١ز) لەدایك بووە. ئامۆزا و ژنی "هارون الرشید" بووە. دەستڕۆ بووە و لە بەغدا مردووە (المنجد في الاعلام، ط ٩، ص ٣٢٠).

[١٤٠] شێخ عەبدولقادر ساڵی ٥٦١ ك (١١٦٦ز) لە گەیلان لەدایك بووە. دامەزرێنی تەریقەتی قادری و سۆفییەکی مەزن بووە. تەکیەیەکی لە بەغدا بۆ کراوەتەوە. لە دانراوەکانی "الفتح الرباني والفیض الرباني" لەسەر تەسەووف و "الغنیة لطالبي طریق الحق" (هەمان سەرچاوە، ل٤١٥).

باوکم مصطەفاپاشا لە سلێمانی لە مزگەوتی سەید حەسەن[141] لای مەلافەتاح و عیرفان ئەفەندی[142] کە زانایەکی بەناوبانگ بووە، خوێندوویە؛ وە یەکەم دەرسی قورئانی پیرۆزی لای عیرفان ئەفەندی خوێندووە. لەپاشانا کە لە سلێمانی ڕوشدیەی عەسکەری کراوەتەوە، داخڵ بووە[143]، وە بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتۆتە بەغداد، لە ئیعدادیی ڕوشدیەی عەسکەری داخڵ بووە. لە ئیمتیحانا لە (٢٨٥) نمرە (٢٨٠) نمرەی وەرگرتووە، زۆر پێشکەوتوو بووە. لە پشووی هاوینا بەسەردان کە چۆتەوە سلێمانی، باوکی لە ٢٢ی مانگی جیمادیل ئوولای ١٢٩٦ی کۆچیدا وەفاتی کردووە[144]. وە هەموو جارێك باوکم " مصطەفاپاشا" بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەگێڕامەوە.

---

[141] ئەم مزگەوتە ئەوڕەحمان پاشای بابان (١٧٨٩-١٨١٣) دروستی کردووە و، خۆیشی دەرسی تێدا گوتووەتەوە. زەویوزاری (کانی مسلم) و (کانی دۆمە)ی بۆ خەرجی وەقف کردووە و، چوار دوکانی نێو بازاڕی سلێمانیی لەسەر تاپۆ کردووە و چوار خانوویشی تێدا بۆ مامۆستا و مەلا و مجەور و بانگدەر بنیات ناوە. قوتابخانەکەی شەش هۆدە بووە، چواری بۆ فەقێ و قوتابی تەرخان کراون. پاشتر مەلا عەبدوڵڵای ڕەش بووەتە مودەڕریسی. نالیی شاعیر فەقێیەکی ئەو حوجرەیە بووە. پاشان مستەفا موفتیی کوڕی شێخ عەلیی باباڕەسووڵی بەرزنجە و حاجی سەید حەسەن و شێخ ئەحمەدی بەرزنجی و مەلا مستەفای کوردی و مەلا محەمەدی کوڕی بەرودوا بوونەتە مامۆستای حوجرەکە (محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية و مدارسها الدينية، بغداد، ١٩٣٨، ص٣٧؛ جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب ١، بەغدا، ١٩٩٢، ل١٤٩-١٥٠).

[142] عیرفان ناسناوی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەسووڵە کە دوو کوڕ، جەمال و عەلی، چوار کچ، کامیلە و حەپسە و نائیلە و حەبیبەی هەبوە. لە مزگەوتی (بن تەبەقی عیرفان)ی ژوور مزگەوتی گەورە دەرسی وتووەتەوە. گەردووونناسێکی شارەزا بووە.

[143] قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری ساڵی ١٨٩٣ لە سلێمانی کراوەتەوە. مستەفاپاشایش ئەوکاتە تەمەنی ٢٧ ساڵ بووە. بۆیە نەچوەتە ئەو قوتابخانەیە و، ئەبێ قوتابخانەی سەرەتایی بووبێ ( تاريخ السليمانية، ص٢٠٥).

لە بیرەوەریە بە تورکی نووسراوەکانی "عەبدولعەزیز یامولکی"دا کە هەمان ژیاننامەی باوکیی تێدا هێنرواەتەوە، وتراوە دوای ساڵێك خوێندن لە سلێمانی، ئەمجا نێردراوەتە بەغدا پۆلەکانی تری ڕوشدیەی عەسکەری تەواو بکات. بڕوانامەی ئەو قۆناغەی خوێندنیشی لە ٣١ مایس ١٢٩٥ ڕۆمی (١٨٧٩/٦/١٣)دا وەرگرتووە، خراوەتە ئەعدادیی عەسکەریی بەغدا.

[144] هەر ئەو بیرەوەریانەی عەبدولعەزیز یامولکی نووسیویە: مستەفاپاشا دوای یەکەم ساڵی خوێندنی ئەعدادیی عەسکەری، تەمەنی ١٤ ساڵ بووە کە باوکی لە ١٢٩٦ ك (١٨٧٨ز)دا کۆچی

لەوسەردەمەدا لە ئەستامووڵ لە خانەدانی سلێمانی خاڵم خەندان زادە سەعیدپاشا کە زیر نەظارەتی خارجییە[١٤٥] وە سەرەکی شوورای دەوڵەت بووە، بە هیممەت و تێکۆشانی ئەم پیاوە بۆ یەکەم جار لە سلێمانی مەکتەبی ڕوشدیەی عەسکەری کراوەتەوە.

دایەگەورەم کە باوکم چووە بۆ بەغداد، زۆر دڵگیر بووە. دووەمین کوڕی "عەبدولقادر"ی نەخستۆتە مەکتەب. لەپاشا باوکم براکەی لە تەمەنی لاویدا بردۆتە لای خۆی، بە خوصووص تەحصیلی پێکردووە. باوکم مصطەفا پاشا لە ساڵی ١٣١٣ی ڕۆمیدا[١٤٦] لە ئێران و ڕووسیە کە وەظیفەی قونسوڵی بینیوە، لە دائیرەی کونسوڵ دایناوە بە کاتب قونسوڵگەری. مامم لە فرمانی موحاسەبەدا زۆر شارەزا بووە، وە شیعری فارسی و عەرەبی و تورکیی زۆر لەبەر بووە، وە نووسەرێکی بەهێز و لە کاروباری موحاسەبەدا زۆر شارەزا بووە.

باپیرم عەزیز یامولکی زۆر تووڕە بووە. ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێکانیا لەنزیك سلێمانی لە شاییی هێنانی بووکدا، ئەیەوێ لە ئاوی تانجەرۆ بپەڕێتەوە. ئەسپەکەی سڵ ئەکات. هەرچەند ئەکات وڵاخەکەی ناپەڕێتەوە. لە ڕقانا دائەبەزێت و ورگی ئەسپەکەی بە خەنجەر هەڵ ئەدڕێت، وە بە پێ ملی ڕێگا ئەگرێت. قەبری باپیرم لە گومەزەکەی باوکما لای ڕاستییەوە نێژراوە.

باوکم " مصطەفا پاشا" لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ی زاینیدا لە بەغداد وەفاتی کردووە، لەسەر وەصییەتی خۆی لە سلێمانی لە گردی سەیوان نێژراوە. مصطەفا پاشا لە ٨ی ئۆغستۆسی ١٢٩٨[١٤٧]دا لە ئەستانبووڵ داخڵ بە مەکتەبی حەربییەی شاهانە بووە، کە لەوسەردەمەدا "فۆندەر غۆڵتس پاشا"[١٤٨]

---

دواییی کردووە. مادامێکی ساڵی ١٢٩٥ی ڕۆمی ڕوشدیەی عەسکەریی بڕیوە، ئەبێ باوکی ساڵی ١٨٨٠ کۆچی دوایی‌ی کردبێ، ئەو ١٢٩٦ ك یە هەڵەیە.

[١٤٥] ئەمە ئەبێ "وەزیری نەظارەتی خارجییە" بێ کە ئەکاتە وەزیری دەرەوە، چونکە سەعیدپاشا چەند ساڵێك وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە.

[١٤٦] ١٣١٣ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٩٧ز.

[١٤٧] ٨ی ئۆغستۆسی ١٢٩٨ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٢/٨/٢١.

[١٤٨] فۆندەر غۆڵتس پاشا ١٨٤٣/٨/١٢ لەدایك بووە. پاش دەرچوونی لە قوتابخانەی جەنگ، بووە بە ئەفسەر و بەشداریی چەندین شەڕی کردووە، لەوانە شەڕی حەفتا ڕۆژە "حرب السبعین"، ساڵی

مودیری مەکتەبی حەربییەی شاهانە بووە و، لە ٨ی تەممووزی ٣٠١ی ڕۆمیدا[١٤٩] لە حەربییەی شاهانە دەرچووە. لە مەجمووعی ١٥٠ نمرە، ١٤٦ نمرەی وەرگرتووە، وە بۆ مولازمی ثانیی پیادەی ئەرکانی حەربییە جیاکراوەتەوە. لە ١٥ی حوزەیرانی ٣٠٢[١٥٠]دا تەرفیعی کردووە، کراوە بە مولازمی ئەووەل.

لە ٢٥ی ئۆغستۆسی ٣٠٢ی ڕۆمیدا[١٥١] کچی خەندان زادە حسێن پاشای هێناوە کە خوشکی وەزیری خارجییە دربند[١٥٢] شووړای دەوڵەت محەمەدسەعید پاشایە، وە "صەفییە خانم"ی نیکاح کردووە، لە ساڵی ٣٠٤ی ڕۆمی تەصادوفی ٣ی مایسی ١٨٨٨ی زاینی لە مەحەللەی ئوسکۆدار مەڕاسیمی شایی و زەماوەند کراوە.

لە ڕۆژی دووەم ساڵی ٣١٣ مانگی تەمووز[١٥٣] کە حسێن پاشا وەفاتی کردووە، بە فرمان و لەلایەن سولطان عەبدولحەمیدی دووەمەوە بۆ صەفییەخان و نەوەکانی خێزانی حسێن پاشا بۆ هەریەکەیان مانگی (٥٠٠) قرۆش بە درێژیی تەمەنیان بۆیان بڕراوەتەوە.

لە ١٨ی مایسی ٣٠٤ی ڕۆمیدا[١٥٤] لە قیسمی ئەرکانی حەربی فەننی بە شەشەمین دەرەجەی یووزباشی[١٥٥] دەرچووە، لە ئەرکانی حەربییەی عومووی لە شوعبەی

---

١٨٨٣یش وەك پشکنیاری قوتابخانەکانی جەنگ کەوتە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی. ساڵی ١٨٨٦ بووە سەرۆکی ئەرکانی جەنگ، دەستی بە ڕێکخستنی "تەجنید" کرد و ١٠ ساڵ کارامەییی تێدا نواند. ساڵی ١٨٩٦ چووەوە ناو سوپای پرووسیا و بووە سەرکردەی تیپی پێنجەم و، بەم پێیە گەلێك پلەی وەرگرت تا گەیشتە پلەی "فیلْد مارشال". ١٩١٤/٨/٢٣ بووە والیی گشتیی بەلچیکا، لە تشرینی دووەمی ١٩١٣یشەوە کرایە نوێنەری عەسکەریی باڵا لەلای پاشا. ١٩١٦/١/٧ بووە یاوەری سوڵتان و سەرکردەی فەیلەقی شەشەم، فەیلەقەکەی لە ١٩١٦/٤/١٩دا سوپای ئینگلیزی لە "الفلاحیة" شکاند. بە نەخۆشیی گرانەتێ (تیفۆس) مرد (عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، ج٨، بغداد، ١٩٥٨، ص٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩١).

[١٤٩] ٨ی تەممووزی ١٣٠١ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٥/٧/٢١.

[١٥٠] ١٥ی حوزەیرانی ١٣٠٢ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٦/٦/٢٨.

[١٥١] ٢٥ی ئۆغستۆسی ١٣٠٢ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٦/٧/٧.

[١٥٢] ئەمە هەڵەیە و ئەبێ "ڕەئیس" بووبێ، چونکە سەعیدپاشا سەرۆکی شووړای دەوڵەت بووە.

[١٥٣] ٢ی تەممووزی ١٣١٣ی ئەکاتە ١٨٩٧/٧/١٥.

[١٥٤] ١٨ی مایسی ١٣٠٤ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٨/٥/٣١.

[١٥٥] یووزباشی واتە پلەی عەسکەریی "ڕەئیس- نەقیب".

سێیەم دانراوە و لە گەشتی دەوروپشتی ئەدرنە و لە حەرەکاتی ئەرکانی حەربییەی عوموومیدا بەشدار بووە.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٣٠٥ی ڕۆمیدا[١٥٦] تەرفیعی کردووە، کراوە بە قول ئاغاسی[١٥٧]. لەسەر داواکردنی خۆی نێرراوە بۆ فیرقەی ئەرکانی حەربییەی حیجاز و نەقڵ کراوە؛ وە قوماندانی حیجاز ئەحمەدفەیض ئەبالخەیر تەعیینی کردووە بۆ ئەوەی کە سەرچاوەی ئاوی زوبێدە تەعمیر بکات وە لە وادیی جیاد چاودێریی دروستکردنی بینای یەك قشڵەی گەورە بکات.

وە لەلایەن شەریفی مەککە "عەون ئەلرەفیق" ناوەوە سوپاسنامەی بۆ نێرراوە بۆ ئەستامبووڵ و تەقدیر کراوە. لەوکاتەدا لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٣٠٦ی ڕۆمیی ڕێکەوتی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠دا عەبدولعەزیز کوڕی مصطفەفا پاشا یامولکی لەدایك بووە. لە نیهایەتی ساڵی ٣٠٦ی ڕۆمیدا "پۆڵ فریدمان" ناو کە یەهوودییە و (نەمسەیی) بووە، ویستوویەتی لە دەوروپشتی (عەقەبە)دا بۆ دامەزراندنی پرانسیپەکی یەهوودی فیتنەیەك بەرپا بکات، وە چەن جوولەکەیەك ویستوویانە لەوناوە کۆببنەوە. دەسبەجێ مەفرەزەکەی مصطفەفا پاشا لێیان ڕاپەڕیون وە دەریانکردوون. وە بەم بۆنەیەوە گوێ دەریای سوور جەنا و موەیلخ و عەقەبە و دەوروپشتی بۆ خدێوی میصر جیاکراونەتەوە، کەوتوونە ئیلحاقی حوکمی شاهانەی دەوڵەتی عوثمانی. وە لە پاداشتی ئەم کردەوەیەدا نیشانی چوارەمی ڕوتبەی مەجیدیی خەڵات کراوە.

لە ٢٨ی ئەیلوولی ٣٠٨[١٥٨]دا تەرفیعی کردووە، بووە بە بینباشی[١٥٩] لە فیرقەی حیجاز، وە بۆ مەرکەزی شەشەمین ئۆردووی هومایۆنی ئەرکانی حەربییە بۆ بەغداد نەقڵ کراوە. لەدوای ماوەیەك لە ڕۆژی ١٣ی ذیلقەعدەی ساڵی ٣١٠ی هـ[١٦٠] کراوە بە شابەندەری خۆی و سەڵماس لە ئێران، کە ئەم شابەندەرخانەیە تازە کرواەتەوە.

---

[١٥٦] ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٣٠٥ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٨٩/١١/١١.

[١٥٧] قول ئاغاسی، واتە پلەی عەسکەریی "رئیس اول– رائد".

[١٥٨] ٢٨ی ئەیلوولی ١٣٠٨ی ڕۆمی ئەکاتە ١٨٩٢/١٠/١١.

[١٥٩] بینباشی، واتە پلەی عەسکەریی (مقدم).

[١٦٠] ١٣١٠ ك ئەکاتە ١٨٩٢ز.

**که له (خۆی) بووه، له پانزدەهەم ڕۆژی مانگی شەعبانی ۳۱۰ی هیجریی ئەم ساڵەدا کچێکی هاتۆته دنیا و ناونراوه زەهرا زەڕین تاج. له ۲۲ی مانگی موحەڕڕەمدا ساڵی ۳۱۲ی هیجری[161] نیشانی چوارەمینی عوثمانیی پێ خەڵات کراوه. وه له شاری سنه لەبەینی حکوومەتی مەحەللی و تەبەعەی عوپمانیدا که هەرا و پشێوییەك بووه، دایمرکاندوونەتەوه. لەسەر فەرماندەییی سەفارەتی عوثمانی له تاران کراوه به سەرشابەندەر. دووەم کچی ئەنجوم ئەسماخانم بووه[162].**

**له شاری سنه بەهۆی ئاینی سوننیی کوردەکان لەگەڵ حکوومەتی مەحەللیدا ناکۆکی ڕووی داوه. بەم هۆیەوه زۆر پیاوانی گەوره کوژراون، وه دەوری سەرای حکوومەتیان گرتووه. بەهۆی ئەم کارەساتەوه، والیی شار حوسامولمولك وه کوڕەکەی ئیحتیشامودەوله وه ژنەکەی کچی شاهـ موظەفەرەلدین "قەمەروسسەلطەنه" هاواریان بردۆته بەر خوالێخۆشبوو مصطەفاپاشا، به تێکۆشانی خۆی هەراکەی دامرکاندۆتەوه، وه قەمەروسسەلطەنەی خەڵاص کردووه وه تا له تاران به موحافەظه تەسلیمی کردووه. بەم هۆیەوه لەلایەن شاهی ئێرانەوه له مانگی ڕەبیعول ئەووەڵی ساڵی ۳۱۳ نیشانی دەرەجه دووی شێر و خورشیدی با حەمایلی سوور وه لەلایەن حکوومەتی عوثمانلییەوه سێیەمین دەرەجەی نیشانی عوثمانیی پێ بەخشراوه (ئەم مەسئەلەیه به تاریخ له کتاب تاریخ مردوخ زۆر موفەصەل نووسراوه)[163].**

---

**[161] ۱۳۱۲ ك ئەکاته ۱۸۹٤ز. ئەم مێژووه، له "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"دا، ۱۵ شەعبان ۱۳۱۲یه.**

**[162] ئەنجوم یامولکی، ئەوی زانراوه، دواتر بووه یەکێك له ڕێبەره دیارو چالاکەکانی "کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد– کورد تعالی قادینلری جمعیتی" که گوڵانی ۱۹۱۹ له ئەستانه دامەزرا و سەر به "کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان" بوو (م. ئەمین بۆز ئەرسەلان، ژین کۆڤارا کوردی– ترکی ۱۹۱۸–۱۹۱۹، جلد ۱، ئۆپسالا، کانوونا پاشین ۱۹۸۵، ل٥٩–٦٠.**

**[163] ئەم شەڕوشۆڕه له ڕۆژی ۱۲ سەفەر ۱۳۱٤ ك (۱۸۹٦ز) بەدواوه له (سنه) قەوما. شێخ محەمەدی مەردۆخی، بەشدار و ئاگادارێکی نزیکی ئەو بەسەرهاته بووه. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه کتێبەکەی: تاریخ مردوخ، جلد ۲، ص۲۲٦–۲۲۸.**

له ١٥ی جیمادیل ئوولای ٣١٣ [١٦٤]دا تابیع به ڕووسیا کراوه به شابەندەری قارص. لەوماوەیەدا لەبارەی هێزی قافقاس و ئیستیحکاماتی قارص و هێزی ڕووسیا گەلێ مەعلووماتی موهیمی داوه به حکوومەت. له پاداشتا سێیەمین نیشانی مەجیدیی خەڵات کراوه.

له تاریخی ٣١٤ی ڕۆمی[١٦٥] به ئەرکانی جەبهەی بەغداد نەقلٚ و به قائیمقامی تەرفیع کراوه و، به تاریخی ١٠ی مایسی ٣١٧ [١٦٦] به ڕیئاسەتی ئەرکانی حەربییەی ئۆردووی شەشەم دەر بەغداد[١٦٧] تەعیین کراوه. له ١٧ی مانگی سەفەری ٣١٦ی کۆچی[١٦٨] لەلایەن والی و قوماندانی بەغداد ڕەجەب پاشاوه گۆڕراوه بۆ طەڕابولسی غەرب و له شوێنی له حیجازەوه موشیر ئەحمەدفەیض پاشا[١٦٩] دانراوه. له ٢٨ی ڕەبیعول ئاخەری کۆچیدا[١٧٠] هاتۆته بەغداد. مصطەفابەگ وەقتێ که له حیجاز بووه، خەریتەی ناوچەکانی حیجاز و ناحیەکانی ئەحسا لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی که له عێراقدا بوو، ژمارەی قەچا و ناحیەکانی لەگەڵ ژمارەی عەشائیرەکانی، لەگەڵ بەیانی مەسافەی بەینی دێهات و ناحیه و قەضاکانی نەخشه کێشاوه. لەوسەردەمەدا حاکمی نەجد "ئیبن ئەسسوعوود" و ئەمیری کوێت "صەباح" مەعاشی (٥٠) لیرەی ئاڵتوونی له حکوومەتی عوثمانی مانگ به مانگ وەرئەگرت.

له زەمانی والیی بەغداد نامیق پاشا[١٧١]، دەفتەرداری ویلایەت عەبدولوەهاب ئەفەندی لەکاتی مەعاشاتی تەقاعودەکانا زۆر سزای تەقاعودەکانی ئەدا و تەحقیری

---

[١٦٤] ١٣١٣ ئەکاته (١٨٩٥ز).

[١٦٥] ١٣١٤ی ڕۆمی ئەکاته ١٨٩٨ز.

[١٦٦] ١٠ی مایسی ١٣١٧ی ڕۆمی ئەکاته ١٩٠١/٥/٢٣.

[١٦٧] دەر بەغداد واته له بەغداد.

[١٦٨] ١٣١٦ ك ئەکاته ١٨٩٨ز. ئەم ساڵه کۆچییه یا ئەبێ هەڵه بێ و ڕاستتر ١٣١٩ك (١٩٠١ز) بێ، چونکه مستەفاپاشا ٢٣ی مایسی ١٩٠١ هاتووەته بەغدا؛ یان ئەبێ ساڵی هاتنه بەغداکەی هەڵەی تێدا کرابێ.

[١٦٩] ڕاستتر ئەحمەد فەیضی پاشایه.

[١٧٠] ساڵی کۆچیەکەی نەنووسراوه. له "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"دا هەر ١٣١٦ کۆچییه که ئەکاته ١٨٩٨ز.

[١٧١] نامیق پاشای پچووك له ٨ محرم ١٣١٧-٢٦ جمادی الاولی ١٣٢٠ والیی بەغدا بووه (الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، ادارة العراق، بغداد، ١٩٩٢، ص٨٦).

ئافرەت و ژنانی تەقاعودی ئەکرد و، ئەم ئافرەتانەش هاواریان برد بۆ لای مصطفا بەگ؛ مصطفا پاشا زۆر ئەم کارەساتەی پیّ ناخۆش بووە. لەبەرئەمە ڕێگەی بە دەفتەردار گرتووە؛ تەصادوفی کردووە دەفتەردار بە سواریی کەرێکی سپی کە لە مەیدانی هەڕاجخانە گەڕاوەتەوە، بە بیانووی ئەمە کە خۆی داوە لە مصطفابەگ، لەسەر کەرەکە دایئەبەزێنیّ، زۆر چاك حەسیرمەیدانی ئەکات. لەسەر ئەمە بەرتیلخۆرەکانی شەریکی دەفتەردار لە موشیر ئەحمەدفەیض پاشا و والی نامیق پاشا ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان. هەرایەکی گەورە ڕووئەدات کە گوایە عەسکەر تالانی بازاڕی کردووە.

لە پاداشتی ئەم چاکەیەدا زابتانی موتەقاعید و خێزانەکانی چوون تەشەکوری "مصطفا بەگ"یان کردووە و لە بەردەمی ماڵەکەیان کە لە حەیدەرخانە بووە، نمایشاتێکی گەورەیان کردووە و ئاژاوە و هەرایەکی گەورە لە شاری بەغدادا بەرپا بووە.

کە ئەم کارەساتە زانرا، خێزانی مصطفابەگ نێرراوە بۆ ئەستامبووڵ. لەوسەردەمەدا تەختەوڕەوان[172] و کەژاوە هەبوە، بە سواریی کەژاوە لەژێر پارێزگاریی بلووکێك عەسکەردا لە بەغدادەوە خێزانەکەی بۆ حەڵەب لە حەڵەبەوە بۆ ئەسکەندەروون بە ٤١ ڕۆژ گەیشتوون. لە ئەسکەندەروونەوە بە دوانزە ڕۆژ، یەعنی بە ٥٣ ڕۆژ گەیشتوونە ئەستامبووڵ. بەهۆی ئەم ڕوودانەوە، لە ئەستامبووڵەوە بە سەرۆکایەتیی فەریق عەبدوڕڕەحیم پاشا هەیئەتێکی تەحقیقات نێرراوە، وە ئەم پشێوییەیان عەرضی پادشا کردووە.

لەم کاتەدا لەدوای نوێژی جومعە لە مزگەوتی مەیدان، خەتیبی مزگەوت لەکاتی خوتبەدا ناوی والی نامیق پاشای هێناوە. بەم هۆیەوە والی زۆر پەست بووە وە عەزل کراوە. لە شوێنی ئەو ئەحمەدفەیض پاشا بە ئیرادەی شاهانە بە وەکالەت دانرا[173].

---

[172] تەختەڕەوان ژوورێکی چکۆلەی لە تەختەدروستکراوی شووشەبەند بووە، بە ڕەوڕەوە ڕۆیشتووە. بەزۆری ئافرەت و منداڵ و پەککەوتە چوونەتە ناوی و دوو ولاخ و هەڵیگرتووە و ڕایکێشاوە.

[173] ئەم والییە لە ٢٦ شعبان ١٣٢٠–١١ شعبان ١٣٢٢ بە وەکالەت لەسەر کار بووە (هەمان سەرچاوە، ل٨٦).

ئەمەیش لە ڕۆژی کردنەوەی تەواوبوونی جسری  کۆن  کە لە ٢٦ی جیمادیل ئوولای ساڵی ١٣٢٠ی کۆچیدا[١٧٤] ڕووی داوە.

مصطەفا بەگ یامولکی لە ساڵی ٣١٨ی ڕۆمیدا[١٧٥] کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی حەربییەی ڕەدیف لە فیرقەی شانزدەمین لە سیواس. وە لە بەغداوە کە چووە بۆ سیواس، ڕێگای زەویی پەسەند کردووە. لەسەر ئەمە کە گەیشتۆتە ئەستامبووڵ لەسەر فەرمانی سەرعەسکەر[١٧٦] دوو ڕۆژ لە نەظارەتی حەربییەدا تەوقیف کراوە. لەپاشا بە واپۆڕی (قەپلان) بە ڕێگای صامسوونا لە ٢٨ی شوباتی ٣١٨[١٧٧]دا گەیشتۆتە سیواس.

لە ساڵی ٣٢٠ی زاینیدا[١٧٨] کراوە بە میرالای[١٧٩]. لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٢١دا[١٨٠] بە ئیرادەی سنییە بۆ سنووری خاقانیی ناوچەی سلێمانییە، وەزنە و لاهیجان کراوە بە مەئمووری تەحقیقاتی قۆمسیۆنی ئەوناوە. وە لەلایەن ئێرانیەکانەوە هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی ئیحتیشامول سەڵـطەنە سێ ساڵ خەریکی دانانی ئەم سنوورە بوون. لەدوای تەواوبوونی ئەم فرمانە، بەهۆی پشێوییەکەوە کە لە ناوەندی بەغداد و بەصرە و دەوری سلێمانی ڕووی داوە، دیسان بە ئیرادەی سنییە کراوە بە مەئمووری تەحقیقات. کە لەوناوەدا بووە لە ٢٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٠٨ی زاینیدا لە ئەستامووڵ ئیعلانی ئیدارەی مەشرووطییەت کراوە. لەپاش ماوەیەك کراوە بە سەرەکی ئەرکانی حەربییە لە ئەنقەرە.

---

[١٧٤] واتە ١٩٠٢ز. ئەم مێژووە لە "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"دا ١٩ی ئابی ١٩٠٤ە و، ئەبێ ساڵەکە هەڵە بێ، چونکە مستەفاپاشا ئەودەمە لە بەغدا بووە و پاشتر هەر لەوساڵەدا گوێزراوەتەوە بۆ سیواس.

[١٧٥] ئەم مێژووە لەو بیرەوەریانەدا ٣ی کانوونی یەکەمی ١٣١٨ی ڕۆمییە کە ئەکاتە ١٩٠٢/١٢/١٦.

[١٧٦] سەرعەسکەر واتە سەرکردەی گشتیی سوپا.

[١٧٧] ٨ی شوباتی ١٣١٨ی ڕۆمی ئەکاتە ١٩٠٢/٢/٢١.

[١٧٨] ئەم ساڵە زاین نییە و ڕۆمییە، ئەکاتە ١٩٠٤ز. ئەوە بەپێی ئەو بیرەوەریە ئامارژەبۆکراوە، لە ٢٢ی شوباتی ئەو ساڵەدا بووە کە ١٩٠٤/٣/٧ ئەگرێتەوە.

[١٧٩] میرالای واتە (میرلیوا– آمر لواو– کۆلۆنێل).

[١٨٠] ٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٢١ی ڕۆمی، واتە ١٩٠٥/١٢/٢١.

**له ٦ی ئۆغستۆسی ٣٢٤[١٨١]دا له شاری مووصڵەوە حەرەكەتی كردووە و، له ١٩ی ئۆغستۆسی ٣٢٤[١٨٢]دا گەیشتۆتە حەڵەب. وە له بەیرووتەوە بە واپۆڕی حاجی داود چووە بۆ ئەستامووڵ. له یەكەمین ڕۆژی مانگی ئەیلوولدا گەیشتۆتە ئەنقەرە. لەپاشا بە مەئزوونییەت چووە بۆ ئەستامووڵ.**

**خوالێخۆشبوو لەوماوەیەدا كه له ئەستامووڵ بووە، لەژێر فەرماندەییی مەحموود شەوكەت پاشادا سوپای ئارناوود ڕاپەڕیون. ویستوویانە ئەستامووڵ كه پایتەخت بووە، بكرێ بە دوو بەشەوە. له بەنغالی و نیشانطاش وە ناوچەی ییڵدز شەڕە طۆپ و تفەنگ ماوەیەكی زۆر دەوامی كردووە. ئا لەو هەراو بگرەدا له ڕۆژی ١١ی نیسانی ٣٢٥-١٩٠٩[١٨٣]دا كه ئەم هەرایە ڕووی داوە، سوپای ئارناوود مصطەفا پاشایان له مزگەوتی تەشویقییە تەوقیف كردووە. وتوویانە ئەمە قوماندانێكی ئیستیبدادە، پێویستە بگیرێت. ئا لەوتاریخەدا عەزیز بەگی كوڕی كه له مەكتەبی حەربییە بووە، وە ئاگای لەم هەرا و ئاژاوەیە نەبوە، وە لەولاشەوە ئارناوودەكان خەریكی ئەمە بوون كه مصطەفابەگی باوكی چۆن بكوژن؛ له كۆڕی ئەم هەرایەدا، عەزیز بەگ توانیویەتی بە شەو له مەكتەبی حەربییەوە له شوێنی فڕونخانەی عەسكەرییەوە باوكی دەرباس بكات وە بە سەلامەتی بیباتە ماڵەوە.**

**لەدوای ئەم ئاژاوەیە، له ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٣٢٥[١٨٤]-١٩٠٩دا سوڵـطان عەبدولحەمیدی دووەم له تەخت هێنراوەتە خوارێ و سوڵـطان محەمەدڕەشاد لەسەر تەخت دانراوە[١٨٥]. مصطەفابەگ له ٢٢ی شوباطی ٣٢٤[١٨٦]دا كراوە بە میرلیوای**

---

[١٨١] ٦ ئۆغستۆس ١٣٢٤، واتە ١٩٠٨/٨/١٩.

[١٨٢] ١٩ ئۆغستۆس ١٣٢٤، واتە ١٩٠٨/٩/١.

[١٨٣] ١١ نیسان ١٣٢٥، واتە ١٩٠٩/٤/٢٤.

[١٨٤] ١٤ی نیسانی ١٣٢٥، واتە ١٩٠٩/٤/٢٧.

[١٨٥] سوڵتان محەمەدی پێنجەم "ڕەشاد" (١٨٤٤-١٩١٨) كوڕی سوڵتان عەبدولمەجید و برای عەبدولحەمیدی دووەمە. ساڵی ١٩٠٩ كه براكەی لابرا، بووە سوڵتانی عوسمانی و، توركانی لاو بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی خۆیان بەكاریان هێنا. نەیتوانی بەرەنگاری ئیتاڵیا و باڵكان ببێتەوە و، بەشداریی یەكەمین جەنگی جیهانیی كرد. "وەحیدەدین"ی كوڕی دوای خۆی بەناوی محەمەدی شەشەمەوە جێی گرتەوە (المنجد في الاعلام، ص٦٣٨).

[١٨٦] ٢٢ی شوباتی ١٣٢٤، واتە ١٩٠٨/٣/٧.

قوماندانی ٢١ نجیی[١٨٧] لیوای نیظامییه له شەشەمین ئۆردووی نیظامی له بەغداد. لەبەرئەمه له ڕۆژی ١ی مایسی ٣٢٥[١٨٨]دا لەگەڵ خێزانەکەیا له ئەستامووڵ دەرچوون. که گەیشتۆته بەغداد، لەوساڵەدا عەشائیری مونتەفیك[١٨٩] یاخی بووبوون. بۆ سەندنی خەرج و باجی میری، کراوه به قوماندانی سەندنی خەرج و باج، وه له ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٣٢٥-١٩٠٩[١٩٠] له دەوروبەری ناصرییەدا شەڕێکی گەرم ڕووی داوه و زیانێکی زۆر بووه. لەدوای سەندنی پارەی میری، که گەڕاوەتەوه بەغداد، له ساڵی ٣٢٦ی ڕۆمیدا[١٩١] تەشکیلاتێکی تازەی قول ئۆردوو[١٩٢] کراوه. لەو تەشکیلاتەدا کراوه به قوماندانی فیرقەی نیظامیی ٣٠ سێیەمینی ئازربایجان[١٩٣]. لەبەرئەمه به یەکجاری لەگەڵ خێزانەکەیا به عەرەبانەی یایلی له ڕێگای دێرئەلزوور، حەڵەب و بەیرووتەوه گەڕاوەتەوه بۆ ئەستامووڵ، وه خێزانەکەی له ئەستامووڵ داناوه و خۆی چووه بۆ ئازەربایجان.

که گەیشتۆته جێ، له ٥ی مارتی ٣٢٧[١٩٤]دا کراوه به وەکیلی قوماندانی قول ئۆردووی دەهەم. لەپاشانا له ٢٧ی تشرینی دووەمی ٣٢٧[١٩٥]دا کراوه به قوماندانی پێنجەمین فیرقەی نیظامیی مایدۆس- کلبیولی. لەکاتی حەربی ئیطالیادا[١٩٦] بۆ پاراستنی دەردەنیل ماوەتەوه. له ١٦ی ئەیلوولی ٣٢٨[١٩٧]دا کراوه به قوماندانی فیرقەی ٢٧ی نیظامی له بەیرووت که تابیع به هەشتەمین قول ئۆردووی نیظامی

---

[١٨٧] ٢١ نجی، واته بسیتویەکەم.

[١٨٨] ١ مایسی ١٣٢٥، واته ١٩٠٩/٥/١٤.

[١٨٩] مونتەفیك پارێزگای (ناصریه)ی ئێستایه.

[١٩٠] ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٥، واته ١٩٠٩/١٠/٣١.

[١٩١] ١٣٢٦ی ڕۆمی ئەکاته ١٩١٠. ئەمه له "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"دا ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٦ی ڕۆمییه که ئەکاته ١٩١٠/١/١٠.

[١٩٢] قول ئۆردوو، واته قائد فیلق.

[١٩٣] ئەمه لەو بیرەوەریانەدا (ئەرزنجان)ە.

[١٩٤] ٥ی مارتی ١٣٢٧، واته ١٩١١/٣/١٨.

[١٩٥] ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٣٢٧، واته ١٩١١/١٢/١٠.

[١٩٦] ئەم شەڕە ساڵی ١٩١٢ قەوماوه (المنجد في الاعلام، ص٧٩٠).

[١٩٧] ١٦ی ئەیلوولی ١٣٢٨، واته ١٩١٢/٩/٢٩.

بووە. لەگەڵ ئەم فیرقەیەدا لە شەڕی باڵقان و (بولایر) و (ئاکسامیل)دا بەشدار بووە[١٩٨].

لەدوای موتارەکە[١٩٩] و صوڵح و ئاشتی بۆ سەندنەوەی شاری ئەدرنە، لەپێش هەموو سوپاوە هێزی فیرقەکەی داخڵ بە شاری ئەدرنە بووە. ئەو ڕۆژەی کە چوونە ناو شاری ئەدرنە، قوماندانی ئۆردووی تورك داخڵ بە شار بێت. لەبەرئەمە نزیك بە شار لە مزگەوتی حاجیەکانا پێکیانا داوە لەسەر ئەمەی بە ئەمری قوماندانی فیرقە بۆ چوونە ناو شار هێزی سوپا تەئخیر نەبوە. بەڵام کە فیرقەی ٢٧ی بەیرووت داخڵ بە شار بوون، زۆر بە نمایشاتێکی گەورە پێشوازی کراون.

لەدوای ئەمەی بوڵغاریەکان لە ئەدرنە چوونەتە دەری دەللی فوئاد پاشازادە، لە مامۆستایانی حەربییە یووزباشیی سواری ڕەشید بەگ نێرراوە بۆ کەشفی ئەو ناوە، کە بزانرێت بوڵغاریەکان چەن ماوەیەك دوور کەوتوونەوە. بەڵام لەناکاودا بوڵغاریەکان ئەسیریان کردووە و قۆڵ و دەستیان بڕیوە، وە بەو ناڕەواییە شەهید کراوە.

بەهۆی شەهیدبوون و ئازایەتیی ناوبراوەوە، لە دەری شاری ئەدرنە ضابطان و ئەهالی وە والیی ئەدرنە عادل بەگ وتاری نیشتمانییان داوە و، لە وتارەکەیانا هەر باسی ئازایەتی و فیداکاریی سەربازی تورکەکانیان کردووە و ناوی سەربازی عوثمانلییان نەهێناوە. لەبەرئەمە ئەو سەربازانەی لە بەیرووت و لە شارانی دوورەوە لەگەڵ زابتان و عەسکەری کورد و عەرەب لەم شەڕەدا ئازایەتیان پیشان داوە و خوێنیان ڕێژراوە، بە هیچ جۆرێك ناویان نەهێنراوە. لەسەر ئەمە خوالێخۆشبوو مصطەفا پاشا یامولکی زۆر پەست و دڵگیر ئەبێت، ڕاستەوڕاست قلیجەکەی[٢٠٠] هەڵئەکێشێت و دێتە مەیدان و ئەڵێت:

من کوردێکم لەژێر فەرماندەهیی منا بەیرووتیەکان و سوپایەك لە عەرەب بە ناتەواویی چەك و جبەخانەیانەوە لە مەیدانی شەڕی ئاکسامیل و بولایردا لە چوار هەزار زیاتر خوێنیان ڕێژرا و فیداکارانە شەڕیان کرد بەناوی عوثمانلی و ئیسلامەوە، ناوتان نەهێنان، تەنیا هەر ناوی سەربازی تورکتان هێنان. لەگەڵ ئەمەشا گەلێ زابتان

---

[١٩٨] شەڕی باڵکانیش هەر لە ١٩١٢دا ڕووی داوە (هەمان سەرچاوە، ل٧٩٠).

[١٩٩] موتارەکە، واتە ئاگربەست (هدنة).

[٢٠٠] قلیج، واتە شمشێری ڕاست کە بە لاقەددا شۆڕئەکرێتەوە.

و عەسکەری عەرەب لەم شەڕەدا شەهید کران. لەبەرئەمە بە هیچ جۆرێك ناوتان نەهێنان، جیددەن شایانی ئەسەفە و هێرشی بردۆتە سەر کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقی و سەرۆکەکانی بەرباد و ڕەزیل کردووە. بەوهۆیەوە دەستبەجێ دوایی بە مەراسیمی ماتەم هێنراوە.

سەبارەت بەم کارە ئیتیحادیەکان و سەرەکی ئەرکانی جەنگ ئەنوەربەگ کە لەم مەراسیمەدا بوون، زۆر تووڕە و پەست بوون. لە ساڵی ٣٢٩ی کانوونی یەکەمدا[٢٠١] کە ئەنوەر بە نەتیجەی ئینقیلابی عەسکەری بووە بە ناظری حەربییە، مصطەفاپاشا و هادی پاشا عومەریی سەرەکی ئەرکانی حەربییەی عومومی لەگەڵ شانزدە جەنەڕاڵ تەقاعود کراون. لەدوای ئەمە لە شۆڕشی گەورەدا مصطەفاپاشا لە ئەستامووڵ لە ماڵی خۆیا لە (نیشانطاش) نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ئیتیحادیەکان ناکۆك بووە.

لەدوای ئەمە کە جەنەڕاڵ فۆندەر غوڵتس پاشا کراوە بە قوماندانی عوموومیی ناوچە و دەوروپشتی بەغداد، وە لەدوای ئەمە کە مصطەفا کەمال پاشا بووە بە قوماندانی ناوچەی دیاربەکر؛ هەردوکیان لەبەر شارەزابوونی ئەو ناوچانە داوایان لە خوالێخۆشبوو مصطەفا پاشا کردووە کە بگەڕێتەوە لەگەڵیانا پێکەوە خزمەت بکەن. بەڵام خولێخۆشبوو قبووڵی نەکردووە و لەسەر لایەنگیریی فیرقەی حوڕییەت و ئیئتیلافچییەکان ماوەتەوە[٢٠٢].

لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا، لەدوای تەواوبوونی حەربی عوموومی لە زەمانی حکوومەتی تۆفیق پاشادا بە ناوی پاراستنی مافی کۆمەڵەوە کۆمەڵێکی گەورەی بنیاد ناوە، وە ئەو ئەفسەرانەی لە زەمانی ئیتیحادیەکانا غەدریان لێکرابوو، هەموویان گێڕانەوە سەر ئیش و تەرفیعیان پێکردن. لەناو ئەمانەدا مصطەفاپاشا دیسان بە ڕوتبە و نیشانی خۆی ئیعادە کراوەتەوە.

لەدوای ماوەیەك بە سەرۆکایەتیی حیرەت پاشا بۆ سزادانی ئەندامانی ئیتیحادیەکان، ئەوانەی کە ئەرمەنیەکانیان دەربەدەر کردووە و سزایان داون،

---

[٢٠١] ڕاستتر ئەمەیە: کانوونی یەکەمی ١٣٢٩ کە ئەکاتە ١٩١٣.

[٢٠٢] لە "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"دا لێی زیادکردووە: ((پێی وتوون: من ئەو سوێندە ئەپارێزم کە بۆ پاشام خواردووە ، خستنی خەلافەت زەبرێکی گورچکبڕە لە جیهانی ئیسلام. بۆیە نایەمە پاڵتان و پارێزگاریی خەلافەت ئەکەم)).

مصطەفا پاشا کراوە بە ئەندامی دیوانی فەوقەلعادەی جەنگ، وە لە زۆر قابینەی[٢٠٣] کەدا بووە بە ئەندام. وە لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩١٩دا کە قابینەکەی داماد فەرید پاشا دامەزراوەتەوە، کرواە بە والیی ویلایەتی خوداوەندکار (برووسە) وە چۆتە برووسە. لەوێ کەمالیەکان کە یۆنانیان گرتۆتەوە، لە فکری ئەوەدا بوون کە ئیعلانی جەمهوورییەت بکەن. مصطەفا کەمال پاشا داوای کردووە کە مصطەفا پاشا یامولکی لەگەڵیانا بێت، وە لەم بارەیەوە میرالآی بەکر سامی چووە بۆ لای مصطەفا پاشا یامولکی. بەڵام ناوبراو قبووڵی نەکردووە، وە ویستوویەتی بەناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە صەداقەت و ڕاستی بنوێنێ. لەوکاتەدا هێزی کەمالیەکان ویستوویانە دەوری دائیرەکانی حکوومەت بگرن و بیاندەنە بەر دەستڕێژی گوللە. لەبەرئەمە پاشا برووسە[٢٠٤]ی بەجێهێشتووە، لە ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ٣٣٥[٢٠٥]–١٩١٩ بۆ ئەستامووڵ گەڕاوەتەوە.

وە دوای چەند ڕۆژ فەریدپاشا ئیستعفای کردووە، لەلایەن عەلیڕەضا پاشاوە قابینە تەشکیل بووە، وە لە خەڵقی مەرسین جەمال پاشا لە شوێنی دانراوە. کە مصطەفا پاشا لە برووسە دەرچووە، شتومەکی تایبەتی خۆی کە لە خانووی حکوومەتا ماوەتەوە، هەمووی کەمالیەکان بە تالآن بردوویانە، وە نرخی ئەم شتانەش چەند بووە بە قەراری مەحکەمە تەصدیق کراوە[٢٠٦].

لە ٣ی مارتی ٩٢٠دا لەسەر ئیستعفاکردنی قابینەی عەلیڕەضا پاشا، دیسان قابینەی فەریدپاشا هاتۆتەوە سەر کار. لە ١٠ی نیسانی ٣٣٦[٢٠٧]–١٩٢٠دا بە ئیرادەی سنییە مصطەفا پاشا کراوە بە سەرەکی دیوانی حەربی عورفیی فەوقەلعادە. لەوماوەیەدا لە سەرای یڵدز، لە شوورای سەڵـطەنەت لە حوچووری پاشادا حازر بووە، وە دەربارەی ئەوانەی خیانەتیان کردووە وتووێژ کراوە.

---

[٢٠٣] قابینە: واتە کابینەی حکوومەت.

[٢٠٤] ئەم ناوە لێرەدا بە هەڵە بە "بورسە" چاپ بووە.

[٢٠٥] ٣ تشرینی یەکەم ١٣٣٥ واتە ١٩١٩/١٠/١٦.

[٢٠٦] بڕی ئەو شتومەکانە، بەپێی بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، ڕۆژی ٢ی ئەیلوولی ١٣٣٦ (١٩٢٠/٩/١٥) بە بڕیاری دادگا دیاری کراوە.

[٢٠٧] ١٠ نیسان ١٣٣٦، واتە ١٩٢٠/٤/٢٣.

له ڕۆژی ١١ی نیسانی ١٩٢٠دا بەپێی دەرچوونی فەتوای شەریف، ئەوانەی تاوانبار بوون وە موجریمی حەرب و تەقتیل بوون، وە ئەوانەی لە ئەناظولیدا (کەمالیەکان و هامپاکانیان) دەربارەی حوکمی پادشاهی خیانەتیان کردووە و کوشتاریان کردووە، بڕیار دراوە هەموویان بخرێنە ژێر موحاکەکەوە و هەرچی پێویست بێت بکرێت، بڕیاری لەسەر بدرێت. لەپاشا دەربارەی کاروباری ئەستامووڵ کە بە تەئسیری ئیئتیلافیەکان شیرازەی کاروباری ئیداری ئاڵۆزێنراوە، وە تۆفیق پاشای صەدری ئەعظەم کە پشتیوانیی کەمالیەکانی کردووە لە ئەنادۆڵ لابراوە و، لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا قابینە تەشکیل کراوە، لەو قابینەیەدا چیاو پاشا کرواە بە نەظارەتی حەربییە[٢٠٨].

ئەم کابینەیە دەستبەجێ هەئیەتی دیوانی حەربی بەجارێ گۆڕیوە و فەریق محەمەدخورشید پاشا کراوە بە سەرۆك. وە بە ئەمری ناظری حەربییە سەرەك و ئەندامەکانی جەنگ تەوقیف کراون، وە سەرەکی دیوانی حەرب دورزی ئەسعەدپاشا خراوەتە ژێر موحاکەمەوە. لەم موحاکەمەیەدا بەیاناتی مصطەفا پاشا وە دوایی باسی صەلاْحییەتی حوکمی مەحکەمە هاتۆتە ناو، وە نیهایەت موحاکەمەکردنی ئەم تاوانبارانە هەیئەت داویەتی بە موشیر کاظم پاشا سەرەکی دیوانی حەربی. دوایی لە ٦ی شوباتی ١٩٢١دا بە ئیرادەی سنییە هەموویان بەردراون[٢٠٩].

وە سەبارەت بە تێکچوونی ئەستامووڵ، پاشا لە عەسکەری ئیستعفای کردووە و لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢١دا لە ئەستامووڵ دەرچووە و گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمانی خۆی[٢١٠]. کە گەیشتۆتە بەغداد، چووەتەوە سلێمانی شاری خۆی[٢١١]. لەوێ

---

[٢٠٨] (ناظر) بۆ ئێرە ڕاست بوو کە وەزیرە.

[٢٠٩] مستەفاپاشا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزیی ژمارە ١٣٩٨٧ی ١٩٢٠/١١/١٧ کە بریتییە لە برووسکەی موعتەمەدی باڵا لە بەغدا بۆ لەندەن و موعتەمەدی باڵای قوستنەنتەنییەیش، پاش کەوتنی وەزارەتەکەی داماد فەریدپاشا لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا گیرا، موعتەمەدی باڵای ئینگلیزی بۆی تێنەکەوتایە بە حوکمی حەوت مانگ زیندان دەرنەئەچوو. بەر لە تەواوبوونی ئەو ماوەیەیش لێی بووردرا (د. عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، بغداد، ١٩٨٥، ص١٤٤).

[٢١٠] بەڵگەنامەی ئینگلیزیی ژمارە C.O. 730/ 19.5529 No. 27/34 کە نامەیەکی سێر پێرسی کۆکسی نوێنەری باڵای بریتانیایە لە بەغدا بۆ ونستن چەرچەل وەزیری کۆڵۆنیەکان، دەریخستووە مستەفاپاشا نیسانی ١٩٢١ لە قوستەنتەنییە داوای لە نوێنەری باڵا کردووە ڕێی بدەن

**له دامەزاندنی حکوومەتی شێخ مەحموودا بووە بە وەزیری مەعاریف[212].**
**لەوسەردەمەدا لە دەوری گۆلی ئوورمیە سمکۆ لە حکوومەتی ئێران ڕاست بۆتەوە، وە بۆ ئامۆژگاریکردن چووە بۆ لای سمکۆ کە نابێ بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئێران دوژمنایەتی بکرێت[213].**

---

بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئیتر ماوەیەك بە داوای کۆکس لە بەغدا بەبێ ئیش ماوەتەوە و، ویستوویە بچێتەوە بۆ سلێمانی. ڕێی دراوە و ئۆکتۆبەری ١٩٢١ گەڕاوەتەوە، بە مەرجێك لەبەر چاودێریی ئەفسەری سیاسیی ئینگلیزدا بێ (هاوار، حاجی مستەفاپاشای یامولکی و سمایل خانی شوکاك "سمکۆ"، "مامۆستای کورد" (گۆڤار)، ستۆکهۆڵم، ژ ٨، زستانی ١٩٨٩/١٩٩٠).

[211] مستەفاپاشا بەپێی بەڵگەنامەی ئینگلیزیی ژمارە ٦-٢٠٥٠٦٣٥ ئەستەمووڵ ساڵی ١٩٢١/ C..R.A.F ٧٧ حوزەیرانی ١٩٢١ هاتووەتە دیمەشق، لەوێوە بە مووسڵدا چووەتە سلێمانی و، ٢٩ ئەیلوول گەیشتووەتە بەغدا. لەوەبەدوایش ١٩٢١/١٠/٤ بە یەکجاری گەیشتووەتەوە بۆ سلێمانی (هاوار، هەمان سەرچاوە؛ "پێشکەوتن"(ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ ٧٦، ٦ ئۆکتۆبەر ١٩٢١).

[212] مستەفاپاشا پێش هێنانەوەی شێخ مەحموودی گەورە، بوو بە سەرۆکی "جەمعییەتی کوردستان" کە ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢ بە ڕەزامەندیی ئینگلیز لە سلێمانی هەڵبژاردنی کرد، ئیمتیازی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"یشی وەرگرت کە کرایە زمانی حاڵی کۆمەڵەکە. کە شێخی گەورەیش ١٩٢٢/١٠/١٠ کابینەی حکوومەتی خۆیی ڕاگەیاند، مستەفاپاشای تێدا کردە ڕەئیسی مەعاریف ( جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، بەغدا، ١٩٤٧، ل٣٧-٣٨، ٩١-٩٢).

[213] بەڵگەنامەی ئینگلیزیی ژمارە No. ٢٧/٣٤ ٩,٥٥٢٩ /C.O.٧٣٠ دەقی بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدراوی نامەیەکی ئەوی تێدایە بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی کە بۆی نووسیوە: ١٩٢١/١١/٢١ بۆ سەردانی سمکۆ لە سلێمانییەوە چووەتە مەنگوڕایەتی و ساباڵاخ و ئەمجا باراندێژ لای سەید تەها و، لەوێوە پێکەوە چوونەتە (چار) لای سمکۆ. گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە و ویستوویە لە نیازی تێ بگات و هانی بدات شەڕی ئێران نەکات و تورك بە دوژمنی گەورەی کورد بزانێ.

بەوپێیە ئەو سەفەرەی پێش هێنانەوەی شێخی گەورە بووە لە هیندستان. هاواریش بە هەڵەدا چووە کە نووسیویە ئەو نامەیەی بۆ عەبدولعەزیز ڕەوانەی بەغدا کردووە، چونکە کوڕەکەی ئەوکاتە لە تورکیا و یاوەری تایەبتی سوڵتان محەمەدی شەشەم (وەحیدەددین) بووە. کاتێکیش سوڵتان ناچاری هەڵاتن بووە، ئەویش پەنای بردووەتە بە فەڕەنسە و ئەڵمانیا و، ئەبێ دوادواییەکانی ١٩٢٣ یا سەرەتای ١٩٢٤ هاتبێتەوە بۆ عێراق ( هاوار، هەمان سەرچاوە؛ عبدالعزیز یامولکي، کشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، جـ ١، بغداد، ١٩٥٧، ص٥، ١١).

**لەپاشا کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، لە ١٩٢٦/١٧/١٦دا بەناوی بانگی کوردوستانەوە ڕۆژنامەی دەرهێناوە[٢١٤]. لەپاشا زانیویەتی بەرامبەر بە کردەوەی شێخ مەحموود و نەزانیی کاروباری سیاسەت ناتوانێ خزمەت بکات، وازی هێناوە و هاتۆتە بەغداد. وە لەوسەردەمەدا ئینگلیزەکان دەستیان کردووە بە بۆمباردمانی سلێمانی و گەلێ شوێنیان وێران کردووە[٢١٥].**

---

[٢١٤] مستەفاپاشا ١٩٢٣/٣/٣ لەگەڵ وەفدێکدا چووە کەرکووك بۆ پێکهێنانەوەی شێخ و ئینگلیز. سەریان لە بەغدایش دا. کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، شێخ شاری چۆڵ کردبوو. هەر خۆی ژمارە (١٤)ی "بانگی کوردستان"ی لە ١٩٢٣/٦/٨دا بە تەنیا دەرکرد (کرد وترك وعرب، ص٢٨٥؛ بانگی کوردستان، ل١١٥).

[٢١٥] مستەفا پاشا لە "ڕۆیشتنە عموومیەکە"ی ١٩٢٣/٦/١٧دا، لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیزدا سلێمانیی بەجێهێشت و چووە کەرکووك و پاشان بەغدا و تاسەر نیشتەجێی بوو ( بڕوانە: حاجی مصطەفا پاشا، "ژیان"(ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ ١٨، ٢٧ مایس ١٩٢٦).

جێی باسە، مستەفا پاشا کە گومان لە دڵسۆزی و خەمخۆریی بۆ کورد ناکرێت، ئاسایی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی لە هی شێخی گەورە هەبوە. ئەم ناوێکی دیاری ئەو توێژە ڕۆشنبیرە بە مونەووەر ناسراوەی کورد بووە کە ئەودەمە هێشتا پایەیەکی کۆمەڵایەتیی پتەوی لەناو کۆمەڵگای خێڵەکیی کورددا نەبوە. پەروەردەبوون و ژیانی لە ئەستەمووڵ و شاران و وڵاتانی تر ئەوەندەی تر بیر و زەینیان گۆڕیوە. ساڵانێکیش سەرسەختانە بەربەرەکانیی تورکە توندڕەوە نەتەوەپەرستەکانی کردووە، ڕق و کینەیەکی زۆری بەرامبەریان لەلا پەیدا بووە و بە کردەوە نواندوویە. ئەوەیش چارەی تاڵ کردووە لەلایان و بە نەمرووديان ناو بردووە، تەنانەت هەوڵی لەناوبردنیشیان داوە. بۆیە هەر نزیك کەوتنەوە و هاوکارییەکی دووقۆڵیی لەگەڵ تورکدا ڕەت کردووەتەوە، دوور نییە ئەوە خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی بووبێ لەگەڵ شێخدا. جگە لەوە، تا دوادواییەکانی ژیانی، هیچ نەبێ ئەوکاتە کە بە یەکجاری سلێمانیی بەجێ هێشتووە، سەر بەو باڵەی خەڵکی کورد بووە کە ئەو ڕۆژانە ئینگلیزی بە ڕزگارکەری گەلی کورد داناوە، هەر بەرهەڵستی و لە ڕوودا ڕاوەستانێکیشی، بە هەر هۆیەکەوە بووبێ، پێ قبووڵ نەبوە و بە ڕاستی نەزانیوە. لەبەر ئەوانە، دواجار لەگەڵ شێخدا یەکی نەگرتووەتەوە. خوێندنەوەیەکی بە تایبەت (ژ ١٤)ی "بانگی کوردستان" بە ڕوونی ئەوە ئەخاتە ڕوو. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە عەبدولعەزیز یامولکی بەهەڵەدا چووە کە کۆتاوڕۆتای سەرنەگرتنی ئەو حوکمە کوردییەی بە ملی شێخدا داوە. ئەم خاڵە هەروا سەرپێیی بڕیاری ناڕەوای لێ نادرێ، پێویستیی بە ڕەچاوکردنی سەرجەمی هۆکارە ناوەکی و دەرەکیەکانە، تا سەرەنجام حوکمێکی بەدادانەی لەسەر بدرێ.

مصطەفاپاشا لە بەغداد لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا دیسان ئیمتیازی دەرهێنانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە، وە بە عەرەبی و کوردی ڕۆژنامەی دەرهێناوە[٢١٦].

لەپاشا ماوەیەك لە فڕوفێڵی ئینگلیزەکان کە دەربارەی لیواکانی کوردستان بەکاریان هێناوە، خوالێخۆشبوو پەست بووە و لەخەفەتا نەخۆش کەوتووە. دواجار لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦دا لە بەغداد لە گەڕەکی عیواچییە وەفاتی کردووە، وە لەسەر وەصیێتی خۆی لە سلێمانی لە گردی سەیوان نزیك بە گۆڕستانی بابانەکان نێژراوە، وە لەسەر بەردی گومەزی قەبرەکەی لەسەر وەصیێتی خۆی ئەم نووسینە نووسراوە:

"فاتیحە بۆ ڕۆحی مصطەفاپاشا یامولکی"

ئەترســــــــم ئەی وەطەن بمرم نەبینم بەختیاریی تۆ

بنووسن با لەسەر قەبرم، وەطەن غەمگین و من غەمگین-١٩٣٦

پاشا لە ژیانیا وەصیێتی کردووە کە دوا تەڵقینی بە کوردی بدرێت، وە تەڵقینەکەشی بەو جۆرە بووە.

---

[٢١٦] مستەفاپاشا دواتر لە بەغدا سێ ژمارەی تری "بانگی کوردستان"ی تەنیا بە کوردی دەرکردەوە: ژمارە (١٤-١) ٢٨ی کانوونی دووەم و (١٤-٢) ١٥ی شوبات و (١٤-٣) ١ی نیسانی ١٩٢٦. دوو ژمارەی دوایییان بەشێکی تورکییان هەبوە. کەریم مەحموود ڕۆستەم "شالووم" لە یەکەمیاندا بەڕێوەبەری ئیدارەخانە و مستەفا شەوقی لە یەکەم و دووەمیدا نووسەر "محرر" بووە (بانگی کوردستان، ل١١٩-١٣٠).

## مێژووی خێزانی پاملکی
## و
## ژیان مصطفى پاشا پاملکی

له عه شیره تی پلپاس له تیره ی ((کاپاسێزی)) حیده ر ئاغا له سه ر مه سئله ی کێشه یه ک له عه شیره ته که ی جیابۆته وه له سالی (١١١١) هجری (١٦٩٨) ی زاینی دا هاتۆته شاری سیوه یل که ئه که وێته ژووری شاری سلیمانی له سه رده می حکومه تی بابانه کانا که سه روکی حکومه تی بابان (ئه میرخان) بووه له عه شیره تی جوانرو کچێکی خواستوه که ناوی (گوڵچین) خان بووه وه له و سه رده مه دا که له دێی سیوه یل زیاره پیاوانی ئازاو سلاحشوری له ده ر که وتووه وه له هه ر لایه ک هه راو شه ر و شۆر رووی دابیت ئازایه تی و سوارچاکی خوی نواندوه و سه رکه وتووه .

حیده ر ئاغا ( پیغه مبه ری ـ ص) له خه وا بینیبووه پێی فه رمووبوو ئه و کوره ی که هاتۆته دنیا ناوی ناوه مصطفى وه ئه م کوره ی ناردۆته حجره له ئینجا بووه به مه لا له پاشانا مه لا مصطفى هاتۆته خورمال له گه ل جافه کانا دوستایه تی کردووه و له تیره ی سه دانی کچی حسن خانی ماره کردوه و هه میشه خه ریکی ئه زوه ملکات و کردن بووه وه به و جوره ژیانی خوی بردۆته سه ر . مه لا مصطفى ئه ینا کوریکی بووه ناوی ناوه ((حیده ر)) پێی ئه خوێند وه و بووه به مه لا .

مه لا حیده ر له دوای مردنی باوکی له سه ر خواستی دایکی چۆته بیاره له بیاره خه ریکی مه لایه تی بووه ناوی ناوه ((عه زیز)) له دوای مردنی باوکی بووه به جێ نشینی وه جێگه ی باوکی گرتۆته وه .

مه لا عه زیز له عه شیره تی سه دانی جاف که خزمی دایکی بووه کچێکی خواستووه له و کچه ئه ینا کوریکی بووه ناوی ناوه (مصطفى) له دیسان مه لا عه زیز ده رسی مه لایه تی به مصطفى خوێندوه و کردوێتی به مه لا مصطفى ئه وه م له بیاره خه ریکی مه لایه تی بووه و ناوبانگی زیره کی و بلیمه تی له و ناوه دا بلاو بۆته وه و له سه روکی هه ورامی .

کچی سه ردار محمد ی هیناوه که خالوزای خوی بووه ئه م کچه ناوی ((پاملکی)) بووه ئه م کچه سوارچاک و نیشانچی به کی بێ هاوتا بووه له به ر که مه به شه ر ته ک شووی کردووه که له سوارچاکیتی و ئه له ک جه نگی دا سه ر په ست بیت وه م ژنه کوریکی بووه ناوی ناوه (عزیز) .

پاملکی خانم زۆرجار له مجلسی پیاوانا له راو شکارا له ئه له ک جه نگی و ئازایه تی دا به شدار بووه و ناوبانگی روویشتووه .

له سالی ١٨٢٤ زاینی دا سپای ایران له ژێر سه روکایه تی برنسیه محمد علی میرزادا که هاتبوونه ئه سه ر حکومه تی بابان ناوچه ی گول عه نبرو خورمالان

جووه بولای سمکو که تابی به هیچ جوریک له گه ل ایران دوژمنایه تی بکریت له پاشا که که راوه ته وه بو سلیمانی له ١٦/١٢/١٩٢٦ دا به ناوی بانگی کوردستانه وه روژنامه ی ده رهیناوه له پاشا زانیوه به تی به رامبه ر به کرده وه ی شیخ محمود و نه زانی کاروباری سیاست ناتوانی خزمه ت بکات وازی هیناوه و هاتوته بغداد وه له وسه رده مه دا انگلیزه کان ده سلاتکرد بوه به بومباردمانی سلیمانی و کوشتنی شینهان عیران کردووه ٠

مصطفی پاشا له بغداد له ٩ کانونی دووه می ٩٣٦ دا دیسان امتیازی ده رهینانی روژنامه ی بانگی کوردستانی له وزاره تی ناوخو وه رگرتوه وه به عره بی وکوردی روژنامه ی ده رهیناوه ٠

له پاشا ماوه یه ك له خزمه تی انگلیزه کان که ده رباره ی لواکانی کوردستان به کاریان هیناوه خوالی خوشبو به سیست بووه و له خه فه تا نه خوش که وتووه دواجار له ٢٥ کانونی دووه می ١٩٣٦ دا له بغداد له گه ره کی عیواضیه وه فاتی کردووه وه له سه ر وصیتی خوی له سلیمانی له گردی سیوان نزیك به گورستانی باپانه کان نیژراوه وه له سه به ردی گوره ی کی لیره که ی له سه ر وصیتی خوی ئه م نووسینه نووسراوه ٠

(( فاتحه بو روحی مصطفی پاشا پامکی ))

که ترسم له ی وه طن بمرم له بیلم به خه باری تو بنووسن باله سه ر قبرم وطن فیکین و من فیکین ـ ١٩٣٦ ك

پاشا له ژیانیا وصیتی کردووه که دوانه لکانی به کوردی بدریت وه له لکانه که شی به و جووره بووه ٠

---

**له مێژووی کوردەوە:**

# خانەدانی بابان*

ئەو ناوچەیە کە لەدێرزەمانەوە شارەزووری پێ ئەوترا، دواجار لە ئیدارەی عوسمانیدا ناوی سنجاقی ( سلێمانییە )ی لێ نرا و سەر بە ویلایەتی مووسڵ بوو. ئەم بنەماڵەیە ماوەیەکی دوورودرێژ لەوناوەدا حوکمیان ئەکرد. سەرکردەیەکی "میرمحەمەد" ناو، بەپێی ئەو زانیاریانە کە لەبارەی ئەم بنەماڵەیەوە زانراون، سەدەی شەشەمی کۆچی بە خۆی و دووهەزار سوارەوە لە ناوچەی ( ئەردەڵان )ی کوردستانی ئێرانەوە بەرەو ( بیتوێن) پەڕیوەتەوە، ئەو دەوروبەرەی داگیرکردووە و خێڵاتی ئەو ئاقارەیشی پێبەندی خۆی کردووە و بنکەی کاروبار بەڕێوەبردنی لە ( پشدەر ) داناوە. ئەم زانیاریانە لە هێندێ نووسراوی کۆنی کوردی و فارسیدا هەن.

سەبارەت بە ناوبانگ دەرکردنی ئەم بنەماڵەیەیش بە ( بابان )، میرمحەمەد کوڕێکی "فەقێ ئەحمەد" ناوی هەبوە. ئەم کوڕە لەگەڵ سوارەکانی (دارەشمانە)دا بەشداریی شەڕێکی کردووە کە حکوومەتی ئێران هەڵی گیرساندووە، لەوشەڕەدا ئازایەتیەکی زۆری نواندووە، بۆیە حوکمداری ئێران دەستی بە شانیدا هێناوە و وتوویە (بابا، بابا) و بەوە ناوبانگی (بابان) بەسەر بنەماڵەکەدا بڕاوە. ئەم زانیارییەیش لەو نووسراوە دەستخەتانەدا هاتووە کە لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا هەن.

فەقێ ئەحمەد، بەپێی باسێکی تر، بەشداری شەڕێکی نێوان ڕووسەکان و ئێرانیەکان بووە، شازادە (پرنس)یەکی ڕووسی لە شەڕەکەدا بە دیل گرتووە و داوای لە باوکی کردووە لێی مارە بکات. باوکیشی لە وەڵامدا وشەی (بابا)ی بەکار هێناوە. کوردان ئەڵێن: بنەماڵەکە لەبەرئەوە ناوی (بابان)ی لێ نراوە. لە نووسراوی یەکێك لە سەرۆکانی عەشیرەتەکەی "سەلاحەدینی ئەیووبی"دا بە ناوی "نوورەدین"ەوەو وتراوە: حوکمدارانی (موکری) لەگەڵ حوکمدارانی (بابان)دا بە ژن و ژنخوازی خزمن. من لێرەدا و بۆ ئەوە کە ئەم ناو و خزمایەتیە چۆن و لەکوێوە هاتووە، لەم ڕووەوە چوومە سەر نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خێڵەکان و کۆچەران بە ناوی (کەلەپووری کورد)ەوە کە وتوویە: وشە (بەبە) تورکییە، مانای منداڵ ئەگەیەنێ. بەوهۆیەوە وا دیارە ئەم بنەماڵەیە تورکە.

پاش دواکۆچی "میر محەمەد"، لەبەرئەوەی فەقێ ئەحمەدی کوڕی لە زانست و (فیقھ)دا شارەزا بوو، کرایە سەرۆك، ھەوڵی دا خێڵەکانی دەوروپشت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ساڵانێکی زۆر بەم کارەوە خەریك بوو. بەڵام پاشان لە تەمەنێکی زۆر پیردا دنیای بەجێھێشت. دوای فەقێ ئەحمەد، کوڕەکەی کە ناوی "عیسا" بوو، جڵەوی سەرۆکایەتیی بەدەستەوە گرت. میرعیسا ئەو سەروبەندە بەھۆی ئازایەتی و شەڕکەرییەوە ناوبانگی بڵاو بووەوە. بۆیە گەلێك لە خێڵەکان بە خوایشتی خۆیان بەرفرمان بوون. "میر مەحموود"ی کوڕی "میر عیسا"، دوای مردنی باوکی، کاروباری لە ئەستۆ گرت. بەڵام لەبەرئەوەی کە بە تەمەن پچووك بوو، خێڵی (زەند) یاخی بوو و لە سەرانەدان پاشگەز بووەوە. میر مەحمووديش بە ھێزێکی سوارەوە پەلاماری دا، وەختێ ئەوەندەی نەمابوو سەرکەوتن بەدەست بھێنێ، شەھید کرا.

ھەر دوابەدوای شەھیدکردنی میر مەحموود، برا پچووکە "میر ئیبراھیم" ناوەکەی سەرۆکایەتیی ھێزەکەی وەرگرت، ناحیەی ( سووورداش )ی لە خێڵی (زەند) پاك کردەوە و بنکەی بەڕێوەبەرێتیەکەی بردە ئەوێ. میر ئیبراھیم پاش ئەوەی کە ھێندێ یاسا و بەرنامەی بۆ ھەڵسووڕاندنی کاروباری حکوومەت و سەرانەسەندن لە سووورداش دانا، کۆچی دوایی کرد. شوێنەکەیی دوای خۆی بۆ "میرعومەر"ی کوڕی بەجێھێشت.

دەوروبەری (گوڵعەنبە)ی شارەزوور لە حوکمداریی "میر عومەر"دا داگیر کرا، بەمە موڵکی بابان بەربڵاوتر بوو. پاش "میر عومەر"، "میر حەسەن"ی برای بووە جێنشین، لەگەڵ زۆربەی ھۆز و خێڵەکاندا کەوتە شەڕکردن، لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا خۆیشی شەھید بوو. پاش ئەو، "میر مستەفا"ی کوڕی بوو بە سەرۆك. "میر مستەفا" درێژەی بەو شەڕانەدا نا کە باوکی بەرپای کردبوون، نزیکەی سێ ساڵ خەریك بوو. تا سەرەنجام دوژمنەکانی ناچاری خۆبەدەستەوەدان بوون. ئەوە بوو لای (پێنجوێن)ی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و، دنیای بەجێھێشت.

"میرعوسمان" دوای "میرمستەفا"ی باوکی بوو بە دەسەڵاتدار، (ماھووتی)ی داگیر کرد و کردی بە بنکەی خۆی. ئەم میرە، کاتی حوکمداریی، شاری (بانە) و (سەردەشت) و ناوچەکانیی لە بنەماڵەی ئەردەڵان سەند و خستنیە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی. بەوشێوەیە پەلی بە سنووری خۆی ھاوێشت، دەستی بە دانانی زۆر بەرنامە و ڕێوشوێن و دروستکردنی خانووبەرە و کۆشك و مزگەوتێکی زۆر کرد بۆ

دابینکردنی پاشەڕۆژی حوکمی خۆی. خەڵکێکی زۆریش لەبەر کاری بەدادانە و عادیلانەی، چوونە ژێر ئاڵای حکوومەتەکەی. بەمە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەهێز و دەسترۆ دەبوو.

"میرحسێن" پاش مردنی "میر عوسمان"ی باوکی هاتە سەرکار، قەڵایەکی لەنێوان چیا بەرزەکانی شوێنێکی شەش تا حەوت سەعاتەڕێ لە باکووری شاری سلێمانیی ئێستاوە دووردا بەناوی (قەڵاچوالان یا قەرەچوالان )ـەوە "چوالان بە کوردی واتە بادامی کێوی" دروست کرد، بنکەی کاروباری گواستەوە بۆ ئەوێ. هەرچەندە ناوچەی قەڵاچوالان، وەك لەخوارەوە باسی ئەکەین، ئێستا وەکوو دێیەکی پچووك ماوەتەوە. بەڵام ئەوکاتانە شێوەی شارێکی ئاوەدانی هەبوو، قەڵاکەیشی نزیکەی سەد ساڵێك بوو بە جێگای دڵنیایی بۆ کوردانی بابان و نەخشێکی بەرچاوی لە شەڕوشۆڕەکاندا هەبوو. "میر حسێن" ساڵانێکی درێژخایان ژیا، ماوەی ژیانیی بە ئاوەدانکردنەوەی قەڵاچوالانەوە بەسەربرد، چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداریشی کرد. "میر ئەحمەد"ی کوڕی، پاش مردنی، هاتە سەر تەخت.

میر ئەحمەد ویستی سیاسەتی خۆشگوزەرانیی خەڵکی وڵاتەکەی پێڕەو بکات و، هیچ ڕقەبەرایەتی و کینەیەك لەگەڵ ئەردەڵانیەکاندا نەهێڵێ. بۆ ئەم مەبەستە چووە (سنە)، گفتوگۆی لەگەڵدا کردن بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی نێوانیان. پاشان کەوتە خۆسازکردن بۆ یاخیبوون لەدژی حکوومەتی ئێران. ئەودەمە شاعەباسی دووەمی سەفەوی کە ناوی بە کوشتوبڕی گەلێك شازادە و گەورەپیاوی ئێران دەرکردبوو و جموجووڵ و فەرمانی ستەمکارانەی لە کوردستانیشدا جێبەجێ ئەکران، لەسەر تەختی حوکم بوو. میر ئەحمەد کاتێ خەریکی ئامادەکاری بوو، نەخۆش کەوت، پاش گەیاندنی ڕاسپاردەکانی بە کوڕەکەی، کۆچی دوایی کرد.

"میر سلێمان"ی کوڕی پاش خۆی کاروباری گرتە ئەستۆ. هەر کە دەست بەکار بوو، لێبڕا بۆ بەدیهێنانی ڕاسپاردەکانی باوکی. ئەوکاتە ئێران گۆڕانکاریی تێدا کرا و "شا سلێمان" چووە سەر تەخت، سنووری ئەم حوکمداریەیش وای لێ هات: لە باکوورەوە (سەردەشت) و لە ڕۆژهەڵاتەوە نزیك بە (سنە) و لە باشوورەوە (زەهاو)ی ڕۆژاوای کرماشان. خاکی (کەرکوك)یش لە هەمان کاتدا سەرزەمینی حکوومەتی عوسمانی بوو.

میرسلێمان، پێشەکی هێندێ لە خێڵەکانی خستە ژێر دەستی خۆی و سەرۆکەکانیانی گۆڕی. هەروەها دەستی بە زیادکردنی ژمارەی هێزەکەی کرد، سەرانی ئەردەڵانیەکان لەم کارەدا یاریدەیەکی پڕ بایەخیان دا. پاشان قەڵایەکی تری لەنێوان شاری سلێمانیی ئێستا و قەڵاچوالاندا دروست کرد، ناوی (سلێمان ئاوا- سلێمان ئاباد)ی لێ نا. دوای ئەوە "شا سلێمان" بۆ نواندنی تاکڕەویی خۆی لە ناوچەکەدا، هێرشی بردە سەر (کرماشان) بۆ نەهێشتن و دامرکاندنەوەی هەر یاخیبوونێکی چاوەڕوانکراو. لەلایەکی ترەوە، عوسمانیەکان چونکە هاومەزهەبی ئێرانیەکان بوون، لەم ڕووە دەریانخست کە لایەنگریانن.

دەسەڵاتی شاسلێمان خان لە کوردستاندا تا ئەهات بەرفراوان ئەبوو، "ڕۆستەم خان"ی سوپاسالاری ئێرانی بە هێزێکی سوارەی ٥٠٠٠ کەسییەوە ناردە سەر "میر سلێمان" کە بووبووە مایەی وروژاندنی هەموو ویلایەتەکانی ڕۆژاوا تا تەمێی بکات. ڕۆستەم خان وەختێ گەیشتە سنووری شارەزوور، یەکەمجار لەگەڵ کەسانی قسەزان و ژیری ناوچەکەدا کۆبووەوە و ناردنی بۆ لای "میر سلێمان" تا پێی ڕابگەیەنن کە "سلێمان خان" دەستی لێ ناوەشێنێ و با دۆستایەتیی حکوومەتی ئێران بکات و نەبێتە هۆی خوێن ڕشتنێکی زۆر. "میر سلێمان" بەتوندی ئەم داوایەی ڕەت کردەوە، پێکدادان لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. ئەوشەڕە کە بە هەزاران سوارە بەشدارییان تێدا کردبوو، بابانەکانی تێدا کەوتنە بەر شیر و تیری ئێرانیەکان و هەموو لایەکیان بوو بە ئاگر.

"میر سلێمان" لەم کەین و بەینەدا شەهید بوو و، سوارەکانیشی بە شەهیدبوونی ئەو پەرەوازە بوون، دواجار ئەمە کێشایەوە بۆ وەربوونی سوارەی ئێرانی بەنێو خاکی شارەزووردا. سوپاسالار بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە، شا سلێمان خەڵاتی کرد و، تەنانەت لە دووریی سێ قۆناغەوە لە پایتەخت پێشوازیی لێ کرد. شا سلێمان لەبەرئەوەی کە ئەیزانی ناتوانێ شارەزوور بخاتە سەر موڵکەکانی خۆی، سەرلەنوێ "میر ئەحمەد"ی کوڕی خوالێخۆشبوو "میر سلێمان"ی کردە حوکمداری شارەزوور.

"میر ئەحمەد" سلێمان ئاوا"ی کردە پێتەختی خۆی و، کەوتە ڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەتەکەی. سەرەڕای ئەوە، پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ حکوومەی ئێران و عوسمانیەکاندا دامەزراند. کە میر ئەحمەد مرد، "میر سلێمان"ی کوڕی هاتە سەرکار. میر سلێمان مرۆڤێکی زۆر توندڕەو و مەردێکی بێوێنە بوو. شێوەی

شەهیدبوونی باپیری زۆر کاری تێکردبوو. بۆیە بڕیاری دا تۆڵەی ئەو کارە لە ئێرانیەکان بکاتەوە. سەرەتای هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستە ئەوە بوو کە خێڵەکانی دەوری (زەهاو)ی خستنە ژێر دەستی خۆی و، زەهاو و هەموو ئەو ناوچانەی کە پێوەندییان پێوەی هەیە داگیری کردن، پێوەندیشی بە حکوومەتی عوسمانییەوە کرد.

ئەوسەردەمە "شاحسێن"ی کوڕی "شا سلێمان" حوکمداری ئێران بوو. سوپاکەی بەهۆی ئەو شەڕەوە کە دژی ئەفغانیەکان کردی، شکا و (ئەسفەهان) گەمارۆ درا، لە ئەنجامدا تەسلیمی ئەفغانیەکان بوو و خۆیشی کوژرا. بۆیە وڵاتەکەی ئاژاوەی تێکەوت و تووشی پەڕاگەندەیی بوو. "میر سلێمان" بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە و بەوهێزەوە کە کۆیکردبوەوە و بە یارمەتیی عوسمانیەکان پەلاماری هێزی ئێرانی دا، سەرەنجام ئێران ژێرکەوت.

حوکمداری بابان دراوسێی ئەو ویلایەتانە بوو کە کەوتبوونە ژێر چنگی عوسمانیەکان. بۆیە عوسمانیەکان نەیانئەویست ئەم حوکمدارییە لەوە زیاتر بەهێز بێ، بڕیاریان دا هێرشی بۆ ببەن و داگیری بکەن. بەڵام "میر سلێمان" پێش دەستپێکردنی ئەو هێرشە، ویستی بە شێوەیەکی بەویژدانانە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، بە ڕێگای کەرکووکدا هاتە (کانی شەیتان)ی نزیك بە (چەمچەماڵ)ی نێو سنووری حوکمداریی خۆی. هەر کە گەیشتە ئەو شوێنە، داوای کرد گفتوگۆ لەگەڵ پاشای مووسڵی یەکێك لە پاشایانی عوسمانیدا بکات. هەرچەندە لەو گفتوگۆیەدا واز لە هێرش هێنرا، بەڵام "میرسلێمان" بەناوی سەفەرەوە برایە (ئالیقوورنەق)، دواییش دوورخرایەوە بۆ (ئەدرنە).

بە بێسەروشوێن بوونی "میر سلێمان خان" بەوشێوەیە کە باسمان کرد، "میر بەکر"ی کوڕی جێی گرتەوە. "میر بەکر" هەر کە لەسەر کورسیی حوکم دانیشت، بەڵێنی خۆشگوزەرانکردنی ناوچەکە و دۆستایەتیی دا بە عوسمانیەکان. بۆیە ئەوانیش هێزەکانی دەوروپشتی (کەرکووك) یان کشاندەوە بۆ جێگاکانی خۆیان. میربەکر دەستی بە چاککردنی جۆگە و چەمەکانی (بەکرەجۆ)ی نزیکی شاری سلێمانی کرد، ناوچەکانی شارەزووریشی ئاوەدان کردەوە. موڵکەکانی بەکرەجۆ لە زەمانی ئێمەدا وا ناسرا بوون کە بە پیتترین موڵکن. پێم وایە ئەگەر کەمە دەستکارییەکیان بکرێ، داهاتیان هەزارەها جار زیاد ئەکات.

"میر سلێمان" پاش دووخرانەوەی بۆ (ئەدرنە)، ساڵی (١١١٥) دنیای بەجێ هێشت. میربەکر مردنی باوکی لە غەریبایەتیدا زۆر کاری تێکرد. لەبەرئەوە، ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا کۆچی دوایی کرد. دوای خۆی، "میر محەمەد"ی کوڕی چووە سەر تەختی حوکمداریی بابان، حکوومەتی عوسمانیش سەرباری پلەی وەزیری، ناونیشانی "محەمەدخان پاشا"ی پێ بەخشی. ئەوەتا هەر ئەم کار پێسپاردن و دۆستایەتیەی نێوانیان بووە هۆی بەستنەوەی حوکمداریی بابان بە حکوومەتی عوسمانییەوە.

بابانەکان لەبەر هاومەزهەبییان لەگەڵ عوسمانیەکاندا، لەو شەڕەیشدا بەشدارییان کرد کە دژی ئێران کرا. سەرەتای شەڕ زۆر سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەنجامی لەوەبەدوای ناخۆش بوو. "شاحسێن" کە دواین کەسی بنەماڵەی سەفەویەکان بوو، زۆر توندڕەو بوو و، ستەم و زوڵمێکی زۆری لە سوننی مەزهەبەکانی ژێردەستی خۆی کرد. ئەوانیش هانایان بردە لای دەسەڵاتی سوننیی عوسمانی کە لە ناوچەکەدا بوون و، داوایان کرد لە خراپەکاریی دەسەڵاتدارانی ئێران بیانپارێزێ. عوسمانیەکان بەوهۆیەوە ساڵی ١١٤٣ شەڕیان دژی ئێران ڕاگەیاند و سوپاکەیان بەرەو کرماشان و ئازربایجان کشا. بەڵام شەڕەکە دوای ماوەیەك بە داوای ئێران وەستێندرا و ئاگربەست ڕاگەیەنرا.

ساڵی دوایی "شا تەهماسب" بەهۆی کوژرانی باوکیەوە، توانیی لە (ئەسفەهان) ڕابکات و لە ( قەزوێن ) بچێتە سەر تەختی ئێران، داوای کۆمەکی لە "نوواب فەتحعەلی خان"ی حوکمداری (ئەستراباد) و "قوتیلو شاقولی خان"ی قاجاری باپیرانی قاجاریەکان کرد بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەفغانیەکاندا یاریدەی بدەن. ئەوە بوو بە یارمەتیی ئەوان، نەك هەر بەسەر ئەفغانیەکاندا زاڵ بوو، بەڵکە دووبارە ئێرانیشی ژیاندەوە و هەوڵ و تەقەلای دا بۆ سەندنەوەی ئەوشوێنانە کە لە دەستی عوسمانیەکاندا بوون.

شا لەم کاتەدا، لەبەر چەند دەستدرێژییەکی ڕووسەکان، ئازربایجانی چۆڵ کرد و ڕووی کردە (گەیلان). چەند شەڕێك لەگەڵ عوسمانیەکاندا کران و، "تەیموورپاشا" و چەند پاشایەکی تری عوسمانی و "خان پاشا"ی حوکمداری شارەزوور بە پێنج هەزار چەکدارەوە بە (سنە)دا تێپەڕین و ئابلووقەی قەڵای (مەلایر)یان دا و بەشێکی هێزەکەیش بەرەو (هەمەدان) جووڵا.

شا تەهماسب کە ئەم هەواڵەی بیست، نواب فەتحعەلی و شاقولیخانی بەجێهێشت، خۆی لەگەڵ بەشێکی هێزەکەیدا بەرەو هەمەدان ڕۆیی و لە یەکەم پەلاماردا شکاندنی؛ لە هەڵکوتانە سەر ئەو سوپایەدا کە لە (مەلایر) بوو، بەسەریدا سەرکەوت و سوارەکانی عوسمانی و بابانەکانی ناچاری هەڵاتن کرد و زۆریشی لێ بەدیل گرتن. تەهماسب لە خۆشیی ئەم سەرکەوتنانە گەڕایەوە بۆ ئازربایجان. ئەو هێزانەی عوسمانیەکان کە لەنزیکی (میاندواو) کۆبووبوونەوە، ئەم لە شەڕێکی قەراغ ئاوی (قزل ئووزوی) بەزاندنی ، چی چەك و چۆڵێکیان پێ بوو زەوتی کردن. پاشان کە بەرەو قەڵای (مەراغە) ملی نا، هێزەکانی عوسمانی لە دەوروبەری (تەورێز) ئەوناوەیان چۆڵ کرد. ئەو دیلانەیش کە گرتبوونی، بۆ ئەشکەنجەدانیان، تۆپە گیراوەکانی عوسمانیی تا خۆراسان پێ ڕاکێشان.

پاشای نوێ پاش دابینکردنی ئارامیی ناوخۆی ئێران، چاوی بە ڕووداوەکانی وڵاتدا خشاندەوە. ئەحمەدپاشای والیی بەغدا دای بەسەر (خانەقین )دا و "حەکیم ئۆغڵی عەلی پاشا"یشی لە باکوورەوە بەرەو ئێران بەڕێ کرد. چەند دەسەڵاتدارێکی نێو قەڵەمڕەوی حوکمداریی (بابان) هەبوون، پاش تەمێکردنەکەی شا تەهماسب ئەیانویست هاوکاری لە هێرشبردنە سەر ئێراندا بکەن. پاشا بۆ بەجێهێنانی ئەم مەرامە، بڕیاری کوشتنی "خان پاشا"ی دا کە دۆستی حکوومەتی عوسمانی بوو. برا و بە دەستێکی نەفرەت لێ کراو کوژرا، "خالیدپاشا" حوکمداریی کەوتە دەست.

خالید پاشا بە ئومێدی ژیانێکی دۆستانە لەگەڵ ئێراندا، نوێنەرێکی خۆیی ناردە حزووری پاشا و، سەبارەت بە ڕابردوویش داوای لێبووردنی لێکرا. شا ئەم هەواڵەی پەسند کرد، یا بۆی بووە دەرفەتێك تا لە دەوروبەری (ئیرەوان)ـەوە بێتە سەر "یورین عەلی پاشا". هەرچەندە هێزەکەی عەلی پاشا نەیتوانی بەرامبەر بە هێزی تەهماسب ڕابوەستێ، بەڵام ئەوەبوو ئەحمەد پاشا لەبەغداوە و بابانەکانیش لەلای (هەمەدان)ـەوە بە سوارەکانیانەوە پەیدا بوون و، وای پێویست کرد بچنە ئەو ناوچەیە.

ئەحمەدپاشا بەپێی فەرمانێکی ئەستەمووڵ کەوتە جووڵە تا باش تۆڵە لە ئێرانیەکان بسێنێتەوە و، داوای لە بابانەکانیش کرد بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە دەستبەکار بن. شا تەهماسب بەو گفتوگۆیانە خافڵگیر بوو. وەك (روضة الصفا) باسی کردووە: کاتێك ئەمان لەنێو خێوەتەکانیاندا بوون، سوارەکانی بابان و عوسمانی بۆ هەل گەڕاون و لەناکاودا هەڵیانکوتاوەتە سەریان. ئەگەرچی سوارەکانی

قزڵباش لەم پەلامارەدا بەرهەڵستییان کردوون، بەڵام لەبەر توندیی پەلامارەکە و هەڵاتنی محەمەدخانی بلووچ کە لایەکی گرنگی سوپاکە بووە، سوپاکەی شا بە تەواوی ناچاری هەڵاتن بووە، هەموو چەك و جبەخانەیەکیی بەجێ هێشتووە. سوارەکانی بابان، کاتی کۆکردنەوەی تاڵانی، چوار تۆپی گەورەیان چنگ کەوت کە تا ئەم دواییەیش لە تۆپخانەی بابانەکاندا بوون لە سلێمانی.

ئەو دەستەیە کە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی سوڵتان مەحموودخان بەبۆنەی چوونە سەر تەختیەوە چووبوونە ئەستەموولْ، وەختێ هەواڵی شکانی ئێرانیان بیست، دەستبەجێ ڕێککەوتنی ئاشتییان مۆر کرد. "تەهماسب قولی خان" بەم شکانەی ئێرانیەکان و هەڵاتنی شا لەگەڵ چەند شیربەدەستێکدا، فەرمانی دا بە دەرکردنی شا، خۆیشی لە ساڵی ١١٤٥دا بە ناوی "شا عەباسی سێیەم"ەوە چووە سەر تەختی ئێران.

"شا عەباسی سێیەم" دوایی بۆ دڵخۆشکردنی خەڵك و لەبیربردنەوەی شکانەکەیان، بە هێزێکی فرەژمارەی سوارەکانی (لوڕ)ەوە بە (خانەقین)دا بەرەو بەغدا ڕۆیشت. لەوشەڕەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە ئەنجامدا قەڵای بەغدای گرت، محەمەدپاشای یەکێك لە پاشایانی عوسمانیی دیل کرد. دوای ئەوەیش کە بەشێکی هێزەکەیی لە بەغدا بەجێهێشت، لە ڕووباری دیجلە پەڕییەوە، سوپای "محافظ ئەحمەد پاشا"ی لە دەوروبەری (نەهرەوان) ناچاری پاشەکشە کرد. ئەم سەرکەوتنانەی شاعەباس بوونە هۆی لەدەستدانی سامەڕا و حللە و نەجەف و کەربەلا و لەنێوچوونی پێنج هەزار سەربازی عوسمانی.

ئەم چوونەپێشەوەیەی سوپاکانی قزڵباش لە بەغدا و دەوروپشتیدا، بە ئومێدی کردن کە لە گەڕانەوەدا شارەزوور بە هەمان دەرد ببەن و حوکمداریی (بابان)یش تێك بشکێنن. لەبەرئەوە دەستیان بە دروستکردنی گەلێك قەڵا و شوورا کرد لەلای (عومەر قەلعە) و سەر ڕێگای کەرکووك. بەڵام هێزی عوسمانی بە سەرکردەییی عوسمان پاشا هاتە کەرکووك بۆ ڕزگارکردنی بەغدا، سلێمان پاشای حوکمداری بابانیش بە هەشت هەزار سوارەوە لەگەڵیدا یەکی گرت، هەردوو هێز لە وەرچەرخانێکدا ئێرانیەکانیان دووچاری زیانێکی قورس کرد و تۆپەکانیان پێ بەجێهێشتن و بەرەو هەمەدان کشانەوە.

پاش ماوەیەك لە هەمەدان کەوتنەوە ڕێکخستنەوەی سوپاکەیان و لە (کرماشان)ەوە دەستیان بە پێشڕەوی کرد و بە قەراغی ڕووباری دیالە (ئاق

سیروان)دا هاتن. یەکەم پێکدادان لەگەڵ هێزی عوسمانیدا لە هەشت فرسەخی نزیکی (زەهاو) ڕووی دا، ئێرانیەکان بە جووڵانەوەیەکی شارەزایانە ئەو هێزانەیان پەرێشان کرد و ڕێگای ڕووە و بەغدایان کردەوە و ئازادانە بەرەو پێشەوە چوون. هەرچەندە لەلای (قەرەتەپە) یەخەگیری هەزار و دووسەد سوارەی عوسمانی بوون کە سەرعەسکەر تۆپاڵ عوسمان پاشا سەرکردەیان بوو، بەڵام ناچاریان کردن هەڵبێن، فەرماندە "مەمەش پاشا" ناوەکەیان لەلایەن "ئەڵلایار"ەوە سەربڕدرا و بە تەختەڕەوانێك نێردرایەوە بۆ سەرعەسکەر.

تەهماسب خان کە بە سەرکەوتوویی چووە نێو قەرەتەپە، لەگەڵ سەرکردەیەکی "باباخان" ناودا دیسان حللە و نەجەف و کەربەلای داگیرکردنەوە. دوای ئەوەی لە داگیرکردنی بەغدا بووەوە، لەلای (ئیرەوان)ـەوە چووەوە نێو ئێران تا بەرەنگاری ئەو سوپایەی عوسمانیەکان ببێتەوە کە بووە هۆی تێکدانی وڵاتەکە. هەر کە گەیشتە تەورێز، هێزی عوسمانی ئەو ناوەی چۆڵ کرد. بۆیە سوپای ئێران ماوەیەك سەرقاڵی شەڕی ئەفغان و ڕووسەکان بوو. ئەوکاتە هەواڵی پێ گەیشت کە وا عوسمانیەکان دووبارە لە شوێنێکی ( موراد تەپە ) ناوی نزیکی دوو فرەسەخی (ئیرەوان) بە گشت سوارە تۆپەکانیانەوە خۆکۆئەکەنەوە. سوپای ئێران بەم هەواڵە کەوتە خۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. بێگومان شایەکانی ئێران کاروباری ئەو سوپایەیان بە باشی بەڕێوە ئەبرد، بۆیە سوپای عوسمانی بەپێی مێژووی ئێران ئەم زیانانەی لێ کەوت: ١٢٠٠ کوژراو و بە دیل و ساغی گیرانی سێ پاشا و ٥٠٠ دیل و لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری تۆپ. هەردوو حکوومەت پاش ئەم شەڕە پەیماننامەی ئاشتییان مۆر کرد. شا لەئەنجامی ئەم ئاشتییەدا سەعاتێکی زێڕ و دوانزە فیلی بەدیاری نارد بۆ حەزرەتی سوڵتان ئەحمەدخان.

ئەگەرچی سلێمان پاشای حوکمداری بابان توانیبووی لەکاتی هێرشی ئەو دوو سوپایەدا وڵاتەکەی لە داگیرکردن بپارێزێ، بەڵام بەهۆی شۆڕشی گەورەی نێو حوکمداریەکەیەوە،ساڵی ١١٥٩ لە شەوێکی باوبۆراندا لەنێو ئەو خانوە گەورەیەیدا کە تائێستایش پاشماوەی کەلاوەکانی لە قەڵاچوالان ماون، بە دەستی خوێرییەکی "فەقێ ئیبراهیم" ناو کە بە دارتووی پەنا دیواری حەوشەی خانوەکەیدا چووبووە خوارێ، بە خەنجەر شەهید کرا. ئەو خانوە کە بارەگای حکوومەت بوو، لە کەلاوەیەك و بناغەکەی بەولاوە هیچی تری نەماوە. بەڵام دارتووەکە لە دۆخێکی پڕنهێنیدا

تائێستایش هەر ماوە. کاتێ فەقێ ئیبراهیم دەستگیر کرا، هەر بەو خەنجەرە خوێناویەی دەستی خۆی سەربڕدرا. جێگای تێدا سەربڕینەکەیشی پێشانی ئەوانە ئەدرێ کە سەر لەو ناوچەیە ئەدەن.

گەلێك داروپەردووی خانوە ڕووخاوەکان و زۆر بەردی زل و گۆڕستان و داری گەورەی ڕۆژگار دیو و ئەو کانیاوانە کە لەنێو چیاکانی دەوروبەرەوە دێنە خوار و هەڵئەڕژێن و بە ئاوی قەڵاچوالان ناوئەبرێن، تێکڕا لە یادگارە کۆنەکانی قەڵاچوالانن و دیارن. مزگەوتێك لەسەر گردەکانی قەراغی لای ڕاستی ئاوەکە هەیە و حەوزێکی تێدایە و گۆڕی حوکمدارەکانی لە باوەش گرتووە. وەك ئەڵێن: چاڵێکی قووڵ و گەورە وا بەسەر گردێکی بەرزەوە، گۆڕی حوکمداران و گەورەپیاوان و ئاغا و تیرەکانیانی بەدەورەوەن. ئەو پردە گەورەیە کە لەسەر ئاوەکە هەڵبەسترابوو و گەڕەکی (چاوەشی فەوج) و گۆڕەپانی لای مزگەوتەکەی پێکەوە ئەبەست، شایەتی پێشکەوتنی ئەوسەردەمەیە، شوێنی قاچ (پایە)ـەکانی تائێستایش ماون. کەلاوەکانی قەڵای ئەسڵیی چوالان بەسەر شاخێکی بەرزی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو دێیە بچووکەوەن کە (قەڵاچوالان)ی ناوە. ئەو گەڕەکە کە حاڵی حازر لە سلێمانی بە گەڕەکی چاوەشی فەوج (ئالاً) ناسراوە، هەر ئەو چاوەشی فەوجەیە کە لە قەڵاچوالانەوە هاتووە و ئەو گەڕەکەی بنیات ناوە. کاری چاوەشی فەوج ئەوە بووە لەکاتی شەڕدا دوابەدوای حوکمدار ڕۆیشتووە و فەرمانی داوە. ئەو جووتە گومەزە بچووکە کە لەو جێیەدا دروست کراون، گۆڕی حوکمدارانی تێدان و لە دیوارەکانیان بەدەر هیچ لایەکی تریان نەپارێزراوە. گۆڕی سلێمان پاشا کە بە دەستی فەقێ ئیبراهیم شەهید کرا، لەنێو ئەوگۆڕانەدا تا ڕادەیەکی باشتر پارێزراوە و، بەردەکانی لەنێو گڵدا شاردرابوونەوە، هێندەی کرا دەرهێنران و جیاکرانەوە. توانرا نووسینەکانی ژێری بخوێنرێنەوە. بەڵام بەداخەوە مێژوەکەی بە شێوەیەك هەڵوەشابوو، نەمتوانی بیخوێنمەوە. نووسینەکان وەکوو خۆیان ڕوونووس کراونەتەوە، ئەوانەیان کە نەخوێنرانەوە بە خاڵ نیشانە کراون.

لە کێلەکەی لای سەری گۆڕەکە نووسراوە:

هو الحی الباقی

هذه المشهد الشهید السعید و مرقـــــد المأجور

بالآخرة السید ید الوالی العالی البادل الحـــــمد و

لمصالح الانام بانى الحسنات الحد الآثار عليه في
هذه الامر بالخروج........................
مروى...................... وهو سليمان باشا
ابن المرحوم خالد باشا غفر الله
.....................................................

له کێلەکەی لای ژێر (قاچ)ی گۆڕەکە:

| | |
|---|---|
| والی عصر و سلیمان زمان | آنکه کردســـتم از دهر بروفت |
| وانکه تا چرخ بکامش کردید | کام خویش از همه اعدا بکرفت |
| آشکار از چه بشغل دنیا | بود مشـــــغول ولیکن بتهفت |
| اهتمامش همه دین دینداری بود | نه به کام دل خود خورد نەخفت |
| بود در عدل درین عالم طاق | با کفش تیغ سیاست هم ضفت |
| چند سالی که بدین قانون زیست | یافت تشریف شهادت را مفت |
| مفسدی هم مشتی با خنجر | کـــــوهر جسم کرامیش بسفت |

هد......چنان.................................................

دوو بەردەڵان لەپشت گۆڕەکانی دەوری ئەم مزگەوتە هەن کە گۆڕی حوکمدارانی تێدایە، ئەڵێن یەکێکیان قوتابخانە و ئەوی تریان سەرشۆرك (حەمام) بوو. ئەو گردەیش کە گۆڕی ئاغاکانی بە سەرەوەن، بە ڕادەیەکی باشتر ماوەتەوە. گۆڕی محەمەد ئاغای جەعفەر ئاغا لە سەری سەرەوەی گردەکەدایە و لە هەموویان چاکتر پارێزراوە. بەشەکانی تری گردەکەیش گشتیان پڕ لە گۆڕی ئەندامان و وەچەی ئەو بنەماڵەیەن کە بە (خەندان) ناوئەبرێ. هەرچەندە نووسینەکانی سەر کێلی گۆڕەکەی محەمەد ئاغا ناخوێنرێنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا مێژووی (١١١٨)ی بە باشی پێوە دیارە.

پاش ئەم زانیاریانە کە لەبارەی (قەڵاچوالان)ـەوە بەرچاوم خستن، بەوپەڕی ئێش و ئازار و خەمبارییەوە ئەوەتان بیرئەخەمەوە کە وەچە بەڕێزەکانی بابان هیچ هەوڵێکیان نەداوە تا ئەم شوێنە بکەنە موڵکی خۆیان و بیژیێننەوە و پەیکەرە مێژووییەکانی بپارێزن. دێمەوە سەر باسەکە، هەرچەندە کە سڵێمان پاشا شەهید بوو، ئیبراهیم پاشای کوڕی لەسەر کورسیی حوکم دانیشت؛ بەڵام بەهۆی ئەو شۆڕشەوە کە هەڵایسا لەسەر حوکم لابرا و، محەمەدپاشای خانەپاشا لەجێی ئەو چووە سەر تەختی حوکمداری.

*　　　*　　　*

*** لە گۆڤاری "پەیڤین"، ژ ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨دا بڵاوبووەتەوە.**

**سەرچاوە: ئەم بابەتە بە تورکیی عوسمانی بە پێنج ئەڵقە لە ژمارەکانی ٩ی ١٦ی کانوونی دووەم و ١١ی ١٥ی شوبات و ١٣ی ١٠ی مارت و ١٥ی ٣٠ی مارت و ١٨ی ٨ی مایسی ١٣٣٥ی ڕۆمی (١٩١٩)ی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمووڵدا بڵاوبووەتەوە. بڕوانە: م. ئەمین بۆزئەرسلان، ژین کۆڤارا کوردی- ترکی ١٩١٨-١٩١٩، ئۆپسالا، جلد ٢، ١٩٨٥؛ جلد ٣، ١٩٨٦؛ جلد ٤، ١٩٨٧.**

## هەندێ لە مەترووكاتی مصطەفا پاشا یامولكی

پێشكەش بۆ هاووڵاتیە كوردەكان

ئەی هاووڵاتیە كوردەكان

لەسەر ئارەزووی هەندێ لە ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەكان لەم جارەی ڕابوردوو كە چوومە سلێمانی ئەو شیعرانەی كە مەرحوومی باوكم بەجێی هێشتبوو– كە هەندێكی لە كتێبەكەم (كوردستان) تیابوو– وا لەم لاپەڕانە كۆی ئەكەمەوەو بڵاوی ئەكەمەوە .

مەرحووم شاعیر نەبوو... بەڵام ئەم نووسراوانەی هاواری دڵی پڕ لە غەمو جگەری سووتاو بوو. هەروەكوو لە لاپەڕە ئایندەكان ئەبینن هەمووی پڕ لە هیواو تەمێكردنە، پێویستە مامۆستا نیشتمانپەروەرەكان بە چاوێكی گەورە تەماشای بكەنو دیسان ئەوانەی بە ڕووناكیی چراكانیان پێئەگەن لێی وردبنەوەو تێی بگەن. كوردستانو كورد بە ڕۆحێكی وەك ئەو ڕۆحە زیندوویەی بژین !

ئادرەس : بەغداد– وەزیرییە

عەبدولعەزیز یامولكی

### فەریاد*

ئەستانبووڵ ١٩١٤

دەترسم ئەی وەطەن بمرم لە داغی هیجری دەردی تۆ

به ئاواتم له باوەشـــــتا نەکەم ڕۆحم ســــپەردەی تۆ
لەوەقتی غەرغەرە توخودا دوو قەطرە ئاوی کانێسکان
فەقەط تابووتەکەم دانێن له بـەرزیی گردەکەی سەیوان
خودا چەند نیعمەتی داوە، له شوکری عاجزم، ئەمما
به دایـــم دیده گریانــم لەبۆ ســەیرانی (کانـــی با)
ئەگەر مردم، لەسەر قەبرم بنێن سنگێ که نووسرابێ
له مەحشەردا قەرینی من حـەفیدی شێخی نۆدێ بێ
له هەنگامی شەبابی تا نیهایـــەت، عـــــومری ئەو کاکه
خەریکی دەرس‌و تەعلیم بوو، نه بۆ چشتێ، لەبۆ چاکه
موبارەك مەڕقەدی کاکه موقەددەس گردی سەیوانه
مەقامی خالیدی نەقشی خـــەزێنەی عیلم‌و عیرفانه
لەگەڵ هەمشەهرییانی خۆم بم لەبن "گردی گولان"یشدا
لەکن من خۆشتره بەخوا لەگەڵ ســـــــوڵـطان له ییڵدزدا
له داخی شیوی زێڕینۆك، دوو چاوم بەکرەجـۆ ئاسا
دەڕێژێ ئەشکی حەسرەت دڵ بەدایم سەرچنار ئاسا
چه خۆشه گردەکەی یارە، له دەوری بۆنی شـــــەوبۆ دێ
لەطیفه چیمەن بەر تەکیه هەموو شەو دەنگی تەسبیح دێ
لەسەر کارێزی دارۆغا هەتا "تووی قۆجــە" بەولاوە
بەهاری عەینی فیردەوسە، گوڵاڵەی سووری زۆر لاوە
بڵێ پێم مصطەفا توخوا چلۆنه ســـــــا سلێمانی
بڵێ پاشایەتی‌و ڕۆحیش فیدای خاکـــی سلێمانی

ئاگاداری: ئەم ناوانەی له "فەریاد"دایه هەمووی له سلێمانی‌و دەوروپشتیەتی.

## نەصیحەت بۆ ڕێگای خەلاص

سلێمانی ١٩٢١

بزانن ئەی مەلا‌و شـــــــێخان‌و ئاغا‌و تاجیرو ئەصـــــــناف

بەجارێ موڵکی ڕۆم ڕۆیی پڕبوو لە ظوڵمی مولحیدو ئەجلاف
لەگەڵ یەك ئیتتیفاقێ کەن خەریکی عیلم‌و عیرفان بن
هەتاکەی وا بە مسکێنی ئەســـیری قەومی دیگەر بن
هەموو قەومێ تەرەقیی کردو کوردان هەر لەگەڵ یەکتر
خەریکی شۆڕشن یاڕەب وەکوو گـــورگان لەگەڵ یەکتر
لە عیلم‌و ثەروەت‌و سامان هەموو بێ بەهرە سەرگەردان
کە بۆیە عارەبیش ئێستا دەڵێن بۆ ئێـــمە کەر کوردان
ئەگەر جوولەکان دەوڵەتی بۆ بوو، مەڵێن بۆی بوو بە خۆڕایی
لەسایەی عیلم‌و صـــــــەنعەت بوو لەگەڵ یەکتر بە هەمڕاهی
برا کوردان وەرن یەك بن خەریکی عیلم‌و عیرفان بن
هەتاکەی وا بە مســـــــکێنی لەدنیادا بەبێ ناوین
لەژێر شەق گەورە بوو حیزەو بە بوونی کوردی حەز ناکا
ئەوی طـــــــەبعی بڵندی بێت لە مســـــکێنی حەز ناکا
دەسا ئەی کوردی بێکارە نـــەماوە غەیری ئەمجارە
عیلم بەرپاکەن‌و هەڵسن لەبۆ ڕستگاری ئەهەم چارە
دەســـــــا ئەی بەختیاری‌و لـــوڕو کرمانج‌و کرمانشــــــاه
لەگەڵ ناو میدیایەتیی ســینە یەك بن بە مەرکەزی کرمەنشاه
عەزیزم موکـریان توخودا لەگەڵ بڵباس‌و زەرزا بن
دەکا ئەندێشە ئەورووپا کە کوردو پەهـلەوی یەك بن
سوارچالاکی چاردەوەروو بنووسن بۆ هەموو بیــــجاڕ
نەماوە تەخت‌و بەختی شــاه ، تورکانیش تڕی ئەمجار
برا ئەی کوردی خیــمانە لە ئەنگوری قەضــــای باڵا
چە ئاغاوو چە بـەگزادە، چە صـۆفی‌و حاجی‌و مەلا
سیوەیلی، بانەیی، شونگوڵ؟، هەموو یەك بن عیلم بەرپا
کە ئێوە پەهـــــلەوی ئەصـــــڵن، بزانن ئەهلی ئەورووپا
شـــــــــکاکان یەك لەگەڵ یــــــەك بن لەگـــــەڵ (مەلا موزیانی؟)
کە ئەم دەعوایە بۆ قەومییەتە نە بۆ (سپەردیت؟) بەو عورووسانی
هەموو شێخان‌و سەیید بێن، لەگەڵ جافان‌و کوردان بن

شوان‌و شێخ بزەینی وەرن، بەیات‌و طاڵـــــــەبانی بن
صەلاحەددینی ئەییووبی لە پشدەر هات‌و گرتی شام‌و میصر
بۆ قەومییەت هەڵســـن بۆ غەزای سەرکەوتن فەرضە لەم عەصر
نزیکی بیلان‌و مەنگوڕی شـــــــــــکان‌و شێخ بزەینی زۆر
"کلیس"یش دەوری پڕ کوردە سرووج‌و ئەطرافی دێرزوور
لە بتلیسدا وەها کارێکی کرد ڕۆمی بە ئەو قەومە ئەمثالی نابێ
بە زەیدو شەممەرو شەیطانیش دەڵێن لەعنەت بەئەو قەومە کە ضددی کوردان بێ

## هاوار...هاوار

لە جوو کەمتر نەبوو قەومێ، ئەوانیش گەینە ئازادی
تفوو لەو کوردە بڵێ کـــــــــە حەز ناکەن لە ئازادی
لەبۆ قەومێ کە ئازا بێ، نییە خۆشتر لە ئازادی
ئەوەی نامـــــەردە حەزناکا لە ئازایە لە ئازادی

ببەستێ کەللەچیی بەغدا بە بەرزیی گۆیژەو کاژاو
لەوانە جائیزەی لەعنەت کە دەبنە حـیزی حیزانگاو
گوناهی حیزی با بشوا حەج‌و مـــەولوودو دەروێش
دڵی چی بێت کە بشواتن گوناهی حیزی حیزانگاو

بە ئازادی دەخوێنی کەو، لەژێر دەستا دەجووکێنێ
لەمە عیبرەت گرن خـەڵقە، بەس بێ یاریی بووکێنی
عەبای شانسوورو نافەکسەوز چاکەن، بەسیە ملشۆڕی
وەرن دەس هەڵگرن ســـــادەی لە خۆکوشتن لە خۆیی
مەڵێن ئەوان خراپی کرد، خــــــــــــراپی هەر لە خۆمانە
نەمامی ڕاحەتی کوردان لە دەست پیاوی شێخان‌و ئاغانە
خورافاتی مەلای جاهیل، کەراماتی کەری شێخان
وەکوو طەوقی عزرائیلن کە ئالاون لە ملی کوردان

## سەرگوزەشتی سلێمانی

١٩٢٤

سلێمانی تۆ جایی شەهسواران‌و جریدی ئەهلی بابانی
ئەوا .................................... گردی سەیوانی
تفوو لەم چـەرخی گەردوونە بە حیز و دیز دەدا مەیدان
دەکاتە مەسکەنی جەربووع کولانەی باز و جـێی شێران
لەباتی باز و دارستان‌و جێی شێران جرێدیی داری خورما هات
لەباتی ناوی کوردان نابێ .................. کیسەڵ پێی ئەوا هات
مشکخۆرانی شۆرســـــــــتان کە گەینە ئەزمرو گۆیژە
لەبۆ کێوانی تر ئەڵبەت لە ئەستۆی کورد ئەکەن پەیژە
عەجەب دەورێکە ئەم دەورە کە (....؟....) بێ‌نەوای ئالان
سەگ‌و گورگ‌و چەقەڵ هەرسێ (....؟.....) دەچن بۆتان
لەبەرچی وا پەرێشان بن بە شـاخ‌و داغەوە شێران
لەبەرچی .................................... شێران

## موناجات

من لە تۆ پاڕامـــــــــەوە بمهێنە دنیا ئەی خودا
وا کە هێنامت لەبەرچی تێناگەم تۆ چیی خودا
قووەتی جوزئی مـــــــــنم، تۆی قــووەتی کوللی، کەچی
پێم دەڵێن بۆچی وەهات کرد، بۆچی وات کرد ئەی خودا

منی بێچارە چیم‌و چیم لەدەست دێت
تۆیی باڵاترین هــەرچییەکی هەر بیت
من دەزانم دەزانـــی هەرچی بێت
ئەوی نییە نـــــــــەکردووت بێت
گەر ببەخشی‌و نەبەخشی لەلای تۆ دەبم

ئاگرو گوڵ خۆشـــــــــه لەلای تۆ بێت
کافرو موســــلیم‌و کەرو دانا چۆن بێت

## موفرەدات

خوداو پێــغەمبەرو قورئان ئەساسی دین‌و ئیمانە
ئەوانی تر کە نووسراوە قسەی ڕەممالٚ‌و عەرەبانە

لە کەو عیبرەت گرین باوکم لەژێر دەستا دەجووکێنێ
کە بــەربوو هەڵفڕی ئیتر بە ئازانە دەقاســــــــپێنێ

ئێمە کوردین‌و وتمان دۆستی ئینگلیزین ئەگەر گوێ لێمە کا
ئیددیعای ئێمە ئەمەش بوو تا کە مەحکوومی دیگەرمان نەکا

ئەگەر عیلمی نەبوو قەومێ، پەرێشــــانە وەکوو ئێمە
لە ئاوی مەعریفەت یەك کە مەحروم بێ، ئەوی دێمە

ئەی گەنجی کوردان صەبر کەن هەرشتێ وەقتی هەیە
کێوی کوردان ســــــــەخت‌و بەرزە، تەرەقیش هەیە

## لەکاتی مۆرکردنی پەیمان

١٩٢٤

مەندووبەکانی کورد لە هــــەڵاتن بڵێم لەپڕ بوو
بێ‌تێگەیشتن ئیمضــــــاکارانی هەر کورد بوو
ئەم ترس‌و جــرت‌وفرتە چییە وەرگرن چوار چەهار
ئازادیی کـــورد ئـــــەمەیەتی پـــــڕی دەنگا هاوار
پارەت لەباخەڵا کە بوو قەیدی چییە کۆنت ببێ چوار

## بۆ کەسێکی نەناسراو

١٩٢٤

لە جێی سەگێکیش بابێ ............. ن
لەجێی حەڵوای گەزۆ گوو بێتە مەیدان
عەبا و مێـــزەر، کەشیدەو نافەکی شۆڕ
لە مەجلیسدا کەرو گاجووت و زەنبوور

## بۆ هەندێ کەسان

١٩٢٤

پێم دەڵێن مەندووب و نازانم بڵێم چی و چی بکەم
توخوا سا پێم ببێژن وەقتی مەجلیس چی بکەم
تۆ لە مەجلیسدا کە بووی عەرضی صەداقەت بەدەس
وەك ســـــەگێکی فێرکراوی سا نەوێستاوی بەدەس
دووفلیـــچقانەت لەسەر بێ، ڕووپیەوو بێزەت ببێ
چی دەکەی ئیتر لە ناموس و شەرەف بتبێ، نەبێ
قسەی حەق گەر نەکا مەندووب و مەئموور
لـەوە ناموس و غیرەت دوورە زۆر دوور
ئەگەر پێت ناکرێ دەس هەڵگری و بەس
نـــــەوەك کاری نیابەت هەر ترەو تەس
لە جێیەك ســــــەربەخۆیی بۆ نەبێتن
بە مەندووبی فــــــەخرکردن چە بێتن

## بۆ چەند کەسێك کە خۆیان ئەناسنەوە

١٩٢٥

کەللەچیی لوزی لووا سەرســەر س ... پێئەڵێن
مێزەری ك ... گران ئێستا کەشـــیدەی پێئەڵێن
دووفلیچقانەی ....... ئێستا س ....... پێئەڵێن

پێچی مل ك .... گران ئێستا عق ....... پێ‌ئەڵێن
تۆ حیزی بەوانەی حیزی حیزانـــــگاو ئەڵێن
لیباســــی گۆڕاوە ناوی ................. ئەڵێن

## ئاه بۆ سلێمانی

بەغداد ١٩٣٥

هەزاران پارس‌و لـــــــــەندەن فیـدای تۆ بێ سلێمانی
لە خاکت بۆنی جەننەت دێ حەقیــقەت شاری مەردانی
مەبە عاجز لە فەلەکان، دەڵێن چاکترە ژێر حوکمی دیگەران
ئەوانە کەللەچـــــــیزادەن، دەکەونە ژێری کەرانی مەیدان